KURDISTAN




# بەرەو وەدیهێنانی ئامانجەکانی کۆماری کوردستان

بەشی: دووهەم

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی : ڕەحمان نەقشی

# پێڕست


١- پاسپۆرتی کۆمار ........................................................................ کەریم پەرویزی ...... ٤

٢- کۆماری کوردستان و کارتێکەریی لەسەر نەوەکانی پاش خۆی ........................................ دیاکۆ دانا ...... ٦

٣- ٢ی ڕێبەندان بووەتە ئەزموونێکی بە نرخی سیاسی و نەتەوەیی کوردستان .................. محەممەد سلێمانی ...... ٩

٤- حکوومەتی داهاتووی کوردستان لەژێر ڕۆشنایی کۆماری کوردستان .......................... ئەلبورز ڕۆئین تەن ...... ١٤

٥- ٢ی ڕێبەندان لە دوو ڕوانگەی مێژوویی و سیاسییەوە ........................................ پێدرام سلێمانی ...... ١٧

٦- دووی ڕێبەندان ساڵرۆژی دامەزرانی کۆمارە خنجیلانەکەی کوردستان لە مەهاباد ................ ئەمین خەواڵە ...... ٢١

٧- کۆماری کوردستان و دەرەنجامەکانی ........................................................... حوسێن بەخشی ...... ٢٤

٨- ڕێژیمی نەزانی و هەوڵدان بۆ بە زنجیرکێشانی پێتەختی کۆماری کوردستان ................ کەریم ئەلاوەیسی ...... ٣٤

٩- کتێب و گۆڤار لە ژێر ڕووناکایی کۆماری کوردستاندا ........................................ ڕەسووڵ سوڵتانی ...... ٣٩

١٠- ئەدەبییاتی کۆمار ........................................................................ عەلی فەتحی ...... ٤٦

١١- کۆماری کوردستان، ئەزموونێک بۆ بەردەوامی نەک دابڕان ........................................ ڕێبوار قازی ...... ٥٦

١٢- کۆماری کوردستان و وانەکانی ................................................................ شاهۆ مەتین ...... ٦١

١٣- کۆماری کوردستان و بنیاتنانی کەسایەتیی مرۆڤی هاوچەرخی کورد .......................... سمایل شەرەفی ...... ٦٦

١٤- کۆماری کوردستان و بایەخدانی بە پەروەردە ................................................ گەلاوێژ پەیرەوان ...... ٧٠

١٥- کۆماری کوردستان و شۆڕەسوارانی هەورامان ................................................ عادل مەحموودی ...... ٧٦

١٦- ٢ی ڕێبەندان لە ئاوێنەی مێژوودا ............................................................ عومەر باڵەکی ...... ٨٠

١٧- دیمانە لەگەڵ کاک مستەفا مەولوودی، جێگری سکرتێری گشتیی حدک ...................... مەنسوور مروەتی ...... ٨٧

١٨- کۆمار لە ئاوێنەی شێعرەکانی سەردەمی خۆیدا ............................................. عەلی فەتحی ...... ٩٣

١٩- دوای کۆمارەکەمان ................................................................. شاڕوخ حەسەنزادە ...... ١٠٢

٢٠- دەقی قسەکانی سکرتێری گشتیی حدک لە ڕێورەسمی ٧٦مین ساڵیادی دامەزرانی کۆماری کوردستان ....................

....................................................................................... کوردستان و کورد ...... ١٠٥

٢١- سۆران عەلیپوور: کۆماری کوردستان پێناسەیەکی نوێی لە شوناسی کوردی کرد ...... دیمانە: کاروان مێراوی ...... ١١٢

٢٢- ژنان لە کۆماری کوردستانەوە تا شۆڕشی ژینا .............................................. ئاسۆ مینبەری ...... ١١٨

٢٣- "ژن، ژیان، ئازادی" لە بەرنامە و تێکۆشانی حیزبی دێموکرات و کۆماری کوردستاندا ........ تاهیر قاسمی ...... ١٢١

٢٤- حیزبی دێموکرات و پرسی نەتەوەیی ......................................................... عومەر باڵەکی ...... ١٢٩

٢٥- ژن، ژیان، ئازادی، میراتی خەباتی نەتەوەیەکی یەکسانیخواز، لە هەناوی کۆمارەوە هەتا شۆڕشی ژینا

.............................................................................................. د. کوێستان گادانی ...... ١٣٣

٢٦- کۆماری کوردستان و کۆمارەکانی سەرشەقام .............................................. سۆران عەلیپوور ...... ١٣٧

٢٧- ئاستەنگ و دەرفەتەکانی بەردەم دروستکردنەوەی کۆماری کوردستان! ........................ هاشم ڕۆستەمی ...... ١٤١

٢٨- ڕۆڵی کۆماری کوردستان لەسەر ناسیونالیزمی کورد ....................................... ئەلبورز ڕۆئین تەن ...... ١٤٦

٢٩- وانەکانی کۆماری کوردستان بۆ نەوە لە دوای نەوە ........................................ ناسر ساڵحی ئەسڵ ...... ١٥١

٣٠- مەدەنییەت وەک دۆکترینی کۆماری کوردستان هەتا ئێستا .................................. شاڕوخ حەسەنزادە ...... ١٥٤




# پاسپۆڕتی کۆمار




**کەریم پەرویزی**

گرانترین و ناخۆشترین پرسیارێک کە لە دەرەوەی وڵات بەرەوڕووی کوردێکی ئاوارەی هەندەران دەبێتەوە ئەوەیە : خەڵکی کوێی؟ چ میلییەتێکت هەیە؟ جا کوردی پەڕیوەی هەندەران کە لە دەست ئەو هەموو ستەمەی کۆماری ئیسلامی ڕۆیشتۆتە ئورووپا و ئامریکا و پێی وایە کە ئیدی دەگا بە دونیایەکی ئازاد و تێییدا دەحەسێتەوە، لە یەکەم ڕۆژەوە تووشی درزێکی گەورەی دەروونی و ناسنامەیی دەبێ. لە کوێوە هاتووی؟ هەرچی شیکردنەوەی بۆ دەکا و لەسەری زیاتر دەدوێ و دەڵێ کە لە کوردستانەوە هاتووم، کوردم و لە دەستی ستەمی کۆماری ئیسلامی هاتووم بۆ دونیای ئازاد، بەرامبەرەکەی زەحمەت تێدەگا. کەسانێک هەن کە کورد دەناسن و بەتایبەت لەم ساڵانەی رابردوودا ناوی کورد زۆر بە فراوانی لە میدیاکانی دەرەوە باس کراوە، بەڵام پرسی سەرەکی شناسنامە یان بە ئینگلیسیەکەی نەشناڵیتییە.

کورد لە ئێرانەوە ڕۆیشتووە و گەر دەڵێ ئێرانیم، وا دەزانن فارسە و گەر دەڵێ کوردم، ئەی لە کام وڵاتەوە هاتووی؟ ئەمە پرسیارێکی گەورەیە کە کورد لە دەرەوەی وڵات تووشی ئەو گرفتە دەکا کە ناسنامەت چیە؟ ئایا ئێرانیت؟ ئەی ئەگەر ئێرانی نیت و کوردستانیت، کوا کوردستان؟

تا کاتێک کە کورد لە نێو جوغرافیای ئێراندایە، بەرەوڕووی وەها دووگانەیی و شڵەژانێکی ناسنامەیی نابێتەوە چوونکە لە

نێو جوغرافیای ئێراندا بەرەوەڕووی وەها پرسیارێک نابێتەوە کە نەشناڵیتی و تابعیەتت چییە. گەر بۆ وێنە لە ناوچە فارس نشینەکان لێی بپرسن کێی و لە کوێوە هاتووی، دەڵێ کوردم و لە کوردستان هاتووم. لە نێو خودی دایرەی جوغرافیای ئێراندا ناسنامەی کوردی و فارسی و تورکی و بەلووچ و عەرەب و.. لە بەرامبەر یەکدان و لە تەقابول لەگەڵ یەکدا پێناسەی یەکدیی پێ دەکەن، هەرچەند دەسەڵاتی کۆلۆنیالیستی هەوڵی داوە کە ناسنامەی ئێرانیبوونی ساختە بسەپێنێ و هەموو خۆیان بەو ناسنامەیەوە بناسێنن، بەڵام بۆ سیستمی پاڵەوی - خومەینی نەچۆتە سەر.

٧٤ساڵ پێش ئێستا، لە کوردستاندا کۆمارێک دامەزرا کە دەسەڵاتێکی نەتەوەیی بوو و لە بەرامبەر هروژمی ناسنامەی ئێرانیی دەسکرددا کە ڕەزاخان دەیسەپاند، کۆماری کوردستان وەکوو کاردانەوەیەکی سروشتیی نەتەوەیی دژی راوەستا و لەدایکبوونی کۆمار، پێویستییەکی مێژوویی- ناسنامەیی بوو کە تاکی کوردی کرد بە خاوەن ناسنامە (هویت)یەکی جیاواز لە هویەتی پاڵەوی پەسەند!

ئەو دەسەڵاتە نەتەوەیی خۆماڵییە لە مەهابادی پێتەختی کۆمار دامەزرا، جیا لە هەموو پێوەر و کارەکانی دیکەی، لە مێشک و هزری تاکی کورددا پێناسەیەکی نوێی دروست کرد کە لە جیهانی مودێڕندا سەرلێشێواو نەبێ و لە پەرتەوازەیی و ئاڵۆزی دەرباز ببێ.

کۆماری کوردستان کە لە ڕێبەندانی ١٣٢٤ بە دەستی حیزبی دێموکرات و بە ڕێبەریی پێشەوا دامەزرا، وڵامێکی مۆدێڕن بۆ پرسێکی مۆدێڕن بوو کە لە تۆفانە سەختەکانی ئاڵۆزیی فکر و شوناسدا، کوردستان خاوەنی "ئایدی" و "ئایدیای" تایبەتی خۆی بێ.

دوای چەندین دەیە لە تێپەڕین بە سەر رووخانی فیزیکیی کۆماردا، کۆمار لە زێهن و بڕوای کوردستانیاندا زیندووە و هێمایە و ناسنامە. پێم وایە کە هەر تاکێکی کوردستان دەبێ لانیکەم لە روئیا و بڕواکانی خۆیدا، پاسپۆرتێکی کۆماری کوردستانی لە گیرفاندا بێ کە لە هەر کات و شوێنێک و لە هەر دۆخێکی تایبەتیدا وەڵامدەری زۆر پرسیار و زۆر قەیرانی ناسنامەیی و فیکریی دەبێ. ئەو پاسپۆرتەی کۆمار لە گیرفانماندا، هەم نەشناڵیتیمان دیاری دەکا و هەم وەکوو سەردەمی کۆمار وەڵامێکی مۆدێڕن بە پرسە ئاڵۆزە مۆدێرنیتەییەکانمان دەبێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٢٠ی جانێوێری ٢٠٢٠

# کۆماری کوردستان و کارتێکەریی لەسەر نەوەکانی پاش خۆی




**دیاکۆ دانا**

مێژوو پڕە لە چیرۆک و بەسەرهاتی ئەو نەتەوە بندەستانەی بۆ وەدستهێنانی سەروەریی سیاسی و بڕیاردان لە سەر مافی چارەنووسی خۆیان بەدژی دەسەڵات ڕاساون و هەوڵیان داوە لە هەموو شێوەکانی خەبات بۆ دەستەبەری مافەکانی کەلک وەرگرن. ئەم بەسەرهات و چیرۆکی ڕزگاریی نەتەوەکان لە مێژووی هاوچەرخدا دیارتر و بەرچاوترە. نەتەوەی کوردیش یەکێک لەو نەتەوانەیە کە لانیکەم لە یەک سەدەی ڕابردوودا بۆ بەرگری لە شوناس و کێیەتیی خۆی وەک نەتەوەیەکی خاوەن سەروەریی نەتەوەیی خەباتی کردوە و ئەگەر لە زۆر بڕگەدا تووشی نسکۆ بووە؛ گەلێ دەستکەوتیشی بووە کە دامەزرانی «کۆماری کوردستان» یەک لەو دەسکەوتە مەزنانەیە.

کۆماری کوردستان کە بەرهەمی خەباتی سیاسیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە فۆڕمی نوێی شۆڕش لە چوارچێوەی حیزب و قۆستنەوەی هەلێکی مێژوویی بەهۆی بلیمەتیی ڕێبەرانی حیزبی دێموکرات بوو، هەر ڕووداوێکی مێژوویی تایبەت بە قۆناغێک لە مێژووی کورد نییە. ئەم قۆناغە لە مێژووی سیاسیی کورد خاڵی وەرچەرخانی بزووتنەوەی کوردە و کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر بزووتنەوەی سیاسیی دواتری کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان داناوە.

کارنامەی درەوشاوەی کۆمار لە ماوەی کورتی ١١ مانگ تەمەنی دەسەڵاتەکەی لە بوارەکانی زمان، بەرگریی نیشتمانی،

شوناسی میللی، پەروەردە، ماف، ئابووری و ئازادییە مەدەنییەکان و... سەرچاوەی ئیلهام بۆ دەسەڵات و بەڕێوەبەریی دەوڵەتی کوردی لە سەردەمی ئێستاشن.

کۆماری کوردستان بناغەی پەروەردەی نەتەوەیی و گواستنەوەی ڕێبەریی ئەم بزووتنەوە شوناسخوازانەیە نەوە دوابەدوای نەوە بووە. ئەوە کۆماری کوردستان بوو کە بە هەڵکردنی ئاڵای کوردستان هەستی باوەڕبەخۆبوونی لەنێو نەتەوەی کوردا نەوە دوای نەوە دروست کرد و ئەو باوەڕی بەدی هێنا کە کورد مافی خۆیەتی وڵات و دەوڵەتی خۆت هەبێ و ئەگەر دەست بدا دەتوانێ بەباشی بەڕێوەی ببا. ئەم هەست و شعوور و باوەڕەی نەوە بۆ نەوە گواستۆتەوە. یەکیەتیی لاوان کە یەکێک لە دەستکەوتەکانی کۆماری کوردستان بوو، خۆی قوتابخانە و مەڵبەندی پێگەیاندنی ڕێبەرانی دواتری شۆڕش و بزووتنەوە بوو. بینیمان کە دوای نسکۆی کۆمار و شەهیدبوونی پێشەوا، ئەوا کۆمەڵێک لە پێگەیشتووانی یەکیەتیی لاوان بوون کە ئاڵای خەباتی حیزب و بزووتنەوەی کوردیان لەدژی ڕێژیمی پاشایەتی بەرز ڕاگرت و زیندانەکانی ئەم ڕێژیمەیان کرد بە مەتەرێزی تێکۆشان و بەرخودان. دواتر و لە قۆناغێکی دیکەدا ئەوە نەوەی دووهەمی دوای کۆمار بوون کە بەیرەقی ڕاپەڕینەکەی ساڵانی ٤٦-١٣٤٧یان گرتە دەست و دوڕگە مەندەکەی نیزامی پەهلەوی لە ناوچەیان شڵەژاند.

بیری کۆمار و وانەکانی مەکتەبی پێشەوا بوو کە دوای شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٣٥٧دا حیزبی دێموکراتی کوردستانی کردەوە ئەکتەری سەرەکیی ڕووداوەکانی کوردستان و، لەسەر دەستی نەوەی سێهەمی حیزبی دێموکرات و کۆمار بوو کە کۆمەڵێک دەسکەوتی دیکە بۆ بزووتنەوەی نەتەوایەتی لەسەر یەک داندرا. لەو برگە مێژووییەدا حیزبی دێموکرات ئەمجارەیان لەژێر ڕێنوێنی و سەرکردایەتیی د. قاسملووی گەورە، قوتابییەکی دیکەی پێشەوا قازی محەممەد بوو توانی کۆمەڵێک بەها و بایەخی جیهانگیر ئاوێتەی بزووتنەوەی شوناسخوازیی کورد بکا و پرسی کورد لە سنووری ئێران بترازێنێ و لە ئاستی ناوچە و جیهاندا بیکاتە پرسێکی ڕۆژەڤ و کاری بۆ بکا.

کۆماری کوردستان کەسایەتیی ئیرادەگەریی بە تاکی کورد بەخشی و هەستی باوەڕبەخۆبوونی تێدا بەهێز کرد و ئەوەش بۆشاییەکی وای لە ئارمانخوازیی تاکی کورددا پڕ کردەوە کە قوتابییانی پێشەوا، قاسملوو و شەرەفکەندی بتوانن هەتا ئێستاش لە سەنگەری خەباتی شوناسخوازیی کورددا بمێننەوە و ئاڵاهەڵگری بن.

فێرگەکانی حیزبی دێموکرات و هاتنی پۆل پۆل لاوی کورد بۆ ڕیزی حیزبەکەی پێشەوا قازی محەممەد پێمان دەڵێن کە حەوت دەیە دوای کۆماری کوردستان، خەون و خولیاکەی پێشەوامان نەوە دوای نەوە هاتوە و، ئامانجەکانی کۆمار هەروا ئامانج و مەبەستی خەباتی کوردی ڕۆژهەڵاتن. پاش حەوت دەیە پێشەوا قازی محەممەد ئیدی نەک ڕەمز و سیمبولی حیزبی

دێموکرات، بەڵکوو پێشەوای هەموو کوردان و ڕێبازی نەتەوەییە و، ڕیسالەت و شوناسخوازیی کۆماریش بووەتە ئامانجی هاوبەشی هەموو شۆڕشگێران و لایەنە سیاسییەکان بۆ خەبات لەدژی کۆماری ئیسلامیی ئێران.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان کورد - ڕێکەوتی: ٢١ی جانێوێری ٢٠٢٠

## ٢ی ڕێبەندان بووەتە ئەزموونێکی بە نرخی سیاسی و نەتەوەیی کوردستان



**محەممەد سلێمانی**

لە گەرمەی شەڕی دووهەمی جیهانی و کۆتایی ئەو پێکهەڵپڕژانە گیتییەدا، ئەو دەرفەتەی بۆ زۆربەی گەلانی ستەملێکراوی گیتی ڕەخساند هەتا بڕیاری سەربەستی و ڕزگاریی نەتەوەی خۆیان بدەن و دەوڵەتی گەلی دابمەزرێنن و گەشە بە ژێرخانی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیەکان لە سەربنەمای یەکسانی بدەن و دەسەڵاتە ستەمکاریەکانی وڵاتەکانیان بروخێنن و ژیانێکی نوێ و سەردەمیانە دەست پێ بکەن.

ئەو هەلومەرجە سیاسی و مێژوویە بێگومان ڕاستەخۆ کاریگەری لەسەر هزری سیاسی و نەتەوەیی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دانا و کۆمەڵێک لە ڕوناکبیران و شۆڕشگێڕە سیاسی و نەیەوەییەکانی ئەو بەشەی کوردستان، بە دامەزراندنی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان کە وشیاری سیاسی و نەتەوەیی لە تووێی بەرنامەیەکی ڕوونی سیاسی و نەتەوەییدا بڵاو کردەوە و بە هەزارانی لە خەڵکی کوردستان لە ڕیزەکانی ئەو حیزبەدا ڕێکخست و بوونە هێز و پشتیوانیی مادی و مەعنەوی لەو بزووتنەوە نوێیەدا.

حیزبـی دێمـۆکرات بە ڕاگەیانـدنی حکـوومەتی کوردسـتان لە ڕۆژی ٢ی ڕێبەنـدان لە شـاری مەهابـاد، کە دەسـەڵاتێکی دێمۆکراتیکی سیاسی و کۆمەڵایەتی گەلی کورد بوو و شوێنەواری گەلێک قووڵی لەسەر ژیان و گوزەرانی خەڵکی ئەو بەشەی وڵات دانا و ببوو بە مایەی خێر و ئاسوودەیی بە هەموو لایەک و گەشەکردنێکی فراوانی سیاسی و ئابووریی هاتە ئاراوە.

لەو بەشـەی سێبەری ئەو دەسـەڵاتە سیاسی و نیشـتیمانیەی بەسـەردا کشـابوو، بە شێوەیەکی بەرچـاو ئـازادیە سیاسـی و دێمۆکراتیکەکـان تێیـدا گەشـەیان کردبـوو و ئـابووری و بازرگـانیش بە باشـی پەرەیـان پێـدرابوو و ئاسایشـی ئـابووری و کۆمەڵایەتی بـۆ خەڵـک دابین کرابـوو و خەڵـک هەستیان بە شـادی و ئـازادی تەواو دەکرد و بە شانازیەوە لە چوارچێوەیی بڕیـارە سیاسـی و ئیـدارەییەکانی حکـوومەتی کوردسـتاندا کاریـان دەکـرد و بەدڵەوە هاوکـاری و پشـتیووانی ئەو دەسـەڵاتە خۆجێیان دەکرد.

ئاسایشی سیاسی و کۆمەڵایەتی بە مانای وشە بۆ دانیشتوانی هەو هەرێمە سیاسییە دابین کرابوو و کەس لەسەر دەربڕینـی بیـروڕای جیـاواز و ڕەخنەگـرتن لە حکـوومەت و ئیـدارەدانی وڵات نەخـرایە بەنـدیخانە و تـاک لەنێـو کۆمەڵگـادا بەتەواوی دەرفەتی بیرکردنەوە و گەشەکردنی لە هەموو بوارەکانی ژیاندا بۆ ڕەخسابوو و مافی ڕۆشنبیران و جیـابیران و لاوان و ژنـان لە کۆمەڵ و خێزاندا پارێزراو بووە و لەو ماوە کورتەدا دەرفەتی گەشـەکردنێکی بەرچـاوی سیاسـی و کـۆمەڵایەتی بـۆ خەڵکـی کوردستان هاتبوویە بەرەوە و بەشەکانی تری کوردستان هیوا و ئومێدی گەورەیان لەسەر دەسەڵاتی سیاسی کورد هەڵچنیبوو. ڕووداوە سیاسی و مێژووییەکان کە لەسەر ئاستی گیتی و ناوچە و ئێراندا هاتبوونە ئاراوە، بێگوومان کاریگەری لەسەر کۆی پرۆسەی سیاسی لە کوردستاندا دانـابوو و لەژێـر تیشکی ئەو ڕووناکیەدا گەلـی کـورد بە ڕێبەریـی حیـزب تـوانی بە وەخت حکوومەتی کوردستان وەک تەنیا بژاردەیەک بۆ ڕزگاریی سیاسی و نەتەوەیی لەو بەشەی وڵاتدا ڕابگەیەنێت بە سـەرۆکایەتی پێشەوای مەزن "قازی محەممەد"ی نەمر. بەداخەوە بـارودۆخی سیاسـی و پەیوەنـدییە دیپلۆماسییەکان و چاوچنۆکی و سـازانی ژێـربە ژێـری شـای ئێـران لەگەڵ حکوومەتی ڕووسیە و تێکچوونی هەلـومەرجی نێـونەتەوەیی و نێوخۆیی، نزیـک لە سـاڵێک زیـاتر دەرەتـانی بـۆ حـوکمڕانیی کـوردی لە ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان نەڕەخسـا و بە پیلانێکـی نێودەوڵەتی لەنێـو چـوو و ئەو دۆستانەی کە لە کاتی دەمەزراندنیدا پشتیووانیان لە کورد دەکرد، بەداخەوە دواجار هەر دوو دەسەڵاتی سیاسی و نەتەوەیـی لە کوردستان و ئازەربایجان فیدای بەرژەوەندیی ئابووری و بازرگانی کران و هەر دووک دەسەڵاتی گەلی لەنێو بران.

ڕاگەیانـدنی سـەربەخۆی کوردسـتان لەو بەشـەدا، بە دڵنیـایەوە پەیوەنـدیی بە هەسـتی نەتەوەیـی و وشـیاری سیاسـی و بەرپرسیارەتی نیشتیمانی پێشەوا و هاوڕێیـانی لە نێـو حیزبـی دێمـۆکڕاتی کوردسـتاندا هەبـووە و پێکهێنـانی حکوومەتی کوردسـتان جگە لەوەی شایسـتەی گەلـی کـوردی بـۆ حـوکمڕانی سیاسـی لەو بەشـەی وڵاتـدا سـەلماند، بـۆ بە چـرای ڕێگـای تێکۆشانی داهاتووشمان و ئەو خەباتەی کە ئەو کات بەردی بناخەی بۆ دانراوە، هەتا ئێستا بەردەوامە و هەتا ڕزگاریی

یەکجاری شەپۆلە سیاسی و نەتەوەییەکانی ناوەستن.

٢ی ڕێبەندان بووەتە بۆنەیەکی بە تەواوی سیاسی و مێژووی و گەلی کورد بەگشتی و بە شانازیەوە یادی ئەو ڕووداوە گەورەیە بەرز ڕادەگرن و وێڕای دێراسە و پێداچوونەوە بە کۆی خاڵە بەهێز و لاوازەکانی، بە هەر بارێکدا بیڕوانی، بێگوومان دەرس و ئامۆژگاریی زۆری لێ فێر دەبین و وەک وانەی خەباتی نوێ دەکرێ، لە بزووتنەوەی سیاسی و شۆڕشگێڕی ڕاسانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لێک گرێ بدرێنەوە. ئەو هەنگاوە نەتەوەییە جگە لەوەی بوو بەسەرچاوەی ئەزموونێکی نوێی لە ژیانی سیاسی و حوکمڕانی لە سەر شێواز و فۆرمی دەوڵەتداری لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەشێک لە ڕوانینی کۆمەڵگای نێودەوڵەتیشی سەبارەت بە گەلی کورد گۆڕی و لە زۆر سەرچاوەی مێژوویيدا کە لەلایەن خەڵکانی ترەوە تۆمار و نووسراوەتەوە لە بارەی حکوومەتی کوردستان، باس لە دێمۆکراتیک بوون و پێشکەوتنخوازیی حکوومەتی کوردستان کراوە و ئەو دەرفەتەی کە بۆ ژنانی خەباتگێڕ هاتووەتە بەرەوە، بە سەرەتای وەرچەرخانێکی جەوهەری لەسەر ڕوانینی سیاسی و نەتەوەیی گەلی کورد لەو سەردەمە سیاسی و مێژوویەدا وێنا کراوە.

لە ماوەی کورتی تەمەنی پڕ لە شانازیدا، کۆمەڵێک هەنگاوی گەورە و مێژوویی ئەتۆی هاویشتووە کە بە ڕاستی بوێری و شانازیەکەی بۆ ڕێبەرانی ئەوسای حیزبی دێموکراتی کوردستان دەگەڕێتەوە. ڕاگەیاندنی حکوومەتی کوردستان لە دۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەو سەردەمەدا، بێگوومان بوێری و جوامێری گەورەی لە پشت بووە و پێشەوای مەزن، هەر بە قسە و خۆدەرخستن بڕیاری سیاسی و نەتەوەیی نەداوە، ئەو بە کردار ئەو کارەیی کرد و لەکاتێکدا کە مەترسی لەسەر خەڵک و ئاسایشی کۆمەڵایەتی نەتەوەیی دروست بوو، خۆی کردە قوربانی گەلەکەی. هەر بۆیەش ئێستا بە گەورەیی یادی ئەو مەزنە نەتەوەیی و شۆڕشگێڕەی کوردستان دەکەینەوە.

کاری ئەوەندە گەورە و بەرچاویانکردووە، کە گەلی کورد پشت بەپشتی شانازی پێوەدەکات و ڕێبەری حیزب و حکوومەت، جیاوازتر لە خەڵک نەدەژیان و کەس لەسەر حیسابی سامانی گشتی نەتەوەیی گیرفانی خۆی پڕنەدەکرد. بۆ نموونە گەندەڵی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی لە هیچ بەڵگەنامەیەکی ئەو سەردەمەدا تۆمار نەکراوە و هەربۆیەش ئەو شار و ناوچانەی کەوتبوونە ژێر حوکمڕانیی حکوومەتی کوردستان، لە ڕووی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و بازرگانیەوە گەشەکردنێکی بێهاوتایان بەخۆوە بینیووە و خەڵکی کوردستان هەستیان بە ئارامی و بوونی خۆیانکردوە و بەکورتی تامی ئازادیان چێشتووە.

دامەزراندنی حیزبی دێموکرات دەرئەنجامی وشیاری سیاسی و نەتەوەی ئەو بەشەی کوردستان دەردەخات و هەرلەو

پەیوەندیەشدا دەبێت بڵێین کەوا ئەو زەمینە لەبار و گونجاوەی بە هۆی شەری دووهەمەوە لە سەر ئاستی ئێراندا دروستببوو، ئەو هەلومەرجە زێرینەی بۆ پێشەوا و هاوڕێیانی ڕەخساند بۆ ئەوەی خێراتر لە وادەیخۆی ئەزموونە بەنرخ و مێژووییەکە واتە حکوومەتی کوردستان بە بەشداریی نوێنەری هەر چوار بەشی کوردستان ڕابگەیەندرێت و یەکەم کابینەی ئیدارەی سیاسی لەو بەشەی کوردستاندا دەست بەکارەکانی خۆی بکات. بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی گەلێک لەبار و گونجاو بووە هەتا کورد لەوێدا کەڵک لە بۆشایی دەسەڵاتی ناوەند وەربگرێ و خۆی حوکمڕانی بەسەر ئەو ناوچە جوغرافیادا بکات کە بە قەڵەمڕەوی حکوومەتی کوردستان دەست نیشان کرا لەلایەن کورد خۆیەوە. دامەزراندنی حیزبی دێموکراتی کوردستان کە دوای ماوەیەکی زۆر کورت توانی لە چوار چرای شاری مەهاباد حکوومەتی کوردستان ڕابگەیەنێت بە سەرۆکایەتیی پێشەوا قازی محەممەد، هەر ئەو کاتیش کابینە و بەرنامەی دەوڵاتی کوردستان لە نێو ئاپۆڕای خەڵکی کوردستاندا ڕاگەیاندرا.

ئاڵای کوردستان شەکایەوە و سپای میللی دامەزرا وەک دامەزراوەیەکی بەرگریی نیشتیمانی بۆ پاراستن و بەرقەرارکردنی ئاسایشی سیاسی و نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا. قوتابخانە و پەرتووکخانەکان بۆ خزمەتی گەل ئاوا کران و زمانی کوردی کرا بە زمانی ڕەسمی و لە تەنیشت ڕۆژنامەی کوردستان ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دێموکراتدا، ژمارەیەکی تر گۆڤار هەلی دەرچوونیان بۆ ڕەخسا و کەوتنە بەردەستی خوێنەرانیان کە ئەوەش شوێنی بەرچاوی لەسەر وشیارکردنەوەی خەڵک بەگشتی داناوە.

دامەزراندنی حیزبی دێموکرات لەلایەن کۆمەڵێک لە سیاسییە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بە سەرەتا سەرفەسڵێکی نوێ و مێژوویی و وەرچەرخانێکی گرینگی سیاسی و ڕێکخراوەی دەژمێردرێت لە ڕووی پێکهاتە و چۆنییەتی ئیدارەدانی حیزب و ئۆرگانەکانییەوە و بۆ هەمیشە لەو بەشەی وڵاتدا ماڵاوایی لە تەرکیبی پاشکەوتوانەی خێڵایەتی و عەشایر سالاری هات و ئیدی کەسێک بە تەنیان نەدەبوو بە بڕیاردەری سیاسی لە سەر پرسە نەتەوەییەکان.
ئەوە بۆ یەکەم جار بوو لە مێژووی سیاسیی گەلی کورددا کەسایەتییەکی گەورە، کە خاوەنی پێگەی سیاسی و کۆمەڵایەتی تاک بوو و بەدوور لە دەستێوەردان و ژینگەی هۆزێک لە هۆزەکاندا، مرۆڤێکی گەورەی وەک پێشەوا ببێتە کەسی یەکەمی حیزب و پاشان بە هەوڵ و لێهاتوویی خۆی لە ڕەوتی درێژەکێشانی خەباتیدا، وەل سەرۆکی حکوومەتی کوردستان دەربکەوێت. پێشەوا قازی محەممەد پێگەیەکی بەهێزی سیاسی و کۆمەڵایەتی تایبەتی لەنێو خەڵکی کوردستان و بزووتنەوەی سیاسی کوردستاندا هەبوو، لەنێو خەڵک و دەسەڵاتدا وەک بژاردەیەکی دەگمەنی سەردەمی خۆی سەیر دەکرا و هەر لەو کاتەشدا مرۆڤێکی سیاسی و نەتەوەی گەورەی کورد بوو.

زۆر جار لە مێژووی کوردستاندا ڕووداوەکان و دروستبوونی حیزب و سەرهەڵدانی جووڵانەوەی سیاسی و نەتەوەیی لە سەر دەستی سەرۆڵ هۆزەکاندا دەستی پێکردوە و پاشان پەرەی گرتووە. ئەو ڕاستیە دەرکەوتووە کە بەهۆی ژینگەی سیاسی و سرووشتی کۆمەڵایەتیی جووڵانەوەکانی ڕابردوو، هێچ کامیان خاوەنی بەرنامە و ستراتیژیی بەرگری سیاسی و نەتەوەییان وەک پێویست بۆخۆیان و خەڵکەکەیان نەبووە و بەرگەی قۆناخە سەخت و ئاستەمەکانیان نەگرتووە. وەختێک شۆڕشێک گەشە دەکا و زۆر بەخێرایی پەرە دەستێنێت کە یەکەم خاوەنی بەرنامە و ئامانجی دیاریکراوی سیاسی و کۆمەڵایەتی و نەتەوەیی تۆکمە بێ و هەرلەو کاتەشدا پایە و بنەماکانی لەسەر ڕاستگۆیی سیاسی و بەرژەوەندیی نیشتیمانی دامەزرابێت و دوور بێت لە نەریتی باوی سیاسی و کۆمەڵایەتیی کوردستان.

ناوەڕۆکی ئەم بابەتە ڕا و تێبینیی نووسەرە و ماڵپەڕی کوردستان میدیا لێی بەرپرسیار نییە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٢١ی جانێوێری ٢٠٢٠

---

# حکوومەتی داهاتووی کوردستان لەژێر ڕۆشنایی کۆماری کوردستان



**ئەلبورز ڕۆئین تەن**

٢ی ڕێبەنـدانی ئەم سـاڵ لە کاتێکـدا بەرەو پیـری دەچین و جێژنـی دەگـرین و ئـاوڕ لە ڕابـردوو دەدەیـنەوە کە نـاوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە بـازنەیەکی ئـاڵۆز و قەیراناویدایە و ئێرانیش لە قەیرانێکی گشتگیر و بە قۆنـاغێکی هەستیاردا تێپەڕ دەبێ، ڕۆژهەڵاتیش کە خاوەن ڕابردوو و ئەزموونێکی بەنرخی کۆماری کوردستانە بە گڕ و تینێکی زۆرتـرەوە سەیری داهاتوو دەکات.

ئەمڕۆ دنیا و ناوچە و خەڵکی وەزاڵەهاتووی ئێران بەگشتی و کوردستان بەتـایبەتی لە هەبـوونی حکوومەتێکی دیکتـاتۆر و دژە گەلی وەزاڵە هاتوون. جۆش و خرۆشی بەرینی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران هیوایەکی زۆری بۆ سەرکەوتنی گەلانی ئێـران لە دەست دێوەزمەی سەردەم دروست کردووە، ئەم هەستانەوەیە بـووەتە هۆی ئەوەی ڕێـژیم ڕەوایـی خۆی زیـاتر لەدەست بـدا و کوڵەکە سەرەکەییەکانی لەق بوونە و بەرەو دارمان دەچێ.

لێرەدا گرینگ ئەوەیە ئێمەی کورد چەند دەتوانین خاوەن داهاتوویەکی جیاواز بە واتا ئەرێنییەکەی بین؟

ئەو نیگەرانییە بـۆ کـورد زیـاتر لە  خەڵکی دیکە هەیە، چـونکە بە درێژایـی مێـژوو گەلێکـی سـتەم لێکـراو بـووە، وێـڕای هەبـوونی هەمـوو ئەو ویسـت و داخوازییـانەی کە هەر تـاکێکی دیکە هەیەتـی، کـورد بەرەو ڕووی سیاسـەتی بە داگیرکردنـی

وڵاتەکەی و سڕینەوەی شوناسی نەتەوایەتی و چەواشەکردنی مێژوو و گۆڕینی دیمۆگرافی جوغرافیاکەی و شێواندنی کولتووره دەوڵەمەندەکەی و بە فارس کردنیەتی.

تەنانەت لەلایەن بەشێکی بەرچاوی رووناکبیرانی توێژی نەتەوەی فارسیشەوە ئازادبوونی کورد بە واتای نەمانی ئێران دەزانن و ئەمەش بە گورینی زۆر هاوکێشەی دیکە هەژمار دەکرێت، هەر بۆیەش لێکۆڵەران و شرۆڤەکارانی بواری سیاسی و دۆخی کورد، ئاسۆی داهاتووی بەردەوامی ستەم تەنانەت بە گورینی دیکتاتۆرەکانیش هەر بەدی دەکرێ.

لەوەها دۆخێکدا ڕوانین بەرەو داهاتووی کورد دەبێ زیاتر لە چاوەڕوانی هەڵگری خۆ ئامادە کردنێکی بێ کۆتایی بۆ هەر ئەگەرێک بێت، کە لەسەر بنەمای خوێندنەوەی ڕیئالیتەی دۆخی مەوجوود و مێژووی پڕ لە نەهامەتیی ژێردەستی و گزی داگیرکەر و ویست و داخوازییە سەرەکییەکانی گەلی کورد و دانانی بەرنامەیەکی زانستییانەوە بێ.

گرینگیی ئەو ئەسڵەش لەسەر بنەمای ئەو ڕاستییە بێت، چونکە تەنیا کاتێک کورد دەتوانێ هەست بە بەختیاری بکات کە لەسەر خاکی خۆی بتوانێ سەروەریی خۆی بەدەست بێنێ و لە بڕیاردان لە چارەنووسی خۆی لە ئێستا و لە داهاتوودا سەربەست بێ.

ئەگەر لە مێژووی خوێناویی کورد بڕوانین، ئەو بەختیارییە تەنیا کاتێک دەستەبەر بووە کە کورد توانیبێتی ئەو سەروەرییەی بەدەست هێنابێت.

بۆ نموونە دەتوانین ئاماژە بە کۆماری کوردستان بکەین، دەبینین لەژێر دەسەڵاتی دیکتاتوریی بنەماڵەی پەهلەویدا نەتەوەی کورد و کوردستان بە چەند قات دەچەوسێندرایەوە، بەهۆی ئەو دەرفەتە کە لە ئاکامی بارودۆخی نێونەتەوەی شەڕی دووهەمی جیهانی هاتە ئاراوە، لەلایەن بلیمەتێکی وەک پێشەوای نەمر و یارانی لە حیزبی دیموکراتدا توانرا کەڵک لەو دەرفەتە وەرگرن کۆمارێکی مودێڕنی سەردەمییانە لە بەشێکی کوردستانی گەورەدا دادمەزرێنن، سەرەڕای کەمیی تەمەنی کۆمار هەروەها هەموو ئەو کۆسپ و ئاستەنگانەی کە ڕووبەڕووی دەبنەوە سەر فەسڵێکی نوێ و ڕۆژگارێکی بەختیار بۆ کورد بەدی دێت کە هەست بە بوون و ئازادیی خۆی کردووە.

کۆماری کوردستان لە زۆر ڕوانگەوە بە خاڵێکی گرینگ و وەرچەرخانێکی مێژوویی بۆ کورد هەژمار دەکرێت و لێکۆڵەرەکان بە ئەستێرەی درەوەشاوەی مێژووی کورد ناوی دەبەن، هۆکارەکانی ئەو گرینگیپێدانە زۆرن، بەڵام ئەگەر تەنیا ئاماژە بە خاڵێک

بکەین، ئەویش بەدەستهێنانی سەرەوەریی کورد لەسەر خاکی خۆی بوو، کە توانیبووی بۆ ماوەیەکی کەمیش بێت سەربەستی و ئازادی بۆ گەلەکەی دابین بکات. ئەوەش لە ڕێگای دامەزراندنی حکوومەتێکی نەتەوەیی کە لەسەر بنەما دێموکرتیکەکان و ڕێزگرتن لە نرخە گەردوونییەکان و مافەکانی مرۆڤ بەدی هاتبوو.

پێویستیی هەبوونی حکوومەتێکی وەها لە جوغرافیای پڕ لە نەهامەتیی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا، تەنانەت لە ڕۆژگاری ئەمڕۆ کە ٧٤ ساڵ بەسەر دامەزراندنی کۆماری کوردستاندا تێپەڕ دەبێ، وەرچەرخانێکی بێوێنەی مێژووییە.

لەژێر ڕووناکی ئەو پرەنسیپە کە کۆماری کوردستان هەیبوو، واتە بەدەستهێنانی سەرەوەری بۆ گەلی کورد، پێویستە ئەم گەلە خاوەنی حکوومەتی خۆجێیی خۆی بێت لە ئێرانیکی دێموکراتیک و فیدراڵدا. بۆ گەیشتن بەو ئامانجەش پێوستە ڕەچاوی ئامادەکردنی کورد لە قوناغەکانی بەر لە گەیشتن بەو حکوومەتە بکەین.

قوناغی پێش ڕووخانی ڕێژیم، ئەم قوناغە مەودایەکی دیاریکراوی نییە، لەوانەیە هەر ئەو ناڕوونییە یەکێک لە گرفتە سەرەکییەکانی ئەو قوناغە بێت، هەر بۆیەش ئامادەیی لەو قوناغەدا دەبێ بە جورێک بێ کە سبەی ڕۆژ ڕێژیم دەڕووخێ و بەرەو قوناغی گواستنەوە دەچین، خاوەن پلان و ستراتیژیی تایبەت بین و بە بەرنامەیەکی تۆکمەوە بەرەو پێش بچین تا بەسەر هەواری خاڵیدا نەکەوین.

بە خۆشحاڵییەوە هەنگاوەکانی سەرەتای ئەم قوناغە لە دوو ئاستی دەستپێکی "ڕاسان" و دامەزراندنی ناوەندی هاوکاریی حیزبە سیاسییەکانی کوردستان شوێندانەر و دڵخۆشکەر بوونە. هوای بووژانەوە و ئومید بە سەرکەوتن بە خەڵکی ڕۆژهەڵات بەخشیوە. بۆیە لەو هەلومەرجەدا لە هەموو کاتێک زیاتر دەبێ چالاک و هەست بە بەرپرسایەتی بکەین تا سەرکەوتووانە لەم تاقیکردنەوەدا سەرکەوین.

لە کۆتاییشدا بە دامەزراندنی حکوومەتێکی دێموکراتیک کە لە بەرنامەی حیزبی دێموکراتدا بە وردی باسی لێوە کراوە، دەتوانێ وێڕای بەدیهێنانی ئارەزووی دێرینەی نەتەوەی کورد، بەختیاری بۆ دانیشتووانی کوردستان مسۆگەر بکات.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٢٢ی جانێوێری ٢٠٢٠

# ٢ی ڕێبەندان لە دوو ڕوانگەی مێژوویی و سیاسییەوە



**پێدرام سلێمانی**

٢ی ڕێبەندان لە مێژووی گەلی کوردا جێگایەکی تایبەتی هەیە. ٢ی ڕێبەندان ئاکامی چەندین دەیە هەوڵ و تێکۆشانی گەلێکە بۆ ڕزگاریی خۆی. کار و کردەوی پاش ئەو ڕۆژە ئامانج و ئاواتی چەندین پشت لە خەباتگێڕان و شۆڕشگێڕانی کوردستانە. هەر وەک شەهید دوکتور قاسملوو دەفەرمێ: "لەم ڕۆژەدا ئەستێرەی گەشی کۆماری کوردستان شەوی دیجووری کوردستانی ڕوون کردەوە ئێستاش ئەستێرەی ڕێنیشاندەری خەباتی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەی کوردە". لەو ڕۆژەدا بوو کە کورد تامی دیاریکردنی چارەنووسی چێشت.

**ئێمە لە دوو ڕوانگە چاو لە ٢ی ڕێبەندان دەکەین؛ ڕوانگەیەکی مێژوویی و ڕوانگەیەکی هزری – سیاسی.**

لە ڕوانگەی مێژوویەوە ٢ی ڕێبەندان ئەو ڕۆژەیە کە کۆماری کوردستان تێیدا دامەزرا و بۆ نزیک بە یەکساڵ دەسەڵاتداریەتی کرد.

لە ڕوانگەی هزری - سیاسییەوە، ڕۆژێکە کە ئیرادەی نەتەوەی کورد توانیویەتی واقعی کوردستان بەرەو ئەو ئاراستەیە بگۆڕێت کە دەسەڵاتێکی کوردی تێیدا دابمزرێت.

بیرکردنەوە لە دووی ڕێبەندان بیرکردنەوە لەدوو شتە؛

**یەکەم**: ڕێزلێنان لەو ئیرادەیە کە حەولی دا چارەنووسی کورد بەدەستەوە بگرێت.

**دووهەم**: بەڵێندانە کە ئێمە هەمان ئاوات و هەمان ڕێباز کە ٧٥ ساڵ بەر لە ئێستا حەولی دا چارەنووسی نەتەوەکەی بەدەستەوە بگرێت بەهەمان ڕوانینەوە حەول بدەین لە ئێستادا دەرفەتەکان بکار بێنین وچارەنووسی نەتەوەکەمان بەدەستەوەب گرین و ئەم نەتەوەیە لەم کێشە و قەیران و نەهامەتییەی کە بەسەری هێنراوە ڕزگار بکەین.

دەگەڕێینەوە بۆ ٣ی خەرمانانی ساڵی ١٣٢٠ی هەتاوی کە ئێران لە باکوورەوە لەلایەن لەشکری سوور و لە باشوورەوە لەلایەن ئینگلیس و ئامریکاوە داگیر کرا. لە ڕۆژهەڵات لە ناوچەی موکریان هیچ یەک لەم هێزانە تێدا نیشتەجێ نەبوون و هەندێک لە ڕووناکبیرانی مەهاباد لەم بۆشاییە کەڵکیان وەرگرت و کۆمەڵەی ژ- کاف، بە بیرباوەڕێکی ناسیۆنالیستی بۆ پەرەپێدانی بیری نەتەوەیی لەسەر خواستی کۆمەڵگەی کوردستان وە لەسەر دەستی چینی مامناوەندی شارنشینی دامەزرا.

### سێ هۆکاری سەرەکی بوونە هۆی دامەزراندنی کۆمەڵەی ژ. کاف:

١- توێژی مامناوەندی شاری بیچمی گرتبوو کە گەیشتبووە ئەو ئاستە کە باوەڕی بە ماف هەبوو.
٢- کۆمەڵگە بەو ئاستە گەیشتبوو کە دەیهەوێ لە وەزعی مەوجود تێپەڕێ بۆ وەزعی دڵخواز.
٣- هێرشی ناسیۆنالیستیی دراوسێکانی دەوروبەر

### نفووزی تەشکیلاتی - هزری کۆمەڵەی ژ- کاف لەنێو خەڵکدا

کۆمەڵەی ژ - کاف ڕێکخراوەیەکی نهێنی بوو کە زۆر خۆی دەپاراست کە خەڵکانێکی زۆر ببێتە ئەندامی. ژ - کاف لە ڕووی تەشکیلاتەیەوە زۆر کاریگەری لەسەر کۆمەڵگەی کوردستان نەبوو بەڵام لە ڕووی فکرییەوە ژ - کاف ڕێچکەیەکی ناسیۆنالیستیە لەنێو کوردا ول ەنێو ئەو ڕێچکەیەدا باس لەسەر کوردستانی یەکپارچە کراوە و باس لەسەر سەربەخۆیی دەکا و ئەو ڕوانگە هەتا ئێستاش لەنێو کۆمەڵگای کوردستان هەیە.

دامەزرانی کۆمەڵەی ژ - کاف تا دامەزرانی حیزبی دێموکرات ٣ ساڵی مەودابوو. کۆمەڵەی ژ - کاف ڕێکخراوەیەکی داخراو بوو و هەلومەرجی ئەو کاتەش پێویستیی بە ڕێکخراوەیەکی کراوەتر و بەربڵاوتر هەبوو، هەر بۆیە ڕێبەرایەتیی کۆمەڵەی ژ

- کاف و لە سەرەوەی هەموویان پێشەوا قازی محەممەد هەر لە بنەڕەت و بنەمای کۆمەڵەی ژ - کاف و لە ساڵڕۆژی دامەزراندنی کۆمەڵەی ژ - کاف لە ٢٥ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٢٤ حیزبی دێموکراتیان دامەزراند. دامەزراندنی حیزبی دێموکرات بە بەرنامەیەکی ڕوون و ئەمڕۆیی و سەردەمییانە، وڵامێکی گونجاو و بەجێ بوو بۆ ئەو هەلومەرجە نوێیەی کە پێکهاتبوو.

دوای ١٦٠ ڕۆژ لە دامەزراندنی حیزبی دێموکرات، لە ٢ی ڕێبەندان پێشەوا قازی محەممەد لە مەیدانی چوارچرای شاری مەهاباد لەنێو ئاپۆرای خەڵکەوە کۆماری کوردستانی ڕاگەیاند.

پێشەوا قازی محەممەد بە لەبەرچاوگرتنی هۆکارە مێژوویی و ناوچەیی و سیاسیەکانی سەرنەکەوتنی شۆڕش و ڕاپەڕینەکانی ڕابردووی نەتەوەی کورد هە لوومەرجی ئەو کاتی ڕۆژهە ڵات و بەتایبەت لە جەنگەی شەڕی جیهانیی دووهەم و داگیرکرانی ئێران لەلایەن یەکیەتیی سۆڤیەت و ئامریکا و ئینگلیسەوە بیرۆکەی دامەزراندنی دەسەڵاتی کوردی گەڵاڵە کرد.

کۆماری کوردستان ١١مانگی خایاند. ڕاستە کە ١١مانگ بۆ مێژووی مرۆڤایەتی ماوەیەکی زۆر کورتە بەڵام گرینگیی حکوومەتێک بە درێژی و کورتی ئەو حکوومەتە بەستراوە نییە. کۆماری کوردستان وەک ڕێنێسانسێک لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین سەیر دەکرێ کە لە ماوەی ١١مانگدا هێندێک کاری گرینگی مێژوویی کرد. وکوو پێکهێنانی دەوڵەت نەتەوەی کوردی، ڕەسمیکردنی زمانی کوردی، دانانی هێزی پێشمەرگە، بڵاوکردنەوەی بیروڕای دێموکراتی ڕێگاخۆشکردن بۆ بەشداری ژنان لە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی جێبەجێ کرد.

گرینگترین کاریگەریی کۆماری کوردستان لە ڕووی فکریەوە ئەوە بوو جۆرێک تاکی کوردی گەرەنتی کرد بۆ مبارزەکردن و ئەمە وەزعێکی پێکهێنا و لە دوای کۆماری کوردستانی هە تاکوو ئێستا لە هەموو پارچەکانی کوردستان بابەتێک هەیە بە ناوی شۆڕشی کورد کە کوردی کردووەتە بازیگەرێکی گرینگی سیاسیی ناوچەکە.

**سەبارەت بە ڕووخانی کۆماری هۆکاری زۆر کاریگەرییان هەبوو کە بە گشتی ئەو سێ هۆکارە ڕۆڵی بنەڕەتییان گێڕاوە؛**

١- هۆکاری ناخۆیی و ناتەبایی کورد لەنێو خۆیدا بەتایبەت ململانێ خێڵەکان لەگەڵ یەکتر ببوونە هۆکاری لاوازیی کۆماری کوردستان

٢- فاشیزمی ئێرانی کە هیچ باوڕێکی بە مافی کورد نەبوو

٣- ئیرادەیەکی نێودەوڵەتی لەو قۆناغ دا نەیدەویست دەوڵەتی مەرکەزی لە ئێراندا لاواز و پەرتەوازە بێ.

کۆبوونەوەی ئێمە وەک پێشمەرگەی کوردستان ئەوە پەیامە گرینگەی پێیە کە هێزی پێشمەرگەی کوردستان هێشتا میراتگری کۆمار و پارێزەری دەستکەوتەکانی کۆمارە و لە وەرزەی نوێیەی خەبات کە ڕاسانی ناوە، بەڵێنیی بەردەوامی و پەرەگرتنی هێزی پێشمەرگە بە نەتەوەی کورد و شەهیدانی کۆمار و لەسەرەوەی هەموویان پێشەوای کوردان قازی محەمەد دەدەین.

ناوەڕۆکی ئەم بابەتە ڕا و تێبینیی نووسەرە و ماڵپەڕی کوردستان میدیا لێی بەرپرسیار نییە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٢٨ی جانیۆری ٢٠٢٠

# دووی ڕێبەندان ساڵرۆژی دامەزرانی کۆمارە خنجیلانەکەی کوردستان لە مەهاباد



ئامادەکردن و لێکۆڵینەوە:

ئەمین خەواڵە

لە مێژووی هەموو نەتەوەیەکدا ڕۆژانێکی مێژوویی هەیە کە وەبیر هێنەرەوەی ئازایەتیی و سەمبۆلی خۆڕاگری و شۆڕش و بەرخۆدانی ئەو گەلە دژی داگیرکەر و کۆتایی بە ژێردەسەڵاتی و سەربەخۆیی یەگجارەکی ئەو گەلەیە و لە گەڵ تێپەڕبوونی زەمەن و کاتەکان ئەو ڕۆژانە و بیرەوەرییەکانیان لە مێژوودا وەکوو ئۆستوورەیەک دەمێننەوە و هەرگیز لە یاد دەرناچن.

ڕۆژی ٢ی ڕێبەندان بۆ گەلی کورد و نەتەوەکەمان وەبیرهێنەرەوی مێژوویەکی شکۆدار و قارەمانییەتی پێشەوای نەمر قازی مۆحەممەد و هاوڕێیانیەتی کە لە وەها ڕۆژێک دا ٧٤ ساڵ پێش ئێستا دامەزراندنی کۆماری کوردستانیان بە فەرمیی لە شاری مەهاباد سەر بە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕاگەیاند و ناوی یەکەم حکوومەتی کوردی و یەکەم دەسەڵاتی کوردییان بۆ هەمیشە بە ناوی پیرۆزی خۆیانەوە گرێ داو و مێژوویەکی پڕ شانازییان بۆ خۆیان و نەتەوەکەیان تۆمار کرد.

هاوکات لە گەڵ کۆتایی هاتنی شەڕی دووهەمی جیهانی و مانەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان و لە سەرووی هەموویانەوە یەکیەتیی سۆڤییەت لە وڵاتی ئێران و دەوروبەری، سەرەتاکانی پاییزی ساڵی ١٣٢٤ی هەتاوی پێشەوای نەمر بە پشتیوانی یەکیەتیی سۆڤییەت و کۆماری ئازەربایجان کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردی لە مەهاباد دامەزراند و تەنیا ٥ مانگ دوای دامەزرانی کۆمەڵەی ژێکاف لە ڕێکەوتی ٢ی ڕیبەندانی هەمان ساڵ پێشەوا قازی مۆحەممەد هاوڕێ لە گەڵ حەمەحسەین خانی سەدری

قازی و ئەبۆلقاسم سەیفی قازی ئامۆزاکانی بە فەرمیی دامەزرانی کۆماری کۆردستانیان لە شاری مەهاباد ڕاگەیاند و لە ماوەیەکی کورتدا هەموو شار و شارۆچکەکانی کوردستانیان هێنا ژێر فەرمانی حکوومەتە خنجیلانەکەی کوردستان و ئالای کوردستان لە هەموو شارەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات شەکاوە و بەرز کراوە. نەمر قازی مۆحەممەد هەر لەو ماوە کورتەدا زۆر خزمەتی بەرچاوی بە فەرهەنگ و کولتوور، گەشەی ئابووری ناوچەکە، پێوەندییە نێودەوڵەتییەکانی کوردستان لە گەڵ وڵاتانی دراوسێ، زانست و تەکنۆلۆجیا و زۆر بۆاری ئەدەبی و هۆنەری بە نەتەوەکەی کرد و ناوی کورد و خاکی کوردستانی بۆ هەمیشە لە مێژووی دونیادا تۆمار کرد.

پێشەوای نەمر قازی مۆحەممەد بە بانگهێشت کردنی مەلا مستەفای بارزانی و هاوڕییانی و بنەماڵەکانی نەتەوەی بارزانی بۆ مەهاباد و بەخشینی پلەی ژەنەراڵی کوردستان بۆ نەمر مەلا مستەفای بارزانی سنوورەکانی کوردستانی لە ڕۆژهەڵاتەوە بۆ هەموو پارچەکانی دیکەی کوردستان گواستەوە و بە دروشمی برایەتی گەلان دۆستی خۆی بۆ نەتەوەکانی دیکەی ئەو کاتی بندەستی ئێران سەڵماند و هەموو لایەنەکانی وەکوو دۆستی نزیکی خۆی لە دەوری یەک کۆکردەوە. بە داخەوە لە گەڵ کشانەوەی هێزەکانی یەکیەتیی سۆڤییەت و ڕووخانی کۆماری ئازەربایجان بە ڕێبەرایەتیی پیشەوەری و هاتنی هێزەکانی سۆپای ئێران بۆ مەهاباد و پشت تێکردنی هەموو دراوسێکانی کۆماری کوردستان تەمەنی کۆمارە خنجیلانەکەی کوردستان دوای ١١ مانگ کۆتایی پێهات و قازی مۆحەممەد و ئامۆزاکانی لە مەیانی چوارچرای شاری مەهاباد لە دار دران و شەهید کران و دەسەڵاتی کۆماری کوردستان جارێکی دیکە گەڕایەوە دەست هێزەکانی سۆپای شای ئێران و دەسەڵاتدارە دیکتاتۆرەکانی بەڵام ناوی کورد و کۆماری کوردستان بۆ هەمیشە لە مێژووی پرشەنگداری کوردستان تۆمار کرا و یاد و ناوی کۆمار تا ئێستاش هەروا بە گەورەیی ماوەتەوە و وەکوو چرایەکی گەش ئەدرەوشێتەوە.

لە مێژووی نەتەوەی کورد دا هەموو کات خەیانەت و ناکۆکی بنەماڵەی گەورەی کورد تۆمار کراوە، مخابن لە گەڵ دامەزرانی کۆماری کوردستان بە ڕێبەرایەتیی قازی مۆحەممەد لە شاری مەهاباد و ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان بە فەرمیی زۆر لە سەرۆک عێلەکانی دێهبۆکری، مەنگوڕ، شکاک و موکری لە شارەکانی بۆکان و دەوروبەری دژایەتیی کۆماری کوردستان و نەمر قازی مۆحەممەدیان کرد و ژێر دەسەلاتی ئالای کوردستانییان قەبووڵ نەکرد، بەڵام هاوکات زۆر عەشیرەت و خێڵی دیکە وەکوو عەشیرەتی فەیزۆڵابەیگی لە دەوروبەری شاری سەقز پشتیوانی چاکییان لە کۆمار کرد و بۆ خزمەت بە مانەوەی یاد و ناوی کۆماری کوردستان و پەرەئەستاندنی کۆمار لە هەموو هەوڵێک درێغییان نەکرد و لە مێژووی پرشەنگداری کۆماری کوردستان بە ڕاستی ئازایانە درەوشانەوە و بە بەخشینی ١١ شەهید تەنیا لە ناو بنەماڵەی خۆیاندا ناوێکی بەرزیان بۆ خێڵ و عەشیرەتەکەیان تۆمار کرد و تا دوایین ساتەکانی تەمەنی کورتی کۆمار پشتیوانی پەیڕەو و فەرمانە نێوخۆییەکانی کۆماری کوردستان و حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران بوون.

بە ڕووخانی کۆماری کوردستان و شەهید کرانی قازی مۆحەممەد و هاوڕێیانی تەمەنی کۆمار کۆتایی پێ نەهات و چراکانی دامەزرانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران نەکوژانەوە و دواتر بە ڕێبەرایەتیی ڕێبەری بلیمەت و زانای کورد شەهید دوکتۆر عەبدولرەحمان قاسملوو کە لە کاتی دامەزرانی کۆماری کوردستان وەکوو بەرپرسی ڕێکخراوی یەکیەتیی لاوان ئیش و چالاکییەکانی خۆی دەست پێکردبوو، حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران بووژایەوە و زیندوو کرایەوە و ناوبراو وەکوو سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هێزەکانی پێشمەرگەی ئەو حیزبەی تەیار و لە دەوری یەک کۆکردەوە و جارێکی دیکە گیانێکی نوێی بەخشی بە یاد و ناوی کۆماری کوردستان و وەکوو شاگردێکی بە ئەمەگی پێشەوای نەمر ڕێگا و یادی کۆماری بەردەوام کرد و تا دوایین ساتەکانی تەمەنی وەفادار مایەوە بە ڕێبازی کۆماری و ڕێبەر و پێشەوای و تا دوایین دڵۆپەکانی خوێنی و بەخشینی گیانی لە خۆڕاگری و خەبات هەدای نەدا و بۆ خزمەت بە نەتەوەکەی زۆر ئازایانە ڕاوەستا تا لە ئاکامدا لە ڕێکەوتی ٢٢ی پووشپەڕی ساڵی ١٣٦٨ی هەتاوی لە سەر مێزی وتوویژ لە گەڵ دیپلۆماتە تێرۆریستەکانی ڕژیمی جەنایەتکاری کۆماری ئیسلامی لە ڤییەن پێتەختی وڵاتی ئۆتریش گیانی خۆی بە گەل و نەتەوەکەی بەخشی و شەهید کرا.

ساڵێک دوای تێرۆری دوکتۆر قاسملوو مێژوو دووپات کرایەوە و جێگری دوکتۆر قاسملوو و سکرتێری گشتی ئەو کاتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دوکتۆر سادق شەرەفکەندی لە ڕێستورانتی میکۆنۆس لە وڵاتی ئاڵمان شەهید کرا و جارێکی دیکەش کۆماری ئیسلامی ئێران مێژووی تێرۆری بۆ خۆی و سیستەمە تێرۆریستەکەی دووپات کردەوە.

کوردستانی ڕۆژهەڵات تا ئێستاش هەموو ساڵێک ڕۆژی ٢ی ڕێبەندان وەکوو ڕۆژێکی نەتەوەیی بەرز و بەڕێز ڕادەگرن و یادی ئەو ڕۆژە مەزنە بە ئاهەنگ گێڕان و هەڵپەڕکێ و مووسیقا و وتنەوەی وانەکانی کۆماری کۆردستان زیندوو دەکەنەوە و ناو و یادی کۆماری کوردستانییان لە چوارچێوەی کوردستان و وڵاتانی دەوروبەری گواستووەتەوە بۆ وڵاتە ڕۆژئاواییەکان و ئامریکای لاتین و ئێستا هەموو مرۆڤیکی ئازادیخواز و دێمۆکرات ڕۆژی ٢ی ڕێبەندان و ناوی کۆماری کۆردستانی بیستووە و بە ڕێزەوە ناوی ئەو کۆمارە دەهێنێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕۆژی کورد - ڕێکەوتی: ٤ی فێبریوێری ٢٠٢٠

# کۆماری کوردستان و دەرەنجامەکانی



حوسێن بەخشی

کۆماری کوردستان سەرەڕای تەمەنی کورتی، دەستکەوتە مێژووییەکانی، هەروەها تێکچوون و ئاکامەکانی، یەکێک لە دیاردە هەرە دەگمەن و گرینگەکانی جووڵانەوەی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەکەمانە.

دووی ڕێبەندانی ئەمساڵ ٧٤ ساڵ، بە سەر دامەزرانی یەکەم دەوڵەتی مۆدێرنی کورد واتە، کۆماری کوردستان، تێپەڕ دەبێ. بۆ یەکەم جار لە مێژووی پڕ لە هەوراز و نشێوی جووڵانەوەی کورد لە پێناو ڕزگاری و بە دەستەوەگرتنی چارەنووسی خۆیدا، سیستمێکی نوێی حوکمڕانی لە چوارچێوەی جوغرافیایەکی بەرتەسکدا دادەمەزرێ.

ئەو پاشخانە فکری و کۆمەڵایەتییانەی کە کۆماری لێ بەرهەم هات دەکرێ لە دوو ڕەهەندەوە تاوتوێ بکرێن. یەکەم هەلومەرجی نێوخۆ واتە سەرهەڵدانی شوناسخوازانە، ئیرادە و ویستی نەتەوەیەکی وەزاڵە هاتوو لە چنگ داگیرکاری و کۆیلەتی لە پێناو گەڕاندنەوەی سەروەریی نەتەوەیی. دووهەم، ئەو دەرفەتەی کە لە ئەنجامی ڕووداوە دەرەکییەکاندا بۆ دەربڕین و بە کردەیی کردنی ویست و داخوازییەکانی کۆمەڵانی خەڵک هاتە ئاراوە.

دوای شەڕی یەکەمی جیهانی و تێکڕمانی ئیمپراتووریی عوسمانی، کورد یەک لەو دەگمەن نەتەوانە بوو کە نەک هەر نەیانهێشت ببێتە خاوەن دەوڵەت، بەڵکوو کردیان بە چوار بەش. دروستبوونی دەوڵەت - نەتەوەی فارس و تورک و عەرەب،

لە سەر بەشێک لە خاکی کوردان، لەژێر ناوی یەک خاک، یەک نەتەوە، یەک ئالا و یەک زمان، بە یارمەتی و ئامۆژگاریی ئورووپاییەکان، بە تایبەت ئینگلیس و فەڕانسە، ڕێگای بۆ ژێنۆسایدی فەرهەنگی و جەستەیی کورد زیاتر لە پێشوو خۆش کرد. بەم شێوە گەورەترین نەتەوەی بێدەولەت (پتر لە ٤٠ میلیۆن کەس) تووشی چارەنووسێکی کارەساتبار هات، کرا بە کۆلۆنیی دەوڵەتانی ناوچە و بوو بە سووتەمەنیی بەرژەوەندییەکانیان.

ڕەزاشا بە لاساکردنەوە لە ئاتاتورک لە ماوەی ٢٠ ساڵ دەسەڵاتداریدا، بە گرتنەبەری سیاسەتی قەڵاچۆکردن و تواندنەوەی کورد و نەتەوەکانی تر لە فەرهەنگی بەناو فارس/ئێرانیدا، بۆ یەکدەستکردنی وڵات لە لایەک، و لە لایەکی تر، پێوەندییە دیپلۆماسی و ئابووری و سیخوڕییەکانی، لەگەڵ ئاڵمانی نازی کە بوو بە هۆی گوشاری هاوپەیمانان بۆ دوورخستنەوەی ئێران لە ئاڵمان و پێویستییان بۆ بەکار هێنانی ئێران وەک پردی پێوەندیی نێوان ئینگلیس و ئەمریکا و سۆڤیەت، بە مەبەستی گەیاندنی یارمەتی بە یەکیەتیی سۆڤیەت، دەوڵەتی ناوەندتەوەری ئێرانی و دیکتاتۆریی ڕەزاشای تووشی ئاڵۆزی و قەیرانێکی گەورە کردبوو.

هاتنی هێزی هاوپەیمانان لە مانگی خەرمانانی ساڵی ١٩٤١ی زایینی (١٣٢٠ی هەتاوی) و جێگیربوونی هێزەکانی یەکیەتیی سۆڤیەت لە باکووری ئێران و ئینگلیس و ئەمریکییەکان لە ڕۆژاوا و خوارووی ڕۆژاوا بوو بە هۆی شڵەژان و تێکچوونی باری تەناهی و دەرچوونی دەسەڵات لە دەستی ڕێژیمی پاشایەتی. ڕەزا شا دوور خرایەوە و ناچاریان کرد وڵات بەجێ بێڵێ.

لە مانگی سێپتامبری ١٩٤١دا فڕۆکەکانی ئەرتەشی سوور، سنووری ئێران دەبەزێنن و بە بڵاوکردنەوەی ئاگاداری بە هەر دوو زمانی کوردی و ئازەری، دەبنە هۆی پێکهێنانی پەشێوی و ئاڵۆزی دەنێو ئەرتەشدا و دامودەزگای حکوومەتی پەهلەوی لەو ناوچەیە لەبەریەک هەڵدەوەشێ.

لەو هەلومەرجەدا خەباتکاران و تێکۆشەرانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، بەو پاشخانە هزری و فکرییانەی کە لە جووڵانەوکانی پێشتری کوردستان هەیانبوو و هەروەها لە پێوەندی لەگەڵ خەباتکارانی بەشەکانی تر، بە تایبەت باشووری کوردستان، بە کەلکوەرگرتن لە دەرفەتی پێکهاتوو خەریکی خۆ ڕێکخستن و پێکهێنانی دامەزراوەی سیاسیی خاوەن بەرنامە و ستراتیژی بە مەبەستی دابینکردنی ئامانج و خولیاکانی لەمێژینەی نەتەوەکەمان دەبن.

کاربەدەستانی سۆڤیەت لە نزیکەوە لەگەڵ مەسەلەی کورد ڕووبەڕوو دەبن. لە سەرەتاوە بە هۆی لە ئارادانەبوونی ڕێکخراوێکی سیاسی کە نوێنەرایەتیی کێشەی کورد بکا، سۆڤیەتییەکان لە ڕێگای ڕاسپاردەکانیانەوە، لە مانگی بەفرانباری

١٣٢٠ی هەتاویدا (١٩٤١) بە هۆی ئاڵۆزییەکانی نێوان کورد و ئازەرییەکانی ناوچەی ورمێ و هێندێک شوێنی تر، ٣٠ کەس لە کەسانی ناسراوی ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی ئەرتەشی سۆڤیەت بۆ باکۆ بانگهێشت دەکەن، کە بریتی دەبن لە سەرۆک عەشیرە، شێخ و ئاغا و نوێنەری چین و توێژە نێونجییەکان، کە قازی محەممەد یەکێک لەوان دەبێ و، بەبێ ئەوەی باسی هیچ چەشنە بابەتێکی سیاسی بکەن، داوایان لێدەکەن ئارامیی ناوچەکە بپارێزن. دیارە ئینگلیسییەکانیش هەمان سیاسەتیان هەبووە. وەزیری کاروباری دەرەوەی سۆڤیەت مۆلۆتۆڤ، بە سەفیری بریتانیا ڕادەگەیەنێ کە لەو سەفەرەدا "هیچ چەشنە باسێکی سیاسی نەکراوە".

## کۆمەڵەی ژ.ک:

هاتنی هاوپەیمانان بوو بە هۆی لاوازی و کەمبوونەوەی تواناکانی دەوڵەتی ناوەندی، بە تایبەت لە ناوچەی موکریان و دەوروبەری، چەکێکی زۆر کەوتە دەست خەڵکەوە. بۆشایی سیاسی و نەبوونی ڕێکخراوەیەک کە هەم وڵامدەری خواستەکانی خەڵک بێ و هەم کۆنترۆڵی بەسەر بارودۆخەکەدا بێ، بەتەواوی هەست پێدەکرا. بە پێی هێندێک سەرچاوە، کۆمەڵەی ژ.ک لەو کاتەدا چالاکیی ئاشکرای نەبووە.

هەرچەند لە ساڵەکانی ١٩٣٦ - ١٩٣٧ ڕێکخراوەیەک بە ناوی "کۆمەڵەی ئازادیخوازیی کوردستان" لە لایەن عەزیز زەندی، حوسێن فرووهەر و چەند کەسی تر لە مەهاباد دامەزرابوو، جگە لە بەیاننامەیەک کە بە بۆنەی هاتنی هێزەکانی هاوپەیمانان بۆ ئێران لەو کاتەدا بڵاویان کردۆتەوە، هیچ بەڵگەیەک لە کار و چالاکییەکانی دیار نییە. لە ساڵی ١٩٤١ بە هۆی ناکۆکی و جیاوازیی بۆچوون هەڵدەوەشێ و لە بری ئەو لە ٢٥ی گەلاوێژی ١٩٤٢ کۆمەڵەی ژ.ک (کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان) دادەمەزرێ.

ئەو ڕووداوە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەک یەکەم ئەزموونی کاری مۆدێڕنی سیاسی و ڕێکخراوەیی بە شێوەیەکی سەردەمیانە کارتێکەریی بەرچاوی لە ڕەوتی ڕووداوەکانی داهاتوودا دەبێ. لەسەر دامەزرێنەرانی ژ.ک بیروڕای جیاواز هەیە. سەرجەم ١١ تا ١٣ کەس ناویان هاتووە کە لەوانە حوسێن فرووهەر و ڕەحمان زەبیحی ڕۆڵی سەرەکییان گێڕاوە. حوسێن فرووهەر (حوسێن زێڕینگەران) سەرۆکی کۆمەڵە بووە.

بۆ یەکەم جار لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان گۆڤاری "نیشتمان" وەک "بڵاوکەرەوەی بیری کۆمەڵەی ژ.ک" لە پووشپەڕی ١٣٢٢ی هەتاوی (١٩٤٣) بڵاو بۆوە.

کۆمەڵەی ژ.ک لە یەکەم ژمارەی "نیشتمان"دا بەم جۆرە پێناسەی بۆ کراوە کە: "کۆمەڵەی ژ.ک بە پێچەوانەی هەموو بەرهەڵست و قورت و چەڵەمەیەکی وەکوو دوژمنایەتیی خۆبەخۆ، دووبەرەکی و خۆخۆری، پووڵپەرستی و بێگانەدۆستی کە لە ڕێگای پێشکەوتنی کورددا هەیە، بە هەموو هێز و توانای خۆی تێدەکۆشێ تا زنجیر و کەڵەمەی دیلی و ژێردەستی لە ئەستۆی نەتەوەی کورد داماڵێ و لەم کوردستانە لەتوکوتەی ئێستادا، کوردستانێکی گەورە و ڕێکوپێک بێنێتە بەرهەم، کە هەموو کوردێک بە سەربەستی تیا بژی."

ئەگەر بەکورتی سەرنج بدەینە ئەو چەند ڕستەیە، چۆنیەتیی بیرکردنەوە و ئامانجی ژ.ک.مان بەڕوونی بۆ دەردەکەوێ. باسی ناکۆکییە نێوخۆییەکان دەکا، باسی پارچە، پارچەبوونی کوردستان و کوردستانی گەورە دەکا و هەروەها چەمکی نەتەوە بەکار دێنێ.

واتەڕزگاریی کورد و کوردستان لەژێر داگیرکاری و دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی. هەیئەتی ناوەندیی ژ.ک لە ڕاپۆرتێکدا بۆ مۆلۆتۆڤ، دەنووسێ: "ئامانجی حیزبی ئێمە تێکخستنەوەی هەموو پارچەکانی کوردستان و ئازادکردنی نەتەوەی کوردی ژێردەست و خزمەتکردن بە هەوڵدان و گەشەکردنی کۆمەڵی مرۆڤایەتی و شارستانیەتی گەلانی جیهانە."

کۆمەڵەی ژ.ک. توانی لە ماوەیەکی کورتدا متمانەی کۆمەڵانی خەڵک بۆ لای بەرنامەکانی ڕاکێشێ و تەنانەت لە ناوچەکانی سەقز، سنە و کرماشان و لۆڕستان و... سەرەڕای بوونی هێزەکانی ئینگلیس و دامودەزگا حوکمییەکانی دەوڵەتی ناوەندی، جموجۆڵ و لایەنگری هەبووە.

لازارییێڤ لێکۆڵەری بە ناوبانگی ڕووس لە "کوردستان و پرسی کورد لە نێوان ساڵەکانی ١٩٢٣ - ١٩٤٥دا کە لە لایەن بەڕێز مەنسوور سیدقی وەرگێڕدراوەتە سەر کوردی، لە بڕگەیەکدا ئاوا باسی کۆمەڵەی ژ.ک دەکا:

"کۆمەڵە پێوەندییەکی پتەوی لەگەڵ ڕێکخراوە نەتەوەیی و نێشتمانپەروەرە کوردییەکانی وڵاتانی دیکەش پێکهێنابوو. بە تایبەت لە مانگی مارسی ١٩٤٤ لە شاری کەرکووک، نوێنەرانی "کۆمەڵە" ڕێککەوتنیان لەگەڵ حیزبی "هیوا" واژۆ کرد و لە هاوینی هەمان ساڵدا نوێنەرانی حیزبی هیوا سەردانی مەهابادیان کرد. هێندەی پێناچێ چالاکانی گەلێک لە ڕێکخراوە کوردییەکانی دیکەی عێراق، سووریە و تورکیە بۆ تاوتوێکردنی خودموختاریی کورد خۆیان دەگەیێننە مەهاباد. لە مانگی ئۆوتی ١٩٤٤دا لە کوێستانی "دالانپەڕ" لە سێکوچکەی سنووری نێوان ئێران، عێراق و تورکیە، نوێنەرانی کوردەکانی ئێران، قاسم قادری، شێخ عوبەیدوڵڵای زینۆ لە تورکیە و قازی مەلا وەهاب لە عێراق، کۆبوونەوە و ڕێکەوتننامەیەکیان بە ناوی

"پەیمانی سێ سنوور" واژۆ کرد و لایەنەکان بەڵێنیان دا بۆ خەبات لە پێناو "کوردستانی مەزن" هەر چەشنە یارمەتییەکی چەکوچۆڵ و مرۆڤی بە یەکتر بکەن. بیرۆکەی دامەزراندنی کوردستانی مەزن بۆ یەکەم جار لە لایەن بەدرخانییەکان لە شاری 'بەیرووت' واتە لە یەکەم ناوەندی "پانکوردیزم" سەری هەڵداوە. بەم شێوەیە کۆمەڵە بوو بە ڕێکخراوەیەکی ناسیۆنالیستی لە ئاست گشت کوردێکدا."

سیاسەتی ژ.ک لە ئاستی نێودەوڵەتیشدا، سیاسەتێکی ژیرانە و سەربەخۆیانە و بە ئاراستەی بەرژەوەندیی نەتەوەییدا داڕێژرابوو. مامۆستا مەلا قادر مودەڕڕسی لەم بارەوە دەڵێ: "لە هەلومەرجی ئەو دەمدا ڕووس و ئینگلیس وەک دوو بەرداش وابوون و کوردیش وەک گەنم لە نێوانیاندا. جا بۆیە ئێمە ئەگەر تاریفێکمان لە یەکیان دەکرد، لە ژمارەی داهاتوودا قەرەبوومان دەکردەوە و باسی ئەوی دیکەمان دەکرد، بۆ ئەوەی کە ئەو دوو دەوڵەتە گەورە هیچیان وا نەزانن کە ئێمە سەربە یەکێک لەوانین و دوژمنی ئەوی تریانین."

ئەوەش، نیشاندەری هزری سیاسی و مەنتقی دیپلۆماسیی ئەو سەردەمی بووە، بە واتایەکی تر پارسەنگی سیاسەتی دەرەوەیان بە شێوەیەکی ژیرانە ڕاگرتووە.

ئەو نموونانە دەیسەلمێنێ کە ژ.ک بە هێنانە ئارای گوتاری نەتەوەخوازانە بە شێوەی سەردەمیانە، ڕێڕەوی خەباتی ڕزگاریخوازانەی کوردی خستە سەر هێڵی ڕاستەقینە و شوناسخوازانە.
درێژەی بابەت ل ٥

### ئەندامەتیی قازی محەممەد لە کۆمەڵەی ژ.کدا:

قازی محەممەد وەک سیمایەکی دیار و خۆشناو و هەروەها لێهاتوو ببووە جێی متمانەی خەڵک بوو و هەر لەو سۆنگەیەشەوە سەرنجی ڕووسەکانیشی بۆ لای خۆی ڕاکێشابوو. لە ئۆکتۆبری ١٩٤٤ی زایینی (١٣٢٣) لە لایەن کۆمەڵەوە داوای ئەندامەتیی لێدەکرێ و پاش ماوەیەکی کورت بە سەرۆکی کۆمەڵە دیاری دەکرێ.

باقرۆف سەرۆککۆماری ئازەربایجانی سۆڤیەت لە کۆبوونەوەیەکدا، لە سەرەتای مانگی ڕەزبەری ١٣٢٤ داوا لە نوێنەرانی کورد بە سەرۆکایەتیی قازی محەممەد دەکا، هەتا کوردەکان کێشەی خۆیان لە چوارچێوەی ئازەربایجانی ئێران و لەگەڵ فرقەی دێموکرات چارەسەر بکەن. قازی محەممەد پێداگری لەسەر ئەوە دەکا کە "نەتەوەی کوردیش وەک نەتەوەی ئازەری بۆ

بەدەستهێنانی مافی سروشتیی خۆی هەوڵ دەدا." لەو کۆبوونەوەدا وێڕای بەڵێنی یارمەتیدان و پشتیوانی لە کوردان، داوای گۆڕینی ناوی کۆمەڵەی ژێکاف بە حیزبی دێموکراتی کوردستان دێتە گۆڕێ.

ڕۆژی ٢٥ی ئۆکتۆبری ١٩٤٥حیزبی دێموکراتی کوردستان، یەکەم کۆنگرەی خۆی بە بەشداریی نوێنەرانی ناوچە ئازادکراوەکان، دەگرێ و لەودا مەرامنامەیەکی ٢٢ خاڵی پەسەند دەکرێ و بە ناوی مەرامنامەی حیزبی دێموکرات بڵاو دەکرێتەوە. دەرەنجامی ئەو بڕیارانە کۆمەڵێک ڕەهەندی ناتەبای لێدەکەوێتەوە. بۆ نموونە لە لایەک داوای خودموختاری و چارەسەری لە ناوەند دەکا و لە لایەکی تر خۆی وەک حکوومەتێکی میللی پێناسە دەکا و سیاسەتی دەرەکی و پێوەندیی دیپلۆماسی لەگەڵ دەوڵەتان بە ئەرکی خۆی دەزانێ.

ئەو پەسەندکراوە لە لایەک ڕەنگدانەوەی باری کۆمەڵایەتی و هەلومەرجی داسەپاو و ناڕوونیی سیاسی و گوشاری نێوخۆ و دەرەکی و لە لایەکی تر تابلۆی ویست و داخوازییە بنەڕەتییەکانی نەتەوەیەکی بێدەوڵەتە کە بە شوێن دابینکردنی سەروەریی سیاسیدایە.

لە نوامبری ١٩٤٥ چاپخانەی کوردستان لە مەهاباد دەستی بە کار کرد. "ڤۆڤاری کوردستان" "بڵاوکراوەی بیری حیزبی دێموکراتی کوردستان" لە لاپەڕەی ١١ی ژمارە یەکی خۆیدا کە ڕۆژی ٦ی دێسامبری ١٩٤٥(سەرماوەزی ١٣٢٤) دەرچووە لەژێر ناونیشانی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا نووسیویەتی: "لە دوای ئەوە لە هەوەڵی مانگی خەزەڵوەر (آبان)ـی ١٣٢٤ حیزبی دێموکراتی کوردستان لە مەهاباد دانرا و بەیاننامەی خۆی بڵاو کردەوە، لە ڕۆژی ٢ - ٨ - ١٣٢٤ هەوەڵ کۆنگرەی خۆی کە تێکەڵ بوو لە سەران و نوێنەرانی کوردان بە تەرتیبی ژێرۆ[...]

٢٥ی دێسامبری ١٩٤٥ ئینگلیس و ئەمریکا و یەکیەتیی سۆڤیەت، کۆمیسیۆنی سێ لایەنە لەسەر ئێران پێک دێنن. لە یەکێک لە خاڵەکاندا، جەخت لەسەر پاراستنی تەواویەتی خاکی ئێران و ڕێزلێنان لە دەسەڵاتدارییەتی و سەربەخۆیی سیاسیی ئێران دەکرێتەوە.

ڕۆژی دووی ڕێبەندانی ١٣٢٤ (٢٢ی ژانویەی ١٩٤٦) بە بەشداریی زیاتر لە ٢٠ هەزار کەس لە مەیدانی چوارچرای شاری مەهاباد و لەژێر ئاڵای سێ ڕەنگی کوردستان قازی محەممەد وەک یەکەم سەرۆککۆماری کوردستان، لە وتارێکی مێژووییدا، دامەزراندنی یەکەم کۆماری دێموکراتیکی کوردستان ڕادەگەیەنێ و لە کاتی سوێندخواردندا بەڵێنی دا بە "خوێن و گیان و ماڵ لە ڕێی سەربەخۆیی و بەرزکردنەوەی ئاڵای کوردستاندا تێبکۆشێ." هەرواش بوو. بەم چەشنە بۆ یەکەم جار لە مێژووی

خەباتی نەپساوە و خوێناویی نەتەوەکەمان بۆ ئازادی و سەربەخۆیی، دەوڵەتێکی نەتەوەیی لەدایک دەبێ.

لە ماوەیەکی کورتی ٣٣٠ ڕۆژەدا، واتە ١١ مانگ، کۆمەڵێک هەوڵی بەنرخ لە بوارە جیاوازەکاندا، وەک بڕیاردان لە سەر ئاڵا و سروودی نیشتمانیی "ئەی ڕەقیب"، دامەزراندنی سپای میللی، پەرە دان بە پەروەردە و بارهێنان، چاپەمەنی و بڵاوکراوەکان، بازرگانی و بووژاندنەوەی ئابووری، گرینگیدان بە بەشداریی ژنان لە کاروباری فەرهەنگی و کۆمەڵایەتیدا، پێوەندی و دۆستایەتی و بازرگانی لەگەڵ کۆماری ئازەربایجان و یەکیەتیی سۆڤیەت، پێکهێنانی بەرە لەگەڵ فرقەی دێموکراتی ئازەربایجان، حیزبی توودەی ئێران، حیزبی ئێران و حیزبی جەنگەڵ؛ لە ماوەیەکی کورتدا درا.

لە بانەمەڕی ١٣٢٥دا کە سۆڤیەت هێزی خۆی لە ئێران دەکشێنێتەوە، قازی محەممەد لە کۆبوونەوەیەکی جەماوەریدا، دەڵێ: "لە کاتێکدا ئۆردووی سوور لە نێوماندا بوو، دوژمنانی ئێمە هەمیشە وایان بڵاو دەکردەوە کە داوا و ئیدعای کوردان، هەمووی بە هۆی سیاسەتێکی خاریجییە،کە مەقسوودیان ئۆردووی سوور بوو. بەڵام ئەمڕۆ بە ئاشکرا لە هەمووکەس مەعلووم بووە کە کورد ئازادیی دەوێ و دەست لەو مەرامە هەڵناگرێ و [...] بۆ وەچەنگ هێنانی ئازادی، ئیعتمادی هەر بە خۆیە."

هەروەها ڕۆژی ٢٠ - ٢ - ١٣٢٥ لە وتارێکی تردا وتوویەتی: "دوژمنانی کورد وایان شۆرەت دەدا کە دەوڵەتی کوردستان ئەساسێکی نییە و بە ڕۆینی هێزی سوور تێکدەچێ".

لە ماوەی ئەو ١١ مانگەدا، بەڕێوەبەرانی کۆمار وێڕای کەلکوەرگرتن لە دەرفەتی پێشهاتوو بۆ پەرە پێدانی دێموکراسی و ئازادی و گەشەکردنی ژیانی فەرهەنگی و ئابووریی دانیشتووان، هەوڵێکی زۆریان دا بۆوەی بەڵکوو قەناعەت بە کاربەدەستانی تاران بێنن هەتا دان بە مافەکانی کورد واتە خودموختاری لە چوارچێوەی ئێراندا بنێن، بەڵام بێسوود بوو. کاربەدەستانی تاران بە تایبەت سەرۆکوەزیران "قوامالسلطنه' کە لە نزیکەوە لە گەڵ قازی محەممەد دانیشتن و وتووێژیان بووە، توانی بە دانی وادە و بەڵێنی درۆ بە قازی محەممەد و هەروەها ڕێککەوتنی ئاشکرا و نهێنی لەگەڵ هاوپەیمانان، سیاسەتی تێکدەرانەی خۆی بەرەو پێش بەرێ و لە ئەنجامدا هێزەکانی ئەرتەشی دەوڵەتی ناوەندی دوای تێکشکاندنی کۆماری ئازەربایجان لە ٢١ی سەرماوەزی ١٣٢٥ی هەتاوی، لە ڕۆژی ٢٦ی مانگی سەرماوەزی ١٣٢٥دا، بۆ جارێکی دیکە شاری مەهابادیان داگیر کردەوە، بە گەیشتنی هێزەکانی ئەرتەش و خۆبەدەستەوەدانی قازی محەممەد و سەرکردەکانی تر، حکوومەتی کوردستان هەرەسی هێنا.

لە مەڕ هۆکارە دەرەکی و نێوخۆییەکانی هەرەسهێنانی کۆماری کوردستان لێکدانەوە و بۆچوونی جیاواز هەیە و هەر کەسە

بەڕوانگە و بۆچوونی خۆی هەڵی سەنگاندوە. هەر چۆنێک بێ، کۆماری کوردستان ئاکامی ئیرادە و ویستی نەتەوەیەکی خاک داگیرکراو و بە کۆلۆنیکراو بوو کە بە کەلکوەرگرتن لە بارودۆخی پێکهاتوو، دەرفەتێکی گونجاوی بۆ ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی کوردستان لەو پارچەی نیشتماندا، ڕەخساند. بۆیە دووی ڕێبەندان و کۆماری کوردستان وەک سەرمایەیەکی سیاسی و هزری لە ناخی بیر و زەینی تاکی کورددا ڕیشەی داکوتاوە و بۆتە بەردی بناغەی جووڵانەوەی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەکەمان. بەڵگەنامەکان و سیستمی حوکومڕانی و دامەزراوە حوکمییەکان بە هەموو پێوەرەکان، دەیسەلمێنن کە کۆماری کوردستان، دەوڵەتێکی مۆدێڕنی سەربەخۆ بوو.

پرۆسەی دامەزراندنی کۆمار و ئەو هەوڵ و تەقەلایانەی کە بە ڕێڕەوی جیاوازدا، بۆ قەناعەت پێهێنان بە دەسەڵاتی ناوەند وتەنانەت هاوپەیمانەکانیشیان، لەسەر چەسپاندنی ماف و ئازادییەکانی کورد و سەرەنجام شکست و ناکامییەکی کە لێیکەوتەوە و هەروەها ئەزموونی کاری سیاسی و مەدەنیی ٧٤ ساڵ پاش کۆمار، بۆ تاکی کورد، هەڵگری پەیامێکی وشیارکەرەوە و شوناسخوازانەیە.

لەو سۆنگەیەوە گرینگە بزانین بە چ شێوەیەک و لە چ گۆشەنیگایەکەوە دەڕوانینە، دروشمەکان، خواست وئامانجەکانی سەردەمی کۆمار. ڕوانگەیەک یان ڕەوتێکی سیاسی وەک حیزبی دێموکرات، کە شانازیی دامەزراندنی کۆماری هەیە، بە پشتبەستن بە دەرکەوتەی لایەنێکی بەڵگەنامەکانی کۆمار، باس لە چارەسەری و ئیمکانی وەدیهاتنی دروشمی تا دوێنێ خودموختاری و ئەمڕۆ فیدراڵی لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکدا، دەکا. تا ئێستاش ستراتێژیی زۆربەی حیزب و ڕێکخراوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە سەر ئەو بنەمایە دانراوە.

ئەوە بەو مانایە نییە کە هەڵگرانی ئەو شێوە چارەسەرییە، باوەڕیان بە سەروەریی سیاسی و دەوڵەتی سەربەخۆی کورد نییە. دەیان ساڵ خەبات و خۆڕاگری لە بەرامبەر سیستمی داپڵۆسێنەری پاشایی و ویلاییدا و دانی هەزاران قوربانی لە پێناو ڕزگاریی نیشتماندا، نیشانەی وەفادارییە بە ڕێبازی کۆمار.

ئەوان پێیان وایە چون لە لایەک مەسەلەی کورد لە ڕوانگەی یاسای نێودەوڵەتییەوە گرێدراوی دەوڵەت – نەتەوەی فارس - ئێرانە و پشتیوانیی نێودەوڵەتی وەخۆ ناگرێ و، لە لایەکی ترەوە لەگەڵ بەرپەرچدانەوەی توندی داگیرکەر ڕووبەڕوو دەبێتەوە، کەوابوو مەسڵەحەت و هەلومەرجی داسەپاو وا دەخوازێ باسی چارەسەری لە چوارچێوەی ئێراندا بکرێ. دەیان ساڵ تاقیکاری پێمان دەڵێ کە فارس و تورک و عەرەب، چ ئەوانەی لە دەسەڵات و چ ئەوانەی لە ڕیزی ئۆپۆزیسیۆندان، بوونی خۆیان لە نەبوونی ئێمەدا دەبیننەوە. بە واتایەکی تر چونکە ئامادە نین بە هیچ جۆرێک دەستبەرداری خاک و

سەرچاوەکانی مادی و بەرهەمهێنانی وڵاتی کوردان بن، بە هەموو توانایانەوە و لە ڕێگای زمانی، کولتووری و جەستەییەوە هەوڵی ون کردن و لە نێوەرۆک بەتاڵکردنی ئایدێنتیتەی مرۆڤی کورد دەدەن. فارس بوون و هۆگری بە کولتووری فارس و بەرگری کردن لە تەواویەتی ئەرزیی ئێران خاڵی کۆکەرەوە و هاوبەشی هەموویانە، بۆیە کاتێک باسی هاوکاری و پێکهێنانی بەرە دێتە پێشێ، یەکەم مەرجیان پێبەندبوونی بەشداران بە تەواویەتی ئەرزیی ئێرانە. کە ئەمەش لە هەنگاوی یەکەمدا پێشێلکردنی ماف و ئازادییەکانە و دەرخەری ئەو ڕاستییەیە کە بەرامبەرەکەت ئەوەی بۆ خۆی بە ڕەوا دەبینێ، بۆ تۆی بە ڕەوا نابینێ. لە هەلومەرجی تایبەتیشدا، ئەگەر بۆ هێندێک داوا پاشەکشە بکا، لە کاتی دەسەڵاتی ڕەهادا، بە زۆرەملی و بە زەبری چەک وەچنگی دێنێتەوە.

بۆیە ئەوان دەزانن هەر هەنگاوێک یارمەتی بە ڕەوتی گەشەکردنی فەرهەنگ و ناسنامەی کوردی بدا، ڕووبەڕووی ئاستەنگی دەکەنەوە یان لە باشترین حاڵەتدا لە هەرکام لە بوارەکاندا، بە تایبەت لە بۆنە نەتەوەییەکاندا، ئەگەر بۆیان نەچێتە سەر پێشگیریی لێبکەن، بۆ خۆیان مودیریەتی دەکەن. بۆ ئەو مەبەستەش بە کەلکوەرگرتن لە ئیمکاناتی دەوڵەتی و دەیان ئەنستیتۆ و ناوەندی لێکۆڵینەوە و تۆڕی کۆمەڵایەتییان، بۆ بەلاڕێدابردنی مێژوو و ئاسەواری ناسنامەیی کوردستان دامەزراندوە و دەیان و سەدان جیرەخۆر و زڕەکوردیان لە ئامێزی خۆیان و بۆ مەبەستی دیاریکراو پەروەردە کردوە.

لایەنێکی دیکەی نەرێنی، ڕوانین و چاوەڕوانی و بە فیڕۆدانی وزە و تواناییەکان بەرامبەر بە هێزەکان یان تاکەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانە (ئەزموونی چل ساڵەی کۆماری ئیسلامی نیشانی داوە کە کۆماری ئیسلامیی ئێران ساڵەهایە لەنێو هەناوی خۆیدا ئۆپۆزیسیۆن بەرهەم دێنێ). ئەزموونی کۆمار و ئەو ماوە دوورودرێژە مێژووییەش، دەیسەلمێنێ کە لە ئاکامدا شێوەی ڕوانین و ئەندێشەی فارس - ئێرانی لەمەڕ کێشەی کوردەوە لە یەک سەرچاوە ئاو دەخواتەوە، ئەویش وەفادار بوون بە ناسیۆنال - شووێنیزمی پانئێرانیستی و ئیدئۆلۆژیی شیعەی ئەسناعەشەرییە.

کاڵکردنەوە یان خۆ لێنەدان لە باسی سەروەری و سەربەخۆیی سیاسی وەک مافی سروشتیی نەتەوەیەک کە لە یاسا نێونەتەوەییەکاندا، دانی پێدا هێنراوە و هەروەها بە جیهانی نەکردنی کێشەی کورد و نەبوونی لۆبیی بەهێز لە دەرەوە لە لایەک و لە لایەکی تر پەرتەوازەیی و ناکۆکی و کێبەرکێ و نەبوونی گوتاری سیاسیی هاوبەش لە نێو هێزە سیاسییەکانی کورددا (سەرەڕای بوونی خاڵی هاوبەش لە نێوانیاندا) و... لە وزە و پۆتانسییلی خەباتگێڕانی کوردی کەم کردۆتەوە و لە بری کۆکردنەوەی هێز و تواناکان، بۆتە هۆی لاوازی و سەرلێشێواوی.

ئێستاش کێشە نێوخۆیی و لاوەکییەکان بەرۆکی ئێمەیان بەرنەداوە، ئاسۆی ڕوانینمان لە چوار دیواری حیزبایەتیدا قەتیس

ماوەتەوە و بیرکردنەوە و دروستبوونی پرسیار بەلامانەوە نامۆیە. پێمان وایە حەقیقەتی ڕەها (کە لە ئەساسدا شتی وا هەر نییە) تەنیا بەلای ئێمەوەیە. هەموو لایەک باسی چەمکەکانی نەتەوە و نیشتمان، داگیرکاری و ڕزگاری، خۆسەری و فیدراڵی و سەربەخۆیی، دەکەین، کە گشتیان هەڵگری چەمکی ڕزگاری و ئازادین. بەڵام کەسمان بە کردەوە لە دەوری ئەو چەمک و بەها هاوبەشانەدا کۆ نابینەوە و زمانێکی هاوبەشمان بۆ نادۆزرێتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان کورد - ڕێکەوتی: ٥ی فێبریوێری ٢٠٢٠

# ڕێژیمی نەزانی و هەوڵدان بۆ بە زنجیرکێشانی پێتەختی کۆماری کوردستان



کەریم ئەڵاوەیسی

ماوەی چەند ساڵێکە بە هۆی ڕێژیمی دواکەوتووی کۆماری ئیسلامیی ئێران هەرچی زیاتر قفڵ و قەڕازە بەسەر مەهاباد، پێتەختی کۆمارە جوانەمەرگەکەی کوردستاندا دەکێشرێ .

ماوەی سێ ساڵێکە شارەکەم دەنگی لاوازە یان نییە، زۆر کەس زۆریان پێ سەیرە ئاخۆ بۆچی وایە؟!

مەهاباد لە سەد ساڵی دواییدا بە تایبەت لە ٧٥ ساڵەکەی تەمەنی کۆمەڵەی ژێکاف (ژیانەوەی کورد) و حیزبی مۆدێرنی کوردی، حیزبی دێموکراتی کوردستان حەشری بە دوژمنانی کورد کردوە .

پێویستە دەست بخەینە سەر چەند خاڵێک: دامەزرانی کۆمەڵەی ژێکاف کۆمەڵەیەکی نیشتیمانی و پڕ لە هەستی کوردایەتی کە ٣ ساڵ تەمەنی هەبوو. ئەم جار لەسەر ئەو بناغەیە حیزبی خۆشەویستی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، حیزبی دێموکراتی کوردستان دامەزرا کە پێتەختی کۆماری پڕ لە شانازیی کوردستان؛ مەهاباد بوو.

کۆماری پڕ سەروەریی کورد تەنیا ١١ مانگی خایاند بەڵام، هەتا کورد هەبێ گەورەیی و شانازییەکانی لە بیر ناکا.

مامۆستایەکی ڕۆژئاوای کوردستان گوتی هەزاران کەس ناوی کچی خۆیان ناوە مەهاباد لەبەر گەورەیی ئەو پێتەختەی کورد و شانازییەکانی ئەم شارە. کۆمار نەماوە، بەڵام خەباتی نهێنی و ئاشکرا بۆ درێژەدانی ڕێگا و ڕێبازی کۆمار و دێموکرات بە شێوەی جۆراوجۆر هەتا ئێستاش هەر هەیە و درێژە دەدرێ. لەساڵەکانی ١٣٣٨ەوە گرتنی ئازادیخوازانی دێموکرات بە گشتی و مەهاباد بە تایبەتی بە شێوەیەکی چڕوپڕ و زۆر دەستی پێ کردوە، سەدان کەس کەوتنە زیندانەکان، دەبێ بگوترێ کورد بۆ گیران و ئەشکەنجە و ئازار زۆربەی کاتەکان لە ئێران لە ڕیزی سەرەوە بووە و پشکی شێری زیندانەکانی لە سەردەمی دوو ڕێژیمی پاشایەتی و ئیسلامیی ئێراندا وەبەر کەوتوە .

قارەمانەکانی وەک عەزیز یۆسفی و غەنی بلووریان و سەدانی دیکە گیراوانی ئەم سەردەمە و دواتریش پەروەردەی ئەم شارەن، ئەم جار بۆ جووڵانەوەی ٤٧-٤٦ دیسان مەهاباد سەرتۆپە. بە هەڵاتنی شای خائین دیسان مەهاباد دەبێتەوە ناوەندی سیاسەت و ناوەندی ڕێبەریی دێموکرات هەر ئەو شارە دەبێ کە چەند هەزار ئازادیخوازی دیکەش بە حیزبە سیاسییەکانی ئێرانەوە بارگە و بنکەیان لەو شارە دەخەن و کوردستان دەبێتە سەنگەری ئازادیی ئێران!

شای خائین سەرۆککۆماری زۆر خۆشەویستی کوردستان، پێشەوا قازی محەممەدی وێڕای هاوڕێیانی لە ١٠ی خاکەلێوەی ١٣٢٦ لەسێدارە دەدا. بە خەیاڵی خۆی سزای ڕێبەرانی کوردی داوە، لە کتێبێکی مێژوویيدا هاتوە شای ئێران جارێک دێتە مەهاباد و شەو بە شوێنێکدا بە ماشین دەڕۆن لە گەڕانەوەدا دەبینن کە دارێک هەڵاوەسراوە و تەنافێکی پێدا شۆڕ بۆتەوە و وەک سێدارە بۆ هەڵاوەسینی کەسێک، شا بە هاوڕێیانی دەڵێ ببینن، ئەوە خەڵکی ئەم شارە مەبەستیان لە سێدارەدانی پێشەوایە بۆ دیتنی ئێمە ئەوەیان هەڵاوەسیوە.

ڕێژیمی شا پاش جووڵانەوەی ٤٧-٤٦ دیسان ئەو هەڵەی دووپات کردەوە و زۆربەی شەهیدانی ئەم جووڵانەوەی لە شارەکانی ناوەندی کوردستان بە تایبەت لە مەهاباد هەڵاوەسی، بەڵام نەیوێرا تەرمی کاک سولەیمان موعینی (کاک فایەق) هەڵاوەسێ و پێیان گوتبوو ئەگەر ئەو کارە بکا زەرەر دەکا!

چ لە کاتی ڕێژیمی پاشایەتی و بەتایبەتی لە ٤٠ ساڵەی ڕێژیمی نگریسی کۆماری سێدارە قەت نەیانهێشتوە تەنانەت خەڵک بە پارەی خۆیشیان سەرمایەگوزاریی گەورە بکەن وەک تۆڵە کردنەوە لە ئەوان و ئیزن نەدرێ ئەو شارە ئاوەدانی و پێشکەوتنی زۆر بە خۆیەوە ببینێ !

مامۆستا حەسەنزادە دەڵێ: "لەسەر میوانداری و کوردپەروەریی ئەو شارە ئەوەندە دەڵێم لە ڕۆژی ئاشکرابوونی خەباتی

حیزبی دێموکرات لە ئیستادیۆمی مەهاباد - کە دەڵێن ١٠٠ هەزار کەس بەشدار بوو زۆر زیاتر و پێم وایە هەتا ١٣٠ هەزاریش دەبوو - چونکە هەم لە قەراغی مەیدان و لە شەقامی دەرەوەی مەیدان بە هەزاران کەس ڕاوەستابوون وگوێیان لە پەیامەکانی حیزب دەگرت و لە ماوەی ١٥ خولەکدا هەموو میوانەکانی شارەکانی کوردستان کە لە ماکۆوە هەتا ئیلام هاتبوون دابەش کران، ٦ کەسێک مابوو کە دوو بنەماڵەی مەهابادی کێشەیان بوو و هەر کامیان دەیانویست هەموویان بەرنەوە ماڵە خۆیان و میوانەکانیش دەیانویست بەیەکەوە بن و من گوتم کاکە دابەشی بکەن و بە تەلەفوون بەیەکەوە لە پێوەندییدا بن."

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی مەهاباد و خەڵکی مەهاباد و نیشتمانپەروەریی ئەو شارە دەزانێ و بە قەولی زۆر کەس ڕێژیم وەک سەری مارەکە حیسابی بۆ دەکا، ئەگەر لە ماوەی ٤٠ ساڵ نەیتوانیوە کاریگەریی زۆر لەسەر ئەو شارە دابنێ ئەو زەخت و فشارەی هەتا هاتوە زیاتر کردوە. بۆ زۆر ساڵ خۆپیشاندان و مانگرتن لە ساڵرۆژی تێرۆری دوکتور قاسملوو بەرێوە دەچوو و زۆر بۆنەی دیکە وەک شەهیدکرانی شوانە، بە سەرۆککۆمار بوونی مام جەلال و... مەهاباد پێشڕەو بووە و خۆی دەستی پێدەکرد و دوایە هەموو شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی دەگرتەوە.

لە شەڕی سێ مانگەدا کاک هەژاری جاویدفەڕ و کاک کەماڵ دەباغی و کاک عومەر قازی بە شار ڕادەگەیشتن و دەیان شەڕ لە مەهاباد ڕووی دا، لەگەڵ شانازی بۆ هەموو پێشمەرگەکانی کوردستان و سەری نەوازشدانانم بۆ هەموو شەهیدەکانیان ئەوە مەهاباد بوو کە بە شکاندنی دەیان تانک و ماشینی جەنگیی ڕێژیم وەک ئیستالینگرادی یەکیەتیی سۆڤیەتی لێ هاتبوو. زۆر هێلیکۆپتێری لە شاروێران و جارێک لە مەنگوڕانی مەهاباد کەوتوە و بە کەوتنی ئەو هێلیکۆپتێرانە و شکانی دەیان تانک، بردنەوەی زۆر ماشینی کۆمپرێسیی پڕ لە لاشە و کەلاکەکانی بەکرێگیراوانی بوو کە ڕێژیم ناوی شەڕی شاروێرانی نا کەربەلای دارەلەک.

حیزبی دێموکراتی کوردستان نزیک بە ٦٠٠٠ هەزار شەهیدی پێشمەرگەی هەیە کە نزیک بە نیوەی هی ئەم شارە و گوندەکانیەتی، ئەگەر مەهاباد ئەمڕۆ بەو ناسیاوییەی ڕێژیم لەسەر نەتەوەیی بوونی خەڵکەکەی، زووتر پڕ دەکرێ لە بەکرێگراوان و زۆر بە توندی ئەمنیەتی دەکرێ و جار و بار تەواو ڕێگای خۆپیشاندانیان لێ دەگیرێ، ئەوە مەهابادییەکان شانازی دەکەن بەوەی سنە، مەریوان، سەقز، بانە و جوانڕۆ و زۆربەی شارەکان دەبنە ناوەندی بەهێزی بەربەرەکانی لەگەڵ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران.

بەشداری کۆنگرەی ٥ی حیزبی دێموکرات بووم و شاهیدم کە لە کۆنگرەی ٥ و هەروەها لە کۆنگرەی ٤ی حیزبیش زیاتر لە

نیوەی ئەندامانی ڕێبەرایەتیی خەڵکی ئەم شارە بوون کە هەوڵی بە زنجیرکێشانی دەکرێ و وەک لە سەرەوە باس کرا و بۆ شەهید دانیش ئەم شارە پشکی شێری وەبەر کەوتوە.

ڕێژیم لە گۆڕستانی شەهیدان و لە کێلەکانی شاعیران و نیشتمانپەروەرانی کورد و پێشەوا قازی و هاوڕێیانی زراوی چووە و زۆر جار کێلیان شکێنراوە، یان هەوڵ دراوە بە بەهانەی جوانکردنی گۆڕستانی بداغ سوڵتان لە ڕێگای شۆڕای شار ڕوخساری کێلەکانی شاعیران و گەورە هونەرمەند و نووسەران بگۆڕن، بەڵام لەگەڵ گۆڕین نەیانوێراوە تەواو بیشێوێنن.

بە هەزاران کەس لە شار و گوندەکانی چوار پارچەی کوردستان کە دێنە مەهاباد دەچنە سەر گۆڕی شەهیدان و کۆچکردووەکان و وێنەی یادگاری دەگرن.

مامۆستا هەژار موکریانی دەڵێ:

ئەی مەهاباد گوڵی سەرتۆپی زەوی
زیاتر لە هەر شۆخی وەبەر دڵ دەکەوی
لە چ جێ ناوی مەهاباد بێنی
بۆ هەموو چاوان بەرز دەنوێنی

لە لایەکی دیکە مامۆستا هەژار ئارەزوو دەکا کە مرد لە مەهاباد بنێژرێ:

سەرخرێ زۆرتری هەموویان بەشی تۆم
کۆرپەیەکی خرکەڵە باوشی تۆم

هێمن موکریانی پاش نەمانی کۆماری کوردستان لە شێعری شەو و شەیتان زۆر بە سۆز و حەسرەتەوە باسی مەهاباد و کۆمار و خەڵکی ئەم شارە دەکا!

حوسێن عەلی بە دەنگە ناسکەکەی دەڵێ:

ئەم جار دەچمە شاری مەهاباد
ئەو دارەی قازی و سەیفیان پێدا کرد
جەمهوورییەکی کوردیان پێ لابرد

عەدنان کەریم زۆر بە سۆزەوە گۆرانی بەسەر مەهابادا هەڵدەڵێ:

مەهاباد شاری شێعر و گۆرانی

مەلا غەفوور دەباغی (حافز مەهابادی) لە شێعرێکیدا دەڵێ:

کانگەی شەرەف و غیرەت و ویژدانە مەهاباد
چاوگەی کەرەم و هیممەتی مەردانە مەهاباد
جێی حورمەت و ڕێـزگرتنی میوانــە مەهاباد
بووژێنەرەوەی ڕووت و هــەژارانــە مەهاباد
ئامادەی خــزمەت بە غەریبــانــــە مەهاباد

مامۆستا خالید حیسامی (هێدی):

شارەکەم بەندی دڵم، ئەی باغی من
ڕەوڕەوی ســـاوایەتیم، سابڵاغی من
دڵ بە هیـــوات لێدەدا، لانـکـی دڵی
تۆ لە وەرزی یاریی منــدا، سەرجڵی

لە کۆتاییدا دەڵێم ڕێـژیم خەیـاڵی خـاوە و بە هەڵە چووە، نـاتوانێ و سـەرکەوتوو نـابێ. شـاری خەبـات و قوربـانی دان و شێعر و گـۆرانی بە سـەدان هەنگـاوی گەورەی نیشـتمانیی شێلگیرانە درێـژە بە خەبـاتی سـەربەرزانەی خـۆی بـۆ ئـازادی و سەفەرازی کورد و کوردستان دەدا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان کورد - ڕێکەوتی: ١٨ی مای ٢٠٢٠

# کتێب و گۆڤار لە ژێر ڕووناکایی کۆماری کوردستاندا



ڕەسووڵ سوڵتانی

هیچ شتێک لە بۆشاییدا و لە هیچەوە دروست نابێ. هونەر و ئەدەبیاتیش وەکوو خوڵقێنراوی زەین و ئەقڵ و دەستی مرۆڤ، ڕەگ و پنج و بناوانیان لە زەینی داهێنەرەکەی و کۆمەڵ و کۆمەڵگەدایە و لەژێر کاریگەریی گۆڕانکارییەکانی دەوروبەری خۆیدا بیچم دەگرێ. بە تایبەتی گۆڕانکارییە گەورە و لەناکاوەکان هەر کامە و بە شێوەیەک کار دەکەنە سەر شێوەی بیرکردنەوە و تێڕوانین و جیهانبینی و دواجار بەرهەمەکان. وەک چۆن بزاڤی ڕێنسانس و شۆڕشی پیشەسازیی ئەورووپا جیهانیان هەم لە ناوەرۆک و هەم لە ڕواڵەتدا گۆڕی و تا ئێستاش ڕێنسانس وەکوو خاڵێکی گەورەی وەرسووڕانی مێژووی مرۆڤایەتی سەیر دەکرێ، کە ئیتر تێیدا جیهان لە دوو قۆناغی پێش ڕێنسانس (سەدە تاریکەکان) و جیهانی پاش ڕێنسانسدا باسی دەکرێ و هەر کام تایبەتمەندیی خۆیانیان هەیە.

شۆڕشی فەڕانسە، خاڵێکی دیکەی وەرچەرخانی مێژووی مرۆڤایەتییە، کە باڵی بەسەر هەموو هزر و بیرکردنەوە و تێڕوانینەکانی سەدەی نۆزدەیەمدا کێشا و بزووتنەوەی ڕیالیزم لە هەناوی ئەو گۆڕانکارییانەوە سەریان هەڵدا، کە بەرهەمی ئەو شۆڕشە مەزنە بوون.

یەکەم جەنگ و دووەم جەنگی جیهانییش، هەر کام بە شێوەیەک کاریگەریی خۆیان لە سەر بوارە جیاجیاکانی هزر و

ئەدەبیات و فەلسەفە و لقە جۆراوجۆرەکانی هونەر بەجێ هێشت. بەتایبەتی جەنگی یەکەمی جیهانی کە تێیدا کۆمەڵێک شاعیر و نووسەری گەورەش بوونە قوربانی و لە بەرەکانی جەنگدا کوژران وەکوو: گیۆم ئاپۆلینز و شارل پێگیو و ئالێن فۆرنیێ. لە کتێبێکدا بە ناوی "گوڵبژێرێک لە بەرهەمی ئەو نووسەرانەی لە شەڕدا کوژراون ١٩٢٤" ناو و دەستوخەتی پێنسەد شاعیر و نووسەر هاتوە. لە دوو ساڵی یەکەمی شەڕەکەدا ئەدەبیاتی هەموو ئورووپا ئیفلیج بوو (قوتابخانە ئەدەبییەکان، ڕەزا سەید حوسێنی. لاپەڕەی ٧٥١)

بەڵام هەر لە دڵ و هەناوی ئەو شەڕ و ماڵوێرانییەوە، بزووتنەوەی دادائیزم و سوررپیالیزم وەکوو یاخیبوونێک لە شەڕخوازان و جڵەوکێشانی شەڕ و خوێنڕشتن سەر هەڵدەدەن و بوارێکی دیکە بۆ هونەر و ئەدەبیات دەڕەخسێنن.

لە ئەدەبیاتی ئێرانی پاش هاتنی ئیسلامدا، قۆناغ بە قۆناغ گۆڕانکارییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان ڕەوت و ڕێچکەی ئەدەبیات دەگۆڕن، بۆ وێنە لەو سەردەمانەدا کە دەربار باوەشی بۆ شاعیرانی پەسنبێژ کردووەتەوە، دەبینین پەسن و پێداهەڵگوتن و قەسیدە برەو پەیدا دەکا و پاش هاتنی مەغۆلەکان کە دامودەزگای پەسنبێژی و شاباشی پەسنبێژان تێکەوە دەپێچرێ، غەزەل بەتایبەتی غەزەلی دڵداری و عاریفانە پەرە دەگرێ و ناودارترین شاعیرانی ئێران لەو قۆناغانەدا دەردەکەون. لە سەردەمی نوێیشدا بزاڤی مەشرووتەخوازی کە لەگەڵ هاتنەوەی کۆمەڵێک خوێندەوار لە فەرەنگەوە سەر هەڵدەدا. یەکێک لەو ڕووناکبیرانە فەتحەلیی ئاخوندزادە بوو. بە گشتی بزاڤی مەشرووتە لە ئێراندا خاڵێکی وەرسووڕانە کە ئیدی پاش مەشرووتە ئێمە لە ئێران جگە لە شیعر وردە وردە ژانرەکانی دیکەی ئەدەبیاتیش دەبینین و بەتایبەتی بزاڤی وەرگێڕان تین و گوڕێک دەگرێ.

### کوردستان

بزاڤی ڕووناکبیری و ئەدەبیی کورد لەبەر بێدەوڵەتی کەمتر کەوتووەتە بەر شەپۆلی گۆڕانکارییە جیهانییەکان و بزاڤی ئەدەبیی کورد زیاتر لە حوجرەکاندا بووە و نەبووەتە شەپۆلێکی گەورە و گشتگیر، بەتایبەتیتر کە پاش دووەم جەنگی جیهانی و هاتنە سەرکاری ڕەزاخان لە ئێران و ئەتاتۆرک لە تورکیا، لەو دوو بەشە گەورەی کوردستاندا زمانی کوردی نەک پەراوێز بخرێت، بگرە قەدەغە و بڤە دەکرێت، ئیتر خوێندەواری کورد ئەگەر دەفتەرێکی شیعری هەبوایە یان وەدەستی کەوتبایە دەبوو لە حەوت کوندا بیشارێتەوە و نەبێتە بەڵای سەر و گیانی.

هەژار لە چێشتی مجێوردا دەگێڕێتەوە و دەڵێ: "ئەو ڕۆژگارەی لە وشتەپە فەقێ بووم، ڕۆژێک کاکە ڕەحمانی حاجی بایزاغا

هاتە حوجرە، تەرجیع بەندێکی لە شێعری کوردی و کوردایەتی خوێندەوە کە زۆرم لەلا خۆش هات. زۆرم حەول دا کە بیڵێ و بینووسمەوە، گوتی خاوەنیان کە خاڵەمینە، سوێندی داوم وا نەکەم وەدەست کەس کەوێ."

سەرەڕای ئەو هەمووە زەبروزەنگەش، لە حوجرە و خانەقاکاندا مەلا و فەقێی نیشتمانپەروەر و خاوەن هەست و ئیحساس هەر نەیانهێشتوە پەنگری ئەو کوانووە خۆڵەمێشی لەسەر بنیشێ و سارد بێتەوە. بۆ وێنە فەوزی، ئەو مەلا نیشتمانپەروەرەی لە خانەقای شێخی بورهان بووە و هەژار دەڵێ، زۆر عالم، زۆر کورد، شاعیر، ئیتر وەک ئاردی بەهار بۆ هەموو شت دەبوو. نسحەت و ڕێ شاندانی ئەو، بیری کوردایەتیی خستە مێشکی زۆر لاوانی ئاشنای. دنەدانی ئەو هێمنی کردە شاعیر (چێشتی مجێور. ٣٥)

هێمن لە پێشەکییە بەنرخەکەی تاریک و ڕووندا "لە کوێوە بۆ کوێ" ئەو قسەیەی هەژار ئاوا پشتڕاست دەکاتەوە و دەڵێ: "دەبێ بڵێم من دەسکردی فەوزیم. ئەو هەڵی وەشاندمەوە و تێکی هەڵشێلام و سەر لە نوێ دروستی کردمەوە. ئەو دەرکی زانین و فێربوونی بۆ کردمەوە. ئەو ڕێگای ژیانی پێ نیشان دام. بێگومان ئەگەر نەچووبامە خزمەت فەوزی و لە کن ئەو مامۆستایەم نەخوێندبا، ڕێبازی ژیانم ئەو ڕێبازە نەدەبوو کە گرتم و پێیدا ڕۆیشتم و ئێستاش بەرم نەداوە. ئەو تێی گەیاندم من ڕۆڵەی کوردم و کوردیش نەتەوەیەکی بێبەش و چارەڕەش و زۆرلێکراوە و دەبێ ڕۆڵەکانی لە پێناوی ڕزگارکردنیدا فیداکاری بکەن و لەخۆبوردوویی نیشان بدەن. ئەو فێری کردم زەوقی ئەدەبیم تیف تیفە بدەم و مشتوماڵی بکەم. ئەو فێری کردم وڵاتەکەمم خۆش بوێ و پێی هەڵبڵێم. ئەو حاڵیی کردم کوردی زمانێکی ڕەوان و بەربڵاو و دەوڵەمەندە و دەکرێ ئەدەبێکی گەورە و دنیاپەسندی هەبێ (تاریک و ڕوون. ١٩).

(کۆمەڵەی ژ کاف)

ساڵی ١٣٢٠ی هەتاوی لە ئاکامی داگیرکرانی ئێران لە لایەن لەشکری سۆڤییەت و ئەمریکا و ئینگلیزەوە ناوچەی موکریان بەتایبەتی شاری مەهاباد کە هیچ کام لەو هێزانەی لێ نەبوون و دەسەڵاتی شاهەنشاهییش سێبەری لەسەر ناوچەکە نەمابوو و جگە لەوەش موکریان دەورێکی کاریگەر و بەرچاوی لە بزاڤی ڕووناکبیری و سیاسی و بیری نەتەوەیی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا هەبووە، هەموو ئەو هۆکارانە دەستیان دابووە دەستی یەک و بارێکی لەباریان ڕەخساند بۆ ئەوەی کۆمەڵێک ڕووناکبیری نەتەوەیی و نیشتمانپەروەری کورد لە مەهاباد کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد واتە ژێکاف دامەزرێنن. ئەو کۆمەڵەیە، خاڵێکی وەرچەرخان بوو لە بزووتنەوەی نەتەوەیی و هەڵوێستی سیاسیی ڕووناکبیرانی کورددا، بەتایبەتی لەوەدا کە بۆ یەکەم جار جڵەوی جووڵانەوەکە بە دەست سەرۆک عەشیرەت و شێخ و دەرەبەگەوە نەبوو، جگە لەوەش تێکۆشان و هەوڵی

بزووتنەوەکە لە پێناوی ئامانجی بەرزی نەتەوەییدا بوو. ئەو کۆمەڵەیە لە یەکەم کۆبوونەوە یان کۆنگرەی خۆیدا کە بڕیاری دا بیروباوەڕی خۆی لە گۆڤارێکدا بڵاو بکاتەوە و بۆ ئەوەش دەست کرا بە بڵاوکردنەوەی گۆڤاری نیشتمان. دەرکردنی گۆڤار و هەستکردن بەو زەروورەتەش یەکێکی دیکە لە بەرچاوڕوونییەکانی کۆمەڵەی ژێکاف بووە.

دیارە کۆمەڵەی ژێکاف تەنیا گۆڤاری نیشتمانی دەرنەکردوە و خەریکی کاروباری فەرهەنگی و ڕووناکبیریی دیکەش بووە. هێمن لە پێشەکیی تاریک و ڕووندا دەڵێ: کۆمەڵە لە پێشدا کتێبێکی بچووکی شێعری بڵاو کردەوە بە ناوی دیاریی کۆمەڵەی "ژ. ک' کە شێعرە نیشتمانییەکانی حاجی قادر و مەلای گەورەی کۆیە و هەژار و شێخ ئەحمەدی حیسامیی تێدا چاپ کرابوون و دەسبەجێ تەواو بوو.... یەکەم شێعری من لە ژمارە دووی نیشتماندا بە ناوی م.ش. هێمن بڵاو کرایەوە."

جگە لەوە، تیاتری دایکی نیشتمان، هەنگاوێکی دیکەی ڕووناکبیرانە و مۆدێرنی کۆمەڵەی ژێکاف بووە و وەک هێمن دەڵێ گەورەترین تەبلیغاتی بۆ کۆمەڵە کرد و کەم کەس هەبوو نەچووبێ و هەر کەسیش چووبا دەگریا و هەستی کوردایەتیی دەبزووت.

هەنگاوێکی دیکەی کۆمەڵە، کڕینی چاپخانە بووە. دامەزرێنەر و بەڕێوەبەرە ڕووناکبیرەکانی ژێکاف هەستیان بە گرینگیی چاپخانە و کتێب و بڵاڤۆک و کاریگەریی ئەوانە لەسەر خوێندەواری و ئاستی زانین و چاوکراوەیی خەڵک کردوە، هەر بۆیە بە داهاتی شانۆی دایکی نیشتمان چاپخانەیەک دەکڕن.

## دامەزرانی حیزبی دێموکرات و دامەزراندنی کۆماری کوردستان

دامەزرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە زۆر لایەن و ڕەهەندەوە ڕووداوێکی گرینگی مێژووی سیاسی و ڕووناکبیریی کورد و خاڵێکی گرینگی وەرچەرخانی ئەو مێژووەیە. ئێمە لەم باسەدا ناچینە سەر لایەنە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی و تەنیا ئاوڕ لە لایەنی فەرهەنگی و ڕووناکبیری و هەنگاوە کردەییەکانی ئەو حیزبە دەدەینەوە، کە ئەو هەنگاوانە نەک تا ئێستاش گرینگیی خۆیان هەر ماوە، بگرە ئەوەندە بنەمایی و ورد و ڕووناکبیرانەن، کە شیاوی ئەوەن هەموو نیشتمانپەروەرێک شانازییان پێوە بکا. کە سەرنج بدەینە بەندی دووەمی بەرنامەی حیزبی دێموکراتی کوردستان، دەبینین دامەزرێنەرانی حیزب، چەندە بەمشوور و وردبینانە ئاوڕیان لە گرینگترین ناسنامە و پرسی نەتەوەکەیان واتە زمانەکەی داوەتەوە و داوا دەکرێ زمانی کوردی وەک زمانێکی فەرمی بناسرێ و دەڵێ:

. نەتەوەی کورد مافی خوێندنی بە زمانی زگماکیی خۆی هەبێ و تەواوی کاروباری ئیدارەکان بەهۆی زمانی کوردی بەڕێوە بچێ.

چونکە زمان هزر و جوغرافیا و کولتوور و مێژووی لەخۆیدا هەڵگرتوە. کە ئێمە دەچینە وڵاتێک و پێمان دەڵێن زمانت چییە و دەڵێین کوردی، تەواو لەو وشەی "کوردییە"دا کە زمانەکەمانە، جوغرافیا و کولتوور و مێژووەکەمان ڕەنگ دەداتەوە واتە من مێژوویەکم هەیە کە تێیدا بەو زمانە قسەم کردوە و جوغرافیایەکم هەیە کە تێیدا بەو زمانە قسە دەکەم و کولتوورێکم هەیە کە ئەم زمانەی بەرهەم هێناوە و ئەم زمانەش ئەوی بەرهەم هێناوەتەوە. بەڵام سەرلەبەری ئەو شتانە بەبێ ئەم زمانە دەچنە نێو هەناوی نەبوونەوە، لەبەر ئەوەی ئێمە هەموو ئەو شتانە بە زمانەکەمان پێناسە دەکەینەوە و دایاندەڕێژینەوە. تۆ بڕوانە، لەو چل میلیۆن کوردە، ئەگەر ملیۆنێکی یەکسەر واز لە زمانەکەی بێنێ و بە زمانێکی دی قسە بکا، تۆ دەتوانی پێیان بڵێیتەوە کورد؟ نەخێر. نموونەی گەلانی دیکەش زۆرن. ئەو عیبری و قیبتیانەی بوونە موسوڵمان و زمانەکەی خۆیانیان بەلاوە نا و بە زمانی عەرەبی دەدوێن، ئیتر هەم خۆیان بوونەتە بەشێک لە نەتەوەی عەرەب و هەمیش نیشتمانەکەیان بووەتە بەشێک لە نیشتمانی عەرەبی. میسر و فەلستین نموونەیەکی بەرچاون.

پاش ئەوەی حیزبی دیموکراتی کوردستان، کۆماری کوردستان دادەمەزرێنێ و پێشەوا قازی محەممەدی سەرۆکی حیزبی دێموکرات دەبێتە سەرکۆماری کوردستان، ئێمە دەبینین کۆماری کوردستان و حیزبە دامەزرێنەرەکەی هەموو توانا و هەوڵی خۆیان دەخەنە گەڕ بۆ قەرەبووکردنەوەی دواکەوتوویی فەرهەنگی و پەرەپێدانی خوێندەواری و گرینگیدان بە لایەنە ڕووناکبیری و فەرهەنگییەکان و دامەزراندنی چاپخانە و دەرکردنی ڕۆژنامە و گۆڤار و چاپی کتێب بە زمانی کوردی.

## چاپکراو و بڵاڤۆکی کۆماری کوردستان

کۆماری کوردستان کە دادەمەزرێ، زۆرینەی خەڵکی کەوشەنی ژێر دەسەڵاتی کۆماری کوردستان نەخوێندەوار بوون، بەڵام بەو حاڵەشەوە وەک مامۆستا هێمن باسی دەکا، گۆڤاری نیشتمان کە چاپ دەبوو، دانەیەکیشی لێ نەدەماوە و هەمووی دەفرۆشرا و لە دوورترین شوێنەکانەوە خەڵک دەهاتن بۆ سەیری شانۆی دایکی نیشتمان. لەو کەشوهەوا و بارودۆخەدا دامەزرێنەرانی حیزبی دێموکرات و بەڕێوەبەرانی کۆماری کوردستان و لە سەرووی هەمووشیانەوە پێشەوا قازی محەممەد ئەو بۆشایی و کەموکوڕییانە دەبینن کە کورد لە بواری خوێندەواری و ڕووناکبیریدا هەیەتی، هەر بۆیە شێلگیرانە هەوڵ دەدەن کەلێنەکان پڕ بکرێنەوە و پێویستییەکان دابین بکرێن.

چاپکردنی کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامە و دانـانی ڕادیـو و کـردنەوەی فـوتابخـانە، بەشێکن لە هەوڵە هەرە گرینگەکـانی کۆمـاری کوردستـان.

حامیـد گەوهەری لە کتێبـی "کۆمـاری کوردسـتان"دا دەنووسـێ: لە ئاکـامی هەوڵەکـانی ژێکـاف و بە دوای ئەویشـدا حیزبـی دیموکراتی کوردستان بۆ دامەزراندنی چاپخانە و دەرکردنی بڵاڤۆکی کوردی، دەوڵەتی سۆڤیەتی دوو چاپخـانەی بە کوردستان فرۆشت. یەکەمیان بە ناوی چاپخانەی کوردستان لە مەهابـاد دامەزرانـد و ئەوی دیکەیـان لە بۆکـان دانـا و لەو سۆنگەیەوە، بواری فەرهەنگی لە موکریاندا گەشەی پێ درا.

**هەر لە درێژەی ئەو باسەدا ناوبراو دەنووسێ:**

پێش دامەزراندنی چاپخانەی کوردستان، ژێکاف گۆڤاری نیشتمان و دیاریی کۆمەڵ بۆ لاوان و ڕۆژژمێـری کـوردی و ژمـارەیەک گۆڤاری ئاواتی لە چاپخانەی یەکێک لە ڕووناکبیرانی هەرمەنی لە تەورێز چاپ و بڵاوی کردبوونەوە.

لەگەڵ دامەزرانـدنی چاپخـانەدا چاپەمەنییەکـان بە خێرایـی بـڵاو دەبـنەوە و خەڵـک پێشـوازییەکی گەرمیـان لـێ دەکەن. لە مەهاباد ڕۆژنـامەی کوردسـتان و گۆڤـاری کوردسـتان چـاپ و بـڵاو دەبـنەوە. لە بۆکـانی گۆڤـاری هەڵاڵە و گروگـاڵی منـداڵان و هاواری کورد چاپ کران. یەکێک لە بەرهەمەکـانی چاپخـانەی بۆکـان بڵاوکـردنەوەی مێـژووی بنەمـاڵەی شێخانی نەقشبەندی بوو (گەوهەری. کۆماری کوردستان. لاپەڕەی ١٥٠).

حیزبی دێموکراتی کوردستان یەکەم ژمارەی گۆڤاری کوردستانی بە ناوی ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە سەرماوەزی ساڵی ١٣٢٤دا چاپ و بڵاو کردەوە. یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەی کوردستان لە ڕۆژی ٢٠ی ١٠ی ١٣٢٤دا بڵاو دەبێتەوە.

هەم ڕۆژنـامەی کوردسـتان و هەم گۆڤـاری کوردسـتان، تـا هەرەسـی کۆمـاریش بەردەوام و بە ڕێکـوپێکی بـڵاو بـوونەتەوە، کە لەسەر یەک ٩ ژمارەی گۆڤاری کوردستان و ١١٤ ژمارەی ڕۆژنامەی کوردستان بڵاو کراونەتەوە.

حیزبی دێموکراتی کوردستان پاش بڵاوکردنەوەی گۆڤار و ڕۆژنـامەی کوردستان، گۆڤـارێکی ئەدەبـی و سیاسـی و کـۆمەڵایەتییش بە نـاوی "هـاواری نیشـتمان" بـۆ لاوان بـڵاو دەکـاتەوە، کە یەکەمـین ژمـارەی لە نەورۆزی ١٣٢٥دا وەک بـڵاوکەرەوەی بیـری یەکیەتیی لاوانی دیموکرات بڵاو بۆوە و بەرپرس و بەڕێوەبەرەکەی "سەدیقی ئەنجیری ئازەر" بوو.

جگە لەوە لە چاپخانەی بۆکان، هاواری کورد و گڕوگاڵی منداڵانی کورد و هەڵاڵە بڵاو کرانەوە.

**ئەوەی کە هێمن دەڵێ:**

ژینی کورتم دی پڕاوپڕ بوو لە شانازی و شەرەف، ئەم شیعرە هەم پڕ بە باڵای پێشەوای شەهیدمان و هەم پڕ بە باڵای کۆمارە ساواکەمانە. ئاخر لەو تەمەنە کورتەدا ئەو هەمووە کارە بەنرخە، تەنیا یەک مانای هەیە، ئەویش دڵسۆزیی لە ڕادەبەدەری بەڕێوەبەران و کاربەدەستانی کۆماری و هەوڵدانیان بۆ پێشخستنی نیشتمانەکەیان بۆ ئەوەی بیگەیەننە ئاستی وڵاتان و گەلانی پێگەیشتووی دنیا. لە ماوەی یازدە مانگدا، بەشێکی زۆر لە ئاواتەکانی خەڵکی کوردستان لە کردەوەکانی کۆماردا ڕەنگیان داوە و وەدی هاتن. دەسنیشانکردنی سروودی نەتەوەیی و دانانی ئاڵا و دروستکردنی سوپای نیشتمانی بە ناوی هێزی پێشمەرگە و هەڵبژاردنی ناوی پیرۆزی پێشمەرگە بۆ ئەندامانی سوپاکەی و چاپخانە و چاپکردن و بڵاوکردنەوەی گۆڤار و کتێب بە زمانی کوردی و کردنەوەی قوتابخانە و چاپی کتێبەکانی خوێندن و پەرەپێدانی زمانی کوردی و هەوڵدان بۆ نەهێشتنی نەخوێندەواری و دامەزراندنی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان، بەشێکی گرینگن لەو کارانەی دڵسۆزانی کورد لە کۆماری کوردستاندا قۆڵیان لێ هەڵماڵین و جێبەجێیان کردن. خۆی قەڵەمی نێوان دوو گوڵەکەنمەکە لە ئاڵای کۆماردا، نیشانەی بایەخدانی حیزبی دیموکرات و کۆماری کوردستان بوو بە فەرهەنگ و زانست. هەر ئەو کردەوە گرینگانەش بوون، ناوی پێشەوا و کۆمارەکەیان تا ئێستا بە نەمری هێشتووەتەوە و بوونەتە سەرباشقە و نموونە و پێشەنگی نەتەوەکەمان و دوژمنانی کورد بە هیچ چەکێک ناتوانن ئاواتی گەیشتن بە سەربەخۆیی و دامەزراندنەوەی کۆماری کوردستان لە دڵی میللەتەکەمان دەربێنن. ئەو چرایەی پێشەوا قازی و شەهیدانی ڕێگای ڕزگاری بۆیان داگیرساندووین، نە ڕەشەبای زوڵم و زۆرداری نەک ناکوژێتەوە، بگرە ئەو باهۆزە چەندی بەهێزتر بێ، ئەو چرایە گەشتر دایبسێ و ئەو ڕێگەیە ڕووناکتر دەکاتەوە.

**ئەو خوێنەی لەو زامە ڕۆیی**
**هەوێنە بۆ سەربەخۆیی**

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان کورد - ڕێکەوتی: ١٤ی ئاگۆستی ٢٠٢٠

# ئەدەبییاتی کۆمار



**عەلی فەتحی**

هەن و کەم نین ئەو نەتەوانەی بەرلە گەیشتن بە سەربەستی، جیا لە هێزی چەک، نووکی پێنووسی نوخبەکانیان خوڵقێنەری کیانی سەربەخۆ بووە لەنێو دڵ و زەینی مرۆڤەکاندا. ئۆمیرۆس، شاعیر و چیرۆکنووسی یۆنانی دەبوایە لە سەدەی نۆی پێش زایینیدا ئیلیاد و ئۆدیسە بنووسێ بۆوەی نەتەوەیەکی یەکدەست لە زەینی یونانییەکاندا بخوڵقێنێ و هەستی نەتەوەپەروەری لە ناخیاندا بورووژێنێ. مۆنتسکیۆی بیرمەندی فەڕانسەوی پێویست بوو لە سەردەمی ڕۆشنگەریی پێش شۆڕشی فەڕانسەدا بێتە مەیدان و هاواری دیمۆکراسیخوازی بکا و دژی حکوومەتە زۆردارەکان بوەستێتەوە و مەشرووتەکردنی دەسەڵاتی پاشاکان بکاتە پێشنیاز. ژان- ژاک ڕۆسۆ ئەرکی سەرشانی بووە چەشنی فەیلەسوف و نووسەر لە فەڕانسەی سەدەی هەژدەدا هەنگاو بنێتە پێشەوە و ئەندێشەکانی خۆی لە بواری سیاسی و ئەدەبییەوە کە توندتر لە خواستەکانی ڕۆسۆ بوونە بێنێتە نێو کۆمەڵانی خەڵک و ڕێگا بۆ شۆڕشی فەڕانسە خۆش بکا. ئەو پێیوابوو: "دەستبەرداربوونی مرۆڤ لە ئازادی، واتای ژێرپێنانی خوو و خدەی ئینسانی و مافی مرۆییە". دواتر دیتمان ڕەوتی پێشڤەچوونی ئاڵوگۆڕە فکرییەکان لە کۆمەڵگەی فەڕانسەدا چۆن ناپلیۆنی ئامادە کرد لە سەرەتای سەدەی نۆزدەدا سپای فەڕانسە دژی ئورووپییەکان دەرێ خا و سەروەرییەک بۆ فەڕانسەوییەکان بگەڕێنێتەوە. ئاخر ناسیۆنالیزمی مۆدێرن لە وڵاتی ئەودا لەدایک ببوو و ئەویش لەسەری بوو هەوڵی دەوڵەت نەتەوەیەکی خاوەن سنووری دیاریکراو و سەقامگیر بدا. ئەو ناپلیۆنە کێ بوو جیا لە سەربازێک کە دوایین ساڵانی خوێندنی لەژێر دەستی زانا و فەیلەسوفێکی وەکوو پێر سیمۆن لاپلاسدا تەواو کردبوو. ئەو زانایەی کەموزۆر وەکوو ڕۆسۆ بیری دەکردەوە، هەڵبەت نەختێ نەرمتر و مۆدێڕنتر و سازگار

لەگەڵ کەشی سەردەم. سەدەی نۆزدە وەکوو سەردەمی گەشەی فکریی دەوڵەت نەتەوە ناسراوە. چونکە لەو فەترە زەمەنیەدا، "جێفرسۆن" و "بین" ناسیۆنالیزمی ئامریکا بنیات دەنێن و لە ئینگلیس "جێرێمی بنتام" و "گلاوستۆن" دەبنە پێشڤەرەوڵی ئەو ڕەوتە فکرییە. لە ئیتالیا "گاریباڵدی" و "مازینی" گەورە تیئۆریسیەنەکانی ئەو قوتابخانەیە لەنێو خەڵکدا دەناسرێن. ویکتۆر هۆگۆی شاعیر و نووسەری فەڕانسەوی ئاڵای دژی ناعەداڵەتییەکان بەرز دەکاتەوە و بە نووسینی ڕۆمانی "بێئەنواکان" شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی- ئەدەبی ساز دەکا و لەولاتری فەڕانسەش، بیسمارکی ئاڵمانی وەخۆ دەکەوێ، هەڵبەت بە ئامانجی وەسەر یەکخستنەوەی ئاڵمانییەکان. ئەویش سەرەتا خۆی بە تیئۆرییەکانی ئینقلابی فەڕانسە تەیاردەکا و پاشان دەیانکا بە هەوێنی ڕاپەڕینێک بۆ بنیاتنانی نیشتمانێکی بەهێزی یەکپارچە بە یارمەتیی وەسەریەک خستنەوەی هەرێمە ئاڵمانییەکان. شەڕەکانی یەکگرتنەوەی ئیتالیا، یەکگرتنەوەی ئاڵمان، شەڕەکانی باڵکان بۆ سەربەخۆیی وڵاتانی هەڵکەوتوو لەو دەڤەرە و شەڕی یەکەمی جیهانی لە ڕاستیدا هەموویان بۆ ئەو مەبەستە بوون. کوردیش بە نۆرەی خۆی لە سەردەمێکدا هەستی بەو زەروورەتە کردووە کە ناسراوە بە "کوردایەتی" و کەسایەتیی خۆیشی هەبووە دەنگ هەڵبڕێ. ئەحمەدی خانی سەدەی حەڤدەی زایینی بە ئاشکرا لە "مەم و زین"دا کە ڕۆمانێکی دڵدارانەیە، هاوار دەکا:

"گەر دێ هەبوا مە ئیتیفاقەک
ڤێکرا بکرا مە ئینقیادەک

ڕوم و عەرەب و عەجەم تەمامی
هەمیا ژ مە را دکر غولامی

تەکمیل دکر مە دین و دەولەت
تحصیل دکر مە عیلم و حیکمەت"

ئەدەبیات لە ئورووپا تا کۆتاییەکانی سەدەی هەژدە پتر خاوەن سەبک و شێوازی ڕۆمانتیک و خەیاڵی بووە و بە واتایەک نووسین تەنیا بۆ خاتری نووسین کەڵکی لێوەرگیراوە. لە سەدەی نۆزدەدا ئەو ئەدەبیاتە ڕوخسار دەگۆڕێ و لە قالبی ئیدیالیستی و خەیاڵی خۆی دێتەدەر و ڕێبازێکی ڕێئاڵی و واقیعگەرایانە دەگرێتە بەر. قەڵەم دەکەوێتە خزمەت نووسینێکی ئامانجدار و ئەوجار جەوهەری ئازادیخوازی و سەربەستیی دەڕژێتە سەر لاپەڕەکانی کتێب. هەناوی وتار و شێعر و پەخشان و چیرۆک لەجیات ئەوەی بە بابەتی ئەفسانەیی و دڵدارانە پڕ بکرێتەوە، دەبێتە کانگایەک بۆ هەستکردن بە ئازار و چەوسانەوەی مرۆڤ. دۆزینەوەی چارەسەر بە مەبەستی دیاریکردنی چارەنووس و گرتنەبەری ڕێگای ڕاپەڕین و چۆنیەتیی خۆڕاگریش دەبێتە ئامانج.

لە سەدەی بیستدا کە ئەو هەستە بەهێزە ڕیئالییە دەگاتە لووتکە و زۆربەی گەلانی چەوساوە خۆیان ڕزگار دەکەن، بەتایبەت گەلانی بالکانی ژێردەستی عوسمانییەکان، کوردیش لە نیزیکەوە بە ڕەوتی ئەو ئالوگۆڕانە دەزانێ و وەخۆ دەکەوێ. هەر لەبەر ئەو گۆڕان و گەشە ئەدەبییە دەبینین بەر لە دامەزرانی کۆمار لە خۆرهەڵاتی کوردستان، ڕووناکبیران کورد چۆن چاوی واقعبینییان گەشتر لە پێشوو ڕاستییەکان دەبینێ و وەسفی ئازار و مەینەتیی گەلەکەیان دەکەن.

ئەگەر بە ئینسافەوە بدوێین، نوخبەی کورد لە کاروانی نووسین وەپاش نەکەوتووە و کێشەی سەرنەکەوتنی هەوڵەکان لە بێهەڵوێستیی ئەوان نەبووە و دەبێ لە گۆشەنیگایەکیترەوە سەیری شکستەکان بکرێ. لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان تا دەرفەتێک ڕەخساوە، لەجێوە کەڵکی لێوەرگیراوە. بۆ وێنە، ساڵی ١٩١٣ واتە بەرلە شەڕی یەکەمی جیهانی، ڕۆژنامەی کوردی لە شاری خۆیە بە هیممەتی عەبدولڕەزاق بەدرخان دەرچووە. ساڵی ١٩٢٢ واتە نۆ ساڵ دوای بەدرخان، ڕۆژنامەیتر بەناوی "کورد" وەک زمانحاڵی سمایلئاغای سمکۆ بە هەوڵ و تێکۆشانی مەلا موحەممەدی تورجانی لە چاپخانەی "غیرەت" لە شاری ورمێ چاپ و بڵاو بووەتەوە. بەداخەوە، دوای شۆڕشی سمکۆ لە ڕۆژهەڵات بێدەنگییەکی بیست ساڵە لەو مەڵبەندە جێ خۆش دەکا و ئەگەر نووسینێکیش لەئارادا بێ، ئەوە پتر هی باشووری کوردستانە، چونکە ئەوێ وەخۆ کەوتبوو. دوای ئەو ماوەیە و ڕاست لە وەختێکدا کە تەنیا یەکدوو ساڵ بەسەر شەڕی دووهەمی جیهانیدا تێپەڕیوە، ڕووناکبیرانی کورد لە خۆرهەڵاتی کوردستان دیسان دێنەوە مەیدان و هێزی نووسینیان وەبەر دێتەوە. ساڵی ١٩٤٣ یەکەم گۆڤار بە ناوی "نیشتمان" چاپ و بڵاو دەکەنەوە. جیاوازییەکی مەزن لەو جووڵە ئەدەبییەی ئەوجارەدا هەست پێ دەکرێ. ڕۆژنامەکە دەبێتە زمانحاڵی کۆمەڵەی ژێکاف و ئەوەش پێمان دەڵێ کە نوخبە و ڕووناکبیری کورد هەست بە پێویستبوونی ڕێکخراوێکی نیشتمانیی چالاک دەکا کە لەودا بە باوەڕەوە بتوانێ هەوڵ بۆ ڕزگاریی نەتەوەکەی بدا. ئەوەی لەو دەستپێکەدا سەرنجڕاکێشە، ڕەچاوکردنی سەبکێکی ئەدەبی ڕیئالیستی هاندەرە. "ئەدەبی بەرگری" پتر و پتر جێ خۆش دەکا و گەشە دەستێنێ. هەڵبەت ئەو شێوازە ئەدەبییە لە زۆر شوێنی دیکەش بەرلە کوردستان تاقی کرابۆوە و دەستکەوتی باشی لێکەوتبۆوە. تورکە نوێخوازەکان خۆیان دژی سیستەمی پاشایەتیی عوسمانی ئەو ڕێبازەیان گرتەبەر. یونانییەکان بە هەمان شێوە جووڵانەوە و ئەگەر سەیری ئەدەبیاتی ئەو سەردەمیان بکەین، تەنیا وێژەگەلی چەشنی "ئازادی"، "مافی چارەنووس"، "دارمانی فیئۆدالیزم"، "کۆتایی کۆیلەتی و ژێردەستەیی" و زۆر وێژەیتری لەو بابەتە دەبینین. دیارە با ئەوەش فەرامۆش نەکەین کە ئێمە باس لە دوای ١٩١٧ دەکەین و سیستەمی تێزاری لە ڕووسیە ڕووخاوە و شۆڕشی ئۆکتۆبر سەرکەوتووە و شنەبای ئازادی دەهەموو کەلێن و قوژبنێک گەڕاوە. وەک یانیس ڕیچۆس، شاعیری یونانی کە ئەو سەردەمە پارتیزان بووە و لە بەرەکانی ڕزگاریخوازیی یوناندا تێکۆشاوە، لە قەسیدەیەکدا سەبارەت بە بای ئازادی دەڵێ:

"گوێ بگرن لەو بایە،

لە دارستانەوە هەڵی کردووە
سەردەمێکە لە شارەکانی ئایندە تیژڕۆیە
بایەکی فرە بەشکۆیە
هیوابەخشە، سەرەڕۆیە
ئاخ.... چەندە زەنتۆڵە ئەو بایە!"
ئەو بایە هەموو دیوارەکان دەڕوخێنێ
بناخەی دیواری نێوان دڵ و گیانی مرۆڤەکان دەردێنێ و
شوورەی بەرزی نێوان من و تۆش دەڕمێنێ.
ئێستا خەریکە،
پەنجەرەی خۆر و ڕووناکی
بە ڕووی جیهانا وەسەرپشت بنێ،
بۆیە
گوێ بگرن لەگڤەی ئەو بایە
چوونکە هەڵی کردووە و ناوێستێ تا دەگاتە
سەرسنوورەکانی هەمووی ئەو دنیایە."

ئەگەر وەک دەستپێکی جووڵەیەکی کارا لەمەر خوڵقاندنی ئاڵوگۆڕ لە هەڵوێستە سیاسییەکاندا، سەیری گۆڤاری "نیشتمان" بکەین، دەبینین کە کاریگەریی زۆری لەسەر ڕەوتی گۆڕانکارییەکان داناوە، لە هەمان کاتدا شۆڕشێکی ئەدەبیشی دەست پێ کردووە. لەوێدا هەستی شۆڕش و ڕاپەڕین و بەرگری لە زمان هێمن، هێدی، سەید کامیل ئیمامی، خاڵە مین، حەقیقی، وردی، مەلا مارف کۆکەیی، عەتریی گلۆڵانی، فانی، محەممەد مەجدی، موفتی، زیوەر، گیوی موکریانی، قانع، هەژار و سەیفولقوزات و ژمارەیەک خاتوونی خامە ڕەنگین و تەنانەت منالانی کەم تەمەنیشەوە بەیان دەکرێ. ئەوە هەڵوێستی منالێکی چواردە پازدە سالانەیە کە لە "نیشتمان"ی ژمارە دوودا دەڵێ:

"تاکەی ئەی لاوەکانی کوردستان
وا بە دیلی ببین لە ژێر دەستان

ئێمە هەروا بنووین لە گوێی گادا

میللەتی دی هەموو لە خەو هەستان"

تەنانەت هەستی یەکسانیخوازی ئەوەندە بەرز دەبێتەوە کە جێی خۆی دەدا بە شایستەسالاری. لە ژمارەکانی ٧ و ٨ و ٩ی ئەو گۆڤارەدا چاومان بە وێنەی دوو کیژی پێشمەرگە دەکەوێ کە بەدڵنیاییەوە بۆ هاندانی کچان و ژنان بۆ نێو ڕیزەکانی شۆڕش لەژێری نووسراوە:

"کوانێ لە گیتیا وەکوو ئەو دوو کچە کوڕێک
بۆ نیشتمان لە داری سیاسەت نیشانە بێ

ئەو دوو نەمامە بوون بە فیدای نیشتمانی کورد
ئەی خۆزگە بەو کوڕەی وەکوو ئەو دوو کچانە بێ"

"نیشتمان" چاوی بەسەر هەڵسوکەوتی ئاغا و شێخەکانیشەوە بووە و خێروبێریان هەڵدەسەنگێنێ:
"قازانجی شێخەکانمان"
هەتا شێخی لە کوردستان بمێنێ
ئومێدی زیندەگانیت پێ نەمێنێ

کۆمەڵەی ژ.ک چاو دەگێڕێ و هەموو چین و توێژەکان دەبینێ. لە "نیشتمان"ی زمانحاڵی خۆیدا بە گوتەیەکی حاجی قادری کۆیی ئامۆژگاریی لاوەکان دەکا:

"تەنبەڵی کاری حیز و بێ خێرە
دەستی ماندو لەسەر زگی تێرە"

ئەو "نیشتمانە" هەر بەوەندە ناوەستێ و ئەگەر باس لە ساحێب قەڵەم و زانایەکی ڕۆژهەڵاتی بکا، دیسان باشووری نیشتمان دەکاتە سوێگە و لەوێ کەسایەتییەکی ئەدەبی بۆ هەڵسەنگاندن هەڵدەبژێرێ. لە وەسفی "حەسەن سەیفولقوزاتی" پیرەپیاوی نیشتمانپەروەری موکوریاندا دەڵێ، ئەگەر ناوی پیرەمێردی سولەیمانیەتان بیستووە، پیرەمێردی سابڵاغیش بناسن، چونکە ئەو پیرەمێردەی ئێمەش وەها دەدوێ:

"کوردینە تابەکەی ئێمە لە کێوان میسالی دێو
بێین و بچین و بۆمە نەبێ قەت خودان و خێو

هەر میللەتێ لە لاوە حەقی خۆی بەدەستەوە
کوردێک ئەگەر سەر هەڵێنێ دەڵێن بۆتە سەر بزێو

ئازادی، سەربەخۆیی و میریی و گەورەیی
داوا دەکەین بە زار و زمان و ددان و لێو"

لە بەردەوامیی ئەو ڕەوتەدا ڕۆژنامەکانی "هاواری کورد"، گۆڤاری "کوردستان"، "هەلاڵە"، "ئاوات"، "هاواری نیشتمان' و ڕۆژنامەی "کوردستان" بڵاو دەبنەوە. بابەت و نێوەرۆکی هەر هەمووی ئەو گۆڤارانە لەڕاستای "کوردایەتی"دا نووسراون و لە چوارچێوەی "ئەدەبی بەرگری"دا دەرەوشاونەوە. زۆرتر چەوسانەوە، بێدەوڵەتی و ژێردەستەیی نەتەوەی کورد لەواندا زەقکراوەتەوە و بەردەوامیش ڕێگاچارە پێشنیازکراوە و ڕاپەڕین و خۆڕاگری ڕەنگی داوەتەوە. لە بەشی هەرە زۆری وتار و شێعر و نووسراوەکاندا، گرینگی تایبەت بە هێما و ڕەمزە نەتەوەییەکان دراوە و ئالا و پێشەوا و پێشمەرگە پیرۆز کراون و دامودەزگای حکوومی و ئیدارییەکان ڕێزیان لێگیراوە و سوێند بە خاک و خوێنی شەهید دەخورێ و زەوی و ئاسمانی نیشتمانی کوردان ڕۆحی خۆشەویستییان پێدەبەخشرێ. ئەدەبییاتێکی پڕ لە ڕێز و حورمەت جێی خۆی دەکاتەوە، هاندەرە بۆ خۆبەختکردن لە پێناو نیشتماندا و بوێری لە بەرەی بەرخۆدان دەکاتە ئەخلاق و لە هەمان کاتدا ڕێزگرتن لە نەتەوەکانی دیکە دەبێتە ئەرک. مەبەستی تەواوی نووسەران ئەوە بووە کە چەند پێویستییەک بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی نەتەوەیی بۆ کوردی بێکیان حەوجەیە: وەکوو سەرکردەیەکی کاریزماتیکی بە وەرە و لێزان و خۆشەویستی خەڵک، سپایەکی نیشتمانی بەئەخلاق، زمانێکی یەکگرتوو و دەوڵەتێکی بەدەر لە گەندەڵی و ئالایەکی پیرۆز و سروودێکی پڕواتا و خاکێک کە شایانی ئەوە بێ ڕۆڵەکانی نیشتمان لەپێناویدا گیانی خۆی بۆ بەخت کەن. بەردەوامیش دەگوترێ شەڕ بۆ میللەتێکی خۆسەپێنی بێگانە مایەی نەفرەتە و خزمەتی بێگانە دژی وڵاتی خۆت خەیانەت. ئەوە نییە خاڵەمینی شاعیر بە دوو بەیتە شێعر لەجێوە بۆچوونی خۆی بە ئاشکرا دەردەبڕێ:

"دوو کەسن دەردی ئێمە دەرمان کەن
پیاوی زۆرزان و سواری دەس بە جڵەو"

یونس ڕەئوفی شاعیریش ناسراو بە "دڵدار" کە ساڵی ١٩٤٠ لە زیندان بووە شێعری "ئەی ڕەقیب"ی هۆنیوەتەوە و ئەویش

مەبەستی خۆی دەپێکێ، چونکە ئەو شێعرە دەبێتە سروودی نیشتمانیی کۆماری کوردستان:

"ئەی ڕەقیب هەر ماوە قەومی کورد زمان
نایشکێنێ دانەری تۆپی زەمان

کەس نەڵێ کورد مردووە، کورد زیندووە
زیندووە قەت نانەوێ ئاڵاکەمان"

کۆمەڵەی "ژێکاف" جێی خۆی بە "حیزبی دیمۆکراتی کوردستان" دەسپێرێ. پێشەوا قازی محەممەد دەبێتە سواری دەست بەجڵەو و وەکوو سەرکۆماری کوردستان جێی خۆی لەنێو دڵی هەزارانی کوردستاندا دەکاتەوە. ئاڵا هەڵدەدرێ و پەسندی شار و لادێی دەبێ و سوێندی پێدەخورێ. حکوومەتی کوردی دادەمەزرێ و خاوەن دامودەزگای ئیداری خۆی دەبێ و زمانی کوردی ڕەسمییەتی پێدەدرێ و میللەت چاوی هومێدی تێدەبڕێ. قوتابیان سروودی "ئەی ڕەقیب" دەکەنە جوانترین مۆسیقای بەرگری و پێشمەرگە خۆی بۆ فیدا دەکا. بەڕاست کام نووسەر و ئەدیب دەتوانی لە هەمبەر ئەو گشتە جوانی و پیرۆزییە خۆڕاگرێ و زمانی شێعر و پەخشانی وەگۆ نەیە!

هەر هەموو هۆگران بۆ پێشەوای کوردان دەنووسن و "قانع"یش لە هەڵبەستی "پێشەوای زانای کورد"دا ڕوحی وەبەر دەنێ:

"سەد شوکر وا من نەمردم تا کە دیم ئاڵای کورد
کەوتە بەرچاوم بە بەرزی سوڕەت و سیمای کورد

باز بوو، دوورابوو دیدەی نەرگسی شەهلای کورد
مژدە بێ ئەمڕۆ کە بەربوو چاوی پڕ بینایی کورد
هەر بژی ئاڵای کورد و پێشەوای زانای کورد"

بەدڵنیاییەوە "هەژار"یش جیهان تێدەگەیەنێ و هەستی خۆی بۆ ڕەئیس جەمهوری خۆشەویست دەردەبڕێ:

"هەموو تێگەیوەکان زۆر باش دەزانن
کە کورد ئازاتری خەڵکی جیهانن

ڕەئیس جەمهوری مەحبوب و عەزیزمان
جەنابی پێشەوای بەرز و بەڕێزمان
بە ڕوحم و عەقڵ و عەدل و نوکتەزانی
نییە بۆ ئەو لەسەر ئەم هەردە سانی"

خاتوونە نیشتمانپەروەرەکانیش شانبەشانی پیاوە ئەدیبەکان سۆزی خۆیان دەردەبڕن و وەک چۆن "سەدیقەی غەرقی" لە سەقزەوە دەڵێ:

"ئەی وەتەن قوربانی تۆ بێ رووحی شیرینی ئەمن
خاکی تۆ جێگەی ئومێد و باعسی ژینی ئەمن"

لە "کوردستان"ی ژمارە ٢٨یشدا خاتوونێک بە ناوی "خانمێ" شانازی بە دەستکەوتەکان دەکا:

"لە ترۆپکی کێوی بەخت و ئیقباڵی کوردەواری
ئەستێرەیەکی پڕ شۆق داوێتێ وا دیاری"

ڕووداوەکانی ڕۆژانە کاریگەریی خۆیان لەسەر هەست و سۆزی خەڵک بە گشتی و نووسەران بەتایبەتی داناوە. وەختێک "خەلیل خۆشەوی" پێشمەرگەی قارەمانی بارزانی شەهید دەبێ، "هێمن" ماتەم دایدەگرێ و بە پارچە هۆنراوەیەک لە دەفتەری شەهیدانی کۆماردا ناوی تۆماردەکا:

"گوڵ چ گوڵ هەموو تێر ئاو و بژوێن
گوڵ چ گوڵ هەمووی وەکوو پتی خوێن

دیتم نووسراوە لە پەلکێکی وی
بە خەتی خوێنیین نێوی (خۆشەوی)"

بۆ مەرگی فەرماندەی شەهید "موحەممەد نانەوازادە"ش بێخەم دانانیشێ و شینگێڕی بۆ دەکا:
"گەردوون ئاگرت بکەوێتە ماڵ

گڕ گڕ بسووتێ بێتە کۆی زوخاڵ

برژێ بەسەرتا کۆستی بێوادە

هەر وەکوو مەرگی نانەوازادە"

وەختێک وەکوو خوێنەرێک لاپەڕە نووسراوەکانی سەردەمی کۆماری کوردستان هەڵدەدەینەوە و دوای ٧٥ ساڵ لێیان ورد دەبینەوە، تووشی دیاردەیەکی نامۆش دەبین. ئەو سەردەم نوخبەکانی شار چالاکترین نەخشیان گێڕاوە بۆ گەشەی "کوردایەتی" لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئەدەبییاتی بەرگری دەگاتە لووتکە. مەخابن، وەختێک نیزیک بە ٤٠ ساڵ تێپەڕدەبێ و ئەزموونی ساڵەکانی ٤٦ - ٤٧ی هەتاویش دێتە سەر ئەو خەرمانە ئەدەبی و کردەییە، ڕاپەڕینێک بەمەبەستی ڕووخانی ڕژێمی پاشایەتی ئێران دەست پێ دەکا، بەشێک لە نوخبەی کوردی ڕۆژهەڵات ئامادەیە خزمەتی هەرچی هێز و ڕێکخراوی ئێرانی هەیە بکا، بەڵام هەوڵدان بۆ ئارمانجەکانی کۆماری جوانەمەرگ بە ئەرکی خۆی نازانێ. خۆ دیتمان گەنجی کورد لە شارەکان چۆن وێڕای باقی ئێرانییەکان هەوڵی بۆ ڕووخانی نیزامی پاشایەتی دا، بەڵام بەداخەوە دوای سەرکەوتنی شۆڕشی سەرتاسەری ئێران ئەو گەنجە یا هەروا لەگەڵ هێزە ئێرانییەکە مایەوە یا وازی لە خەبات هێنا و شۆڕشی چەکداریی بۆ لاوانی لادێ جێهێشت. هەڵبەت حاشای لێ ناکرێ کە کۆماری کوردستان وەکوو سیستەمی حوکمڕانی، کاریزمابوونی کەسایەتیی پێشەوا و بەتایبەت پابەندبوونی بە باوەڕەکانی تا کاتی لە سێدارەدرانی، خۆشەویستیی پێشمەرگە، پیرۆزیی ئاڵا و جێگرتنی سروودی نیشتمانیی "ئەی ڕەقیب" هەرچەند کۆمەڵە دەستکەوتێکی نەتەوەیی ئەو سەردەم بوونە، بە خۆشییەوە تا ئەمڕۆش جێی پەسند و ڕێزی زۆربەی کوردانن. "ئەدەبییاتی بەرگری" ئەو سەردەمە بووە بنەمایەکی فکریی و مەکتەبێک کە زۆر ئەدیبی وەکوو "سوارەی ئیلخانیزادە"، "مارف ئاغایی" و هیدیکەی پێگەیاند. سوارە خۆی دەدوێ:

"بیرەوەریی دووی ڕێبەندان

دەمخاتە سەر بەستە و بەندان

ڕێبەندانی ڕێنوێنە

لە داگیرکەر سەرشێوێنە"

بەدڵنیاییەوە "مارف"یش بێبەش نییە، بۆیە لە شێعری "کۆچ"دا خۆی لە خاک دەبەستێتەوە و پیرۆزایەتی پێدەبەخشێ:

"خاک

توانای کۆچی نییە.

ئەوەیە ڕازی مانەوەی هەمیشەیی من

لەم وڵاتەدا"

کۆتا قسەم ئەوەیە کە بیسمارکی ئاڵمانی و قازی محەممەدی کورد ئەگەر هەردووکیان خاوەن یەک ڕێبازی فکری بوون و نیشتمانپەروەرییان وەک ئامانج ڕەچاو کردووە، ئیتر بوونەتە پێشرەو و پێشەوا بۆ گەشەی ئەدەبیاتێک کە مەبەستی ڕزگاریی دوایین تاکی مرۆڤ لە ژێردەستەییە. لەخۆڕا نەبوو هەژار دەیگوت:

"سەد بەهار بە نۆکەری ئەو زستانە بێ."

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان کورد - ڕێکەوتی: ٢٠ی جانیۆیری ٢٠٢١

# کۆماری کوردستان، ئەزموونێک بۆ بەردەوامی نەک دابڕان




ڕێبوار قازی

بەشێک لە بیرمەندان لەسەر ئەو بڕوایەن بۆ درێژەدان بە دۆخی ئێستا، پێویستە بە گشتی دابڕانێک لە ڕابردوو لە پێشدا مسۆگەر بکرێ، ئینجا بەردی بناخەی کۆمەڵگەیەکی نوێ دابمەزرێ کە مرۆڤێکی نوێی تێدا بەرهەم بێ. مرۆڤێک کە پێی لەسەر عەرزی ئێستا گیر بێ و فڕی بە ڕابردووە نەمێنێ. تاقمێکیش بڕوایان بە لێکگرێدراوی هەیە و ئێستا لە ڕابردوو ناتەکێنن. بەڵکوو هێندێ جومگەی ڕابردوو بە ئێستاوە دەلکێنن و لەسەر بنەمای ئەو میراتەی لەوە پێش پێیان بڕاوە کۆمەڵگەیەکی نوێ بە شوناسێکی مێژووییەوە دادەمەزرێنن. واتە ئەزموونێک لە دابڕان دەدوێ و پێی لەسەر دادەگرێ و ئەزموونێک بەردەوامیی دەکاتە ڕێگای و بەسەریدا هەنگاو دەنێ.

ئەوەی کە کام یەک لەو ئاراستانە دروستە و کامیان بە ڕێی هەڵەدا ڕۆیشتوون، بەپێی پاشخانی بیری خوێنەر و بابەتی بەرباسی ئەو بەردەنگەی خەریکی شیکارییە، قسە و بۆچوونی جودا هەڵدەگرێ و ئاکامێکی دیار و تاقانە ناتوانین بۆ باسەکە دەستەبژێر کەین.

هەندێ کۆمەڵگە پێویستە لە ڕابردووی خۆیان دابماڵدرێن و کۆی نیشانەکانی پێشوو لە کاتی ئێستایان بسڕنەوە. چون ئەو کۆمەڵگەیانە پێویستیان بە پاکبوونەوە لە ڕابردوویەک هەیە کە بۆ مرۆڤی ئێستا نە تەنیا لەبار و بەبەهرە و بەرهەم نییە، بەڵکوو زیانبار و مەترسیدارە. بۆ وێنە ئەوەی پاش حوزووری بیری نازیسم لە ئاڵمان ڕووی دا، پەرەسەندنی بیرێک

بوو کە دەوڵەت و دەسەڵاتی بە دەستەوە گرت و بەشێکی مێژووی ئەو وڵاتەی پێک هێنا. بەڵام ئاڵمانی دوای شەڕی عالەمگیری دووەم، پێویست بوو لەو ڕابردووە پڕ لە خوێن و قین و کوشتارە خۆی لادا و حاشاش لە بیرێک بکا کە سڕینەوەی خەڵک و ئایینی دیکەی لە بەرنامەدا بوو. تەنانەت وای لێ هات ئەو سیستەمە نوێیەی لەوێ هاتە سەر تەختی بەڕێوەبەرایەتیی سیاسی و کۆمەڵایەتی، خولیای گەڕانەوە بۆ دۆخێکی واش بە تاوان بزانێ بۆوەی مرۆڤی نوێ و شوناسێکی نوێ لە ئاڵمان بە دونیا بناسێنێ. ئەوە دابڕانێکە کە پێویستە و زەروورەتەکەشی حاشا هەڵنەگرە.

بۆ بەشی دووەمی باسەکە پێویستە بیر لە سیمایەکی دیکەی سیاسەت بکەینەوە. واتە پێویستە لە پێشدا بڵێین ئەی کام ڕابردوویە کە دەکرێ درێژە و دەوامەی هەندێک لە بیر و پێکهاتەکانیشی لە ئێستادا ببینینەوە و ئامێزیان بۆ بکەینەوە.

بۆوەی باسی سەرەکی سەردێڕی نووسینەکە بوروژێ ئەو بابەتە بە ئەزموونی کۆماری کوردستانەوە دەبەستینەوە. چون هەم لەگەڵ ئەزموونی پێشتر باسکراو هاوکات بوون و هەم دوو ئاکام و داهاتووی جودایان هەیە کە لەگەڵ باسی دوو ئاراستە باسکراوەکەی پێشوو یەک دەگرنەوە. هەر لە سەردەمی پاش شەڕی عالەمگیری دووەم و لە پارچەیەک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، زەمینە بۆ سازبوونی و پێکهاتنی پێکهاتەیەکی سیاسی و کولتووری ڕەخسا کە تا ئێستا زۆری باس کراوە و کەمتر لەسەر جیاوازبوونەکەی لەنگەر گیراوە.

هەر ئەو سەردەم کەشی گشتیی ڕۆژهەڵاتی ناوین لە باری دەسەڵاتدارێتییەوە کەشێکە کە خەڵکی ئاسایی و جەماوەری شەقام کەمترین ڕۆڵیان تێیدا هەیە. پێکهاتەکان زیاتر میراتی شایانەی پێشوون. دامودەزگاکانی بەڕێوەبەریی کۆمەڵایەتیش یا نین، یا لەبەرانبەر دەزگای پان و بەرینی چەکداریدا لەرزۆک و کەم هێزن.

لە دۆخێکی وادا، لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کۆماری کوردستان دادەمەزرێ کە لە کۆمارەکانی غەیرە ڕۆژئاواییدا، تا ئێستاش پڕشەنگدارترین کارنامەی لە بواری پێکهێنانی ڕێکخراوەی نوێ، کاری مەدەنی و مافە بنچینەییەکانی مرۆڤەوە هەیە.

کۆماری کوردستان ئەگەرچی لەژێر ترس و گوشاری دەوڵەت-نەتەوەی فارسدا بوو، دەوڵەت نەتەوەیەک کە بەشێک لە بیری گەڕانەوە بۆ شکۆی ئیمپراتووریەکانی کەوانارى ئێرانی بوو، بەڵام بە شێوەیەکی خێرا و دروست بناخە دروستەکانی دەوڵەتێکی نوێیان دامەزراند کە تێیدا مرۆڤ و کۆمەڵگە بەشێکی گرینگ و بنەمایین و تەنانەت سەرۆک کۆمارەکەی لەو ڕێیە و لەبەر پاراستنی ئەو کۆمەڵگەیەی پشتیان گرتبوو، گیانی خۆی بەخت کرد.

ئەو یاداشتە کورتە تەنیا دەتوانێ هێندێک خاڵ وەبیر بێنێتەوە و شرۆڤە و شیکردنەوەیان مەجالی هەراوی دەوێ. ئەوەی لێرەدا باسی دەکرێ دوو بەشن. بەشێک ئەو دیاردانەن کە ئەو کات نەبوون و بەشێکیش دەستنیشانکردنی هێندێک لەو دیاردانەن کە بوون. باسی هەر دوو دەستە و ڕاڤە و شیکاریی تەسەلی پێویستە و دەبوو تا ئێستا بە وردی لەسەری نووسرابا. لە پێشدا ئاماژە بە هەندێک لەو دیاردانە دەکەین کە نەبوون. ئەوەش سەرچاوەکانی پێوەندیدار بە کۆماری کوردستان پێمان دەڵێن. لە تەمەنی کورتی کۆماری کوردستاندا ئەو دیاردانە - کە ئێستاش دوای حەفتا و پێنج ساڵ، پەڵەی سەر ڕوخساری زۆر یەک لە وڵاتە بەناو کۆمارییەکانی ناوچەن- نەبوون: دیاردەی بەندکراوی سیاسی، ئێعدام، بەربەستی بیروڕا، سانسۆڕ، سڕینەوەی جودابیران، تاک دەنگی ڕەسانەیی، خستنە ژێر گوشاری پەیڕەوانی ئایینەکانی دیکە و...

ئەو دیاردانەش بە پانەوە کاریان بۆ کراوە: کەڵکوەرگرتن لە هەموو زەرفییەتەکانی ئینسانیی ئەوکاتی ئەو بەشە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە دەنگی کۆماری پێ ڕاگەیشتووە - کە لە کۆتایی ئەو یادداشتەدا زیاتری قسە لەسەر دەکەین- ڕاگەیاندنی ئازاد، پەروەردە لەسەر بنەمای وڵاتپارێزی و مرۆڤدۆستی، پێشکەوتنی دۆخی ژنان، گرینگیدان بە گەشەی بیری منداڵ و مێرمنداڵ و دەرکردنی گۆڤاری تایبەت بۆ منداڵان، گرینگیدان بە دۆخی لاوان و حەول بۆ بەڕێکخراوەیی کردنی چالاکییەکانیان، هەڵگرتنی دروشمی دوور لە توندوتیژی و تەنانەت دوور لە ڕەنگی ئایینیی و ڕەگەزی و حەول بۆ سازکردنی کەشێکی دێموکڕات بۆ خەڵکی دی تا تۆ بتوانی بە مافەکانت بگەی.

لەسەر دوو بابەتیان وردە لەنگەرێک دەگرم. بابەتی یەکەمیان دروشمی ئەو بزووتنەوەیەیە. ئەگەر هەر لەو کاتەوە تا ئێستا بەردەوام لەسەر کۆماری کوردستان و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە لایەن نەیارانییەوە دەگوترێ بزووتنەوەیەکی ڕەگەزپەرستانەی نەتەوەپەرستانە بووە. کەی ئەو دروشمە خرا بەر باس و شی کراوە کە یەکێک لە بنچینەکانی کۆماری کوردستان بووە. دروشمێک کە ئەوی دی و ئازادیی ئەوی دی، بە زەمانەتی دەستەبەر بوونی، مافەکانی خۆی دەزانێ. ئەویش لە سەردەمێکدا کە بیری ڕاسیستی و فاشیستی لە زۆر وڵات لە برەودا بوو. هەر لە ناوەندی دەسەڵاتی ئێراندا، دەسەڵات لە سەر بنەمای بیری کەوناراخوازی و بیر و گەڕانەوە بۆ ئیمپڕاتورییەتیە مێژینەکان دامەزرابوو و لە لایەن پان-ە جوداکانی ئێرانییەوە کاری بۆ دەکرا. ئەو دروشمە ئیستاش نە تەنیا لە بەرانبەر ئەویترێک کە سیمایەکی ڕووشاو و دزێوت بۆ ساز دەکا کارامەیە و بنەمای ئیستدلالیان لەرزۆک دەکا، بەڵکوو وەک لایەنێک لە شوناسی مودێڕن و ئازادیخوازنەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد، لە ئاستی هەراوتردا بۆ زەقکردنەوە و باس لێکردن دەبێ.

خاڵی دووەمیش پێوەندی بە باسی کەڵکوەرگرتن لە هەموو زەرفیەتە ئینسانییەکانی ئەو سەردەمی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە

هەیە. ئەو خاڵە هێندە گرینگە کە دەتوانێ وەک زەرفییەتێک تاکوو ئێستاش لە ژیانی هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا ڕەچاو کرێ و بە دڵنیاییەوە ڕەچاو کردنی پێش بە لەتبوون و لێک تەوەللابوونی هەموو ئەو هێزانە دەگرێ کە بیرورِا و بۆچوونی جودایان تێدا هەیە و هەروەها هێندەش لە باری ئینسانییەوە دەوڵەمەندن کە هێزیان لە بواری جودا و بە زانست و توانای جوداوە لە خۆدا کۆ کردووەتەوە. ئەگەر ئانۆمی لە سیستەمدا، لە شێوەی دژایەتی لەگەڵ تەکووزیی پێکهاتەی سیاسی ڕوو دەدا، یەکەم هۆکار دەگەڕێتەوە سەر ئەو بابەتەی هێزەکان لە شوێنی خۆیان و بەپێی توانایان دەرفەتیان بۆ نەرەخساوە و لە ئاکامی ئەو بێنەزمییەدا، سیستەم تووشی ناکارامەیی و دابڕان و لێکهەڵوەشانەوە دێ. ئەوەی لە کۆماری کوردستانی حەفتا و پێنج ساڵ لەمەوبەردا کراوە، بیرێکی بەڕێوەبەریی کەم وێنە بووە، کە هەموو هێزەکانی تێدا دیتراون. ئەرکیان خراوەتە سەرشان و بە هەند وەرگیراون. لە لایەکی دیکەوە ئەندامانی ئەو پێکهاتەیەش بۆ کارکردنی سیستەم بە شێوەیەکی کارا و تەکووز بەو ئەرک و بەرپرسیارێتییە نەتەنیا ڕازی بوون، بەڵکوو لە خوێندنەوەی بەرهەمی هەر کام لەو بەشانەدا، ئەو ڕاستییە دەردەکەوێ کە بێ هیچ گرفتێک چالاکانە ئەرکێکی کە بۆی ڕاسپێردراون بە باشی و لەوپەڕی لێوەشاوەییدا ڕایان پەڕاندووە.

نموونەی بەرچاوی ئەو بابەتە لە بەشی کولتووریی کۆماری مەهاباددا بەرچاو دەکەوێ. سەرکۆمار بە باشی خوێندنەوەی بۆ کاریگەرێتی کاری کولتووری هەبووە. وەگەڕ خستنی ڕۆژنامەی کوردستان و گۆڤاری کوردستان و هەڵاڵە و گرِوگاڵی منداڵان و... هەموو نیشانەی ئەو تێگەیشتنە دروستەن و هەڵبەت بەشی هەرە زۆری میراتی کۆماریش لەو دەلاقەیەوە بە ئێمە گەیشتووە.

پێشەوا، هێمن و هەژار وەک دوو توانا و وزەی ئەو ڕەوتە دەناسێ و دەناسێنێ. قزڵجی و زەبیحیش دەبینێ و بە هەندیان وەردەگرێ. دەیان کەسی دیش هەر چالاکانە ئەو ڕەوتە بەڕێوە دەبەن و بە هەمووان میراتێک بە جێ دێڵن کە تا ئێستاش نموونەی سەرکەوتووی ڕۆژنامەوانی کوردی و لە هەمان کاتدا سەرمەشقێکی لەباری کاری هاوبەشی ڕۆشنبیریشە.

بەو پێیە دەتوانین بڵێین دەوامەی حەفتا و پێنج ساڵەی بیرێکی بنچینەیی وا، دەتوانێ زۆر دەرسی بۆ میراتگرانی کۆمار لە ئێستادا پێ بێ و سەرنجی توێژەرانیش بۆ ئەو بابەتە ڕابکێشی کە چۆنە نزیک هەشت دەیە لەمەوبەر، لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێکهاتەیەک دامەزرا و دروشمەکەی لە پێشدا لەسەر دێموکرِاسی بۆ هەمووان دامەزراند جا دواتر بە باسی مافی خۆی بیری لە چارەنووسێکی هاوبەش بۆ هەموو مرۆڤەکانی ئەو چوارچێوە جوغرافیاییە کردەوە. هەر ئەوەشە کە تا ئێستاش ئەو دەرفەتەی بە نەیارانی نەداوە بتوانن بە شێوەیەکی نەرێنی لەسەر بیر و هەڵوێستەکانی کۆمار مانۆڕ بدەن و زیاتر بە قسە و باسی ساختە و ناڕاستەوە خۆیان سەرقاڵ کردووە بۆوەی بەردەنگیان بە هەڵە بەرن. بەڵام ئێستا درێژەدەرانی ئەو

ڕێبازە، کەمتر لەو میراتە کەڵک وەردەگرن و نەیانکردووەتە سەرمایەیەک کە خۆیانی پێوە بناسێنن و وەک بەشێک لە شوناسی خۆیان باسی بکەن. لەوەش گرینگتر سەرکۆماری ئەو ڕێبازە چۆنی توانی هاوسەنگییەک لە نێوان هێزە هەڵکەوتە ڕووناکبیر و دیندار و دەرەبەگەکاندا ساز بکا کە قورسایی بە لای ڕۆشنبیری و بیری تازەدا بشکێتەوە و یەکیەتییەک ساز بکا کە هەمووان لە یازدە مانگدا وا وزەکانیان وەگەڕ خەن، کە زۆر نموونەی هاوشێوەی بە چەند دەیە بۆیان نەلواوە و نەکراوە. چۆن لەو یازدە مانگەدا هێزی چەکدار کاری خۆی ڕاپەڕاند و دەستی لە سیاسەت وەرنەدا و پیاوان و ژنانی سیاسەت نەچوون دەستکاری پلانە کولتوورییەکان بکەن. ئەو بیرە یەکیەتیساز و یەکگرتوویە بوو لە "هیچ" سامانێکی ساز کرد، کە پاش حەفتا و پێنج ساڵیش هەر دەکرێ بە دەنگی دلێر بەرگری لە دەسکەوتەکانی بکەی و بێ بیرکردنەوە لە دابڕان و لە دەوامەی ئەو ڕێگایەدا، ڕێبوارێک بی بیر لە دەوڵەمەندتر کردنی سامانێک بکەیەوە کە هی هەموانە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان کورد - ڕێکەوتی: ٢٠ی جانێوێری ٢٠٢١

---

# کۆماری کوردستان و وانەکانی



**شاهــۆ مەتین**

مێـژووی بزاڤـی ناسیۆنالیزمی کوردستان لە هەمـوو قۆناغەکـاندا، مێـژوویەکە کە تـاکی کـورد بە دوای پاراسـتن و گەشـەی شوناس و بەدیهێنانی ستاتۆسێک و گەیانـدنی بە ئاستێکە کە ڕۆح و هـزری ئەم تـاکە ئیتـر لە شەڕ بۆ پاراسـتن و گەشـەی خۆی بەرامبەر ئەقلییەت و کارکردی نەتەوەی سەردەست ڕزگاری بووبێ و خۆی لە پارادایمی هاوشانی نەتەوەکـانی تـر کە لە سیستم و پێکهاتەی نێودەوڵەتیدا جێگەی شیاوی نەتەوەییان هەیە ببینێتەوە. لوتکەی ئەم ڕەوتە لە "کۆمـاری کوردستان"دا بەدی دەکرێ.

**ڕاگەیاندنی کۆمار**

ساڵانی پێش و دوای شەڕی دووهەمی جیهانی یەکێک لە شڵەژاوترین قۆناغە مێژووییەکـانی هـاوچەرخی ئێرانە کە لە لایەک بە هـۆی ناکـارامەیی بەرپرسـانی حکومەت و لە لایەکـی تـر بە هـۆی گرینگـی ژێوپـۆلێتیکی ئێـران، ئەم وڵاتە لەلایەن دوو زلهێزی جیهانی، «بریتانیا و سۆڤییەتەوە داگیر دەکرێ.

لەم قۆناغە مێژووییەدا کە گەلی کورد یەکەمین حیزبی مۆدێرنی سیاسیی خۆی (حیزبی دێموکراتی کوردستان)ی دامەزرانـدووە و پاشـخانێکی بەهێـزی لە هەسـت و لـۆژیکی نیشـتمانپەروەری هەیە، هەلـومەرجەکە دەقـۆزێتەوە و لەژێـر ڕۆشـنایی

بیروبۆچوونە حەکیمانەکانی حەزرەتی پێشەوا قازی و لەسەر ئەساسی جیهانبینیی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا، وەڵامی ئەم زەروورەتە مێژووییە دەداتەوە لە ڕۆژی ٢ی ڕێبەنداندا کۆماری دێموکراتیکی کوردستان دادەمەزرێنێ.

نادر ئینتسار پێیوایە گرینگترین هۆکار بۆ بڕیاری دامەزراندنی کۆماری کوردستان بریتین لە: دۆخی چینایەتی، بەستێنی کولتووری، وشیاریی نەتەوەیی لە کوردستان و لە شرۆڤەکەیدا ڕۆڵی چینی مامناوەندی ناڕازی لە دۆخی ئارایی بەرز دەنرخێنێ.

بەڵگەنامە و دێکۆمێنتەکان دەری دەخەن کە لەگەڵ هەموو ئەوانەدا پێگەی کاریزماتیکی پێشەوا قازیش ڕۆڵی هەرە بنیاتنەرانە و یەکلاکەرەوەی لە دامەزرانی کۆماری کوردستاندا بووە.

پێشەوا لە نوتقی ڕاگەیاندنی کۆماردا تیشک دەخاتە سەر ئەوە بابەتە کە گەلی کورد گەلێکی تەنیایە، نیشتیمانەی داگیر و بەش بەش کراوە و لە سەرەتاییترین مافی خۆی کە مافی دیاریکردنی چارەنووسە بێبەشە. ئەم بەشە کورتە لە فەرمایشتەکانی پێشەوای نەمر دەرخەری ئەم ڕاستییەیە کە خوێندنەوەی هزری و ئاوات و خۆزگەی پێشەوا قازی و هەموو خەلکی مافویستی کوردستان بریتیە لە "مافی چارەی خۆنووسین" کە ئەو مافە لە هەوێتی خۆماڵی و هەبوونی دەوڵەتی نەتەوەیی کوردیدا خۆی دەبینێتەوە.

لای پێشەوای نەمر و هەموو ئەوانەی لە ڕووی ئاگامەندییان بە قەناعەتی چێکردنی دەوڵەتی نەتەوەیی بە تایبەتمەندیی خاوەنێتیی سیستم و دامەزراوەی کوردانە گەیشتبوون، چوار پاڵنەری سەرەکی دەوریان هەبوو کە دەرەنجامی سیاسەتی حکوومەتە ناوەندییەکان بوون:

١) تەنیا بوون،

٢) داگیرکراو بوون،

٣) بەش بەش کرانی خاک و خەڵک،

٤) بێبەشی لە سەرەتایترین ماف "مافی چارەی خۆنووسین". بەڕێوەبەران کۆمار باوەڕیان وابوو بە بنیاتنانی دەسەڵاتی کوردی ئەو چوار دیاردەیە نامێنن و بە پێی ویست و بەرژەوەندیی نەتەوەکەمان چارەسەر دەبن. بۆیە کۆماری کوردستان لەبەر ڕووناکایی ئەم هەڵسەنگاندنەدا بە دووی یەکگرتوویی نەتەوەیی لە هەموو بەشەکانی کوردستان، (بەشدارکردنی بارزانییەکان لە کۆماری کوردستان)، هاوپەیمانێتیی هاوسەنگ لەسەر ئەساسی بەرژەوەندیی نەتەوەیی لە نێوخۆ

(حکوومەتی میلیی ئازەربایجان) و دەرەوە (بەتایبەت سۆڤییەت)، ڕزگارکردنی نیشتیمان لە دەستی داگیرکەرانی کوردستان و دامەزراندن و یەکگرتنی خاک و خەڵک لەسەر ئەساسی "کوردستانیبوون" و گەڕاندنەوەی مافی چارەی خۆنووسین لە چوارچێوەی حکومەتی کوردستاندا بوو.

## خەڵکی و دێموکراتیکبوونی کۆمار

کۆماری کوردستان لە هەلومەرجێکدا ڕاگەیەندرا، کە جیهان لە دوا ساتەوەختەکانی شەری جیهانیی دووهەمدا بوو. زۆر لە گەلانی جیهان بەتایبەت ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دەست و پەنجەیان لەگەڵ سیستەمە دیکتاتۆرەکان (لە فۆرمی ئایینی و پاشایەتیدا) نەرم دەکرد و دەنگی خەڵک و مافی سیاسی و یاساییەکانی گەلان پێوەری ڕەوایی سیستەم و ساختارە حکوومەتییەکان نەبوو. بەڵام لە کۆماری کوردستان و لە هەرێمی کوردانی خاوەنی چاند و ژیاردا زۆر پێش وڵاتە پێشکەتووەکان "خەڵکیبوون" و "دێموکراتیکبوون"ی حکومەت، دوو بناغە و بنەڕەتی کۆماری کوردستان بوون.

ئەم دوو تایبەتمەندییە جۆرێک لە حکوومەتە کە بەرپرسانی حکوومەت بە پێی میرات هەڵنابژێردرێ و بەرپرسانی وڵات بە دەنگی ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆی خەڵک هەڵدەبژێردرێن و قۆناغی دەسەڵاتدارێتی لە رووی کاتەوە سنووردارە و پێداگری لەسەر چەمکی "خەڵکیبوون" لە سەر نەبوونی پێگە و دەسەڵاتی هەتاهەتایی بۆ کەسی یەکەمی و کابینەی حکومەتییە و لەسەر بناغەی خەڵکسالاری، گەل مافی دەسەڵات بە سەر چارەنووسی خۆیدا هەیە. بەو واتایە ئەوە خەڵکە کە لە سیستمی سیاسیی کۆماری کوردستاندا بە بنەڕەت و پێوەری دەسەڵاتدارێتی دەبینرێ و متمانە و دەنگی خەڵک، ژێرخان و سەرخانی کۆماری کوردانە.

"دێموکراتیکبوون" بناغەی دووهەمی کۆماری کوردستانە و کۆمار بۆ ئەوەی لە ڕەوتی دێموکراتیکبوون لا نەدا، یاساسەروەریی لە بەرنامەی کۆماردا جێگیر و پەسند کرد بۆوەی حکوومەت وەڵامدەری خەڵک بێت و دەسەڵاتێکی سنووورداری هەبێ. هاوکات بۆ نەهادینەکردنی ئەم دێموکراتیکبوونە دامەزراوە مەدەنییەکان بۆ پاراستنی هزر و کاری کۆمار درووست دەبن کە بە جۆرێک ڕۆڵی کومەڵگەی مەدەنییان دەگێڕا و خەڵک دڵخواز و سەربەخۆیانە بۆ بەدواداچوونی مافەکانیان چاویان بەسەر دەسەڵاتەوە هەبوو. بەمجۆرە پاراستن و بەجێگەیاندنی مافی هاووڵاتی و یاساسەروەری وەک مافی بنەڕەتیی خەڵک و بەدێموکراتیککردنی کۆمار، سەرووتر لە هەر دەسەڵاتێک بوون و خەڵک بە هەر ئایین، ئایینزا، ئیدۆلۆژیی تایبەت، ڕەگەز و نەتەوەوە مافی هاوبەش و هاوچەشنیان لەنێو کۆماردا هەبوو.

## دەوڵەت وەک وڵامێک بۆ پرسەکان

گەلی کورد هاوکات لەگەڵ ئەوەدا کە نەتەوەیەکی زیندوو، خاوەن هەویّتی و زمان و شارستانییەت بووە؛ بەڵام چۆنکی خاوەن دەسەڵات و کیانی سیاسیی کوردانە نەبووە، بە بەردەوامی لەژێر مەترسیی ئاسیمیلاسیۆن و داگیرکاریی نەتەوە سەردەستەکان (فارس، تورک و عەرەب) و زلهێزانی جیهانیدا بووە کە بە هۆی میدیا، ئابووری و تێکنۆلۆژی و بە میکانیزمی فەرهەنگی و سەربازی هەوڵی تواندنەوەیان داوە. بۆیە دروستکردنی دەوڵەت و دەسەڵاتێکی خۆجێیی کوردانە کە ئەقلییەت و پلانەکانی لەسەر بنەڕەتی بەرەوپێشبردن و پاراستی چاند و ژیاری نەتەوەیی لە هەموو سێکتەرەکاندا بێ و، بوون و ماهییەتی نەتەوەیی و نیشتیمانیی کورد بپارێزێ؛ لە لای تاکی کورد بەگشتی و ئێلیتی کۆمەڵگە بەتایبەت ببووە زەروورەتێکی مێژوویی و هەنووکەیی.

ئەم پێویستییە لە ئێستاشدا ژیانەکی هەستی پێ دەکرێ و، لای کۆمەڵی کوردی ئێستا ئەوە بۆتە جیهانبینی، کە بوونی دەوڵەت و دەسەڵاتی کوردی لە پرۆسەی ئاسیمیلاسیۆن و داگیرکاریی دەوڵەت - نەتەوەی سەردەست دەتپارێزێ.

## ڕووخانی کۆمار

وەک چۆن لە ڕاگەیاندن و دامەزرانی کۆماری کوردستاندا لایەنی نێوخۆیی و دەرەکی دەوری ئەساسیان لە بنیاتنانی کۆماردا بینی، لە تێکچوون و نسکۆی کۆماریشدا هەر دوو لایەن تەواوکەری یەکتری بوون.

بە هۆی پێکهاتەی نەریتگەرایەنە و کۆمەڵایەتی و ئابووریی کۆماری کوردستان - ڕۆڵی ئاغاوەت و سەرۆک عەشیرەت لە دابینکردنی هێزی مرۆیی و... بۆ کۆمار - ئیدارە و بەڕێوەبەریی کۆماری لە دەستی ئاغاوەت و چینی مامناوەندی و ڕووناکبیری کۆمەڵگەدا بوو. کاتێک بیرۆکە و پلانە بنەڕەتییەکان بۆ ڕیفۆرمی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و ئابووریی کوردستان گەڵاڵە دەکران، زۆر لە دەربەگ و خانەکان هەستیان بە مەترسی لەدەست دانی هێزی ئابووری (زەویوزار، وەرگرتنی باج وخەراج لە خەڵک) و نیزامی (هێزی سەربازی و مرۆیی) و هەروەها پێگەی کۆمەڵایەتییان دەکرد. بنەما عیلمانییەکانی کۆماریش وەک یەکسانیی ڕەگەزی، سێکۆلاریزم و بنەماکانی مافی مرۆڤ نیگەرانیی بۆ جومگە ئایینییە دەسەڵاتخوازەکانی کۆمەڵ دروست کردبوو.

لە دەرەوەی دەسەڵاتی کۆماریشدا بڕیاری یەکیەتیی سۆڤییەتیش بۆ کشاندنەوەی هێزەکانی لە باکووری ئێران شوێنی خراپی

لەسەر ستاتووی کۆمار دانا. کاربەدەستانی یەکیەتیی سۆڤییەت لەسەر ئەو ئەساسە کە کۆماری کوردستان، کۆمارێکی نەتەوەیی بوو و بەهۆی ئەوەی هێژمۆنییەکی زۆری بەسەر کاربەدەستان و سیاسەتەکانی کۆماری کوردستان نەبوو، و کۆمار دوور لە حەز و ئاواتی سۆڤییەت کە دەیانویست کۆمارێکی سۆسیالیستی بێ؛ پشتی کۆماریان چۆڵ کرد. بریتانیا و ئەمریکاش بەهۆی سیاسەتی دوو جەمسەری جیهانی کە بەرژەوەندییەکانی خۆیان پتر لە بەدەسەڵاتیی حکوومەتی ناوەندیدا دەدی و هیچ پشتیوانییەکیان لە کۆماری کوردستان نەکرد؛ بەوەش کۆماری کوردستان دوای یازدە مانگ تەمەنی پڕشکۆ، بە پیلانگێری نێوخۆیی و نێودەوڵەتی تێکچوو.

## دەرەنجام:

پاش ٧٥ ساڵ لە دامەزرانی کۆماری کوردستان، بەها و ئامانجەکانی کۆمار ئێستاش نیشاندەری ڕێی خەباتی نەتەوەیی لە هەر چوار پارچەی کوردستانن و لە هزر و ئایدیالی هەر تاکێکی کورددا، کۆماری کوردستان بۆتە ئەندێشە و ڕێباز لە هەست و نەستی کوردان و تا بەدیهێنان و دامەزراندنەوەی کۆماری دێموکراتیکی کوردستان خەبات و تێکۆشانی بێوچان بەردەوام دەبێ. بێگومان هەتا پرسی نەتەوەکان لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست چارەسەر نەبێ، نە ئەو ناوچەیە ئارامی بە خۆیەوە دەبینێ و لە وڵاتانی زلهێز دەتوانن بەرژەوەندیی درێژماوەی خۆیان لە بوونی ڕێژیمە ناوەندگەرا و دیکتاتۆرەکاندا ببینن. بۆیە ئاسۆی ڕزگاری و ئازادی لەسەر ئەساسی جیهانبینیی کۆماری کوردستان بۆ گەلی کورد،ئاسۆیەکی ڕوونە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان کورد - ڕێکەوتی: ٢٠ی جانێوێری ٢٠٢١

# کۆماری کوردستان و بنیاتنانی کەسایەتیی مرۆڤی هاوچەرخی کورد



**سمایل شەرەفی**

دوای ئەوەی لە ئاکامی شەڕی جیهانیی یەکەمدا (١٩١٨ - ١٩١٤) کوردستان بە سەر چوار وڵاتدا دابەش کرا و دەوڵەت - نەتەوەکانی تورک، فارس و عەرەب لە سەر ئەساس و ئەقڵیەتی سڕینەوەی "ئەوانی تر" دامەزران و بزووتنەوەکانی کورد بۆ مافی دیاریکردنی چارەنووس یەک لە دوای یەک تێکشکێندران، مرۆڤی کورد بۆ ماوەیەک تووشی جۆرێک لە قەیرانی شوناس دەبێ. بە واتایەکی دیکە، کورد چیدیکە ئیرادەی خۆ بەباڵاگرتنی دەورووبەری نامێنێ و لە "مەلیکایەتی" و "ئاغابوون" ەوە دادەبەزێ بۆ گۆشەگیری، دەستبەردانەوە و سەهۆڵبەندانێک لە ئیرادە کە تا گەیشتن بە بووژانەوە و ژیانەوەی، زەمەنێکی مێژوویی پڕ لە بێهیوایی و کارەسات دەبڕێ.

ئەگەر شەڕی جیهانیی یەکەم و ئاکامەکانی بۆ کورد و نیشتمانەکەی تێکشکان و دابەشبوون و قەیرانی شوناسی بەدواوە بوو، لە هەلومەرجی شەڕی جیهانیی دووهەمدا چەخماخەیەک لە بووژانەوە ڕوو لە "بەختی نووستوو"ی دەکا و کۆمەڵێک لاوی خاوەن بیر و هەڵوێست بە دامەزرانی "کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد"، قۆڵ لە سڕینەوەی زەمەنێک لە قەیرانی شوناسی میللەتەکەیان هەڵدەماڵن.

پێشەوای مەزن، قازی محەممەد کە بە چاوی خۆی تەواوی ڕووداوەکانی ئەم سێ دەیە پڕ لە نەهامەتی و ئەنگۆستەچاوە و، کارتێکەرییەکانی لەسەر کۆمەڵگەی کوردستان و ئینسانی کوردی دیتبوو، هیچ گومان لەوەدا نییە کە هەست بە پێویستیی

هەڵێنانەوەی هەنگاوێکی مێژوویی دەکا. پەیوەستبوونی قازی محەممەد بە کۆمەڵەی ژێکاف دەستپێکی ئەم هەنگاوەیە کە لە باوەڕمەندبوونی بە وەسەریەکخستنی تواناکان و کار و بڕیاری بەکۆمەڵ سەرچاوە دەگرێ. قازی محەممەد کە هەر زۆر زوو دەتوانێ متمانەی هاوڕێیانی و خەڵکەکەی وەدەست بهێنێ، بە کردەوە و لە ڕێگای بەڕێوەبردنی کاروباری جۆراوجۆری ڕۆژانەی شاری مهابادەوە، بیر لە بنیاتنانی کارێکی گەورەتر دەکاتەوە. لە هەنگاوەکانی دواتریدا و بە خوێندنەوە و تێگەیشتن لە هەلومەرجی سیاسی و زەرفییەتەکانی دەوروبەری، دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان (٢٥ی گەلاوێژی ١٣٢٤ی هەتاوی) وەک وڵامدانەوە بە هەموو ئەو گۆڕانکاری و چاوەڕوانی و خەونە نەتەوەییانە، دەکاتە بڕیارێکی مێژوویی و لەم سۆنگەیەوە هەنگاو بە هەنگاو لە بەئەنجامگەیاندنی کارە گەورەکە نزیک دەبێتەوە.

بە دامەزران و ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان (٢ی ڕێبەندانی ١٣٢٤ی هەتاوی) کورد دوای دەیان ساڵ لە گۆشەگیری و بێهیوابوون و تلانەوە لە نێو قەیرانی بێشوناسیدا، خۆی دەدۆزێتەوە و هەستانەوەیەکی مەزن ئەزموون دەکا. ئەم هەستانەوەیە لە بەشێک لە نوتقی پێشەوادا بەمجۆرە بەرجەستە دەبێ: "پیاوانی بەبیر و هۆش و بەشەرەف کە زۆر لەمێژ بوو خوێنی دڵیان دەخواردەوە بۆ زەلیلیی ئەو میللەتە دووکەڵ لە دەروونیان دەهاتە دەرێ، زۆر زوو تەشخیسیان دا کە وەختی کارە و لەو فورستە دەبێ بەهرە وەرگیرێ و ئەوە تەواو ئەو ڕۆژەیە کە پشتاوپشتمان چاوەڕوانی بوون. یەک جار خێرا و بێوچان و ڕاوەستان دەستیان بە کار کرد و حیزبی دێموکراتی کوردستانیان تەشکیل دا و بە دەستوبرد خەریکی کاروباری میللی بوون و بە چاوێکی ورد و بەدیقەت ئیحتیاج و پێداویستیی کوردیان تەشخیس دا و بەدی کرد..." ئەم بەدیکردنەش کۆماری کوردستان بوو.

کۆماری کوردستان و دەسکەوتە بنیاتنەرەکانی، ئینسانی کورد لە بناغەوە دروست دەکاتەوە؛ داوی قەیرانی شوناسی لێ دادەماڵێ و کەسایەتییەک تەژی لە سەروەریی لێ بنیات دەنێ. هەر خودی ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان وەک دیاردەیەکی سیاسی-کۆمەڵایەتی کە تەعبیرێک لە دەسەڵات، ئیرادە و سەروەری بە دەستەوە دەدا، کاریگەریی ڕاستەوخۆ و قووڵی لە سەر ئینسانی کورد دانا کە، ئەو باوەڕەی تێدا دروست بێ کە "ئەویش" دەتوانێ و بۆی هەیە بتوانێ وەک توانیویەتی، لە وەها ڕووداوێکدا خۆی وێنا بکا. کەوابوو "باوەڕبەخۆبوون" لە بنیاتنانی کەسایەتیی ئینسانی کورددا - کە بەداخەوە تا ئێستایشی لە دڵ بێت کەمایەسیی پێوە دیارە - شەرتی ئەساسی و ئامیانی سەرەکییە.

بڕیار و کردەوەکانی کۆماری کوردستان کە زۆریان وەک دەسکەوتی نەتەوەیی پێناسە دەکرێن، لە بنیاتنانی کەسایەتیی ئینسانی هاوچەرخی کورددا، ڕۆڵ و کاریگەریی ریشەییان هەبووە و هەیە. لێرەدا بە نموونە باس لە سێ دەسکەوتی هەرە مەزن و ئەساسیی کۆماری کوردستان و کاریگەرییان لەسەر دروستکردنی ئینسانی هاوچەرخی کورد دەکەین. "هەڵکردنی

ئاڵای کوردستان"، "دامەزرانی سپای میللیی کوردستان" و "دانانی سروودی نەتەوەیی" وەک سێ دەسکەوتی بنەڕەتیی کۆماری کوردستان هەرکام بە جۆرێک توانیویانە تا ئێستاش کە ٧٥ ساڵیان بەسەردا تێدەپەڕێ، کاریگەریی هەرە ئەساسییان لە سەر کەسایەتیی ئینسانی کورد هەبێت.

کۆماری کوردستان وەک ڕووداوێکی مێژوویی بزووتنەوەی نەتەوایەتیی خەڵکی کوردستان، ئەگەر خاوەنی ئەم دەسکەوتانە نەبوایە، بێگومان هەر وەک نموونەی هاوشێوەی خۆی لە ئازەربایجان دەریخست، نەیدەتوانێ ببێتە ئەو یادەوەرە مێژوویی و دانەبڕاوە لە هەست و نەستی ئینسانی کورددا. کەوابوو هۆکاری ئەوەی دوای ٧٥ ساڵ و دڵنیاین بۆ هەتاهەتایە لای ئینسانی کورد، کۆماری کوردستان جێگە و پێگەی خۆی هەیە و دەمێنێ، پرۆژەکانی کۆمارە.

هەڵکردنی ئاڵا لە کۆماری کوردستاندا یەکێک لە ڕووداوە جەوهەری و کاریگەرەکانە. ئاڵا تەعبیر لە بوونی نیشتمان و نەتەوەیەکی زیندووی جیاواز لە دەورووبەری خۆی دەکا. بۆیە هەڵکردنی ئاڵا لە زەمەنێکی تایبەتدا بۆ میللەتی کورد - کە لەژێر ئاڵا و هێمای دژ و دوژمنەکانیدا لە لێوارەکانی "نەمان" نزیک ببوویەوە - مەزنترین ڕووداوی ژیانی ئینسانیی هاوچەرخی کورد بوو، و تا ئێستاش ئەم مانایە لەجێی خۆیدایە. کۆماری کوردستان بە هەڵکردنی ئاڵا، مان و بوونی نەتەوەیەکی ڕاگەیاند کە نەتەوەکانی دەورووبەری لەسەر دابەشکردنی نیشتمانەکەی ئەو و تێکشکاندنی و هەوڵدان بۆ سڕینەوەی، وڵات و دەسەڵات و سەروەریی نەتەوەیی خۆیانیان بنیات نابوو. ئێستا ئەم میللەتە دوای دەیان ساڵ کڕ و کپبوون، هەستاوەتەوە و بە هەڵکردنی ئاڵا، هاواری مانەوە و بوونی خۆی دەکا. لێرەدا "بوون" بۆ ئینسانی کورد کە بە درێژایی مێژوو لە "نەبوون" دا ماوەتەوە، لە هەڵکردنی ئاڵای نیشتمانەکەیدا ڕەنگ دەداتەوە و شەخسییەتی لێ وەردەگرێ. ئاڵا دەبێتە بەشێک لەو شوناسەی کە لێی ون کرابوو.

ئاڵا و زۆرێک لە دەسکەوتە مەزنەکانی دیکەی کۆماری کوردستان کە ڕۆژانە لە بەڕێوەبەرایەتیی کۆماردا دەبیندران، پێویستییان بە پارێزگاری لێکردن و "پاراستن" بوو. لێرەدا "پاراستن" ئەو مەفهوومە - لە ژیانی ئینسانی کورددا - لێڵ و نامۆیە بوو کە دەبێتە بەشێک لە جەستەی کۆماری کوردستان و کورد فێر دەبێ کە چۆن پارێزگاری لە "بوون"ی خۆی و دەسکەوتەکانی بکا. دامەزرانی سپای میللی کوردستان کە دواتر ناوی هێزی پێشمەرگەی کوردستانی لێ نرا، گرینگی، بایەخ و پێگەی "پاراستن"ی لە ئینسانی کورددا نەهادینە کرد. پێشمەرگە کە بەرپرسی پاراستنی کۆماری کوردستان و دەسکەوتەکانی بوو، بوو بە هێمایەکی نەتەوەیی و لە باوەڕی هەموو ئینسانێکی کورددا - تا ئێستایشی لە گەڵ بێت - بەبێ بوونی ئەم هێزە ناکرێ قسە لە پاراستنی مان و مەوجوودیەتی کورد بکرێ. بۆیە پێشمەرگە کە ئەرکی پاراستنی دەسکەوتەکانی لەسەر شانە، لە وجوودی ئینسانی کورددا هەستکردن بە بوونی بەرژەوەندییەکی گەورەتر لە قازانجە

شەخسییەکانی خۆی درووست دەکا کە پێی دەگوترێ "بەرژەوەندیی گشتی (نەتەوەیی)". لەم سۆنگەیەوە ئینسانی کورد جیا لە خۆی و هەوڵدان بۆ خودی "خۆی"، خۆیەکی گەورەتر و گشتیتر بە ناوی "بەرژەوەندیی نەتەوە" دروست دەبێ کە بەشێک لە گرینگبوونی لە وجوودی پێشمەرگەدا دەبینێ کە هەوڵی پاراستنی دەدا.

ڕاگەیاندن و دەرخستنی هەموو ئەم دەسکەوتانەی کە کەسایەتیی ئینسانی کوردی لە سەر بنیات نرابوو، بۆ کۆماری کوردستان پێویستییەکەی حاشا هەڵنەگر بوو. بۆیە دانانی سروودی نەتەوایەتیی "ئەی ڕەقیب" وەک پێویستییەک، یەکێک لە دەسکەوتە مێژووییەکانی کۆماری کوردستانە. ئێستاش دوای ٧٥ ساڵ ئەم سرووده بۆ ئینسانی کورد هاوارێکی هاوبەشە کە تەعبیر لە خواست و ناخی هەموو ئینسانێکی کورد دەکا. "ئەی ڕەقیب"، ئەو هاوار و بانگەوازە باوەڕبەخۆبوونەیە کە لە مینبەری کۆماری کوردستانەوە وەک میراتێک لە؛ لەسەرڕێبوون، بە ئاوڕدانەوە لە ڕابردووی "خوێناوی" ی خۆی، ڕوو بە "ڕەقیب" هاواری مانەوە و بەردەوامبوون لە مانەوە دەکات. ئەم هاوارە لە ئیرادەیەکی نەتەوەیی و مێژووییەوە سەرچاوە دەگرێ کە پاشخانەکەی کۆماری کوردستانە و سنگ بە سینگ و نەوە بە نەوە، ڕژاوەتە هەناوی هەموو ئینسانێکی کوردەوە و بە هەمان نەفەس هاوار دەکا:

"ئەی ڕەقیب هەر ماوە قەومی کورد زمان."

لەم ڕووەوەکۆماری کوردستان لە مێژووی سیاسیی کورد و ڕەوتی ژیانی کۆمەڵایەتیی ئینسانی کورددا، وێستگەیەکە پڕ لە مەعریفە، تەژی لە دەسکەوت و پڕاوپڕ لە شوناسخوازیی نەتەوەیی کە کەسایەتیی مرۆڤی هاوچەرخی کوردیان لەسەر بنیات نراوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان کورد - ڕێکەوتی: ٢٠ی جانێوێری ٢٠٢١

# کۆماری کوردستان و بایەخدانی بە پەروەردە



**گەلاوێژ پەیڕەوان**

دامەزرانی کۆماری کوردستان لە هەلومەرجی ئەوسای ئێران و ناوچە و جیهاندا لە گەڵ ئەوەی بڕیارێکی مێژوویی بوو کە لەلایەن ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان و لەسەر دەستی پێشەوا قازی محەممەد درا، لە هەمان کاتیشدا ڕووداوێکی یەکجار گەورە و دەسکەوتێکی بەنرخ بوو بۆ گەلی کورد لە چوار پارچەی کوردستان بە گشتی و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەتی.

کۆماری کوردستان کە خەون و ئاواتی لە مێژینەی کورد بوو، لە لایەک ببووە جێگای ئۆمید و مایەی شانازی بۆ گەلی کورد و لە لایەکی دیکەشەوە دوژمنانی کورد و کوردستان، چاویان پێی هەڵ نەدەهات. هەر بۆیەش لە هەموو لایەکەوە خەریکی پیلانگێڕی بوون دژی و هەر ئەوەش وایکرد کە نەیارانی ئەو کۆمارە نەتەوەییەی کورد هەوڵی لەنێوبردنی بدەن کە بە داخەوە هەوڵەکەیان سەری گرت و توانییان کۆماری کوردستان جوانەمەرگ بکەن.

ئەگەرچی تەمەنی کۆماری کوردستان لە ڕووی زەمانەوە تەنیا ١١ مانگ بوو، بەڵام کار و کردەوە و دەسکەوتەکانی کۆمار ئەوەندە گەورە و بەنرخ بوون کە بەراورد ناکرێن لەگەڵ ئەو ماوە کەمەی حوکمڕانیی کۆماردا.

لە سەردەمی دەسەڵاتی کۆماردا بارودۆخی ژیانی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی و ئەمنییەتی خەڵک بە

ڕادەیەکی یەکجار زۆر ئاڵوگۆڕی بەسەردا هاتبوو کە ببووە جێگای دڵخۆشی و ئومێد بۆ خەڵکی کوردستان لە لایەک و لە لەیەکی دیکەشەوە سەرنجی گەلانی دیکەی بۆ لای خۆی ڕاکێشابوو.

کاربەدەستانی کۆمار لەو ماوە کەمەی بەڕێوەبردنی حکومەتدا گەلێک کاری بەنرخیان ئەنجام دا و کۆمەڵێک دەسکەوت بەدەست هاتن کە تاکو ئێستاش گەلی کورد شانازییان پێوە دەکات. خۆ ئەگەر بمانەوێ بە وردی باس لەو کار و دەسکەوتانە بکەین کە لە سەردەمی کۆماردا دەستەبەر کراون، ئەوە هەرکامە بە نۆرەی خۆی باسێکی تایبەتی و چڕوپڕی دەوێت. بەڵام دەتوانیین بە کورتی و پوختی ئاوڕێکیان لێدەینەوە و تیشکیان بخەینە سەر.

**بەشێک لە دەسکەوتەکانی کۆمار بریتی بوون لە:**

١- بەڕەسمی کردنی زمانی کوردی لە ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی کۆماردا.
٢- پێکهێنانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، کە هێزێکی ڕێکوپێک و بەپرێنسیبی نیزامی بوو.
٣- ناردنی قوتابی بۆ باکو و تەورێز بۆ درێژەدان بە خوێندن.
٤- دامەزراندنی ڕێکخراوەکانی ژنان و لاوان و هاندانی ئەو دوو توێژەی کۆمەڵگە، بۆ بەشداریی زیاتریان لە بەڕێوەبردنی کاروباری نێو کۆمەڵگە.
٥- گرنگیدان بە بارودۆخی ئابووری و دامەزراندنی پەیوەندیی ئابووری و بازرگانی لەگەڵ دەرەوە بە مەبەستی گەشەپێدانی ئابووریی کوردستان.
٦- دامەزراندنی چاپخانە و دەرکردنی کۆمەڵێک ڕۆژنامە و گۆڤار و کتێب و کردنەوەی کتێبخانە بە زمانی کوردی لە مەهاباد.
٧- دانانی قانوون بۆ گۆڕینی هێندێک دیاردە و نەریتی دواکەوتووانەی نێو کۆمەڵگە
٨- دامەزراندنی ڕادیو و سینەما بە مەبەستی زیاتر وشیارکردنەوەی کۆمەڵگە.

ئەوانەی ڕیز کران تەنیا بەشێکی کەم لەو کار و دەسکەوتانە بوون کە کۆمار لە ماوەی کەمتر لە ساڵێکدا کردنی و ئەوەی نووسینی ئەم دێڕانە مەبەستیەتی تیشک خستنە سەر پرسی پەروەردەیە لە کۆماری کوردستاندا.

ئەگەر بمانەوێ باس لە پرسی پەروەردە و گرینگیدان بە زمانی کوردی لەو سەردەمدا بکەین، پێویستە کەمێک بگەڕێینەوە بۆ پێش دامەزراندنی کۆمار، واتە سەردەمی کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد(ژ.کاف)، چونکە ئەو گرنگییەی کە لە سەردەمی کۆماردا

بە زمانی کوردی و پەروەردە دراوە، لەسەر پاشخانی کۆمەڵەی ژێکاف بووە کە پێشتر لە ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٢١ی هەتاوی و لەلایەن ژمارەیەک ڕووناکبیری ئەوکاتی کورد لە شاری مەهاباد دامەزرابوو.

لە گەڵ ئەوەی کۆمەڵەی ژێکاف وەک حیزبێکی سیاسی نەتەوەیی بە نهێنی کاری دەکرد، بەڵام لە چالاکی ڕووناکبیری و فەرهەنگی خافڵ نەبووە. بەشێک لە کار و کارنامەی ژێکاف ئەمانە بوون:

- دامەزرێنەرانی کۆمەڵە بە هەست بە بەرپرسایەتی لە بەرانبەر زمانی کوردی و بە پێی ئەو هەلومەرجەی تێیدا بوون، هەوڵیان داوە بەگوێرەی توانا و ئیمکانی خۆیان پۆلی فێرکردنی زمانی کوردی بکەنەوە و خەڵک هان بدەن فێری زمانی کوردی بن.

- گۆڤاری نیشتمان یەکێک بوو لەو کارە گرینە فەرهەنگییە بوو کە کۆمەڵەی ژێکاف کردی. هاوکات ئەو گۆڤارە زمانحاڵی ژێکاف بۆ بڵاوکردنەوەی بیر و باوەڕەکانی ئەم ڕێکخراوەیە بوو. گۆڤاری نیشتمان کە ٩ ژمارەی لێ دەرچوو، هەلێکی باشی ڕەخساند بۆ ئەو نووسەر و شاعیرانەی کە بە هۆی قەدەغەبوونی زمانی کوردی تا ئەوکات نەیان توانیبوو بەرهەمەکانیان بە زمانی کوردی بڵاو بکەنەوە. لەهەمان کاتیشدا دەرفەتێکی باش بوو بۆ پەروەردە و دەرخستنی شاعیر و نووسەری نوێ.

- چاپکردنی ڕۆژمێری کوردی یەکێکی دیکە لە کارەکانی کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد بوو کە بۆ ماوەی دوو ساڵ و لە ساڵانی ١٣٢٢ و ١٣٢٣دا چاپ دەکران و بڵاو دەبوونەوە.

ئەو ڕۆژمێرانە بە شێعری نەتەوەیی و ئایینی ڕازێندراونەتەوە و هەندێک لە بیرەوەرییە گرنگەکانیشی تێدا نووسراون وەک:

١- ٢٥ی گەلاوێژ، دامەزرانی ژ.ک
٢- ٣٠ی پووشپەڕ، ساڵی دەرچوونی گۆڤاری نیشتمان.
٣- ١٦ی ڕەشەممە، ڕۆژی بنیادی چاپخانەی ژ.ک.

- دیاریی کۆمەڵەی ژ.ک یەکێکی دیکە لەو هەوڵانە فەرهەنگییانە بوو. ژێکاف ساڵی ١٣٢٢ چەند کۆمەڵە شێعرێکی لە نامیلکەیەکدا بەو ناوە بڵاو کردەوە.

لە ڕاستیدا ئەو چەند هەنگاوەی کە بەرپرسانی کۆمەڵە لەو سەردەمەدا ناویانە، سەرەتایەکی باش بووە بۆ گرینگیدان بە زمان و ئەدەبی کوردی و هاندانێکیش بووە بۆ نووسەر و شاعیرانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. هەر ئەو سەرەتایەش بووەتە بنەمایەک بۆ ئەو هەنگاوە گەورەی کە لە سەردەمی کۆماردا و بۆ پەرەپێدان و خوێندنی زمانی کوردی هەڵێنرا.

هەڵبەت پێش پێکهاتنی کۆماری کوردستانیش، حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بەرنامەی خۆیدا کە لە هەشت بەند پێکهاتبوو، گرنگیی تایبەتیی بە زمانی کوردی دابوو. لە بەندی ٢ی ئەو بەرنامەیەدا هاتووە: (نەتەوەی کورد مافی خوێندنی زمانی زگماکی خۆی هەبێ و تەواوی کاروباری ئیدارەکان بە هۆی زمانی کوردییەوە بەڕێوە بچێ).

هەروەک هەموومان دەزانین و مێژووش شاهیدە، کۆماری کوردستان لەگەڵ هەموو ئەو کار و دەسکەوتانەی کە لەو ماوە کەمەدا ئەنجامی داون، زۆر هەنگاوی گەورەی بۆ خزمەت و پەرەپێدانی زمانی کوردی هەڵێناوەتەوە کە پێویستە بە بایەخەوە لێی بڕوانرێ.

هەر لەگەڵ دامەزران و پێکهێنانی کۆماری کوردستاندا، ڕێبەران و کاربەدەستانی حکومەتی کوردستان گرینگیان بە خوێندن و پەرەپێدانی زمانی کوردی داوە و لەم پەیوەندییەدا کۆمەڵێک کاریان کردوە و چەندین بڕیاریان دەرکردوە، کە لە خوارەوە ئاماژەیان پێ دەدەین:

١- بەڕەسمی کردنی زمانی کوردی لە ئیدارە و شوێنە ڕەسمییەکان، چونکە پێشتر زمانی کوردی لەو شوێنانە قەدەغە بووە.

٢- بەڕەسمی کردنی زمانی کوردی لە قوتابخانەکانی ژێر دەسەڵاتی کۆماردا، بەمجۆرە بۆ یەکەم جار منداڵانی کورد توانییان لە قوتابخانە بە زمانی خۆیان بخوێنن و بنووسن. هەر لەم پەیوەندییەشدا وانەکان بە زمانی کوردی ئامادە کراون و دراون بە خوێندکاران.

٣- بە زۆرەملێ و خۆڕاییکردنی خوێندن بۆ منداڵان (کچ و کوڕ)، واتە زۆرخستنە سەر دایک و باوکەکان تا منداڵەکانیان بنێرنە بەر خوێندن.

٤- کۆکردنەوەی منداڵانی بێسەرپەرست و دابەشکردنیان بەسەر بنەماڵە دەوڵەمەندەکان و ناردنە بەر خوێندنیان لەگەڵ منداڵی خۆیان.

٥- یەک فۆرم کردنی جلوبەرگی خوێندکاران لە قوتابخانە، تاکوو منداڵان هەست بە جیاوازی نەکەن و بۆ هاندانی زیاتریان و بەردەوام بوونیان لە خوێندن.

٦- گۆڕینی ناوی قوتابخانەکان لە فارسییەوە بۆ کوردی، نموونە: گۆڕینی ناوی مەکتەبی پەهلەوی بە کرمانجی کوردستان و ناوی چەند قوتابخانەی دیکەش گۆڕان بە "گەلاوێژ" ، "کوردستان" و "پێشەوا" و هەندێک قوتابخانەی نوێ لە شارەکانی مەهاباد، بۆکان و شنۆ کرانەوە و قوتابخانەیەکی تایبەت بە کچانیش هەر لە شنۆ کرایەوە.

٧- نوسینی ناوی قوتابخانە و دووکان و گشت ئەو شوێنانەی تابلۆیان لەسەر بوو بە کوردی و، گۆڕینی ناوە فارسییەکانیان بۆ سەر زمانی کوردی.

٨- کردنەوەی پۆلی تایبەتی بۆ ئەو کەسانەی نەخوێندەوار بوون و هاندان و پاڵپشتیکردنیان بۆ چوونە ئەو کەلاسانە و لەو پێوەندییەدا دابینکردنی پێداویستییەکانیان.

٩- ژنان گرنگی زۆریان پێ دراوە و لەگەڵ ئەوەی ڕێکخراوی تایبەت بە خۆیان هەبووە، لە بواری خوێندنیشەوە گرنگی زیاتریان پێ دراوە و هان دراون بۆ خوێندن و پۆلی تایبەتی نەخوێندەوارییان بۆ دانراوە.

١٠- هێنان و دامەزراندنی چاپخانە لە شارەکانی مەهاباد و بۆکان هەوڵێکی دیکە بوو بۆ خزمەت بە زمان و کەلەپووری کوردی.

١١- دەرکردن و چاپی کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامە، بە زمانی کوردی، کە هەر یەکە و بە نۆرەی خۆی خزمەتی بە گەشەی زمان و ئەدەبی کورد کردووە.

١٢- دانان و کردنەوەی کتێبخانەی نیشتمانی.

١٣- پەروەردەی مامۆستا و هاتنی مامۆستای زمانی کوردی لە باشوورەوە بۆ مەهاباد، کە خزمەتی زۆریان بە زمانی کوردی کرد.

١٤- وەرگرتنی بۆرسەی خوێندن بۆ لاوان و ناردنیان بۆ دەرەوەی وڵات بە مەبەستی درێژەدانی خوێندن و خوێندنی ئەفسەری.

١٥- هەر لە سەردەمی کۆماری کوردستان بڕیار درا زمانی حوکمڕانی، زمانی شەرع و قانوون، زمانی بازرگانی، زمانی پێشمەرگایەتی بکرێتە زمانی کوردی و دەبێت کاری پێ بکرێ.

هەر زوو بیر لەوەکرایەوە کە وشەیەکی گونجاو بۆ چەکداری کورد بدۆزرێتەوە و بکرێتە جێگرەوەی زاراوەی بێگانە و وشەی "پێشمەرگە" وەک هێزی چەکداری کۆمار کوردستان، بەڕەسمی هاتە نیو ئەدەبیاتی سیاسیی و نیزامیی کورد لە کوردستان.

١٦- خوتبەی مزگەوت کرا بە کوردی، پێشتر خوتبەی مزگەوتەکان بە زمانی عەرەبی بوون، بەڵام لە لایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە بڕیار درا خوتبەی نوێژی هەینی بە کوردی بێت.

١٧- یەکێکی دیکە لە کارە گرنگەکانی «هەیئەتی فەرهەنگی» ماوەنەدانی شێواندنی زمانی کوردی بوو، بە ناوی داهێنانی وشەی تازە و دروستکراوەوە.

## ئەنجام:

بەڕێوبەرانی کۆماری کوردستان هەر لە سەرەتاوە دەرکیان بەو مافخوراوی و غەدرە کردووە، کە لە لایەن ڕێژیمی حاکم بە سەر ئێراندا لە کورد و منداڵانی کوردی دەکرد و باش دەیانزانی کە بە بەرنامە و نەخشەیەکی زیرەکانە هەوڵی سڕینەوەی زمان و فەرهەنگی نەتەوەی کوردیان داوە و ویستوویانە ڕۆڵەکانی لە دواکەوتووی و نەزانیدا بمێننەوە. بە لەبەرچاوگرتنی ڕاستییە کە زمانی هیچ نەتەوەیەک بەبێ هەبوونی دەسەڵاتی سیاسی ناتوانێ وەکو پێویست لە بوارەکانی سیاسی، قانوونی، ئابوری و دیپلۆماسی... هتد، گەشە بکا و دەوڵەمەند بێت؛ کۆماری کوردستان دەسەڵاتی خۆی لە خزمەت پەرەپێدانی زمانی کوردی دانا.

لەگەڵ ئەوەی ڕێبەرانی کۆمار و حیزبی دێموکرات، بەو پەڕی دڵسۆزی و خەمخۆرییەوە لە فکری منداڵانی کورد و خوێندنیان بە زمانی دایکی لە خوێندنگەکاندا بوون، خودی شەخسی پێشەوا بۆ خۆیشی وەک سەرۆکێکی خەمخۆر و بەمشوور بۆ دوارۆژی گەل و وڵاتەکەی بایەخی زۆری بە پەروەردە و بارهێنانی منداڵانی کورد بە شێوەیەکی سەردەمیانە داوە.

پێشەوا لە وتاری ٢ی ڕێبەنداندا بە شانازییەوە باس لەو کارانە دەکا کە لەو ماوە کەمەدا ئەنجام دراون:

"چەند مەدرەسەی کچان و کوڕانمان کردەوە، مەدرەسەی شەوانەمان دایر کرد و کتێب بە زمانی کوردی تەرجەمە کران... کوڕ و کچ و پیاوی گەورە لە مەداریسی شەوانە و ڕۆژانە بە زمانی کوردی دەخوێنن و لە جیاتی ئەوەی شەش حەوت ساڵ خەریکی خوێندن و فێر بوونی فارسی بن لە مانگێک و دوو مانگدا دەبنە خوێندەوار و هەموو شتێک دەخوێننەوە و دەنوسن."

پێشەوا قازی محەمەد زۆر هەوڵی داوە گەلی کورد لە گرینگیی خوێندن و خوێندەوار بوون ئاگادار بکاتەوە تا ڕۆڵەکانی نەتەوەکەی بە دنیای پێشکەوتوو و زانستی سەردەم ئاشنا بن و لە گەلانی پێشکەوتوو دوا نەکەون.

پێشەوا دواجار لە وەسیەتنامەکەیدا دەفەرموێ: **"بڕۆن بخوێنن و بە دوای زانستدا بگەڕێن."**

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان کورد - ڕێکەوتی: ٢٠ی جانێویری ٢٠٢١

# کۆماری کوردستان و شۆڕەسوارانی هەورامان



عادڵ مەحموودی

کۆماری کوردستان بە هۆکار و هەلومەرجی تایبەتی ئەوسەردەم لە ناوچەیەکی دیاریکراو و کاتێکی دیاریکراودا دامەزرا و ناوچەی ژێر دەسەڵاتی کۆمار سنووردار بوو، هەر ئەو بارودۆخە تایبەتییەش وایکردووە کە بەرژەوەندیخوازان و نەیارانی گەلی کورد و کۆمارەکەمان، تێکۆشاون و تێدەکۆشن بە کۆماری "مەهاباد" و خێڵەکی و پەنگخواردوو لە سنوورێکی بەرتەسکدا پێناسەی بکەن، بەڵام ئەزموون و دەسکەوتە مێژووییە لە ڕاستیدا بۆ دڵسۆزان و نیشتمانپەروەرانی گەلی کورد نەک هەر لە ناوچە جیاجیاکانی خوارووی کوردستانی ڕۆژهەڵات، وەک سنە، هەورامان، کرماشان، ئیلام و لوڕستان، بەڵکو لەهەر چوار پارچەی کوردستان هەمیشە وەک هەتاوێکی پرشنگدار چاوی لێکراوە و دەکرێ. وەک چۆن خۆرەتاو بۆ ناردنی پرشنگەکانی پێویست ناکا خۆی لەوێ بێ، هەتا تین و ڕووناکیی بڵاو بکاتەوە؛ کۆماریش ئەگەرچی وەک جوگرافیا، خوارووی کوردستانی نەتەنییەوە، بەڵام بێگومان پرشنگەکانی هەموو ناوچەکانی کوردستانی گرتەوە.

نوێنەرانی چین و توێژە جیاجیاکانی ئەو ناوچانە کە لە دەرەوەی جوگرافیای ئەو کۆمارە بوون، یان لە ڕێوڕەسمی دامەزراندنی کۆماری کوردستاندا بەشدار بوون و، گەیشتنە خزمەتی پێشەوای نەمر و ئەو شانازییەیان بە نسیب بوو، یان ئەگەر ئەو هەلەیان بۆ نەڕەخسابێ هەتا لەو جەژنە نەتەوییەدا بەشدار بن، بەڵام بە ناردنی نامە یان پەیامبەرێک، پەیامی هاوکاری و پشتیوانیی خۆیان لە کۆمار و پێشەواکەی ڕاگەیاند.

یەکێک لەو ناوچانەی کە بە شێوەی جۆراوجۆر بەشداریی لە ڕاگەیاندنی کۆماردا کرد و ئامادەیی و پشتیوانی خۆیی لە کۆماری کوردستان دەربڕی، ناوچەی هەورامان بوو. ناوچەی هەورامان لە هیچ سەردەمێکدا بەو ئاسانییە ملکەچ و باوەشکراوە نەبووە بۆ هیچ هێژموونییەکی ڕامیاری، یان بیروباوەڕێکی ئایینی، کە مێژووش دانی بەو هەڵوێست ژیربیرانەیەی خەڵکی هەورامان داناوە، بە تایبەت لە وەرگرتنی ئایینەکاندا، - بۆ نموونە ئایینی ئیسلام دوای دەیان ساڵ شەڕ و بەربەرەکانێ ئەوجا توانیی لە ناوچە جیاوازەکانی هەوراماندا جێ بکەوێ، ئەویش تەنیا لەبەر ئەوەی کە تووشی شەڕ و ماڵوێرانی نەبن- بەڵام لە بابەتە نەتەوەییەکاندا یان پێشەنگ بوون یان زۆر بە گەرمی بە هانایانەوە چوون و ڕەگەڵ کەوتوون.

کەسایەتییەکی ناودار و ڕێبەریکی شۆڕشگێڕی ناوچەی هەورامان کە لە مێژووی شۆڕشەکانی گەلی کورددا بەناوبانگە "مەحموودسانی دزڵی"یە. مەحموودسان ئەو ڕێبەرە شۆڕشگێڕە بووە کە باوەڕی قووڵی بە سەربەخۆیی گەلی کورد و کوردستان بووە و هەڵوێستی نەتەوەیی زۆری بووە و چەندین بەرگریی قارەمانانەیشی لە بەرانبەر دوژمنانی گەلی کورددا تۆمار کردووە.

مەحموودسان لە ناوچەکانی هەورامان و مەریوان دەسەڵاتێکی دادپەروەر و، هێزێکی - بە دانپێدانانی ئینگلیسییەکان- پۆشتە و یەکجار مەزنی هەبووە و لەهەر ناوچە، یان تەنانەت پارچەیەکیتری کوردستان حەوجێیەک هەبا و پێویستییان بە هاوکاری بووبا، بەبێ لەبەرچاوگرتنی ناوچە یان زاراوە، بە ئەرکی سەرشانی خۆیی زانیوە کە بە هانایانەوە بچێ و ڕۆیشتوویشە، بۆ نموونە ڕزگارکردنی شاری سلێمانی لە چەنگ ئینگلیزەکان بە هێز و فەرماندەیی مەحموودسان لە مێژوودا کەموێنەیە و جێگای شانازی.

مەحموودسانی دزڵی کە فەرمانڕەواییەکەی لە ناوچەی هەورامان و مەریوان بوو، هاوچاخی سەردەمی دامەزرانی کۆماری کوردستان بووە، سەرەڕای ئەوەی کە جوگرافیای فەرمانڕەواییەکەی لە کۆماری کوردستان بەپێی سەردەم زۆر دوور بووە و بە هۆکاری ئەوەی کە لە گەڵ ئینگلیز و دەسەڵاتی ناوەندی لە شەڕدا بووە و بەردەوامیش بە دوایەوە بوون هەتا بە جۆرێک لە ناوی ببن، نەیتوانیوە لە دامەزراندنی کۆماری کوردستاندا بەشدار بێت، بەڵام یەک لەو ڕێبەرانەی کورد بوو کە لە دەرەوەی سنووری جوگرافیای کۆماری کوردستان، بە گەرمی پێشوازی و پشتیوانیی لە کۆماری کوردستان کرد و ئاڵای ئەو کۆمارەی لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆیدا هەڵکرد و بە فەرمیی ناسی.

شێخەکانی ڕێبازی نەقشبەندیش لە هەورامان و بە تایبەت لە گوندی بیارەدا، کە ئەو سەردەم ناوەندێکی یەکجار گەورەی

زانستی نەک تەنیا لە هەورامان، بەڵکوو لە هەر چوار پارچەی کوردستان بووە و شێخ عەلائەددینی نەقشبەندی سەرپەرەشتیی کردووە، ئەو توێژە بوون کە بە فەرمی پشتیوانیتان لە کۆماری کوردستان و پێشەوای نەمر کرد. ئەوان لە ماوەی ئەو تەمەنە کورتە پڕ لە دەسکەوتەی کۆماردا چەند جار پەیامبەرەکانیان بۆ هاوکاری و پیشتیوانی لە کۆمار ناردووەتە شاری مەهاباد و تەنانەت یەکێک لە پەیکەکانیان لە ڕێگادا دەگیرێ. ئەو پەیامبەرە کە لەسەروبەندی کۆتاییەکانی تەمەنی کۆماردا بە نامەیەکی شێخ عەلائەددینەوە کە بۆ پێشەوای ناردووە دەگیرێ، دەسبەجێ دەیکوژن.

شێخەکانی ڕێبازی نەقشبەندی هەر تەنیا وەکوو هاوسۆزی پشتیوانییان لە کۆمار نەکردووە، بەڵکوو حاجی بابەشێخ کە سەرۆکوەزیرانی کۆماری کوردستان بوو، دەبوو بە خۆشکەزای شێخ حیسامەددینی نەقشبەندی. شێخ حیسامەددین یەکێک بووە لە ڕێبەرە ئایینیەکانی ڕێبازی نەقشبەندی و کەسایەتییەکی ناوادارە کە هەتا ئەمڕۆکەیش بە هەزران دەروێشی لە ناوچە جیاوازەکانی کوردستاندا هەن و سەردانی گڵکۆی ئەو شێخە لە گوندی (باخەکۆن)ی هەورامان دەکەن.

یەکێک لەو هۆکارانەیش کە دوای کۆماری کوردستان حاجی بابەشێخ کە سەرۆکوەزیرانی ئەو کۆمارە بوو و بەپێی پلە و پایە لە هەموو وەزیرەکان پلەبەرزتر بووە، توانی لە مردن ڕزگاری بێت تەنیا ئەوە بوو کە بە هەزاران دەروێشی حیسامەددینی پشتیوانییان لێدەکرد. دیارە لەو سەردەمەدا هەستی ئایینی زۆر بەهێزتر بووە لە هەستی نەتەوەیی و، هەر لەبەر ئەوەش بوو کە دەسەڵاتی ناوەندی نەیدەوێرا دەست بۆ بابەتی ئایینی ببا، چوونکە ترسی لە شۆڕشێکی ئایینی هەبوو.

شێخەکانی هەورامان هەر تەنیا پشتیوانییان لە کۆماری کوردستان نەکردبوو، بەڵکوو پشتیوانییەکی یەکجار زۆریان لە دەسەڵاتەکەی مەحموود پاشا لە سلێمانیش کردبوو و ڕابردوویەکی زێڕینیان لە پشتیوانیکردنی دەسەڵاتە کوردستانییەکان تۆمار کردبوو.

هەر ئەو خزمایەتیی و پێوەندییە دێرینەی شێخەکانی هەورامان لەگەڵ کۆمار و پێشەوا و کابینەکەی وایکردبوو کە لە دوای کۆماری کوردستانیش، عەبدوڵڵا ئیسحاقی، کەسی یەکەمی حیزب لەو کاتدا سەرەتا بڕیار دەدەن کە کۆنگرەی دووهەمی حیزبی دیموکرات لە ناوچە شاخاوییەکانی هەورامان لە هەوارگەی (کراویەدۆڵە) کە هاوینە هەوارێکی شێخ حیسامەددینی نەقشبەندی بووە، بگرن. هەرچەند ئەو کۆنگرەیە لەوێ نەگیرا، بەڵام ئەگەر پێوەندییەکی پتەو لە نێواندا نەبووبێ هیچکات بیریان لە وەها قەرارێک نەدەکردەوە.

لە بەشێکی‌تری هەورامان کە هەورامانی لهۆن و شاری پاوە و هاوسنووری ناوچەی جافایەتییە، بە هاوئاهەنگیی سانەکانی هەورامان و سەرۆک هۆزەکانی جوانرۆ و سەلاسی باوەجانی، بۆ پشتیوانی‌کردن لە کۆمار و دەسەڵاتی کوردی نزیکەی سێسەد سواری چەکدار بەرەو شاری مهاباد دەڕۆن و لە جێژنی دووی ڕێبەنداندا بەشداری دەکەن. لەوانەیە هیچکام لەو سوارچاکانە نامەی بانگهێشتیان لە کۆمارەوە بۆ نەچووبێ، بەڵکوو ئەوە تەنیا نیشانەی هاوکاری و پشتیوانی‌دەربڕینی سانەکانی هەورامان و دەوروبەری بوو، کە ئەو سوارانەی پۆشتە و پەرداخ کردبوو و بەرەو کۆمارێک وەڕێی خستبوون کە هەموو ناوچەکانی تری ئەو کوردستانە بە هی خۆیان دەزانی و پەیمانی هاوکاری و پشتیوانییان لەگەڵ دەبەست.

لە سەروبەندی دامەزرانی کۆماری کوردستاندا، هەر لە پێوەندی لەگەڵ کۆماری کوردستان و پشتیوانی و هاوکارییەکانی ناوچەی هەورامان، بە وتەی ڕیش‌سپییانی ئەو ناوچەیە لە سەردەمی دامەزرانی کۆمار لە زۆربەی گوندەکانی ناوچەی هەورامان لە مزگەوتەکاندا دۆعای دەورەیان کردووە و وەکوو جەژنێک پیرۆزباییان لە یەکتری کردووە و لە مەکۆی گوندەکاندا هەتا ماوەیەکی زۆریش جێگەی باس و شیکاریی خاوەن ڕا و سەرشناس و ڕووناکبیرانی ئەودەم بووە.

ئەو کورتە باسەی لێرەدا کرا، تەنیا تیشکۆڵەیەک بوو لەسەر هەندێک لەو هاوکاری و پشتیوانییانەی ناوچەی هەورامان لە سەردەمی دامەزراندنی کۆماری کوردستاندا وەکوو ئەرکێکی نەتەوەیی ئەو ناوچەیە، ئەگەرنا بەڵگەنەویستە کە ناوچەی هەورامان هەموو کاتێک مافویست، سەربەخۆیی‌خواز و شۆڕشگێڕ بوون. ڕووداوەکانی مێژووی هاوچەرخ پێمان دەڵێن ناوچەی هەورامان و هەورامییەکان بە درێژایی مێژوو لانیکەم لە سەردەمی فەرمانڕەوایی ئەردەڵانییەکان لە خەبات و گیانبازیدا لەسەر هەست و گەرموگوڕ بووە کە دەتوانین وەک نموونە ئاماژە بە فەرماندەیەکی وەک ئەڵماخانی کەنۆڵەیی بکەین کە لە زۆربەی شەڕەکاندا وەک فەرماندەیەکی لێهاتوو ناوبانگی بووە و، دواجار لە شەڕێکی دژی عوسمانیەکاندا لە کەرکووک بە هۆی زۆریی هێزی عوسمانی تێک دەشکێ. ئەم ڕەوتە لە بەدرێژایی مێژوو بەردەوام بووە و لە ئێستاشدا خەڵکی ئەو ناوچەیە، لە هەموو مەیدان و جۆرەکانی خەباتدا بەشدارن و شان‌بەشانی ناوچەکانی‌تری کوردستان لە سەنگەری خەبات و تێکۆشاندا و ماندوویی‌نەناسانە تێدەکۆشن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان کورد - ڕێکەوتی: ٢٠ی جانێوێری ٢٠٢١

# ٢ی ڕێبەندان لە ئاوێنەی مێژوودا




**ئامادەکردن بۆ سەرلەنوێ بڵاوکردنەوە: عومەر باڵەکی**

دووی ڕێبەندانی ئەوساڵ هاوکاتە لەگەڵ ٧٥ساڵەی ڕاگەیاندنی دامەزرانی کۆماری کوردستان لە شاری مەهاباد، بە ئامادەبوونی ٢٠ هەزار کەس لە چین‌وتوێژە جۆراوجۆرەکانی سەرانسەری کورستان. لەبارەی چۆنیەتیی ڕاگەیاندنی کۆمار لەسەر دەستی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە ڕێبەریی پێشەوا قازی محەممەد هەتا ئێستا گەلێک وتار و بابەت نوسراون کە باس لە ساتەوەختەکانی ئەو ڕۆژە مێژووییە دەکەن کە خەڵکی بەشداری ڕێوڕەسمەکە بە چ شەوق و خۆشییەکەوە پێشوازییان لە ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان وەک حکومەتێکی کوردی کە ئاواتی چەندەها ساڵەی نەتەوەی کورد بوو، کردووە. بەڵام ئەوجارە لە یادی ساڵرۆژی دامەزراندنی کۆماری کوردستاندا لە زمان ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەی "کوردستان"، زمان‌حاڵی حیزبی دێموکراتەوە هەوڵ دەدەین بۆ جارێکی دیکە و دوای تێپەڕبوونی ٧٥ساڵ، کەشی ئەو ڕۆژە و هەستی بەشدارانی ڕێورەسمەکە زیندوو بکەینەوە و بیخەینە بەرچاوی خوێنەرانی ڕۆژنامەی "کوردستان."

٧٥ساڵ لەمەوبەر لە ڕۆژنامەکانی ژمارەی ١٠ و ١١ی "کوردستان" بە ڕێکەوتی ١٥ و ١٧ی ڕێبەندانی ١٣٢٤ی هەتاوی ڕاپۆرتێک بە قەڵەمی سەید محەممەد حەمیدی لەژێر سەردێڕی جێژنی سەربەخۆیی و ئیستقلالی کوردستان یا دەروەشینی ئەستێرەی خۆشبەختی کوردان کە باس لە چۆنیەتیی بەڕێوەچوونی میتینگی بەربەرینی خەڵکی کوردستان دەکا، بڵاو بۆتەوە. دەقی ئەو ڕاپۆرتە بەمجۆرەیە:

"ڕۆژی ٢٨ی مانگی بەفرانباری ١٣٢٤ی هەتاوی هەیئەت مودیرەی هەموو لکەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و نوێنەرانی قەبائیل و عەشائیر و تەواوی تەبەقات لە مالیک و غیرە مالیک هەر یەک لە چەند سەد فرسەنگ ڕێگاوە بۆ کانوونی ئیحساساتی میللی و قیبلەی ئارەزوو و ڕووناکیدەری ئەفکاری هەمووانی خۆیان (شاری پڕ لە ئیفتیخاراتی میللیی مەهاباد) وەکوو بولبول بۆ لای گوڵ، وەکوو پەپوولە بۆ دەوری چرا هاتن و کۆبوونەوە.

لەم ویشکەسەرمای چلەی زستان بە نێو بەفر و ڕنووی زۆردا چەند هەزار برایانی ئێمە بێ ئیختیار تەنیا بە حوکمی وێژدان وەکوو عاشق بۆ لای مەعشووق یا چاکتر بڵێم وەکوو ئاسن بۆ لای ئاسنڕفێن بە توندی لینگیان دا و هاتن و هەستی سەرما و مەینەت وماندوویەتیی ڕێگایان نەکرد، هەموو بە ڕووخۆشی و پێکەنین دەگەڵ چەپڵەڕێزانی بێوچان، لەکاتیکدا کە وەکوو رعد دەنگی هوڕا کیشانیان بۆ ئاسمان بەرز دەبووە.

## بۆچی؟

چونکە عەشق: عەشقی نیشتمان، عەشقی ئازادی و سەربەخۆیی، عەشقی پێشەوای خۆشەویست و ڕەهبەری بزۆرگواریان، ئەوانی وەڕێ خستبوو. چونکە فریشتەی ئیقباڵ و پەریی سەعادەت و خۆشبەختی لە لا سەروی فەزای گیان فێنککەرەوەی مەهاباد ئەوانی بە دەنگی دڵ لاوێنەوە و گیانپەروەری خۆی بۆ بەشداربوون لە دیتنی ئەستێرەی خۆشبەختی و فەیز وەرگرتن لە مواهبی هەرە گەورەی عالمی سەرەوە بانگ کردبوو.

دڵان هەموو پێکەوە و لە یەک سەرچاوەوە پڕ لە میهر و وەفا بوون. گیانیان هەموو لەگەڵ یەک و لە یەک سەرچاوەوە (منشا) شین و سەوز ببوون. حیزبی دێموکراتی کوردستان ئەو دڵانەی پێکەوە ڕاگرتبوو و هەستی میللی ئەو گیانانەی بە یەکەوە بەستبوو.

### ئەمانە هەمووی لە کوێڕا بوون؟

هەموو لە هێزی دەستی بەیزا و ئیعجازی وێنە مسیحایی بێوێنەی کورد و تاقە کوڕی بە شەهامەتی کوردستان مامۆستا و ڕێبەری مەزنی حیزبی دێموکراتی کوردستان، جەنابی قازی محەممەد، کە دەگەڵ جد و جەهدی خەلەل ناپەزیر و باوەڕی ڕاسخ و شوجاعت و مەتانەتی بێئەژمار ڕێگای ڕێنمایی قەومی خۆی وەپێش گرت و تەواوی خەتەراتی زۆر سامناک و بەرهەڵستی زلی ملۆزمان و دوژمنانی بە نەبوو دانا و بەبێ شک و تەردید و خەیاڵات هەوەڵ بە لابردنی هەموو

بەرهەڵستەکان خەریک بوو، پاشان بە فەراهەمکردنی زەمینە و ئیجاد و ئیستمدادی کۆمەڵ لە ڕێی دانانی حیزبی دێموکراتی کوردستان ئیقدامی فەرموو.

ئەی کوردستانی مەزن، ئەی دایکی نۆ میلیۆن کوڕانی ڕەشیدی کورد، سەرت لە دۆشکی بێماری و دیلی هەڵێنە و نیقابی سپیی بەفر لە ڕووی خۆت هەڵگرە و بۆ کفن بە کورەکانتی واگوزار بکە، ئەوەتا ئەرشەدی کوڕەکانی تۆ ئێعجازی کرد و پەلوپۆی فێڵ و تەڵەکەی خرابکارانی لەبەریەک دەرێنا و ژیان و خۆشبەختی بەیەکجاریی بۆ کوڕەکانتی سازوقائیم کرد.

ئەی نیشتیمانی ماد و ئەشکانیان، ئەی لانکەی سەلاحەددین و نوورەددین و دیسەم مەزگێنیت لێ بێ ئاخر میکرۆبی ئەنواعی نەخۆشییان لەم خاکە ماڵدراوە و کوڕانی تۆ وەک دانەی بەرمووری گەوهەر هۆندراونەوە و لە حزووری پێشەوای بزۆرگواری خۆیاندا بە سان دەڕۆن و بە دەنگی بەرز دەڵێن بژی کورد و کوردستان و دڵی گڵاوی دوژمنان وەلەرزین دێنن.

ئەی جێگای باب و باپیرمان شاد و خوڕەم بێ کە زستان بە تازە بەهار و بەفر و ڕنوو بە گوڵستان گۆڕدراوە، ئەوەتا ڕۆژی دووی ڕێبەندان سەعاتی هەشتی بەیانی خۆشترین و ڕووناکترین ڕۆژی مێژووی شەش هەزار ساڵەی تۆ گەیشتووە، لە سێ ڕێی قازی هێزی بەهێزی دێموکرات بە سازوبەرگ و ئەسلەحەوە لە لایەک و قوتابییانی کچ وکور لە لایەکی دیکە و بیست هەزار نەفەر لە تەواوی تەبەقاتی نەتەوەی بەرزی کورد هەریەک لەجێی خۆی بە تەرتیب ڕیزیان بەستووە و ئاڵای سێ ڕەنگی کوردستان لە هەموو لایەکی میتینگەکەوە و لە ڕاست و چەپی جێگای تایبەتی پێشوای گەورە کە لە قەلبی میتینگدا قەراری گرتووە، دەلەرێتەوە. ئامادەبووان هەموویان چاویان بریوەتە ڕێی پێشەوا. ئاسمانی مەهاباد ڕووی خۆی ساف و ڕووناک کردووە و ڕووپەردەی هەوری لە ڕووی هەڵایساوی خۆی هەڵگرتووە و هەموو چاوەڕوانی موکبی موبارەکی پێشەوان. بەڵی چاوەنۆڕن و دەبێ چاوەنۆڕیش بن چونکە عەشق و عەلاقە، خۆشویستن، ئیحساسات، میللیەت، هۆمێدی سەربەستی لە ڕەگ و شاڕەگی ئەودا دەگەڕێ و نوختەی یەکیەتی و ئیتسالی هەمووان وجوودی مەسعودی ڕەهبەری گەورەیە.

لەوکاتەدا بزۆکی پێشەوای خۆشەویست لەنێو سەلامی نیزامی و چەپڵەڕێزان و هوڕا و ئیحساسات و شەوق و شەعفی فەوقولعادەی کۆمەڵدا وەدەرکەوت و پێشەوای بەرز لە کاتێکدا ئەندامانی کۆمیتەی مەرکەزی لە پشت سەریەوە دەهاتن و ئاڵای سێ ڕەنگی کوردستان لە ڕاست و چەپی تریبوون لە ئیهتزازدا بوو و ئەستۆی بەرزی بۆ ئاسمان هەڵێنابوو، نزولی ئیجلالی فەرموو.

مەتابەقی بەرنامەیەک کە لە پێشدا سازکرابوو بە تەواوی حوززار ڕۆژباشی فەرموو و پاشان لە تریبوون هاتە خوارێ و بە

پێش تەواوی گوردان و گروهان و دەستەی سەربازان و پێشمەرگەکانی کوردستاندا هات و هەمووی تەماشا کردن و بە هەمووان ڕۆژ باشی فەرموو. لەوکاتەدا بە دەستوری معاوینی فەرماندەی هەموو هێز لە لایەن سەربازان و پێشمەرگەکان و تۆپخانەی کوردستان دە دەقیقە بێوچان بە ئیفتخاری سەربەستیی کوردستان و ناساندنی ڕئیس جمهوری کوردستان شلێنگ کرا.

پاشان لە کاتیکدا کە دەنگی هوڕا دەچوو بۆ ئاسمان و لە قەلبی میتینگدا موزیک و سرودی میلیی کوردستان لێدەدرا و دەخوێندرایەوە، برای خۆشەویست غەنی خوسرەوی، شارەداری مەهاباد بە پێی دەستوور هاتە پێشەوە و بە تەرتیبی ژێرەوە میتینگی ئیفتتاح کرد و گوتی: ئەمن غەنی خوسرەوی، شارەداری مەهاباد ئەو موفەقیییەتە گەورەیەی کە میللەتی کورد لە پاش هەزاران قوربانیدان ئەوڕۆ لە نەتیجەی فەعالییەت و کارزانی و میللەتپەروەریی فەوقولعادەی پێشەوای موعەزەمی کوردستان جەنابی قازی محەممەد نەسیبی بووە، پیرۆزی و مبارەکبادی بە مەقامی گەورەی مەزن و میللەتی ڕەشیدی کورد عەرز دەکەم و میتینگ و جەلەسەی ئەوڕۆ بە ناوی شاری مەهاباد ئیفتتاح دەکەم و بە دڵێکی خاوین و پاکەوە دەڵێم بژی پێشەوای موعەزەمی کوردستان.

**نوتقی جەنابی پێشەوا و ڕەئیس جمهوری بەرزی کوردستان:**

کوردستان موقعییەتێکی مەخسووسی هەیە کە بێپسانەوە و بێ ئەوەی نەتەوە و میللەتێک کە لە نێویاندا فاسڵ و لێکیان بپچڕێتەوە، کورد بەسەر یەکەوە و پێکەوە سکونەتیان تێدا هەیە و دارای مالکییەتی میلین دەوێدا. بەسەرهات و سەوابقی تاریخییان یەکە و عموومەن تێیدا شەریکن. خاوەنی ئاداب و عادەت و ڕسوومی میللەتێکی وان کە هیچ جۆرە سەدەمە و حوادیسێک نەیتوانیوە سستییەک لە بناغەی میللەتی ئەواندا پەیدا بکا.

کورد لە قەدیمڕا هەزاران پادشا و حوکمدار و تەشکیلاتیان بووە. هەر لەم کوردستانی ئازادەی ئیستادا بنەماڵەی ئۆمەرای موکری کە سەرلسلەی ئەوان ئەمیر سەیفەددین بووە تا (١٠٢٠ کۆچی) بە ئیستقلالی، یەک لە دوای یەک ئەمیر سەیفەددین، سارم بەگ، شێخ حەیدەر، ئەمیر بەگ، ئەمیر پاشا، تا دەگاتە قوبادخان، بە دەسەڵات و قودرەتەوە حکومەتیان کردووە.

میللەتی ڕەشید و بەغیرەتی کورد لە هەموو دەور و زەمانێکدا هەرکەس خەیاڵی ئیستیلای نیشتیمانی ئەوانی بووبێ، بەرەنگاری بوون و بەربەرەکانییان کردووە و لە هیچ فیداکارییەک دەستیان دانەنواندووە. لە پاش لە دەستچوونی سەلەتەنەت و حوکمداریشیان بۆ وەگیر خستنەوەی ئیستقلال و ئازادی بە میلیۆن قوربانییان داوە، لەبەر ئەوەی کە هەمیشە

لە موبارزە و ملەدا بوون، هیچ جۆرە ئەزیەت و ئازارێک نەماوە نەیچێژن و نەیبینن.

لەگەڵ ئەوەش هەموو کوێرەوەری و کوشتن و برینێکیان تەحموول کردووە و قەت لە ئامانج و ئارەزوی خۆیان شل نەبوونەوە و لەرێی وەدەستخستنەوەی ئازادیدا وچانیان نەداوە. بە دڵێکی فراوان و هێز و عەزمێکی هیندە سابیتەوە تێکۆشاون تا ئیستا هێزێکی وا بەهێز نەبووە بتوانی تێکرا خەفەیان بکا، میرە کوێرەیان کوشتووە، بابانییەکان سەریان هەڵداوە. بابانیان بێدەنگ کردووە، ئەردەڵان هاتوون. ئەوانیان لە ئەرزی داوە بیتلیسی بەرز بوونەوە و هەزاری وەک ئەوان.

لەو دواییانەدا لە پاش شەڕی بەینەولمللیی پێشوو کە دیکتاتۆری ئێران و تورکیە هاتنە سەر کار، زمان و عادەت و مەزهەب و ئیحساساتی میللیی کوردیان بە جارێک لاواز و کز و کەنەفت کرد. لە هیچ وەحشییەت و دڕندەییەک ڕانەوێستان، خوێندن و نووسینی کوردی مەمنووع و پۆشینی لیباسمان قەدەغە بوو. نەیاندەهیشت لە هیچ جۆرە مزایا و حقوقێکی بەشەرییەت بەشمان بێ، ڕێگای فێربوونی عیلم و سەنعەتیان لێ بڕیبووینەوە. هەر ڕۆژێ بە بەهانەیەک و هەر دەمێ بە تەشقەڵەیەک دەستە دەستە و پۆل پۆل کوردی هەژار و بەدبەختیان حەبس و تەبعید دەکرد و دەیانکوشتن و لەبەینیان دەبردن، حاسڵ و دەسترەنجی ئەو میللەتە بێچارەیان دەبرد بۆ خۆیان و ئەوانیشیان برسی و تینوو و ڕووت و قووت دەهێشتەوە.

تا لە شەهریوەری ١٣٢٠دا فریشتەی ئازادی دەزگای دیکتاتۆری و فاشیستیی ڕەزاخانی تێکشکاند. کورد سەری لەو هەموو فشار و ئەزیەتە کەمێ فارغ بوو و فەوری ئیحساسی کرد کە چۆن دەبێ لە فورسەت ئیستفادە بکا، و ڕێگای سەلاح و وەدەستختنی ئازادیی ئەو میللەتە چییە و چی بکا؟ پیاوانی بەبیر و هۆش و بەشەرەف کە زۆر لەمێژ بوو خوێنی دڵیان دەخواردەوە بۆ زەلیلیی ئەو میللەتە دووکەڵ لە دەروونیان دەهاتە دەرێ، زۆر زوو تەشخیسیان دا کە وەختی کارە و لەو فورستە دەبێ بەهرە وەرگیرێ و ئەوە تەواو ئەو ڕۆژەیە کە پشتاوپشتمان چاوەڕوانی بوون. یەک جار خێرا و بێوچان و ڕاوەستان دەستیان بە کار کرد و حیزبی دێموکراتی کوردستانیان تەشکیل دا و بە دەستوبرد خەریکی کاروباری میللی بوون و بە چاوێکی ورد و بەدیقەت ئیحتیاج و پێداویستیی کوردیان تەشخیس دا و بەدی کرد.

لە پێش هەموو شتێکدا ئیختلافات و دووبەرەکانیی عشائیری کە بە دەسیسە و حیلەبازیی ئیستعمارچی و دیکتاتۆران بۆ ئیستسمار و خواردن و کروساندنەوەی ئەو میللەتە بە قەولی خۆیان (تفرقه بیانداز و حکومت کن) لە بەینی خستبوون و تا ئەندازەیەک ئەو ئاورە بڵیسەی ئەستاندبوو، برای دایکوبابی لە یەک ترازاندبوو، یەکیەتی لە گۆڕێ هەڵگیرا و، ناوی عەشیرەت و تەوایف و هەرچی کە ئەسبابی ئەو نفاق و پەرش و بڵاوییە بوو فڕێ درا و عموومەن لەژێر عینوانی حیزبی

دێموکراتی کوردستاندا کۆبوونەوە و یەک دڵ و یەک زمان تێکڕا بەرەو ئامانجی ئازادی کەوتنە ڕێ.

زمانی زگماکمان کە لەگەڵ شیری دایک تێکەڵی خوێن و گۆشتی ئێمە بووە لە زەمانی دیکتاتۆریدا سەخت قەدەخە کرابوو، زمانی فارسی بە زۆر تەحمیلی ئێمە و منداڵەکانمان دەکرا و ئەوە پتر سەبەبی پاشکەوتنی کورد بوو، زمانی کوردی لە مەدارس ڕەسمییەتمان پێدا و خوێندن و تەحسیلاتمان بە سەبک و تەرتیبی دنیا خستە سەرباری کوردی، چەند مەدرەسەی کچان و کوڕانمان کردەوە و مەدرەسەی شەوانەمان دائیر کرد و کتێب بە زمانی کوردی تەرجەمە کران، چەند سەد کوڕ و کچ و پیاوی گەورە لە مەدارسی شەوانە و ڕۆژانە بە زمانی کوردی دەخوێنن. لەجیاتی ئەوەی شەش حەوت ساڵ خەریکی خوێندن و فێربوونی زمانی فارسی بن، لە مانگێک دوومانگدا دەبنە خوێندەوار و هەموو شتێک دەخوێننەوە و دەنووسن. بۆ ناساندنی لیاقەتی میللی و، وەدەرخستنی حەیاتی ئەدەبی و فەرهەنگەی کورد و بۆ ڕاگەیاندنی هاواری خۆمان بە گوێی دنیای بەشەرییەت و عەداڵەت موحتاجی وەسیلەی چاپ و بڵاو کردنەوە بووین، چاپخانەی زۆر چاک تەئسیس کرا و دامەزرا، لە شاری خۆمان گۆڤار و ڕۆژنامە دەردەچێ و بیر و فکر و داخوازیی ئێمە لە دنیادا بڵاو دەکاتەوە.

حاسل و بەروبومی ئێمە کە میقدارێکی زۆروزەوەند و بەقیمەت بوو بە فیڕۆیی لە دەستیان دەر دەهێنایەن و دەستی ئیستعمار سەدێکی لە پێش ئێمە و بازاری دنیادا دروست کردبوو، ڕێگاحەلمان دییەوە و تیجارەت و ئیقتسادی کوردستان زۆر باش تەئمین کرا.

لە زەمانی دیکتاتۆریدا کە هەموو عەوارزێکیان لێ دەستاندین کەم و زۆر وەسیلەی لەشساغی و معالیجە نە حکیم، نە دەرمان، نە نەخۆشخانە بۆیان ساز نەدەکردین، ئێمە بۆخۆمان نەخۆشخانەی زورباش بەم زووانە دائیر دەکەین و لەشساغیی وڵاتمان تەئمین دەبێ. هێزێکی میللیمان تەشکیل داوە کە بە شوجاعەتێکی تەواو حازرە دیفاع لە نیشتمان بکا.

دیارە موەفەقییەتی ئێمە سەراسەر لە عەینی مەرامی دێموکراسی و لە ئەنجامی فەعالییەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان و بە پشتیوانیی عالەمی دێموکراتە. لەبەر ئەوە بەدڵ و بەناو دەڵێین: بژی موئسسینی دێموکرات.

میللەتی کورد هەزاران سەد و بەربەستی سەخت و سەهەندی لەڕێدا بوو، دەستە و دائیرەی دیکتاتۆری بێوەچان کارشکێنیی ئێمەیان دەکرد و لە هیچ نامەردییەک ڕانەدەوستان، ئیختلافاتی عشائیر بۆ داخڵیش ئیشکالێکی گەورە بوو بۆ ئێمە، ئەمما ئەوانە هیچ کامیان نەیانتوانی پێش بە ئێمە بگرن و بە دڵێکی بەهێز پایەداریمان کرد و ئیدامەمان بە فەعالییەتی خۆمان دا تا ئیستقلال و ئازادیی نەتەوەی کوردمان بەدەست هێنا. دیارە بەقایای ئەو خەتەراتەش کە ماوە چ لە داخڵدا و

چ لە خاریجدا میللەتی کورد موبارزەی خۆی لەگەڵیان ئیدامە پێ دەدا و بە پشتیوانیی خودا موزەفەر و مەنسوور دەبێ.

ئەورۆ کە نمایندەگانی تەواوی نواحی و نوقاتی کوردستان بێ ڕەعایەتی تەبەقات ئەعم لە ئاغا و ڕەعییەت و گەورە و چووک کۆبوونەوە و یەک دڵ و یەک زمان هاواری دێموکراسی دەکەن و بەرێی دێموکراتدا دەرۆن، قودرەت و قووەتی دێموکرات نیشان دەدا."

پاش تەواوبوونی نوتقی پێشەوا، جەنابی لە تریبون هاتە خوارێ. عەبدول کەرباسی (عبدول ئەوکەسەیە کە ڕۆژی هەڵکردنی ئاڵای کوردستان گایەکی بە سەد تمەن کڕیبوو، لەبەرابەر ئاڵادا کردی بە قوربانی) کە بە ئەسلەحەوە لە پشت تریبون ڕاوەستابوو، شانی دانواند کە جەنابی پێشەوا پێ لەسەر شانی دانی و بێتە خواری، بەڵام لەبەر خووی تەوازوع کە لە ڕەوشتی مومتازی پێشەوای بەرزە، قەبوولی نەفەرموو و بۆ خۆی هاتە خوارێ. لەوکاتەدا تەواوی عشائیر و خەڵکی شاری هوروژمیان هێنا و هەموو دەستیان ماچ کرد و بەیعەتیان دەگەڵ کرد، بە جۆرێک خەڵک دەورەیان گرتبوو کە ماوەی ساتێک نەدەبیندرا کە جەنابی پێشەوا لەکوێیە و ماوەی سێ ڕۆژ مەراسمی بەیعەت بێوچان دەوامی بوو."

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان کورد - ڕێکەوتی: ٢٠ی جانیۆێری ٢٠٢١

---

## مستەفا مەولوودی: خەڵکی کوردستان بە بڕوابەخۆبوونەوە بۆ دامەزراندنەوەی کۆماری کوردستان تێدەکۆشن



لە بەرەبەری ٢ی ڕێبەندان، ٧٥ ساڵەی دامەزرانی کۆماری کوردستاندا، "کوردستان" دیمانەیەکی لەگەڵ کاک مستەفا مەولوودی، جێگری سکرتێری گشتیی حیزب پێکهێناوە. لەو دیمانەیەدا پرسی گۆڕانکارییە سیاسییەکان لە ئێران و ناوچە، خەڵک و دەسەڵات لە ئێران و پرسی خەبات و هاوخەباتیی کورد و هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان تەوەری سەرەکیی ئەم دیمانەیە بوون:

**مەنسوور مروەتی**: کاک مستەفا لە دەربیجەی گۆڕانکارییەکان لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستەوە دەست پێ دەکەین. بارودۆخەکە چۆنە؟ لە ئێران، نێوان خەڵک و حاکمییەت چۆن دەبینن؟

**مستەفا مەولوودی**: ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەردەوام لە ئاڵوگۆڕ و گۆڕانکاریدایە. لەبەر ئەوەی پرسە جۆراوجۆر چارەسەرنەکراوەکانی ناوچە دەخوازێ گۆڕانکاریی بەردەوام ڕوو بدەن، چونکی زۆر لە دەوڵەتانی زاڵ لە ناوچە بەتایبەت لە ئێران، دەوڵەتی دێموکراتیک و خەڵکی نین. بۆیەش خەڵک هەوڵ دەدا نیزامێک بێتە سەر کار کە دێموکراتیک و خەڵکی بێ، وەڵامدەر بێ. خەڵک هەوڵ دەدا ژیان و گوزەرانی خۆشتر بێ، بەڵام لە ئێران حکوومەتی کۆماری ئیسلامی بە زەبروزەنگ بەرهەڵستی خەڵک و مافەکانیان بۆتەوە.

خەڵکی هەر وڵاتێک خۆشەویستیی بۆ خاک و وڵاتەکەی هەیە و پێی خۆشە نیشتمانەکەی ئاوەدان بێ، پێوەندیی دروست، بنیاتنەر و سەقامگیری لەگەڵ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بێ. بەڵام لەوەشدا دەبینین کە کۆماری ئیسلامی ئاسوودەیی لە خەڵک هەڵگرتووە و ئێران بە هۆی سیاسەتە چەوتەکانی کۆماری ئیسلامییەوە وەک "عونسوری نامەتلوب" لە هاوکێشە سیاسییە جیهانییەکاندا سەیر دەکرێ. بۆیە خەڵکی وڵات ئاڵوگۆڕی دەوێ و بۆ دابینکردنی دێموکراسی و مافە سیاسی و مەدەنی و کۆمەڵایەتییەکانی لە تێکۆشانی بەردەوامدایە. لە لایەکی دیکەوە سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی مەترسیی بۆ سەر زۆر وڵاتی ناوچە دروست کردوە، لەم ڕووەوە گۆڕانکارییەکان لە ئێران و ناوچە شوێنی ڕاستەوخۆ لەسەر یەکتر دادەنێن.

**مەنسوور مروەتی**: کاک مستەفا لە ڕۆژەکانی کۆتایی دەسەڵاتی ترامپدا دەبینین سیاسەتی ئەوپەڕی زەخت و سەپاندنی گەمارۆی نوی بە دژی ئێران درێژەی هەیە. شوێندانانی ئەم گەمارۆیانە لەسەر بڕیارەکانی کۆماری ئیسلامی و هەروەها بارودۆخی خەڵک چۆن هەڵدەسەنگێنی؟

**مستەفا مەولوودی**: گەمارۆکانی ئەمریکا لەسەر کۆماری ئیسلامی سروشتییە کاریگەریی خۆی لەسەر بڕیارەکانی ڕێژیم هەبووە. ئەم گەمارۆیانە تا ڕادەیەک دەستی کۆماری ئیسلامیی لە پڕۆژە ئەمنیەتییەکانی و تەڕاتێن و دەستێوەردان لە کاروباری وڵاتانی ناوچە کورت کردۆتەوە، بەڵام هاوکات شێوەی مودیرییەتی گەمارۆکان لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە کە ئامرازەکانی کۆنترۆڵی خەڵکی بەدەستەوەیە، وایکردووە کە دووکەڵی گەمارۆکان پتر بچێتە چاوی خەڵکی وڵاتەوە. ئێمە بینیمان لە دۆخی گەمارۆکانیشدا

بەشی زۆری بودجە و ئیمکاناتی وڵات هەر بۆ دامەزراوە ئەمنیەتی و سەربازی و حکوومەتییەکان بوو. بە دەربڕینێکی دی ڕاستە ئەو گوشارەی گەمارۆکانی ئەمریکا کاریگەریی لەسەر سیاسەتەکانی ڕێژیم لە ناوچە و ئابووریی وڵات و ئاست و بڕی داهاتی ڕێژیم هەبووە، بەڵام حکوومەتی ئێران جۆرێک جووڵاوەتەوە کە زیانەکە زۆرتر بە سەر خەڵکدا بشکێتەوە. هەڵبەت هەر ئەو بارودۆخەش کەلێنی نێوان خەڵک و حاکمییەتی زیاتر کردووە و وەک دەبینین شەپۆلی نوێی نارەزایەتییەکان لە ئێران بەدژی دەوڵەت و دەسەڵات دەستی پێ کردووەتەوە.

**مەنسوور مروەتی**: کێ براوەیە؟ ئایا کۆماری ئیسلامی پاشەکشە دەکا؟ خەڵک بەسەر ئەو بارودۆخەدا زاڵ دەبن؟

**مستەفا مەولوودی**: خەڵکی ئێران خەڵکێکی زیندووە، خەڵکێکی چالاک و مافویستە، خەڵکێکە لە وەختی خۆیدا گەورەترین شۆڕشی کردووە، بۆیە ئەم خەڵکە فەرهەنگ و پاشخانێکی دەوڵەمەندی لە خەبات و مافخوازیدا هەیە. بۆیە ئەمن پێموایە

داهاتووی ئێران بۆ ئازادیی خەڵک و دابینبوونی دێموکراسییە. کات بۆ ئەوە دیاری ناکەین، بەڵام ئەو دەسەڵاتە سیاسییە ناتوانێ هەتا سەر بەو ئەقڵییەتە و بە خەیاڵی ئاسوودە بەسەر خەڵکی ئێراندا حکوومەت بکا. خەڵکی ئێرانیش توانا و تەحەممولی ئەوەی نییە بەرگەی ئەو هەموو فشار و بەشمەینەتییانە بگرێ. بۆیە پێموایە ململانێی نەبڕاوەی نێوان حکوومەت و خەڵکی ئێران دواجار بە قازانجی خەڵک دەشکێتەوە.

**مەنسوور مروەتی**: خەڵکی کوردستان لە کوێی ئەم ململانێیەدان؟

**مستەفا مەولوودی**: ئێمە پێمانوایە پێوەندیی خەڵکی ئێران و کوردستان بەیەکەوە گرێدراوە. بۆیە هەر گۆڕانکارییەکی سیاسیش لە ئێراندا ڕوو بدا، کاریگەریی لەسەر خەڵکی کوردستانیش هەیە. سرووشتییە ئەگەر خەڵکی ئێران مەسەلەی دێموکراسییان بۆ گرینگە، مافی هاووڵاتییان بە لاوە باسە، پرسی هاوبەشی لە حکوومەتی دێموکراتیک و ئازادیان بۆ گرینگە، بایەخ بە دەسەڵاتی نەتەوەیی و خۆبەڕێوەبەری دەدەن، دەبێ کوردستان ببینن کە لە چل ساڵی ڕابردوودا بۆ ئەو ئامانجانە لە خەباتدا بووە. خەبات و تێکۆشان لە کوردستان لە پێناو ئازادی و دەستەبەری مافە سیاسی، نەتەوەیی، مەدەنی، ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان نەهادینە بووە و هەموو ئەوانەی ئاگاداری ڕەوشی سیاسیی ئێرانن، دەزانن کە پرسی سیاسی لە کوردستان زۆر لەپێشە. خەڵکی کوردستان سیاسیترە، حیزب و ڕێکخراوی سیاسیی بەڕابردوو و ئامادە لە مەیدانی هەیە.

بۆیە لەم بارەیەشەوە لام وایە ئەو ئامادەییە لە خەڵکی کوردستاندا هەیە کە لە ئەگەری هەر گۆڕانکارییەکدا بتوانێ دەور و ڕۆڵی سەرەکیی خۆی بگێڕێ و خاوەنداری لە پرس و مافە ڕەواکانی بکا.

**مەنسوور مروەتی**: ئەوەی کە جەنابت دەفەرمووی دەخوازێ حیزبە کوردییەکان زیاتر یەکگرتوو بن و پێکەوە هەماهەنگی زیاتریان هەبێ؟

**مستەفا مەولوودی**: بێگومان حیزبی سیاسی کاریگەریی زۆری لەسەر بردنە پێشی بزووتنەوەی جۆراوجۆری کۆمەڵایەتیی و سیاسی لەهەر وڵاتێکدا هەیە. بۆیە،

**یەکەم** ئێمە بایەخ بە تێکۆشانی حیزبی لە پرۆسەی سیاسیی کوردستاندا دەدەین و لامان وایە کە حیزبەکان لە کوردستان دەسکەوتی گرینگیان بۆ بزووتنەوەی کورد دەستەبەر کردووە

**دوویەم**، ئێستا وا نییە بڵێی لە کوردستان یەک حیزبی سیاسی بە تاقی تەنیا بتوانێ هەموو یان زۆربەی هەرە زۆری خەڵک لەگەڵ خۆی بخا. بۆیە کارەکە دەبێ کاری هاوبەش، بەگرووپ و بەیەکەوە بێ. بزووتنەوەی کورد لەو پێوەندییەدا ئەزموونی خۆش و ناخۆشی هەیە کە ئەو ئەزموونە ناخۆشانە دەبێ ببێتە دەرس و دووپات نەبێتەوە. ئەزموونی باش و بەنرخیشمان هەیە لە بەیەکەوە کار کردن کە دەبێ زیاتر پەرەیان پێ بدەین بۆوەی ناوەندێکی سیاسیی قەرار و بڕیار لە کوردستاندا دروست ببێ. لە ئێستادا ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستان بۆ ئەو مەبەستە دەتوانێ چەترێکی باش بێ، بەڵام ناوەندی هاوکاری بۆوەی وەڵامدەری ئەرکەکانی داهاتوو و چاوەڕوانیی گشتییەکە بێ، دەبێ زۆرتر کار بکا و پرۆژەی مەیدانیی پتری هەبن.

**مەنسوور مروەتی**: کە باس لە هاوپێوەندیی حیزبەکان لە کوردستانی ئێران دەکرێ چاوەکان زیاتر دەچنە سەر حیزبی دێموکرات کە بەداخەوە ئێستا دوو بەشە. ئایا بەمجۆرە دەکرێ لەو ئامانجانە نیزیک ببینەوە؟

**مستەفا مەولوودی**: ئەوەی کە خەڵکی خەڵکی کوردستان بەگشتی چاویان بەسەر حیزبی دێموکراتەوە هەیە، یان چاوەڕوانییان لە حیزبی دێموکرات هەیە، تەواو بەجێیە. چونکە ئەو حیزبە مێژووییەکی پڕشنگداری لە پێکهێنانی حکوومەت و ئیدارەکردنی وڵاتدا هەیە. خەباتێکی فرەڕەهەندی بۆ دەستەبەری ماف و ئازادییەکانی خەڵکی کوردستان بەڕێوە بردووە، خوێنی لەبەر ڕۆیشتووە، بەرگریی قارەمانانەی لە خەڵک و دەسکەوتی خەباتی نەتەوەی کورد لە ئێران کردووە و هەموو ئامرازێکی بۆ دەستەبەری مافەکانی کورد لە ئێران دەکار کردووە. یانی دەکرێ بڵێین مێژووی حیزبی دێموکراتی کوردستان ئاوێنەی بالانوێنی مێژووی خەڵکی کوردستانە لە کوردستانی ئێران لە ماوەی ئەو حەفتاو پێنج ساڵەدا.

بۆیە ئەو چاوەڕوانییەی خەڵکی کوردستان لە حیزبی دێموکراتی کوردستان بە ڕەوا دەبینم و هیوادارم هەر دوو بەشی حیزبی دێموکرات بە لەبەرچاوگرتنی ئەو مێژووە و ئەو چاوەڕوانییەی کە خەڵک لێیان هەیە و ئەو کاریگەرییەی کە بەیەکەوە دەتوانن لەسەر تەواوی پرسەکانی گەلی کورد هەیانبێ، زووتر ڕیزەکانی خۆیان یەک بخەنەوە.

**مەنسوور مروەتی**: کاک مستەفا هەڵسەنگاندنی گشتیی بەڕێزتان لە دۆخی بزووتنەوەی کورد و پرسی مافەکانی کورد لە ئێران لە بەستێنی گۆڕانکارییەکانی ئێستا چییە؟

**مستەفا مەولوودی**: واقعییەت ئەمەیە کە پرسی سیاسیی ئێمە لە ئێرانە. یانی پێوەندیی دەوڵەتی، پێوەندیی کیشوەری، پێوەندیی قانوونی و پێوەندیی کولتووری و فەرهەنگی و مێژوویی و... خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەگەڵ ئێرانە. کەوابوو

حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەبێ هەوڵ بدەن لەگەڵ خەڵکی ئێران و جۆراوجۆرییەکانی ئەم وڵاتە، لەگەڵ خەڵکی سیاسی ئێران و لەگەڵ ئەو کەسانەی دڵیان بۆ ئێرانێکی دێموکراتیک لێ دەدا لەسەر خەت بێ و کار بکا، تەفاهومێک دروست بکا کە لە داهاتووی دروستکردنەوەی ئێرانێکی دێموکراتدا لە بەرژەوەندیی هەم خەڵکی کوردستان و هەم خەڵکانی ئێراندا بێ.

دووهەم، حیزبی دێموکراتی کوردستان ئەگەر بڵێین یەکێک لە حیزبە هەرە دیارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە، بەڵام بە تاقی تەنیا ناتوانێ ئەو بزووتنەوە بەربڵاوە بەو هەموو ئەرک و بەرپرسایەتییە لە حەوزەکانی کۆمەڵایەتی، سیاسی، نێونەتەوەیی، ئەرکەکانی هێزی پێشمەرگە ڕێبەری بکا. بۆیە حیزبی دێموکرات و هێزەکانی دیکەی کوردستان دەبی هەوڵ بدەن لە پلاتفۆرمێکی هاوبەشدا ئادرەسێکی ڕوون بۆ بزووتنەوەی کورد دروست بکەن و هەل و دەرفەتەکان لە گۆڕانکارییەکانی ئێراندا بقۆزنەوە. نەمر دوکتۆر قاسملوو زۆر جار دەیفەرموو: "دەرفەت گرینگە، جاری وایە نەتەوەیەک ئەگەر دروست لە دەرفەتێک کەڵک وەرگرێ، سەد ساڵ دەتوانێ بچێتە پێشێ و بە پێچەوانە ئەگەر دروست کەڵکی لێ وەرنەگرێ سەد ساڵ دەچێتەوە دوایە". کەڵکوەرگرتن لە دەرفەتیش بە پڕۆژە و بە بەرنامە دەبێ. لە هەمووی گرینگتر بە پێی ئەزموونێک کە گەلی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان هەیەتی، لە لاوازیی دەسەڵاتی ناوەندیدا بۆشایی دەسەڵات لە کوردستاندا پەیدا دەبێ و بۆ پڕ کردنەوەی ئەو بۆشاییە دیسانەکە حیزبەکان دەبێ پڕۆژە و بەرنامەیان هەبێ. ئەو ئەرکە قورسە و لەسەر شانی هەموومانە، بەڵام خۆ ئەمە هەر بە قسە ناکرێ. کاری دەوێ، هەوڵی دەوێ، سازان و لێک تێگەیشتنی دەوێ و لە ئاخردا ساغبوونەوە لەسەر پڕۆژەیەکی دەوێ کە هەموومان پابەند بین بە جێبەجێ کردنی.

**مەنسوور مروەتی: لە یادی ٧٥ ساڵەی کۆماری کوردستاندا، خەڵکی کوردستانی ئێران کە خاوەنی کۆماری کوردستان و ڕابردوویەکی ڕابردووییەکی پڕشەنگداری ئاوان، چی بکەن کۆمارێکی دیکەی کوردستان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دابمەزرێننەوە؟**

**مستەفا مەولوودی**: ڕەنگە ئەمە هەم بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستان کە یەکەم کۆماری کوردستانی دامەزراندووە و بۆ خەڵکی کوردستانیش ناخۆش بێ کە پاش ٧٥ ساڵ لە دامەزرانی کۆمار، ئێستاش حیزبی دێموکرات و خەڵکی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات بە ئامانجە سیاسی و نەتەوەییەکانی خۆیان نەگەیشتوون. بەڵام ئەوە هیچ لە قەدری تێکۆشەرانی دێموکرات و خەڵکی کوردستان کەم ناکاتەوە و دوای ئەو ماوەیە و لە هەموو ئەو زەمەنەدا حیزبی دێموکرات هەر بۆ ئەو ئامانجانە تێدەکۆشێ کە ئامانجی کۆماری کوردستان بوون. کۆماری کوردستانیش بەرچاوی ڕوون کردووین کە بە وشیارییە بەرەو ئەو ئامانجە بڕۆین. خەڵکی کوردستان بە بڕوابەخۆبوون و هیوای دامەزراندنەوەی کۆمارێکی دیکەی کوردستانە کە لە

بەرامبەر دوژمنی مافەکانیان ڕاوستاون. لەو پێوەندییەدا زیان و خەساری گیانی و ماڵیی زۆریان وێ کەوتووە، بەڵام ئاڵای خەباتی کوردستان و کۆماری کوردستانیان هەر بەرز ڕاگرتووە. بۆیە لەو بارەیەوە گەرمترین پیرۆزباییان پێ دەڵێم و ئەوەش دەڵێم ئەوەی ئەمن لە کوڕان و کچانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان تێدەگەم، دڵنیام خەڵکی کوردستان لە تێکۆشان ناوەستێ هەتا ئامانجەکانی کۆماری کوردستان وەدی دێنێ.

**مەنسوور مروەتی**: بەو هیوایە و سپاس بۆ بەشداریت لەو دیمانەیەدا

**مستەفا مەولوودی**: ئێوەش ماندوو نەبن

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٤ی جانێوێری ٢٠٢١

# کۆمار لە ئاوێنەی شێعرەکانی سەردەمی خۆیدا



عەلی فەتحی

کتێبی "مێژووی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان"م لەبەردەستدا بوو کە پێیدا بچمەوە. بەرگی سێهەمەکەی دەڵێم. باسی سەردەمی زێڕینی شێعر و ئەدەبی نەتەوەیی ئەو دەوران دەکا. هەڵسەنگاندن و چۆنیەتیی کتێبەکە مەبەستی بابەتەکەم نییە. ئەوەی بەلامەوە گرینگە، بە خوێندنەوەی شێعرەکانی نێو گۆڤارەکانی ئەو سەردەمە لەو کتێبەدا، هەستم دەکرد فیلمێکی دێکیۆمێنتاری سەبارەت بە هەموو ئاڵوگۆڕەکانی قەوماو دەبینم. چاوەڕوانییەکانی کۆمەڵگە، ئەرکی مرۆڤەکان، نەخشی کەسایەتییەکان، ڕۆڵی کاریگەریی زلهێزەکان، لێکدانەوەی هەڵە و هەلەکان و قۆستنەوەی فرسەتەکان و کۆمەڵە بابەتێکی سیاسی - کۆمەڵایەتیی تریش لە هەناوی شێعرەکاندا سەرنجیان ڕاکێشام. لەوێدا، ڕەوتی ئاڵوگۆڕەکان هەنگاو بە هەنگاو دەچێتە پێش. سەرەتا دەبوایە کەسایەتییە خاوەن قەڵەمەکان بە هەموو شێوازێک ئازاری مرۆڤەکان بێننە سەر کاغەز و بە بانگ و سەڵا بە خەڵکیش بڵێن برینەکان چەندە بەژانن. پاشان پێویست بووە نێوەندێک هەبێ ئەو پۆلە ڕووناکبیرە کۆکاتەوە و هاواری گشتیان فۆرمۆلە بکا و بیکاتە یەک بانگەوازی کۆنکرێت و پردی نێوان ئەوان و خەڵکی ئاساییش دامەزرێنێ. قەڵەمەکان ئەوجار کاریان کردووە کە خەڵک لە ئازاری زامەکانیان تێبگەیەنن. ئەوە هەنگاوی یەکەم بووە. خەڵک تا ئەو سەردەمە چ وەکوو هەواڵ بیستبێتیان و چ بە چاوی خۆیان دیتبێتیان، یا بە جەستە دەردەکەیان چێشتبێ، کەم‌وزۆر زانیویانە چەوسانەوە چۆن برینێکە. بەڵام قسەوباس و کڕووزانەوەی نێو ژوورە داخراوەکان کە چارەی هیچ گرفتێکی نەکردووە، پێویست بووە بەرەبەرە ببنە بنەما بۆ بنیاتنانی دامەزراوەیەک کە بتوانی هەموویان لە دەوری خۆی کۆ بکاتەوە. لە شێعرەکاندا ڕەوتی ئەو بنیاتنانە بە ڕوونی دیارە. شاعیرەکان سەرەتا هەوڵیان داوە ئازارەکان

دەستنیشان بکەن و پاشان تێکۆشاون خەڵک بە مەینەتی ژێردەستەبوون ئاشنا بکەن. بۆ وێنە لە لاپەڕەی ٩ی ژمارە ١ی "نیشتمان"دا، م. م هوشەنگ ئەندامی ژمارە ١٦ی کۆمەڵەی ژ - ک کە دەبێ محەممەد مەجدی بێ، لە توێی شێعرێکدا وەهای نووسیوە:

...تا دەبینم میللەتی کوردی فەقیر و سەر هەژار
بێزمان و بێکەس و بێکۆمەگ و بێ کاروبار
ژێر چەپۆکی میللەتی دی ڕادەبوێرن ڕۆژگار
ئاوی چاوم هەر وەکوو گۆزەی سەرووژێر دێتە خوار...

دیارە نابێ پێمانوابێ کە ئەو کۆمەڵە ڕووناکبیرەی لەمەر ئازارەکان نووسیویانە، تەنیا شاعیر و نووسەری ئاسایی بوونە و هەر بە نووسینەکەیان قەناعەتیان هێناوە و تەواو، نەخێر، زۆربەی هەرە زۆریان سەرەڕای مەترسیی گیران و دەستبەسەربوونی ئەو سەردەمە، زۆر چالاک بوونەتە ئەندامی کۆمەڵەی (ژ - ک) و کاریان بۆ ئامانجەکانیان کردووە و لە نووسینەکانیشیاندا ڕێگەچارەیان پێشنیار کردووە. ئەوەتا محەممەدی مەجدی سەرەڕای دەستنیشانکردنی ئازارەکان، لە درێژەی شێعرەکەیدا خەڵک هان دەدا:

... ئەورۆ ڕۆژێکە کە نابێ دانیشین ڕەنجەڕۆ
یا عەدوو بین بۆ تەماعی ماڵی دونیا خۆبەخۆ
موتمەئین کەن یەکتری بە قسەی پڕوپووچوو درۆ
ڕۆژێ مەیدان و عەمەلە بگرن هەموو ڕێگەی قەرار...

یا وەک هێمنی شاعیر لە لاپەڕەی ١٣ی گۆڤاری "نیشتیمان"ی ژمارە ٢، لە بەشی گەنجیینەی ئەدەبییاتدا بەدڵ دەگری و دەڵێ:

ئەم هەڵبەستەی ژێرەوە چەند دڵۆپە فرمێسکێکە کە لە شینی شەهیدانی ڕێگای سەربەخۆیی کورددا ڕشتوومە و پێمەوایە هەموو کوردێک چ خوێنگەرم بێت و چ خوێنسارد بە خوێندنەوەی شێعرەکان بێئیختیار فرمێسک دەڕێژێ و تووک و لەعنەت دەکا لەم مەحکەمە مەنحووسە کە تروسکەی هیوای کوردی کوژاندەوە و سەربەخۆیی کوردستانی وەدواخست، بێ سووچ و تاوان ئەمری هەڵاوەسینی جەنابی شێخ عەبدولقادر و هاوڕێیەکانی دەرکرد و لە شینی ئەواندا نەتەوەی کوردی بۆ هەمیشە دەستەو

ئەژنۆ دانا.

... دوێ شەوێ گریام هەتا ڕۆژ، پێت بڵێم بۆچی برا
مەحکەمەی مەنحووسی ئیستیقلال وەبیرم هاتەوە
ڕیزیان بەستبوو لە پێش چاوی منا گشتی هەموو
ئەم شەهیدانەی کە خنکاون بەسەد ئاواتەوە...

دەنگی پڕ لە هاواری ڕاپەڕین، واتە دەنگی گۆڤاری "نیشتمان" ئەوەندە بەسۆز بووە، کە تەنانەت گەیشتووەتە گەرمێنیش. لەوێ زیوەر چەشنی محەممەد مەجدی قەڵەم تاو دەدا و دەنووسێ و بۆ "نیشتمان"ی کوێستانی دەنێرێ و دەڵێ:

خەوی خەرگووشی هەتا کەی وەعدەیی بێدارییە
دوژمنی خۆت و مناڵت ئەژدەهای بێکارییە
وا بەجێ ماوی لە خێڵ ناگەیتە کوێستانی مراد
کوردە سادەی غیرەتێ، غیرەت بەری دینداریيە
ئەجنەبی باری گەیاندە مەنزڵی ئەمن و ئەمان
تۆش لە نێو قوڕدا چەقیوی عەیش و نۆشت زاریيە...

پاش لێڕوانینێکی قووڵ دەبینین سەرەتا باسی دەردەکان کراوە. ئەوجار ڕیزبەندیی گرفتەکان هاتووەتە گۆڕێ و دواجاریش کار بۆ چارەسەرکردنیان بووە بە ئامانج. قانع یەک لەو شاعیرانەیە پەنجەی بۆ دەردی کوردی ئەو دەورەیە ڕاکێشاوە و زۆر جوان دەستەبەندی کردوون و بۆ گۆڤاری "نیشتمان"ی ژمارە ٥ی ناردووە و لە بەشی گەنجینەی ئەدەبییاتدا بەناوی "چوار"ی قانع بڵاوکراوەتەوە:

چوار شتن ئەورۆ کە بوونە نەگبەتیی کوردی هەژار
جەهل یەک، بێعەقڵی دوو، دڵ پیسی سێ، دەعوا چوار
مەنعی پێشکەوتن ئەکەن لەم خاکمانە چوار گرووە
سۆفی یەک، دەروێش دوو، بەگزادە سێ، ئاغا چوار
یادگاری ڕەنجی پەنجەی کوردەکانە چوار ئەساس

قەسر یەک، ئاراس دوو، شامات سێ، بەغدا چوار
باز بووم باڵی شکاندم چوار بەڵای نەحسی خراپ
خانەقا یەک، تەکیە دوو، عەمامە سێ، عەبا چوار...

هەروەک پێشتر ئاماژەم پێ کرد، ڕووناکبیرانی گەرمێن و کوێستان هەر بە هاوار و نووسین نەوێستاون و قۆڵی هیممەتیان لێهەڵماڵیوە. سەرەتا نووخبەکانی ڕۆژهەڵاتی، کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردیان دامەزراندووە و هەوڵیان داوە ئەو ڕێکخراوە نوێیە بەرەبەرە بەرنە نێو کۆمەڵگە، بۆوەی هەم ڕیشە داکوتێ و هەم بە شێوەی کاری ئەرکی ڕزگاریی کوردستان وەستۆ بگرێ و لە کۆتاییشدا پێوەندی خۆی لەگەڵ بەشەکانی‌تری کوردستان پتەو بکا. بەڵگەی شێعر لەو بارەوە ئەوەیە کە لە لاپەڕەی ٢٠ی گۆڤاری "نیشتمان"ی ژمارە ٣ و ٤ لە بەشی گەنجیینەی ئەدەبییاتدا لەلایەن شاعیرێکی نەناسراوەوە هاتووە:

ئەی خودایا بۆم بنێری قاسدێکی سینە ساف
بچتە خزمەت کۆمەڵی هیوا و حەرفی "ژێ و کاف"
گیر نەبێ بڕوا لە قەولی من بچێ پێیان بڵێ
ئەی مودیری ئیتحاد و ئەی مەداری ئیئتلاف
من لە داخی کوردی بەد ئەخلاق و بێ عیلم و سەواد
یا دەبێ بمرم وە یا هیجرەت بکەم بۆ کێوی قاف...

دوای ئەویش هەژاری نەمر کە خاوەن ناسناوی "ع. هەژار ٢٠"ە لە لاپەڕەی ٢٢ی گۆڤاری "نیشتمان"ی ژمارە ٣ و ٤ لە بەشی گەنجیینەی ئەدەبییاتدا شێعرێکی لەژێر سەردێری "مەڕامی کۆمەڵەکەم دینگە" هەیە و دەڵێ:

لە خۆشیی کۆمەڵەوە چەندە خۆش وڕینگە وڕینگم
بزانە کوردە ئەمن کێم کە هێندە ژیر و زرینگم
بە ڕێی نەجاتی وەتەندا دەڕۆم بە عەزمی مەتین
مەحافیزی وەتەن ئەمنم مەتاڵی گوللەیە سینگم...

لە ڕەوتی پێشوەچوونەکاندا دەبینین، کۆمەڵەی ژ - ک دادەمەزرێ و ڕێشەی دادەکوتێ و دڵسۆزانی ئەو سینگی خۆیان بۆی دەکەن بە مەتاڵ. شێعرەکان پەردە پەردەی ئەو فیلمە دراماتیکە پیشانی ئێمە دەدەن. زۆر ناخایەنێ ئەوجار هەست بە

بێدەسەڵاتیی هێزەکانی سەرکوتکەری ڕەزاشای پەهلەوی دەکرێ و ڕەوتی ئاڵوگۆڕەکان خێراتر دەبێ و کورد دەکەوێتە نێو گەمەی سیاسی دراوسێییەکان. بۆیە ڕووناکبیران وەخۆ دەکەون و زەمزەمەی خۆ بەدەوڵەتکردن بەرەبەرە دێننە گۆڕێ:

برا بیری چرایەکی بکەن تاریکە شەو دادێ
قیامێکی بکەن تا فرسەتە بیکەن بە جەمهووری
کەسێ میللەت پەرەست و خاوەنی فیکر و سیاسەت بێ
تەرەقیی میللەت و ئاسایشە مەقسوود و مەنزووری
بە فیتت بێ لە باوش ناگرێ قەت شاهیدی مەقسوود
هەتاکوو پێ نەنێیە ملکی ئازادی بە مەسرووری
وەدەست ناکەوێ ئازادی و شادی بە ئاسانی
کە هەنگوین ناخورێ بێ ئیشی ڕیشی نیشی زەنبووری....

یا وەک لە گۆڤاری "نیشتیمان"ی ژمارە ٦، لە بەشی گەنجینەی ئەدەبییات و لە شێعری "کەمی ماوە"دا تێدەگەین چ باسە و بوێژێکی ناودار بە ناسناوی (ل.ب) پێمان دەڵێ:

لە شەوقی نیشتمان و شوعلەی ئەستێرەی گەلاوێژە
برینی ڕووح و قەلب و قالبم فیلجومە لە سارێژە
ئەگەر باوەڕ دەکەن یاران سەدای تەپڵی بەشارەت دێ
مەڵێن ئەو شاعیرە دێوانەیە یا شێتە یا گێژە
لە میوەی باغی ئازادی کەسێک بخوا دەکا تەسدیق
کە میوەی جەننەتە هاتۆتە دونیا هەستە بیچێژە
کەسێ مونکیر بە ئازادی و بە ئیستقلالی میللەت بێ
بە سوورەت زیندووە دڵ مردووە بینێژە بینێژە...

لە درێژەی خوێندنەوەی شێعرەکاندا، دەبینین بەدوای ئاڵوگۆڕە خێرا و ناوچەییەکاندا، پتر هەست بە خەباتێکی ئاشکرا خۆی دەنوێنێ. ڕووناکبیران پێویست بووە زەنگوڵەی ئەو دەستپێکەش بزرینگێننەوە و بە جارێ ئاشکرایان خەڵک زیادتر هان بدەن. وەک لە بەستە شێعری شاعیری ناسراو بە ناسناوی (ل.ب)دا هاتووە و باس لە ئەستێرەی پڕشنگداری گەلاوێژ

دەكا، زۆر ناخایەنێ كۆمەڵەی ژێكاف جێی خۆی بە حیزبی دێموكرات دەسپێرێ و قازی محەممەد دەبێتە پێشەوا. كاتێک لە گۆڤاری ژمارە ١ی "كوردستان"دا باسی دامەزرانی حیزب و گرتنی كۆنگرەی ١ لە ڕۆژی ٢ - ٨ - ١٣٢٤ دا كراوە كە سەران و نوێنەرانی كورد تێیدا بەشدار بوون و لەسەر دامەزرانی لكەكانی حیزبی دێموكرات و دیاریكردنی نوێنەرەكانیان ڕاوێژیان كردووە، هەژار خێرا هاتووەتە مەیدان و لەو گۆڤارەدا شێعری "دێموكراتمان دەوێ"ی نووسیوە:

حیزبێكی ساز دەكەین و دیمۆكراتمان دەوێ
فارس چلۆنە كورد دەیەوێ بێ وەكوو ئەوان
مەئموور لە خۆم بێ هەرچی گوتی چاكە تێی دەگەم
خوێندن زمانی خۆم بێ گەلێک زووی دەكەم ڕەوان
گەر حاسڵم لە خۆمی خەرج كەم چ زوو دەبێ
دانێم مەتەب لە شاری و مەكتەب لە دێیەكان...

یا خاڵەمین كە لە كۆبوونەوەی ڕۆژی ٢٤ - ٨ - ٢٤ دا ئەم شێعرە دەخوێنێتەوە:

ڕەبی پیرۆز بێ لێتان حیزب لە نوێ
چنار تۆوییەكی بەو زوانە دەڕوێ...

هێمنیش بەدوای خاڵەمین و لە ژمارە ٢ی گۆڤاری "كوردستان"دا خێرا دێتەگۆ و دەڵێ:

مزگێنیم دەیە دەگەی بە ئاوات
كوردە لە سایەی حیزبی دێموكرات
حیزبی دێموكرات تۆ دەدا نەجات
پیادەی ئەو شاهی دوژمن دەكا مات
بژی دێموكرات، بژی دێموكرات....

هەرتەنیا حیزبی دێموكرات و ئامانجەكانی ئەو ڕێكخراوە مەبەستی شاعیرەكان نەبووە، بەڵكوو كەسایەتیی پێشەوای نەمریش وەكوو ڕێبەرێكی كاریزما بووەتە هەوێنی شێعرییان. ئەگەر سەیری ڕووپەڕی یەكەمی گۆڤاری ژمارە ٣ی "كوردستان'

بکەین، لە سەرەتادا و ڕاست لە ژێرەوەی وێنەی پێشەوا ئەو شیعرەی خاڵەمین دەبینین:

باسێکی خۆش دەزانم و وا پێت دەڵێم گوڵم
تێکەڵی بکەی شەبەقی ڕووت و ڕەنگی خۆت
بیستووتە پێشەوای مە قازی محەممەدە
وە وە دە تێیکە پیاڵەی، نەشئەی سەرم بزووت...

بە خوێندنەوەی پارچە شێعری خاڵەمین و چەند شاعیریتر بۆمان دەردەکەوێ پێشەوا و ڕێبەر و ڕێکخراوی خاوەن دەسەڵات، ئەو کۆمەڵە پێویستییە بوونە کە لەو فەترە مێژووییەدا توانیویانە ئامانجەکان بپێکن. گۆڕینی ژێکاف بۆ حیزبی دێموکرات، دیاریکردنی کەسایەتییەکی وەکوو قازی محەممەد بە پێشەوایەتی و سەیرکردن و لێکدانەوەی ئاڵوگۆڕەکانی ناوچەیی سێ جووڵەی بەرچاوی سیاسییەکانی ئەو قۆناخەن. بۆ هەر سێ کردەش بەوپەڕی دڵسۆزی و دڵپاکییەوە هەنگاویان ناوەتەوە. ڕەوتی خێرای ڕووداوەکان و دەنگدانەوەی پێشکەوتنەکان لەلایەک و هەڵکرانی ئاڵا و ڕاگەیاندنی کۆمار لە فیلمی درامای نێو شێعرەکان، خەڵکی دەرەوەی ساحەی موکریان وەخۆدەخا. کوردانی دەوروبەری کۆمار چاو دەبڕنە چوارچرای مەهاباد و ئاڵای کوردستان. بە حەسرەتەوە چاوەڕوانی ئەو ڕۆژەن ئەو ئەزموونە سەرکەوێ و بتوانێ ئەوانیش ئازاد بکا و بیانهێنێتە ژێر ئاڵای سێ ڕەنگ. وەک لە گۆڤاری "کوردستان"ی زمانحاڵی حیزبی دێموکرات و کۆمار دەبیستین، خەڵکی "جنووبی کوردستان"، واتە سنە و کرماشان و ئیلام، جیا لە ئارەزووی سەرکەوتن بۆ دەوڵەتی کوردی بەردەوام داوای ڕزگاریی بەشەکانیتریش دەکەن. ماموستا هێدی کە خاوەن ناسناوی "شێواو" بووە لە وڵامی کەسێکیتردا قەسیدەیەک دەنووسێ و لە ژمارەکانی ٢٠ و ٢١ی ڕۆژنامەی کوردستاندا بڵاویدەکاتەوە. ئەو کەسە ناسناوی "ڕۆژهەڵاتی" هەبووە. هێدی لە سەرەتادا هاوسۆزی دەکا:

برای ڕۆژهەڵات پەیامەکەی تۆ
گەیشت و لە دڵم هەڵیساند بۆسۆ
کاتێ کە دیتم زۆر بێ قەراری
لە دەس عەجەمتە گریان و زاری
بە ئاوری مەیلت کوڵی دڵەکەم
سیس بووە دیسان گەڵای گوڵەکەم
چون من بۆخۆشم دەزانم دیلی
ژێردەستی و کزی و ماتی و زەلیلی...

ئەوجار لە کۆتا بەیتەکاندا ورەبەرزیی خۆی دەنوێنی و عەتفی خۆی بەرامبەر کۆمار و ئاڵا و پێشەوا بەیان دەکا:

لەژێر فەرمانی پێشەوای بەرزا
کێو بێ دەیکێشین بە سەرڕووی عەرزا
ئاڵای سێ ڕەنگی لە هەموو لایە
هەر جێ بڵیند و بەرز و چیایە
هەڵدەکەم دەگرم جێژنی ئازادی
با دوژمن بمرێ بەبێ مرادی
سەر (شێواو) یەکەت ببێتە جێژن
دوژمن تاڵاوی مەرگ بچێژن

لە سەرەتادا گوتم بەسەرهاتێکی دراماتیکە. ئاخر، سەرەتایەکی پڕ لە شادی و هومێد، بەرەبەرە ڕووەو شەڕ و خوێن دەچێ. ستالینێکی ئەو گشتە لە شێعرەکاندا مەدحی دەکرێ، لە ژێرەوە سەرقاڵی مامەڵەیەکیترە کە دواتر خوێنی لێدەچۆڕێ. بۆ چۆڕە نەوتێک، خەونەکان وێران دەکا، بەتایبەت خەونی کورد و ئازەرییەکان. کورد هاوکات کە نیگەرانە، بەڵام بە حورمەتەوە باسی چوونەدەری ئۆردووی سوور دەکا. هێمن یەک لەو کەسانەیە کە لە شەوی ١٢ - ٢ - ٢٥ لە مەجلیسی شێعردا بە مناسبەتی ڕۆیینی لەشکری سوور ئاوا دەدوێ:

ئەی لەشکری سوور ئەی ئۆردووی زەفەر
ئێستا کە دەڕۆی لێرە دەچیە دەر
خودات دەگەڵ بێ و ئەوەی بزانە
جێی تۆ هەمیشە دڵی کوردانە
ئەی ئەو فرشتەی کوردت کرد ئازاد
لە ژێر پەنجەی دێوی ئیستیبداد
لەوەی بە دواوەش قەت مەیکە لە بیر
حەیفە بە تەنها کورد ببێ یەخسیر...

دوای ئەو ماڵاواییە، کوردەکان چاو دەبڕنە هیممەتی لەشکری پێشمەرگە و ڕێبەریی پێشەوا. شەڕ و وێرانی دەست پێ دەکاتەوە. هیوا و شادییەکان جێی خۆیان دەدەن بە شیوەنی شەهیدەکان. هێمن لە گشتیان بە سۆزتر دەگری. ئەو بە بۆنەی

شەهیدبوونی خۆشەوی خەلیل، پێشمەرگەی قارەمانی بارزانی لە ڕۆژی ٢٥ - ٣ - ١٣٢٥دا، "خوونچەی خوێنین" دەهۆنێتەوە و لە ژمارە ٦٢ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاوی دەکاتەوە:

...گوڵ چ گوڵ هەموو تێر ئاو و بژوێن
گوڵ چ گوڵ هەمووی وەکوو پتی خوێن
بۆنیان دەڕۆیی تۆمار بە تۆمار
بۆنی وان منی کرد مەست و خومار
لە نێویان دا بوو خونچێکی تازەش
تک تک لێی‌دەتکا خوێنی سوور و گەش
دیتم نووسراوە لە پەلکێکی وی
بە خەتی خوێنین نێوی (خۆشەوی)

زۆر ناخایەنێ و لە شەوی ٢٦ - ٤ - ١٣٢٥ دا "شین" بۆ نانەوازادەش دەگێڕێ و بۆ ژمارە ٧١ی ڕۆژنامەی کوردستانی دەنێرێ:

...گەردوون ئاگرت بکەوێتە ماڵ
گڕ گڕ بسووتێ بێتە کۆی زوخاڵ
بڕژێ بەسەرتا کۆستی بێ وادە
هەر وەکوو مەرگی نانەوازادە

دوای شەڕ و پاشەکشەی هێزە کوردییەکان، گرتن و ئیعدامی ئەکتەرە ڕەسەنەکانی ئەو دراماکە دەست پێ دەکا. پەردەی کۆتایی کۆمار هەرچەند لە ڕادەبەدەر دڵتەزێنە، هەرچەند هیچ هومێدێک بۆ داهاتوو نەماوە، بەڵام زێڕوەشانی دایکی سێ کوڕی شەهید لە عەشیرەتی فەیزوڵابەگی وەک سیمبولی قارەمانانی ئەو بنەماڵەیە باری لاری دوایین بەسەرهاتی دڵتەزێنی ئەو درامایە بە ورەی خۆی ڕاستدەکاتەوە. پێشەواش بە نۆرەی خۆی، چ لە کاتی دادگاییدا و چ لە وەختی لەسێدارەدرانی، هەست و وەسیەتێک بە میرات جێ دەهێڵێ کە لە ڕۆمانی جێماو بۆ وەچەی داهاتوودا دەبێتە پڕنێوەرۆکترین وانە و شۆڕش و دەستکەوتی‌تری لێ‌دەکەوێتەوە. ئەوە ئەو دراما ڕاستەقینەیە بوو کە من لەنێو شێعرەکاندا بەدیم کرد و دڵنیام وەک چۆن تا ئێستا بووەتە هەوێنی خۆڕاگری و ڕاپەڕین، لە داهاتووشدا نەخشی کاریگەری خۆی دەگێڕێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان کورد - ڕێکەوتی: ٢٠ی مارچی ٢٠٢١

# دوای کۆمارەکەمان



شاڕوخ حەسەنزادە

سەدەی نۆزدەی زایینی کە دەکرێ بە سەدەی ڕابوونی کورد پێناسە بکرێ بە سەرهەڵدانی زیاتر لە پەنجا شۆڕش و بەرخودان دوای دەسەڵاتی میرنشینەکانی کورد هێدی هێدی چەمکی کۆمەڵگەی مەدەنی بە وێرژێنێکی نوێ دەگووری کە ئاکامەکەی دەرکردنی یەکەم ڕۆژنامەی کوردی لە قاهیرە (١٨٩٨) بوو. بە تایبەت ئەو کلوپانەی لە باکوور و لە شارەکانی دیاربەکر، مەلاتییە، ماردین، خارپۆت و... وەک شوێنێک بۆ چالاکیی مەدەنی و برەودان بە هەستی ناسیۆنالیزمی کورد دادەمەزرێن و بە شێوەیەکی سڤیلمەند پەرەیان پێ دەدرێ، دواتر ئەو پێواژۆیانە لە سەدەی بیستەم لەونێکی مۆدێرنتر بەخۆوە دەگرن.

دەگەڵ هەموو ئەو گوشار و خەفەقانەی لەلایەن دەسەڵاتدارانی ناوەند لە هەر چوار پارچەی کوردستاندا هەبووە، چینی هەڵبژاردەی کورد بێوچان هەوڵی داوە لە ڕێگەی ئاشتییانە و مەدەنی ویست و داخوازییەکانی خۆی بەرز بکاتەوە، جارێکی تریش دوای سێ پەیماننامەی کۆلۆنیالیزمی ڕۆژئاوایی (سایکس پیکۆ، سێڤەر و لۆزان) کوردستان بە دامەزراندنی سیستەمی دەوڵەت-نەتەوەکان دەکەوێتە بەر شاڵاوی ژێنۆساید، ئاسێمیلەبوون و قڕکردن و، بزاڤی حەقخوازانەی کورد لەسەدەی بیستەم بە شێوازی جۆربەجۆر و بە فۆڕمێکی مەدەنی - نیزامی درێژەی پێدەدرێ.

لە جەرگەی شەڕی دووهەمی جیهانی یەکەم کۆمەڵەی ژیارمەندی ئەو سەردەم "ژێکاف" (١٣٢١ک) بە ئایدۆلۆژیایەکی ڕوون و ناسیونالیزمێکی دیار کە هەتا ئەوکات چ لە ڕووی فۆڕمەوە چ لە نێوەڕۆک تەنانەت پێکهاتەکان و بەشداربووان ئاوارتە بوو، لە شاری مهاباد دادەمەزرێ و بە وێژمانێکی نوێ و پراکتیکی، واتە گەیشتن بە سەربەخۆیی و پێکهێنانی کوردستانێکی گەورە دەست بە خەبات و تێکۆشان دەکا. لە مەرامنامەی کۆمەڵەی ژیانەوەی کورددا هاتووە: "کۆمەڵەی ژێکاف لەسەر چوار کۆڵەکەی ئیسلامەتی، کوردایەتی، مەدەنییەت، سوڵح و ئاشتیخوازی دانراوە."

دواتر لە یەکی خەزەڵوەری ١٣٢٤* ڕێکخراوێکی سیاسیی نوێ بە ناوی "حیزبی دێموکراتی کوردستان" لەسەر بناغەی کۆمەڵەی "ژێکاف" دامەزرا و بە هیندێک گۆڕان، حیزبی دێمۆکراتی کوردستان فەلسەفەی وجوودیی خۆی لەو کۆمەڵەیە وەرگرت و دوای چەند مانگێک لەسەر خوانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، کۆماری کوردستان بە ڕێبەرایەتی قازی محەممەد لە ٢ی ڕێبەندانی١٣٢٤ هەتاوی دادەمەزرێ.

کۆماری کوردستان لە پرۆسەی هێنانەئارای چەمکیی نیشتمانپەروەری و "نەتەوەسازی"یدا هەم ئاوات و ئارەزووەکانی خەڵکی کوردستانی وەدی هێنا، هەم توانی ئەو هەستە هاوبەشە لەنێو خەڵکی کوردستاندا دروست بکات کە خۆیان بە خاوەنی ئەم دەسکەوتە بزانن. کۆماری کوردستان لە ڕەوتی دەسەڵاتداریی خۆی لەم ١١ مانگەدا بە کۆمەڵێک داهێنان و دەسکەوتی وەک: بەشداریی چالاکانەی ژنان و لاوان لە چوارچێوەی ڕێکخراوگەلی مەدەنی، خوێندن بە زمانی کوردی، بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامە و گۆڤار تەنانەت بۆ منداڵان (گڕوگاڵ)، پەیوەندیی سیاسی و بازرگانیی کۆماری کوردستان لەگەڵ کۆماری دیموکراتی ئازەربایجان و یەکیەتیی سۆڤییەت بۆ بووژانەوە و گەشەی ئابووری و بازرگانی، ڕێککەوتن لەگەڵ کۆماری ئازەربایجان بۆ چارەسەرکردنی هێمنانەی کێشەی سنوور، هەروەها پرسی هاونیشتمانیانی دوولایەن کە لە خاکی یەکتردا دەژیان، بەشداری نوێنەران و چالاکانی سیاسی و کۆمەڵایەتیی سێ بەشەکەی دیکەی کوردستان کە وەک یەکەمین کۆماری نەتەوەیی و دیموکراتیک لە مێژووی نوێی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا دەتوانرێ پێناسەی بۆ بکرێ کە پێشەوا و هەیئەتی وەزیران هەستیان پێ کردبوو و کردیانن، دەستی بە کار و چالاکی کرد. بەڵام سێ هێما و ئێلێمان کە وەک ڕەمزێک دوای ٧٦ ساڵ نەک هەر لەبیر نەکراون بەڵکوو ناسیونالیزمی کوردی و نەتەوەی کورد بەجۆرێک شوناسی خۆی لێ وەرگرتووە و بووەتە سێ کوچکەی بیری نیشتمانپەروەری و دەکرێ بڵێم سەرجەم بزووتنەوەکانی کورد دوای نەمانی کۆمار، هەوێنیی خۆیان هەرنەبێ لە بواری مێژووییەوە لەوە وەرگرتووە بریتین لە: "ئاڵای کوردستان"، "سروودی نەتەوایەتی"، "هێزی پێشمەرگە."

ئەگە لە هەموو وڵاتێکی سەربەخۆ و سەربەست ڕۆژی نەتەوەیی بەم سێ هێمایە دەناسرێ، بەڕێوە دەچێ و تاکی ڕەسەن شانازیی پێوە دەکا، لە کوردستان بزووتنەوەی کورد لە نەبوونی حکومەتێکی سەربەخۆ دەیکاتە هەوێنی ڕەوتێکی هزری بۆ

گەیشتن بەم ئاواتە.

لە دوای نەمانی کۆمار، بەرنامەی سیاسیی کۆمار و کەسیی پێشەوا وەک مانیفێستێکی ناسیۆنالیستی پەنگی داوەتەوە، بە جۆرێک کە دامەزراندنی دەسەڵاتێکی کوردی و دیاریکردنی مافی چارەی خۆنووسین لە ئامانجە بەرزەکانی کورد لە بەشەکانی دیکەی کوردستانیش بێ و چەمکی "نەتەوە سازی"ــی پێ بهۆننەوە! بەشی هەرە زۆری ئەو هێز و حیزبانەی لە چواربەشی کوردستان دامەزران و خەبات بۆ ئازادی و سەربەستیی گەلی کوردیان دەست پێ کرد، خۆیان بە پاشماوەی فکریی کۆمار دەزانن و بەمەبەستی پاتەبوونەوەی سیستەمی کۆمارێکی دێموکراتیک یان ئایدیای نزیک لەمە تێکۆشاون.

لەلایەکی دیکەشەوە جڤاکی سڤیل و شەقامی کوردی بەدوای ئەو دیسکۆرسە پێشکەوتووەدا ڕۆیوە و بە ئێستاشەوە وەک باشترین مۆدێل و میناک بۆ دوارۆژی کوردستان بۆ پتەو بوونی ڕێزەکانی و نۆستالۆژیاییەکی بەهێزی مێژوویی سەیری دەکا.
لە مێژووی هاوچەرخی نەتەوەی کورددا کۆماری کوردستان چ وەک دەسکەوتێکی بەرهەست کە بریتی بوو لە دەسەڵاتێکی سیاسی بە هەموو تایبەتمەندییەکی دامەزراوەیی و دەوڵەتی کە توانی بۆ ماوەی ١١ مانگ ئیرادەیەکی پڕ لە شانازی و دەسکەوتی نەتەوەیی پێشکەش بکا، چ وەک هێما و سیمبولێکی دەرهەست کە هەتا ئێستاش مرۆڤیی کورد لەوپەڕی ماناکانی "کوردایەتی و نەتەوە" سەرچاوەی ئیلهام بۆ بنیاتنانی داهاتووی خۆی وەک پێکهێنانی دەوڵەتی نەتەوەیی دەزانێ بە ڕووداوێکی گرینگ دادەنرێ. ئەم ڕووداوە لە دروستکردنی هەستێکی هاوبەشی نەتەوەیی لەنێو کۆمەڵگەی کوردستاندا ڕۆڵێکی ئەرێنی و کارتێکەری هەبووە. ئەم هەستە هاوبەشە کە لە پرۆسەی "نەتەوەسازی"دا بنیات و بنەمایەکی پتەوی زانستییە و وای کرد کە هەموو تاکێکی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا، کۆماری کوردستان بە هی خۆی بزانێ و بە هەر شێوەیەک کە بۆی دەگونجێ لە چەسپاندن و پاراستنیدا بەشدار بێت. کەوابوو کۆماری کوردستان ئەو سەرەتا هاوبەشە ماناداری نەتەوەییە بوو کە کورد بە گشتی خاوەنداریتیی لێ بکا و ببێتە قەوارەیەک بۆ کۆکردنەوەی هەستێکی هاوبەش لەنێو پێکهاتەیەکی تایبەتدا بە ناوی نەتەوەی کورد.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان کورد - ڕێکەوتی: ٢٣ی مارچی ٢٠٢١

## خالید عەزیزی: بیری کۆمار بیری تەواوەتیی یەک نەتەوەیە کە بە هەموو جۆراوجۆرییەکانیەوە بۆ مافە نەتەوایەتییەکانی تێدەکۆشێ



[دەقی قسەکانی سکرتێری گشتیی حیزب لە ڕێورەسمی حەفتاوشەشەمین ساڵیادی دامەزرانی کۆماری کوردستان]

بە بۆنەی هاتنەوەی ٢ی ڕێبەندان، ساڵڕۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان پیرۆزبایی لە هەموو ئێوە بەشداربووانی ئەم ڕێورەسمە دەکەم، پیرۆزباییەکی گەرمیش بە خەڵک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئەو شوێنەی کۆمارەکەمانی لێ دامەزرا دەڵێم، ئێوە خەڵکی کوردستان کە ئێستاش پاش ٧٦ کۆڵتان نەداوە و لە خەبات و تێکۆشان بۆ وەدیهێنانەوەی ئامانجەکانی کۆماری کوردستان، باوەڕەکانی پێشەوای کوردان، قازی محەممەدی دامەزرێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستان بەردەوامن. بۆیە جێی خۆیەتی لە پەسنی پێشەوای هەموو کورداندا منیش بڵێم: "تا وێنەی تۆمان هەبێ نامرین، ئافەرین ئەی پێشەوای کورد، ئافەرین، ئافەرین ئەی قازی محەممەد، ئافەرین."

هەر لە دەسپێکی قسەکانمدا لەلایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە پیرۆزبایی بە بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان دەڵێم کە ئەندام یان چەند ئەندامێکی بنەماڵەکەیان لە پێناو دەستەبەری ئامانجەکانی پێشەوادا گیانیان بەخت کردوە، هەروەها یادی هەموو ئەو تێکۆشەرانە بەرز ڕادەگرین و سڵاویان بۆ دەنێرین کە لە پێناو سووربوونیان لەسەر ئەم ڕێبازە خراونەتە بەندیخانەوە؛ سڵاوێکی تایبەتی و گشتیش بۆ سەرجەم چین و توێژەکانی خەڵکی کوردستان کە پاش ٧٦ ساڵ لە دامەزران

و نسکۆی کۆمار، بەڵام لەگەڵ حیزبەکەی دامەزرێنەری کۆماری کوردستان هەر ماونەتەوە و پشت و پشتیوانی بوون. حیزبی دێموکراتی کوردستان هەوراز و نشێوی زۆری لە مێژووی ژیانی سیاسیی خۆیدا بڕیوە، باج و هەزینەی قورسیشی لە پێناو ئاڵاهەڵگریی خەباتی نەتەوەییدا داوە، بەڵام ئەو حیزبە بۆیە سەربڵیندە و لە مەیدانی خەباتدا بە سەربەرزی ماوەتەوە، چونکی پشتی بە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بەستوە. ئێوە لە هەموو قۆناغەکانی خەباتی سەخت و دژواری ئەم حیزبەدا لە پشت ڕۆڵەکانی خۆتان بوون و هەتا ئێوە شلە مەیداندا بن، حیزبەکەی پێشەوا قازی محەممەد و باوەڕەکانی هەروا بە زیندوویی و سەربەرزی دەمێنێتەوە.

لەسەر کۆماری کوردستان و دەسکەوتەکانی بەحەق مێژوونووسان، بەتایبەت مێژوونووسانی بیانی زۆر بە وردبینییەوە دواون و وانەی زۆر گرینگ و پڕبایەخیان تێدا هەڵێنجاوە. بەڵام ئەوەی ئەمڕۆکە بۆ حیزبەکەی پێشەوا گرینگە ئەوەیە کە چلۆن لە بەردەوامیی سیاسەت و خەباتماندا کەلک لە وانەکانی کۆمار و پێشەواکەی وەرگرین. کۆماری کوردستان لە دروستکردن و جێخستنی نۆرم و هێماکانی مۆدێرن بۆ ناسیۆنالیزم و بەنەتەوەبوون لە لوتکەدا بوو. ئاڵای نەتەوەیی، سروودی نەتەوەیی، ناو و هێزی پێشمەرگە کە ئێستا ئیدی سیمبولی خەبات و تێکۆشانێکی بەرحەق لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بەشەکانی دیکەی کوردستانیشە، هەر لەو سەرچاوەیەوە جێ کەوتوون.

کۆماری کوردستان لە گۆشە نیگای سیاسییشەوە هونەرێکی گەورەی تێدابوو کە بە ئاماژە و داننانی زۆربەی مێژوونووسان بۆ ژیریی پێشەوا قازی محەممەد دەگەڕایەوە، ئەویش دامەزرانی حیزبی دێموکرات بوو. حیزبی دێموکرات درێژەی ڕەوتی دانەبڕاوی خەباتی سیاسیی کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد (ژ-کاف) بوو. ناسیۆنالیستەکانی کورد لە کۆمەڵەی ژێکافدا لە دەوری یەک کۆ دەبوونەوە و تاوتوێی بیری کوردایەتییان دەکرد. لەو سەردەمەدا لەسۆنگەی شەڕی دووهەمی جیهانییەوە دەرفەتێک دێتە پێشێ و بەتاڵییەک دروست دەبێ. قازی محەممەد زوو دەیبینێ و بۆ ئەوەی پرسی کورد چیدی لە کۆڕ و کۆبوونەوە و ژوورە داخراوەکاندا تاوتوێ نەکرێ، دێتە سەر ئەو قەناعەتە کە دەبێ حیزبی لەپێناودا دروست بکرێ و بەحەق هەلەکەی قۆستەوە و حیزبی دێموکراتی کوردستانی دامەزراند. لەو قۆناغ و برگە مێژوییەدا تۆ دەبوا چووبایە نێو گەمەکە، بۆیە بە زیرەکیی زۆرەوە پرسی کورد و حیزبی دێموکراتی کرد بە بەشێک لەو هاوکێشەیە و ئەوە هونەری قازی محەممەد و بەرهەمی ژیریی پێشەوامان و هونەری قۆستنەوەی هەل و دەرفەت لەلایەن بەڕێزیانەوە بوو.

لە قۆستنەوەی ئەو هەلە و دامەزرانی حیزبی دێموکرات و چەند مانگ دواتر ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان ماوە زەمەنییەکان کەم و کورت بوون، کۆمەڵی کوردەوارییش تا ڕادەیەکی زۆر نەخوێندەوار بوو، هاوکێشە نێودەوڵەتییەکان باڵیان بەسەر هەموو ئاڵوگۆڕەکاندا کێشابوو. لە دەرەوەی کوردستان و لە تاران باش لە دەنگی مافخوازیی کورد

نەدەگەیشتن، بەشێک لە خاکی کوردستان لەژێر دەسەڵاتی ئینگلیزییەکاندا بوو. ئەوە هونەرێکی گەورە بوو کە پێشەوا لەو قۆناغەدا بتوانێ هەلەکە بقۆزێتەوە و سەرەڕای هەموو بەربەستەکان و بە لەبەرچاوگرتنی زەرفییەتە سنووردارەکان، بەڵام بە ئیرادە و بە پشتبەستن بە خەڵک و ڕەوایی مافەکانی کورد، حکوومەتی کوردی دابمەزرێنێ. ئەگەر لەوکاتڕا تا ئێستا چاو لە هەل و دەرفەتە هاوچەشنەکان بکەینەوە، پێموایە ئەو دەرفەتانەی لە زۆر جێ و قۆناغی مێژووییدا بۆ کورد هەڵکەوتوون، وەک ئەوکات نەقۆزراونەتەوە. کەوابوو ئێمە شانازی بەو ڕابردووە دەکەین. ڕووخانی کۆماری کوردستانیش بۆ ئەوە نەدەگەڕایەوە کە پێشەوای کوردان ئیرادە و حیزبەکەی توانای خۆڕاگریی نەبوو، یان خەڵکەکەی لەپشت نەبوو؛ بەڵکوو دەرەنجامی هاوکێشەیەکی نێودەوڵەتی بوو. هاوکێشەیەک کە لە دەرەوەی ئیرادەی سەرکۆماری کوردستان و دەسەڵاتی کوردیی تازەدامەزراو بوو.

کۆمار ڕووخا، بەڵام بیرۆکەی کوردایەتی و ناسیۆنالیزم و ڕێکخراوی حیزبی دێموکرات تێکنەچوو. ئەگەر سەردەمی کۆمار دەسەڵاتی کۆمار لە چوارچێوەی موکریاندا سنووردار بوو، بەڵام بینیمان کە دوای شۆڕشی ٥٧ تا نیزیک کرماشان ڕۆیشت. ئێستا بەخۆشییەوە بیری کۆمار هەموو نیشتمانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی داگرتوە، جێگای شانازییە کە لەنێو کوردەکانی خوراسان و کوردانی دانیشتووی تاران و ناوچەکانی دیکەی ئێرانیش ئەم بیرۆکەیە، بیری تەواوەتیی یەک نەتەوەیە کە بە هەموو جۆراوجۆرییەکانیەوە بۆ مافە نەتەوایەتییەکانی تێدەکۆشێ. ئەگەر لە سەردەمی کوردستاندا کەسانی غەیرە کوردی ئێرانی پەیامی ئێمەیان پێ نەدەگەیشت یان لێی تێنەدەگەیشتن، یان مێدیا و کەرەستەی ڕاگەیاندن بەو شێوەیە نەبوو، ئێستا هەیە و زۆرە و ئەوە ئەرکی ئێمە و تێکۆشەران لە نێوخۆی وڵاتیشە کە خەڵکی غەیرە کورد زیاتر لە پرسەکەی خۆمان بگەیەنین. لە سەردەمی دەسەڵاتی کۆماری کوردستاندا پێشەوا هەموو هەوڵێکی دەدا بۆوەی بە خەڵکی غەیرە کوردی ئێران بڵێ کە ویست و داخوازەکانی ئێمە کورد چییە، بڵێ کە مافەکانی ئێمە ڕەوا و ئینسانین، دێموکراتیکن و لەگەڵ زۆربەی زۆری یاسا و ڕێوشوێنە نێونەتەوەییەکان دێتەوە، بۆیە ئێمە دەبێ بە شانازییەوە لەو ئەرکە بەردەوام بین و ئەو بەها و بایەخانەی وەک میراتی کۆمار بۆمان ماونەتەوە، بیانبەینە نێو خەڵک.

بیرۆکەی پێشەوا قازی محەممەد و دامەزرانی حیزبی دێموکرات و کۆماری کوردستان لەژێ هیچ میللەت و ئایینێک نەبوو، بەڵام دیفاع لە مافەکانی خۆمان بوو کە بە تێگەیشتن و پێگەیشتن لەگەڵ نەتەوەکانی دیکە لەسەر بنەمای تەوافوق بتوانی بەستێن و چوارچێوەی شیاوی بۆ دروست بکەین؛ ئەم بیرۆکەیە ئێستاش بەخۆشییەوە لە جێگای خۆیدایە. هەر لەژێر ڕووناکیی ئەو بۆچوونەدا ئێمە هەمیشە هەوڵمان داوە لەگەڵ دژبەران و ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی لە چوارچێوەی ئەو بنەماگەلەدا بچینە پێشێ کە ئەویش ئەوەیە: ئێران لە داهاتووشدا ئەمنییەت و ئارامی بە خۆیەوە نابینێ، دێموکراسیی تێدا دانامەزرێ، کێشەکان چارەسەر نابن، ئەگەر ئەم وڵاتە لەسەر بنەرەتی هاوبەشی و بەشداریی کورد و پێکهاتەکانی

دیکە و مافی وەک یەک بۆ هەمووان دروست نەکرێتەوە. بۆیە حیزبی دێموکرات زۆر جار لە ناردنی ئەو پەیامە بۆ غەیرە کوردەکان پێی لەسەر ئەوە داگرتوە کە پرسی کورد بۆ داهاتووی ئێران و دامەزراندنی دێموکراسی و دامەزراوە مەدەنی و قانوونییەکان هەڕەشە نییە. بەڵام کۆماری ئیسلامی هەوڵ دەدا ڕوخسارێکی دیکە لە پرسی کورد لە چوارچێوەی ئێراندا بۆ خەڵک وێنا بکا، بۆیە ئەوە ئەرکی ئێمەیە بۆ ناساندنی پرس و داوا بەرحەقەکەمان لە خەبات و تێکۆشان نەوەستین. هەر لەژێر ڕووناکایی ئەو سیاسەتەشدا حیزبی دێموکراتی کوردستان دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ٥٧ هەم دەستپێشخەری بۆ چارەسەری ئاشتییانەی پرسی کورد لەگەڵ حکوومەتی ناوەندیی نوێ دەکرد و، بە شانازی و بە بوێرییشەوە بەرگریی لە سیاسەت و بنەما نەتەوەییەکانی کورد دەکرد. هاوکات کاری دەکرد بەستێنەکانی جێگیربوونی ئەو بایەخ و بنەمایانە چێ ببن. ئێستاش حیزبی دێموکراتی کوردستان لە چوارچێوەی ئەو سیاسەتەدا دەجووڵێتەوە و بەرنامەکانی دەباتە پێشێ.

فاکتەرێک کە لە سەردەمی دامەزرانی کۆماری کوردستاندا یارمەتیی پێشەوا قازی محەممەدی بۆ ئەو بڕیارە گرینگە دا، فاکتەری دەرەکی و هاوکێشە نێودەوڵەتییەکان بوو، بەحەق پێشەواش چاکی قۆستەوە. ئەو هاوکێشانە ئەوەندەی پێوەندیی بە ئێرانەوە هەیە، ئێستاش هەر هەمان هێزیان هەیە. کاتێک باسی ئێران و سیاسەتەکانی ڕێژیمی ئیسلامی دەکرێ، ئێران بەپێی سروشتی سیاسەتەکانی کە دروستکردنی نائەمنی و ناسەقامگیریی سیاسی لە ناوچەیە و بۆ ئەوەش سامان و سەرچاوە داراییەکانی وڵاتی ئێرانی بۆ بەرژەوەندییەکانی خۆی لە دەرەوەی ئێران خەرج دەکا و خەڵک لەو سۆنگەیەوە لە هەژاری و بێئەنواییدا ڕاگیراون؛ ئەوە یەک لەو بابەتانەیە کە بەردەوام دێتە گۆڕێ. سیاسەتی ئێمە لەو بازنەیەشدا هەمیشە ڕوون و دیار بووە. ئێمە لە هەموو تریبوونەکان، لە هەموو دیدار و چاوپێکەوتنەکان لەگەڵ لایەنە جۆراوجۆرەکان گوتومانە ئێران کاتێک دێموکراسیی تێدا جێگیر دەبێ، مافی نەتەوەکانی پێکهێنەری ئەو وڵاتە چەسپاو دەبن و خەڵکی کوردیش بە مافەکانی خۆی دەگا؛ ئەوەیە کە لە نێوخۆ خەڵکی ئێران بە یەکگرتوویی و یەکریزیی خۆیان هەموو وزەی خەباتگێڕیی خۆیان لەدژی کۆماری ئیسلامی بخەنە گەڕ و ببن بە ئادرەسێکی بەهێز و ئەڵتەرناتیڤ لەدژی ئەو نیزامە. ئەمەیە دەستەبەری ئاوردانەوەی کۆمەڵگەی جیهانی لە پرسی نێوخۆیی ئێران دەکا. کاتێک سەیری مێدیاکان دەکرێ، تەنیا ئەوە زەق دەکرێتەوە کە بڵێی لەسەر بووژاندنەوەی بەرجام و کێشەی ناوکیی ئێران ئەم وڵاتە و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی پێک بێن؟ بەڵام ئەوە هەموو کێشەکە نییە. ڕەنگبێ پێک بێن و ڕەنگبێ پێک نەیەن و لەوانەیە ئەو دۆخە هەروا درێژەی هەبێ. کۆماری ئیسلامی کێشەی ناوکیی خۆی بۆ بەبارمتەگرتنی ناوچە و خەڵکی ئێران بەکار هێناوە و مەبەستەکەشی داپۆشین و دیزەبەدەرخۆنە کردنی کێشە و قەیرانە نێوخۆییەکانی و لە تەنیشت ئەوە بەردەوامیی سیاسی هێژمۆنیخوازیی لە ناوچە بووە. بەداخەوە لە هاوکێشە ناوچەیی و جیهانییەکانی پێوەندیدار بە ئێراندا زۆر بە کەمی باس لە کێشە و پرسە نێوخۆییەکانی ئێران دەکرێ و ئاوڕیان لێ دەدرێتەوە. بەڵام حیزبی دێموکرات لە هەر شوێنێک قسەی بڕوا و قسەی

ڕۆیشتبی، لە هەر شوێنێک گوێیان دابێتێ، تێدەکۆشێ بڵێ پرسی ئێران ناکرێ بە کێشەی ئەتومی و مووشەکی و بەرجامەوە سنووردار بکرێ، چونکی ئەوە دەکرێ بە ڕێککەوتن یەکلا بێتەوە، یان بە نیوە ڕێککەوتن بڕواتە پێشێ و دەکرێ ئاواش بمێنێتەوە. بەڵام کێشەی ئێران بەوە چارەسەر نابێ. هەمیشەش گوتومانە کۆماری ئیسلامی بۆ پشت پێبەستن نابێ، بۆیە هیوادارم لە نێوخۆی وڵات هەموو لایەکمان و، لە ئاستی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانیشدا تێبکۆشین بە بەرنامە بچینە پێشێ.

حیزبی دێموکراتی کوردستان هەمێشە گوتوویەتی کێشەی ئێمە لەگەڵ کۆماری ئیسلامی لەسەر مافە نەتەوایەتییەکانی خۆمانە و تابعێک نییە لە هاوکێشە نێودەوڵەتییەکان، بەڵام بەرانبەر بە هاوکێشە نێودەوڵەتییەکانی پێوەندیدار بە ئێران بێتەفاوەت نابین و لە هەموو ئەو بەستێنانەدا هەوڵ دەدەین دەنگی مافخوازیی خۆمان بەگوێی خەڵکان و لایەنە جۆراوجۆرەکان بگەیەنین.

لە یادی کۆماری کوردستاندا پێمخۆشە ئاماژە بە ڕاستییەک بکەم، سەرۆککۆماری کوردستان، دامەزرێنەری حیزبی دێموکرات، پێشەوا قازی محەممەد لەو سەردەمدا هەموو هەوڵێکی خۆی دا بۆوەی یەکیەتی و یەکڕیزی لە نێوماڵی کورددا بەهێز بێت و بۆ ئەوەش مایەی زۆری لە خۆی دانا. لەو سەردەمەوە مەسەلەی تەبایی و یەکڕیزیی نێوماڵی کورد هەمیشە گرینگ بووە و یەکێک لەو بابەتانەش کە زەرەر و زیانی بە پرسی کورد گەیاندوە، هەر ئەو نەبوونی تەبایی و یەکڕیزییە بووە. ئێمە کورد فێرین زۆر زوو کێشەی نەبوونی تەبایی و یەکڕیزیی لەنێو خۆماندا دادەپۆشین و هۆی سەرنەکەوتن و ناکامیی خەبات و تێکۆشانی خۆمان و خەتاکەی دەبەینە لای خەڵکی دیکە. سەردەمێک خەتاکە دەچۆوە لای زلهێزەکان، لەو دواییانەش خەتاکە دەبرێتە لای ئەو لایەنانەی کێشەیان لە کورد هەیە. حیزبی دێموکراتی کوردستان هەمیشە لەسەر ئەو بڕوایە بووە کە یەکگرتوویی و یەکڕیزی دەتوانێ بەشێکی زۆر لەو کێشانە چارەسەر بکا. ئەوە گرفتێکی یەکجار گەورەیە و زۆرجار دەگوترێ کە ئەمە "دەردە کورد"ە.

ئێمەی کورد و ئێمەی حیزبە سیاسییەکان کە نیشتمانەکەمان لە جوغرافیا و لە ناوچەیەکی ئاڵۆز و هەستیاری سیاسیی وەک ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا هەڵکەوتووە، دەبێ زۆر بە وریاییەوە لە دیاردەی ناتەبایی و نالێکییەکان بڕوانین. حیزبی دێموکراتی کوردستان هەمیشە ئەو واقعەی بە جدی گرتوە و پێی وایە کە ئێمە دەبێ لە نێوماڵی خۆمانەوە دەست پێ بکەین. هەتا ئێمە لە نیوماڵی خۆماندا نەیسەلمێنین کە بۆ ئەو مەبەستە فیداکاری دەکەین، ناتوانین لە شوێنی دیکەش قسەی باشمان هەبێ. حیزبی دێموکراتی کوردستان هەر دوای لەتبوون ڕایگەیاند کە ئەو دۆخە داسەپاو بووە، بەڵام ئەوە نابێ هەتا کۆتایی مێژوو درێژەی هەبێ. دەبێ لە شوێنێک ئەم کێشەیە چارەسەر بکرێ، بۆیە ئێمە وەک حیزبی دێموکرات بەرنامە و پرۆژەمان ئەوە بووە کە دەستپێشخەر بین و بەخۆشییەوە لە ئێستادا دانیشتنەکانی دوو لایەنی دێموکرات بۆ

یەکگرتنەوە تا ڕادەیەکی باش چۆتە پێشێ. هەر لەو پێوەندییەدا هیوادارم ڕێبەران و ئەندامانی حیزب لە هەردوولا ئەوە بە جیدی وەربگرین و تێبکۆشین کە یەکریزی و یەکگرتوویی و بوونەوە بە یەک لە سۆنگەی زەروورەت و پێداویستیی نێوخۆی وڵاتەوە چاوی لێ بکەین. لەوێوە چاو لەو پرسە بکەین. خەبات و تێکۆشانی ئێمە تابعێکە لە دۆخی نێوخۆی وڵات. ئەوە کە لە نێوخۆی وڵات بە خۆشییەوە خەڵکەکە شعووری سیاسییان بەرزە و هەستی نەتەوایەتییان زۆر لە پێشە و ئێستا بۆ نموونە پرسی فێرکردن و خوێندن بە زمانی کوردییان کردوە بە بابەتێکی جدی وەک بەردی بناغەی هۆوییەتی کوردی، ئەوە هەر ئەو سیاسەتەیە کە زیاتر لە ١٥ ساڵە حیزبی دێموکراتی کوردستان کاری لەسەر دەکا. بۆ ئەوەی ئەوانە باش بچنە پێشێ، یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان پێویستە. ئەگەر لەو گۆشەنیگایەوە بڕوانیە پرسی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان، ئەوە ئەرکێکی پیرۆزی نەتەوایەتییە. ئەگەر لە ڕوانگەی کێشەی حیزبی و هەڤڕکێی دوو حیزبەوە سەیری بکەین، بە ئەنجام ناگا. بۆیە ئێمە ئەگەر ئیمتیازیشمان دابێ، کۆتاش هاتبین، نەرمیمان نواندبێ و تەنازولیشمان کردبێ، لەسەر بنەمای ئەو زەروورەتە و بۆ ئەو ئامانجە پیرۆزە بووە. ئێمە دەبینین کە لە نێوخۆی وڵات خەڵک ڕۆژانە دەگیرێن و لە سۆنگەی بەرگری لە ناسنامەی نەتەوەیی خۆیان دەخرێنە بەندیخانەوە، لەسەر بابەتی فێرکردنی زمانی دایک زیندانی دەکرێ، سروشتییە ئەوە ئەرک دەخاتە سەر شانی ئێمە. بۆیە ئەگەر زەروورەتە بگوازینەوە بۆ نێوخۆی وڵات، ئەمە یارمەتیدەرە بۆ یەکخستنەوەی ڕیزەکانی هەر دوو لای دێموکرات. دەنا ئەگەر وەکوو دوو حیزب چاو لە پرۆسەکە بکەین، لەوانەیە هیچمان حەوجێمان پێی نەبێ. هەردوو حیزبەکە ڕۆژانە کاری خۆیان دەکەن و دیارن و لە شوێنان دەخوێندرێنەوە و چالاکیی خۆیان هەیە، بەڵام تاکەی؟ پاشان بۆ چی؟ حیزبایەتیی ئەمجۆرە بۆ کام مەبەست؟ ئێمە حیزبایەتیمان بۆ ئەو مەبەستەیە کە قازی محەممەد مەبەستی بوو کە لە کاتی گۆڕینی کۆمەڵەی ژێکاف بە هەموو بەرز و پیرۆزیی خۆیەوە بۆ حیزبی دێموکرات دەیفەرموو ناکرێ هەر لە ژوور و کۆڕ و کۆبوونەوەکان دابنیشین، دەبێ حیزب دروست بکەین و کاری پێ بکەین و دامەزراوەی لەسەر دروست بکەین و لەو ڕێگایەوە بتوانین دەوڵەتی پێ دابمەزرێنین. کەوابوو حیزبایەتی ئامرازە و چ عەقڵییەتێک باش بتوانی لەو زەرف و ئامرازە کەڵک وەرگرێ، دەتوانی باشتر وەڵامی زەروورەت و پێداویستییەکانی نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی بداتەوە.

حیزبی دێموکراتی کوردستان و ڕێبەریی ئەم حیزبە لە داهاتووشدا بە هەست بە بەرپرسایەتیی زیاترەوە دەچێتە پێشێ تا ئەو پرۆسەیە بەئاکام دەگا. بۆیە جارێکی دیکە پێ لەسەر ئەوە دادەگرینەوە، ئێمە کە گلەیی و گازندەمان لە نایەکگرتوویی و لە دابڕانەکان هەیە، خەڵک لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتیش دەبێ بۆ ئەو مەبەستە تێبکۆشن. یەکریزی و تەبایی و هاوکاریی چالاکان و دامەزراوە جۆراوجۆرە مەدەنییەکان چ مەدەنی، کۆمەڵایەتی، ژینگەپارێزی، فێرگەکانی زمان، هەمووی ئەوانەی بەیاسایی کار دەکەن و دامەزراوە و بنیاتە کولتوورییەکان بەڕێوە دەبەن، تەنانەت لە تاران و ناوچە کوردنشینەکانی خوراسان؛ ئێوەش دەبێ یەکگرتوو بن. ئێوەش دەبێ لە نێوخۆ پتر بنەماکانی یەکیەتی و یەکریزی ببیننەوە.

ئێمە هەموو لە پێناو گەیشتن بە ئامانجە نەتەوایەتییەکانمان لێرە و لە نێوخۆی وڵات دەبێ یەکگرتوو بین.

لە کۆتاییدا بۆ جارێکی دیکە دەمهەوێ پیداگری لەسەر ئەوە بکەینەوە کە پەیامەکەی پێشەوا قازی محەممەد، بیرۆکەی کۆماری کوردستان و ئەرک و بەرپرسایەتییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان هەر ئەوەیە کە لە بەرانبەر تاڵی و سوێری و ناخۆشییەکان کە بەسەرماندا هاتوە، لە لەسێدارەدانی دامەزرێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستان، پێشەوا قازی محەممەد، تەحەمولی شکەنجە و زیندان و دەربەدەریی رێبوارانی رێگەی پێشەوا، دواتر تێرۆر و شەهیدبوونی هەزاران پێشمەرگە، سەدان کادر و بەتایبەت رێبەرانمان د. قاسملوو و د. شەرەفکەندی، تێرۆرەکەی شەوی یەلدا و مووشەکبارانی قەڵای دێموکرات و حیزبەکەی پێشەوا قازی محەممەد، بەڵام ئەوانە هیچکام ئێمەی بەچۆکدا نەهێناوە. دڵنیاتان دەکەینەوە ئەو رێگایەش کە حیزبی دێموکراتی کوردستان و پێشەوا قازی دایناوە، بەخۆشییەوە نهادینە بووە، لە نێو کۆمەڵانی خەڵکێکی زۆر دایە، ئەگەر لە داهاتووشدا -کە هیوادارم شتی وا دووپات نەبێتەوە- زەبری قورستریشمان لێ بدەن، ئێوە لە نێوخۆی وڵات، کولتوورێک و بیرۆکەیەک بۆ خەباتتان جێخستووە، کە هەرگیز ئەو رەوتە تێدا ناچێ، بۆیە جێگای خۆیەتی منیش بڵێم "قوڕ بە سەر ئەو دوژمنەی هیوای بە بەندیخانەیە."

بۆ جارێکی دیکە رۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان، رۆژی کۆمارەکەی ئێوە پیرۆز بێ و سەری رێز و نەوازش بۆ دامەزرێنەری حیزبی دێموکرات، پێشەوا قازی محەممەد، رەئیس‌جمهووری کوردستان دادەنوێنم.

ئێوەش هەر سڵامەت بن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان کورد - رێکەوتی: ٢٢ی مارچی ٢٠٢١

## سۆران عەلیپوور: کۆماری کوردستان پێناسەیەکی نوێی لە شوناسی کوردی کرد



**دیمانە: کاروان مێراوی**

[کۆماری کوردستان کە لە بەستێنێکی ئاڵۆز و لە بارودۆخێکی هەستیاری ڕۆژهەڵات نێوەڕاست و جیهاندا دامەزرا و ئەگەرچی کیانێکی ساوا و کەمتەمەن بوو، بەڵام لە مێژووی گەلی کورد و تەنانەت ناوچەکەشدا بە خاڵێکی وەرچەرخان ئەژمار دەکرێ و هەنووکەش لە هەموو پارچەکانی کوردستاندا بووەتە سەرباشقەی بزووتنەوەی نەتەوەیی گەلی کورد و وانەکانی کۆمار بووەتە ڕەمزی خەبات و هاوکات پاڵنەرێکە بۆ دامەزراندنەوەی کۆماری کوردستان.

بەبۆنەی یادی ٧٦ ساڵەی دامەزراندنی کۆماری دێموکراتیکی کوردستان، ڕۆژنامەی "کوردستان" کۆمەڵێک پرس ورووژاندووە و لەم پێوەندییەدا دیمانەیەکی لەگەڵ سۆران عەلیپوور، نووسەر و کارناسی مێژوو و مامۆستای قوتابخانە، هەروەها سکرتێری پێشووی یەکیەتیی لاوان و سەرنووسەری پێشووی گۆڤاری لاوان، نیشتەجێی ولاتی سوێد پێک هێناوە].

**کاروان مێراوی: کاک سۆران با باسەکەمان بەو پرسیارە دەست پێ بکەین؛ سەرەڕای ئەوەی کە پێش لە کۆماری کوردستان، گەلی کورد شۆڕشگەلێکی جیاوازتر و تەنانەت کۆماری ئاگریی هەبوو، بۆچی دامەزراندنی کۆماری کوردستان بە خاڵی**

**وەرچەرخانی مێژووی کورد دادەنرێ؟**

**سۆران عەلیپوور**: بۆ تێگەیشتن لە کۆماری کوردستان دەبێ چاوێک بەسەر ئەو ڕووداوو و وێستگە مێژووییانەدا بخشێنینەوە کە بەر لە کۆمار جێ‌پەنجەی خۆیان لەسەر نەخشەی مێژووی ئەو نەتەوەیە بەجێ هێشتووە. لە دەورانی کۆماری کوردستاندا بۆ یەکەمجار چینی مامناوەندیی شارنشینی خوێندەوار، لەگەڵ ئەوەدا کەمینە و لاواز بوو، ڕەوڕەوەی ڕووداوەکان دەگرنە دەست. ئێمە دەزانین دوای هەڵوەشانەوەی میرنشینە کوردییەکان، بۆشاییەک کەوتە نێو کۆمەڵگەی کوردییەوە کە دواجار ئەو بۆشاییە لەلایەن شێخ و بنەماڵە ئایینییەکان و پاشانیش نەوەی میرە کوردییەکان و خاوەن موڵکەکان کە لە تاراوگە دەژیان پڕ کرایەوە. ئەو هاوکێشەی هێزە لە کۆمەڵەی ژێکافەوە بەرەبەرە گۆڕانکاریی بەسەردا هات و چی دیکە بنەماڵەی شێخ و دەرەبەگە خاوەن موڵکەکان تاکە ئەکتەری شانۆی سیاسیی کوردستان نەبوون، ئەگەر سەرنج بدەینە کەسایەتییەکانی دامەزرێنەری ژ ـ کاف دەبینین کە ئەوان سەر بە چینی شارنشینی وردەبورژوا بوون. لە کۆماردا لە پاڵ هێزی چەکداری عەشایردا، ئەرتەشێکی قەوارە مۆدێرنیش دانرا، لەلایەکی دیکەوە بۆ یەکەمجار لە مێژووی کورددا لە ڕێگەی دامەزراوە و دەزگا و ناوەندی دێموکراتیک و مەدەنییەوە ویستی ناسیۆنالیستیی کوردان بەرجەستە کرا، لە بڵاوکراوە و وێژمانی سیاسیی کۆماردا هەست بە وشیارییەکی سیاسیی هاوبەش سەبارەت بە بوونی هاوبەشیی نەتەوەیی و مێژوویەکی هاوبەش و چارەنوسێکی هاوبەش دەکرا. ئەو وێژمانە هەرچەند وێژمانێکی یەکگرتووی ڕوون نەبوو، بەڵام هەم لە وێژمانی سیاسیی سەرانی کۆماری کوردستان و هەم لە دروشمی ستراتیژیکیی حیزبی دێموکراتدا مافی چارەی خۆنووسین بەڕوونی هەستی پێ دەکرێ. تێکەڵییەک لە ویستی ڕۆمانتیکی سەربەخۆیی لەگەڵ سیاسەتی ڕۆژ و ڕیئالیستی ئۆتۆنۆمیخوازیدا، کۆماری کردبوو بە خاڵێکی وەرچەرخان، ئەوە بێجگە لە گرینگیدانێکی کەموێنە بە پرسی ناسنامە و زمان.

سەرانی کۆمار ئامادەبوون دەغڵودانی ساڵێکی کۆمار بە سۆڤییەت پێشفرۆش بکەن بۆ ئەوەی بتوانن چاپخانە دابنێن. بۆ یەکەمجار دامەزراوە ئیدارییەکان و ڕێکخراوە مەدەنییەکان هاوکات لەگەڵ پرۆگرامێکی سیاسیی هاوچەرخ بۆ ماوەیەکی کورتخایەن وێنەیەکی مۆدێرن و تۆکمەیان لە ناسیۆنالیزمی کوردی بەدەستەوە دا. خاڵێکی دیکە ئەوەیە کە هاوپێوەندی و یەکگرتوویەک کە لەنێو کوردەکانی پارچەکانی دیکەی کوردستانیش لە ئاست کۆماردا هەبوو، دیاردەیەکی کەموێنە بوو لە مێژووی کورداندا، بەشداریی بارزانییەکان و ئەفسەرە سەربازییەکانی گەرمێن لە کۆماری کوردستاندا لوتکەی هاوپێوەندیی نەتەوەییدا بوو. هەر لەبەر ئەم هۆیانە و زۆر هۆی دیکە کۆماری کوردستان بە خاڵی وەرچەرخانی مێژووی کورد دادەنرێ.

**کاروان مێراوی: پرسی بووژانەوە و گەشەکردنی زمان لە کۆماری کوردستاندا چەندە گرینگی پێ دراوە و تاکوو چەند هەنگاوی بۆ هەڵگیراوە؟**

**سۆران عەلیپوور**: ئەو پرسیارە کە بۆ زمان و ناسنامە لە کۆماری کوردستاندا بایەخی پێ دەدرا و پێداگریی لەسەر دەکرا، کاتێک وەڵام دەدرێتەوە کە سەرنج بدەینە دۆخی سیاسیی ئێران و پرۆسەی بەناو مۆدێرنکردنی کۆمەڵگەی ئێرانی لەلایەن ڕەزاشاوە. ڕەزاشا لە ڕێگەی بەهێزکردنی دەسەڵاتی ناوەند و لە ڕێگەی سانترالیزمی سیاسی و ئیدارییەوە لە هەوڵی دروستکردنی شوناسێکدا بوو بۆ خەڵکی ئێران، ئەو شوناسە داتاشراوە لەسەر بنەمای سڕینەوە و پەراوێزخستن و شێواندنی کولتوور و مێژووی نەتەوەکانی دیکە داڕێژرابوو، لەڕاستیدا پرۆسەیەکی ئالۆزی ئاسمیلەکردن بوو کە لە لە خوێندنگەکانەوە تاکوو پادگانەکانی ئەرتەش پیادە دەکرا. زمانی فارسی وەکوو زمانی فەرمی دیاری کرا و هەرچی لەگەڵ پێناسەی ڕەزاشا بۆ ئەو شوناسە نوێیە ئێرانییە دەگونجا بە مۆدێرن و پێشکەوتوو و شارستانی ئەژمار دەکرا و ئەوی دیکەش کە کولتوور و ناسنامەی نەتەوەکانی دیکە بوو بە دواکەوتوویی و عەشیرەییی بێکەڵک لەقەڵەم درا. کۆنسێپتی دەوڵەت ـ نەتەوەی پەهلەوی هەر زوو لە کوردستاندا کاردانەوەی لێ کەوتەوە، بۆ نموونە ڕاپەڕینی مەحموود خانی کانیسانان و ڕاپەڕینەکەی مەلا خەلیل، ئەو جووڵانەوانە لەگەڵ ئەوەدا بەرنامەی سیاسیی دیاریکراویان نەبوو، بەڵام دژکردەوەیەک بوون بەرانبەر بە سیاسەتی یەکدەستکردن و حاشاکردن لە ناسنامەی کوردەکان.

سەرانی ژ - کاف و پاشان سەرانی حیزبی دێموکرات و کۆماری کوردستانیش بەتەواوەتی هەستیان بە مەترسییەکانی کۆنسێپتی دەوڵەت ــ نەتەوەی پەهلەوی کردبوو، هەم لە بڵاوکراوەی "نیشتمان" و هەم لە ژمارەکانی ڕۆژنامەی "کوردستان"یشدا ئەو گرینگیدانە بە شوناسی هاوبەش و چارەنووسی هاوبەشی کورد بەتەواوەتی ڕەنگی داوەتەوە. دووهەم داواکاریی حیزبی دێموکراتیش لە بەیاننامەی دامەزراندنیدا پرسی مافی خوێندن بە زمانی دایک و بەکارهێنانی زمانی کوردییە لە بەڕێوەبەرایەتی و ئیدارەکاندا، لە کاتێکدا خاڵی یەکەم باسی لە شێوەی مافی چارەی خۆنووسین لە سیتەمێکی ئۆتۆنۆمیدا دەکرد. لەو ماوە کورتەدا زمانی کوردی کرایە زمانی فەرمی و بێجگە لە ڕۆژنامەی "کوردستان" کە زمانحاڵی حیزبی دێموکراتیش بوو، کۆمەڵێک بلاڤۆک و گۆڤاری دیکەش وەکوو "هاواری کورد"، "هاواری نیشتمان"، "هەڵاڵە" و "گروگاڵی منداڵی کورد" بڵاو کرانەوە.

**کاروان مێراوی**: زۆر جار دەوترێ کە یەکیەتیی سۆڤییەت کۆماری کودستانی دامەزراندووە و ئەگەر خەیانەتی لە کۆمار و ئەو بەڵێنەی کە بە پێشەوا درابوو نەکردایە، کۆماری کوردستان نەدەڕووخا، ئەمە تاکوو چەند ڕاستە؟

**سۆران عەلیپوور**: هەر ڕووداوێکی مێژوویی لە بەستێنێکی دیاریکراودا لەدایک دەبێ و کاریگەریی شوێن و کاتی لەسەرە، یەکیەتیی سۆڤییەت لەو ڕووداوانەی کە لە ئازەربایجان و کوردستاندا ڕوویان دا بێ ڕۆڵ نەبوو، هاوکات تاکە هۆکاریش نەبووە لە دامەزراندنی کۆماری کوردستاندا، ئەو گۆڕانکارییانەی کە لەگەڵ دەستپێکردنی شەڕی جیهانیی دووهەم هاتنە

ئاراوە، ویستی نێوخۆیی کوردەکان و بێزاری لە کۆنسپێتی دەوڵەت ـ نەتەوەی پەهلەوی و بۆشاییەکی دەسەڵات کە لەو ناوچەیەدا دروست ببوون، هۆکاری سەرەکیی دامەزراندنی کۆماری کوردستانن. ئەو ڕوانگەیەی کە دامەزرانی کۆماری کوردستان و تەنانەت دامەزرانی حیزبی دێموکراتیش دەبەستێتەوە بە ویستی یەکیەتیی سۆڤییەت، لەنێو کۆڕی پانئێرانیزم و نووسەرانی جیرەخۆردا زۆر باوە، ئەوان دەیانهەوێ بە هەموو شێوەیەک داخوازییەکانی خەڵکی کوردستان بە تیئۆریی دەستی دەرەکی ڕاڤە بکەن و بەو شێوەیە لە هۆکارە نێوخۆییەکان خۆ ببوێرن. لەو و دانوستان و وتووێژانەدا کە لەنێوان نوێنەرانی کورد و باقرۆڤ، سکرتێری حیزبی کۆمۆنیستی ئازەربایجاندا ئەنجام دران باس لە دامەزراندنی کۆمارێکی کوردی نەکراوە، ئەوان دەیانویست کوردستانیش بکەوێتە سەر ئازەربایجان و ڕاستیی دابەشبوونی ئیداری لە ئێراندا قەبووڵ بکەن، لەو بەڵێنانەشدا کە لەو دوو دیدارەدا بە کوردەکانیان دابوو، زۆربەی هەرە زۆریان جێبەجێ نەکرد. بەڵام نابێت لەبیریشمان بچێ کە لەو سەردەمەدا مۆدێلی سۆڤییەتی نموونەیەکی بەرچاو و باڵای سیاسەت و ئیدارەکردن و بەڕێوەبردن بوو لەلای سەرانی کۆماری کوردستان و کاریگەریی ئەو ڕوانگەیە بە لێدواندەرانی سیاسی کۆمارەوە دیارە. بەڵێن و وادەکانی سۆڤییەت وای کرد کە ڕووداوەکان زووتر لەوەی چاوەڕوان دەکرا بڕۆنە پێشەوە، بەڵام دەبێ لە بەستێنە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکاندا بە دوای هۆکارەکانی ڕووخانی کۆماری کوردستاندا بگەڕێین، نەک تەنیا لە پەیوەندیی لەگەڵ یەکیەتیی سۆڤییەتدا.

**کاروان مێراوی**: لەسەر کۆماری کوردستان دوو بۆچوون لە ئارادایە، بۆچوونێک دەوترێ کۆماری کوردستان دەوڵەتێکی سەربەخۆ بووە و بۆچوونێکیش دەوترێ دەوڵەتێکی خودموختار بووە، ئێوە پێتان وایە دەوڵەتی کۆماری کوردستان چ جۆرە کیانێک بووە؟

**سۆران عەلیپوور**: ئەگەر سەیری نووسراوە فەرمییەکانی حیزبی دێموکرات کە دامەزرێنەری کۆماری کوردستانیشە بکەین، لەوێدا باس لە مافی چارەی خۆنووسین لە فۆرمی ئیدارەیەکی ئۆتۆنۆمیدا کراوە، ئەوەی کە کوردەکان خۆیان کاروباری خۆیان بەڕێوە ببەن و زمانی کوردی زمانی فەرمی بێ و کۆمەڵێک خاڵی دیکەش کە بە تەواوەتی ئاماژە بە مانەوە لە چوارچێوەی ئێراندا دەکا و بە ڕوونییش ئەو هۆشیارییە سیاسییە لە ئاست مێژوو و چارەنووسی هاوبەشی گەلی کورددا هەست پێ دەکرێت، بەڵام ئەو بۆشاییی دەسەڵاتەی کە لە کوردستاندا هەبوو وای کرد کە کۆماری کوردستان لە کردەوەدا وەکوو دەوڵەتێکی سەربەخۆ هەڵسوکەوتی دەکرد، کۆماری کوردستان ئەرتەش و ئاڵا و سروودی نەتەوەییی خۆی هەبوو، مامەڵە ئابوورییەکانی ڕاستەوخۆ لەگەل سۆڤییەتدا ئەنجام دەدا. هەر وەکوو پێشتریش ئاماژەم پێ دا لە وێژمانی سیاسیی ئەو کاتدا هێنانەبەرباسی پرسی سەربەخۆیی کارێکی ئاسایی بووە و هەر لەوسەردەمەشدا پێناسەیەکی نوێ لە شوناسی کوردی کرا و ئەو پێناسە نوێیە شوناسی کوردیی جیا کردەوە لەو شوناسە ئێرانییەی کە ڕەزاشا تەمەن و وزەیەکی زۆری بۆی

تەرخان کردبوو. ئەو تێگەیشتنە لە شوناسی کوردی ئاستی ڕەگەزە ئێتنیکییەکان دەبەزێنێ و کوردبوون لە چوارچێوەیەکی بەربڵاوتری سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئیداریدا پێناسە دەکا، پێم وایە ویستی ئۆتۆنۆمیخوازیی کۆماری کوردستان لەو سەردەمەدا کاریگەریی باشی لەسەر دیاریکردن و پێناسەکردنی شوناسی کوردی هەبووە لە ئاست شوناسی بە زۆر داتاشراوی ئێرانیدا.

**کاروان مێراوی: ئەزموونەکانی کۆماری کوردستان تاکوو چەند بوونەتە سەرباشقە بۆ گەلی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستاندا؟**

**سۆران عەلیپوور**: کۆماری کوردستان بەو تەمەنە کورتەی خۆیەوە بایەخێکی سێمبۆلیی مێژوویی و سیاسی هەیە. بۆ یەکەمجار دامەزراندنی دەوڵەتێک بە ئاڵا و سروودی نەتەوەیی و سوپایەکی سەربەخۆ ڕووداوێکی دەگمەنە، کۆماری کوردستان بەرهەمی پێگەیشتوویی وشیاریی سیاسی بوو، بەرهەمی پێگەیشتنی هەستی نەتەوەیی و شوناسی کوردی بوو، هەربۆیەش بۆ یەکەمجار سەرکردە و دامەزرێنەری کۆماری کوردستان سەرۆک عەشیرەت، شێخ یان ئاغایەکی خاوەن موڵک نەبوو، چینی خاوەن موڵکەکان هەر لە سەرەتاوە هەستیان بە مەترسییەکانی ئەو دیسکۆرسە سیاسییە مۆدێرنە کرد، لەگەڵ ئەوەدا سەرەتا کەم و زۆر پشتیوانییان لە کۆمار کرد بەڵام پەیوەندیی خۆیان لەگەڵ ناوەند نەپچڕاند و لە دواییدا پشتیان لە کۆماری کوردستان کرد.

کۆمار لە ڕووبەڕووبوونەوە و بێ بنەما پێشاندانی کۆنسێپتی دەوڵەت ـ نەتەوەی پەهلەویدا ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوەی گێڕا، ئەو دەوڵەتە بەناو مۆدێرنەی کە ڕەزاشا دەیویست بە ئاگر و ئاسن بنیادی بنێ، لە ئاست دیسکۆرسی ناسیۆنالیستی و وشیاریی سیاسیی سەرانی کۆماری کوردستاندا دەستەوەستان بوو.

گواستنەوەی جووڵانەوەی ڕزگاریخوازیی کوردی لە دژکردەوەی چەکداریی عەشیرەیی و لۆکاڵییەوە بۆ دیسکۆرسێکی گشتگیریی نەتەوەیی لە چوارچێوەی دامەزراوەی دێموکراتیکی مەدەنیدا هەم خاڵی وەرچەرخانە و هەمیش دەسکەوتێکی سێمبۆلیکی مێژووییە، لە کۆماردا هاودەنگی و هاوکاری و بەشداریی کۆڕوکۆمەڵە جیاوازەکانی کوردستان و کوردانی پارچەکانی دیکە ڕەنگوڕووی یۆتۆپیایەکی بەو کۆمارە بەخشیبوو کە تەنانەت ئەو بێگانانەی کە لەو سەردەمەشدا سەردانی کۆماری کوردستانیان کردووە سەریان لەو کەشوهەوا سیاسییە ئازاد و ئارامە سوڕ ماوە. دامەزراندنی یەکیەتیی ژنان و یەکیەتیی لاوان و بایەخدان بە ڕۆڵی ژنان لە کۆمەڵگەی ئەو کاتدا کردەوەیەکی ڕادیکاڵ و بوێرانە بوو.

**کاروان مێراوی**: **کاک سۆرانی بەڕێز، سپاس کە کاتتان بۆ ئەم دیمانەیە تەرخان کرد**

**سۆران عەلیپوور**: **سپاس بۆ ئێوەش کە ئەم دەرفەتەتان ڕەخساند تاکوو لە یادی ٧٦ ساڵەی کۆماری دێموکراتیکی کوردستاندا باسێک لەسەر کۆمار بکەین**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٥ی فێبریوەری ٢٠٢٢**

---

# ژنان لە کۆماری کوردستانەوە تا شۆڕشی ژینا



**ئاسۆ مینبەری**

لە ٢ی ڕێبەندانی ئەمساڵدا، ٧٧ ساڵ بەسەر دامەزرانی یەکەم دەسەڵاتی سیاسی لە شکڵی کۆماریدا و ئەویش لە جوغرافیای کوردستاندا تێدەپەڕێت، کۆمارێک کە ئەگەرچی سەرەڕای کورتیی تەمەنی دەسەڵاتەکەی، بەڵام ئێستاش پاش ٧٧ ساڵ بە گرینگترین دەسکەوت و شانازییەکانی خەباتی نەتەوەیی کورد دادەنرێت.

لە ماوەی دەیان ساڵی ڕابردوودا و بەتایبەت لە بۆنەکانی پێوەندیدار بە کۆماردا باس لە بەستێنی مێژوویی و سیاسیی دامەزرانی کۆماری کوردستان و دەسکەوتە مێژووییەکانی کراوە، دەسکەوتەکانی چ لە باری سیاسی، چ لە باری هزری و چ لە بوارەکانی دیکەی وەکوو کۆمەڵایەتی، پەروەردە و ...، بەڵام ئەوەی کە لە چوارچێوەی ئەم نووسینەدا جێگا دەگرێ، کاریگەریی کۆماری کوردستان لەسەر دۆخی ژنانە و هەروەها ئەو ڕاستییەش کە چۆن ژنان لە کۆماری کوردستانەوە گەیشتنە ئەمرۆ و ئێستا پێشەنگی شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادین!

کۆماری کوردستان لە سەرەتای دامەزرانیەوە دەستی بۆ کۆمەڵێک خاڵ برد کە تا پێش لەوە هیچ گرینگییەکیان بەتایبەت لە

کۆمەڵگەی کوردستاندا کە کۆمەڵگەیەکی خێڵەکی بوو و نەخوێندەوارییش تێیدا لە ئاستێکی زۆر بەرزدا بوو، نەبوو، یەکێک لەم پرسانە پرسی ژنان بوو! لە کۆمەڵگەیەکی نەخوێندەواردا کە ڕێژەی خوێندەواریی ژنان سفر بوو و لە هەموو کایەکانی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و بگرە خێزانییشدا پەراوێز دەخران و نەدەبیندران، ئەمجارە لە چوارچێوەی دەسەڵاتێکی دێموکراتیدا توانییان هەست بە بوونی خۆیان بکەن کە یەکەمین هەنگاویشی وەک زۆر جار باس کراوە، دامەزرانی ڕێکخراوێکی تایبەت بە ژنان بوو کە ئێستاش پاش ٧٧ ساڵ لە کار و تێکۆشانی خۆی بەردەوامە.

خاڵێکی گرینگ و جێی تێڕامان لەم چوارچێوەیەدا ئەوەیە کە زۆر جار باس لەوە دەکرێ خودی پێشەوای نەمر، بۆ دەسپێکی کاری ئەم ڕێکخراوەیە، خێزانی خۆی واتە مینا خانمی قازی دێنێتە گۆڕەپانی کاری پراگماتیکەوە و وەکوو ژنێک پێشەنگایەتیی ئەم ئەرکەی دەخاتە سەر شان، لە ڕاستیدا لەو کۆمەڵگەیەدا کە ژنان وەکوو ڕەگەزی ژمارە دوو چاویان لێ دەکرا و تەنیا شیاوی کارگەلێکی وەک هاوسەرداریتی و دایکایەتی و وەچەخستنەوە بوون، ئەمە شۆڕشێکی گەورە بوو کە ژنان لە یەکەمین دەسەڵاتی کۆماریدا خۆیان ببیننەوە و ئەرکیان پێ بسپێردرێت.

ئەوەی کە پێشەوا قازی ئەم هەنگاوەی لە بنەماڵەکەی خۆیەوە دەست پێ کرد، ڕەنگە یەکێک لە گرینگترین هۆکارەکان بێت بۆ ئەوەی کە بەم بوونە، ژن بتوانێ جێگای خۆی بگرێتەوە. لە ڕاستیدا لە سەردەمی ئێستاشدا کە گۆڕان لە زۆر شتدا دروست بووە و ئاوەزی مرۆڤەکانیش بەردەوام لە گەشەکردندایە، هێشتا هەن کەسانێک کە بیر لە شتی باش دەکەنەوە و گرینگیی پێ دەدەن بەڵام، بۆ خۆیان و چوارچێوەی ژیانی خۆیان بە قەدەغە و بڤەی دەزانن! ئەو هەنگاوەی پێشەوا قازی لەو سەردەمەدا هەنگاوێکی جیددی و بەبایەخ بوو، چونکە لە خۆیەوە و لە بنەماڵەی خۆیەوە دەستی پێ کرد و ئەوەش بوو بۆ هۆکارێک بۆ ئەوەی کە خەڵکی دیکەش هەم گۆڕان لە بیرکردنەوەیاندا درووست بکەن و هەم بایەخ بە تواناکانی ژنان بدەن.

دەسپێشخەربوونی پێشەوا قازی لەم بوارەدا، خاڵێکی وەرچەرخان بوو، کە توانی ژن بگەڕێنێتەوە بۆ پێناسەی راستەقینەی خۆی. لەو کاتەوە تاکوو ئێستا و بەتایبەت سەرەڕای هەموو هەوڵەکانی ڕێژیمی ئێران بۆ سڕینەوەی ژنان و پێناسەکردنی ڕۆڵی لاوەکی وەک هاوسەربوون و دایکبوون و بەپیرۆز نیشاندانی ئەم ئەرکانە، بە پشتبەستن بەو بەکگراوندە مێژووییە کە لە کۆماری کوردستاندا و بەگشتی لە مێژووی کورددا هەبووە، ژنان هیچکات ملکەچی دەسەڵات و پەروەردەی ئیدئۆلۆژیک نەبوون، نموونەکەی هەر ئەو حیجابە زۆرەملێیە بوو کە پاش ٤٤ ساڵ، نەیتوانی ژن بکاتە کۆیلە و ژنان بە هەر چەشنێک کە بۆیان کرابێ دژایەتییان کردووە، تا جێگایەک کە خودی ئەم حیجابە زۆرەملێیە کە ڕێژیم پێی وابوو کۆڵەکەکانی مانەوەی قایمتر دەکات، بووەتە هۆکارێک بۆ دەسپێکردنی شۆڕشێک بە ناوی شۆڕشی ژینا کە لە ژێر دروشمی ژن، ژیان،

ئازادیدا خەریکە خودی ڕێژیم تووشی نوقم بوون دەکات.

بێگومان شۆڕشی ژینا، شۆڕشێک نییە کە بڵێین یەکجاری و لەناکاو سەری هەڵدا، شۆڕشێکی کە درێژەدەری هەموو بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی دیکەیە کە لە چەند ساڵی ڕابردوودا ڕوویان دا بەلام گرینگتر لە هەمووی ئەم بابەتەیە کە سەرهەڵدانەکەی لە کوردستانەوە بوو، واتە بەستێنی مێژوویی لە کوردستان یەکێک لە گرینگترین هۆکارەکانی دەسپێکی ئەم شۆڕشە بوو هەرچەند نابێ لەبیرمان بچێت کە مێژووی چەندین ساڵەی دژایەتیی کورد لەگەڵ داگیرکەرانی کوردستان و بیری داسەپاو لەلایەن دەسەڵاتەوە لە هۆکارەکانی دیکەی پەنگخواردنی هاواری ژنان بوون، دیارە ساڵانێکی زۆرە ژنان بە شێوازی جیاواز بەرەنگاری ئەم دەسەڵاتە خۆسەپێنە دەبنەوە کە بێگومان بەشێکی هەرەزۆری ئەم ویست و خواست و توانایا هەر لە کۆماری کوردستانەوە و لە ئاکامی پەروەردەی ئەم دەسەڵاتەوە سەرچاوە دەگرێ؛ کۆماری کوردستان بوو کە بە گەڕاندنەوەی شکۆ بۆ ژن و گرینگیدان بە بوونی ژن، فێری کرد کە ئەرک لە ئاستی نیشتمانەکەیدا و لە ئاستی خۆی وەکوو مرۆڤدا وەئەستۆ بگرێت و ببێتە خاڵێکی زێڕین بۆ لێفێربوون.

کە وایە شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادی درێژەی هەمان شۆڕشێکە کە ٧٧ ساڵ پێش و بە دامەزرانی کۆماری دێموکراتیکی کوردستان چەخماخەکەی لێ درا و ئێستاش بەردەوام بوون و سەرکەوتنی ئەتوانێ لە ڕزگاری خاک و نیشتمان و گەڕانەوەی سەروەری بۆ خاکە داگیرکراوەکەمان کاریگەریی ئێجگاری زۆری هەبێ.

ئەم بابەتە لە ژمارەی ٨٣٩ی ڕۆژنامەی کوردستان بڵاو کراوەتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ١ی ڕێبەندان ٢٧٢٢ = ٢١ی جانێوێری ٢٠٢٣

"

# ژن، ژیان، ئازادی" لە بەرنامە و تێکۆشانی حیزبی دێموکرات و کۆماری کوردستاندا




**تاهیر قاسمی**

ئەم ساڵ لە کاتێکدا بەرەو یادی دووی ڕێبەندان، ساڵڕۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان دەچین کە ئەوە ماوەی پتر لە چوار مانگە شۆڕشێکی گشتگیر و جەماوەری لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە هەموو بەشەکانی ئێرانی تەنیوەتەوە. شۆڕشێک کە دژبە کوژرانی کچێکی کورد لەلایەن چەکبەدەستانی کۆماری ئیسلامی هاتە ئاراوە. چەخماخەی شۆڕشەکە ئەو کاتە لێ درا کە بە هەزاران کەس لە تێکۆشەرانی کورد، لە کاتی ناشتنی تەرمی "ژینا"، لە گۆڕستانی ئایچیی سەقز ئامادە بوون و دژبە دەسەڵاتی داگیرکەر و بۆ بەرگری لە ماف و ئازادییەکانی ژنی کورد و شۆناسی نەتەوەیی کورد، دروشمیان دا. دواجاریش هەر لەو کۆبوونەوە و لە دروشمەکانی ئەو خۆپێشاندانەوە، بانگی "ژن، ژیان، ئازادی" سەرانسەری ئێران و جیهانی گرتەوە و بوو بە دروشمی سەرەکیی شۆڕشی ژینا.

دروشمەکە سەرەتا بە کرچی و لە شێوەی ژن - ژینا و ژن - ژینا - ئازادیدا گوترایەوە، بەڵام لە ڕەوتی خۆپێشاندانەکەدا

بیچمی گرت و بە شێوەی "ژن، ژیان، ئازادی" لەنێو جەماوەرەوە زایەڵەی دایەوە. ڕۆژی دواتر خوێندکارانی زانکۆی تاران کە یەکەم شوێن بوو لە ئاستی سەراسەریی ئێراندا بانگی ناڕەزایەتییان بۆ خەڵکی کوردستان ئەستاندەوە، دروشمەکەیان بۆ سەر زمانی فارسی گۆڕی و وەک دروشمی سەرەکیی خۆپیشاندانەکەیان، گوتیانەوە. بەو جۆرە "ژن ژیان ئازادی" بوو بە دروشمی سەرەکیی ئەو سەرهەڵدانە ئازادیخواز و شوناسخوازانەیەی کە لە بوارەکانی سیاسی، فەرهەنگی، ئایدۆلۆژی، ئابووری، پێوەندییەکانی دەرەوە و هێنانە سەر هێڵی بیروڕای گشتیی جیهانیدا، تەنگی بە ک. ئیسلامی هەڵچنیوە.

**لە باری واتاییەوە، دروشمی "ژن ژیان ئازادی" دەکرێ لێکدانەوەی جۆراوجۆری بۆ بکرێ؛**

- لە ڕوانینێکی سەرەتاییانەدا وا دەنوێنێ کە ژن وەک دایک سەرچاوەی ژیان و خوڵقانی مرۆڤە و لەو گۆشە نیگایەشەوە داکۆکی لە ئازادیی ژن دەکا.

- هەر لە ڕاستای بە ژنانە دیتنی کۆی دروشمەکەدا دەکرێ وەک دروشمێکی یەکسانیخوازانە کە لە ڕاستای دابینکردنی ژیان و ئازادی بۆ ژندایە، سەیر بکرێ و هەر دوو چەمکی ژیان و ئازادی تێیدا تەنیا بۆ ژن بگەڕێندرێتەوە.

- گشتگیرتر هەڵبسەنگێندرێ. بەو واتایە سەرهەڵدانێک کە دژ بە کوشتنی ژن دەستی پێ کردووە، لە پێناو دابینکردنی مافی ژیان و ئازادی بۆ هەموو کۆمەڵگە تێدەکۆشێ و دژبە دەسەڵاتێک دەوەستێتەوە کە ئازادیی لە مرۆڤەکان و لە سەرووی هەموان لە ژن داگیر کردووە و مرۆڤەکان بەسانایی دەکوژێ و ژینا ئاسا ژیانیان لێ دەستێنێ. دیارە چەمکی ژیان لێرەدا دەتوانێ ئاماژە بە مافی بژیو و گوزەرانیش بێ لەو وڵاتەدا کە دەسەڵاتی دیکتاتۆر خەڵکەکەی لە پێناو ئایدۆلۆژیا چەوتەکەیدا لە تەنگانە ناوە و بژیو و ژیانی لێ ئاستەم کردووە.

ئەم سێ لێکدانەوەیە پێبەپێی بەرینبوونەوە و پەرەگرتنی خۆپیشاندانەکان، ڕەنگە لە بیر و هزری خۆپیشاندەران و چاوەدێرانیشدا جۆرێک ڕەوتی گەشەکردنی دروشمەکە پیشان بدا، بەڵام لەم بابەتەدا زیاتر بە ئاراستەی خەباتی یەکسانیخوازیی ژن لە کۆمەڵگەدا چاوی لێ دەکرێ. چونکە لە یەکەم کۆبوونەوەی ناڕەزایەتیشدا کە دژبە کوشتنی ژنێکی کورد هاتە ئاراوە، خوڵقان و گوتنەوەی ئەو دروشمە زیاتر لە هەر هۆکارێک بۆ باوەڕی خەڵکەکە بە ماف و ئازادییەکانی ژن دەگەڕێتەوە. ئەم باوەڕەش سروشتییە بە شەوێک لەدایک نەبووە و ڕەگی لە فەرهەنگی خەڵکەکە و لە دەیان ساڵ خەباتی بەردەوامی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ ئازادی و لەوانەش بۆ ئازادیی ژنی کورددایە.

پێش ئەوەی خەباتی مۆدێرنی ئازادیخوازانەی کورد دەست پێ بکا و خەبات بۆ یەکسانیی مافی ژن و پیاو لە کۆمەڵگەدا ببێ بە یەکێک لە بنەما نەگۆڕەکانی ئەم خەباتە، ژنی کورد بە تایبەت لە دەڤەری سەرهەڵدانی شۆڕشی ژینا، لە هێندێک بواردا خاوەنی ماف و تا ڕادەیەک یەکسانی لەگەڵ پیاو لە کۆمەڵگەی سەرەتایی کوردستاندا بوو. ئەم بۆچوونە هەم بە وردبوونەوە لەو بەیت و چیرۆکە فۆلکلۆریانەدا دەردەکەوێ کە هەڵقوڵاوی باوەڕە لەمێژینەکانی کۆمەڵگەن و هەمیش لەو داب و نەریتانەدا کە لە کۆمەڵگەدا ڕەگیان داکوتاوە. بۆ وێنە لە زۆربەی نیزیک بە تەواوی بەیتە ئۆستوورەییەکاندا کە کۆنترین باوەڕەکانی کورد تێیاندا ڕەنگی داوەتەوە، دوو قارەمانی سەرەکی هەیە کە کەسایەتیی یەک لەو دوو قارەمانە ژنە. ئەو یەکسانییە لەسەر ناوی بەیتەکانیشدا ڕەنگی داوەتەوە؛ وەک خەج و سیامەند، مەم و زین، شێخ فەرخ و خاتوو ئەستێ. تا ئاستێک کە لە بەیتی لاس و خەزاڵدا تای تەرازووی یەکسانییەکە بە لای قارەمانی ژندا قورسایی دەکا و دەسەڵاتە سەرەکییەکە لەنێو چیرۆکەکەدا بە ژن دراوە. لەنێو داب و نەریتەکانی کۆمەڵگەشدا، بە سەرنجدان بەو ڕاستییە کە ژیانی کوردەواری لە سەرەتاوە پتر کۆچەری و گوندنشینی بووە، دەبینین ژنان بێ شەرم و ڕووگرتن و خۆپەنادان، شان بە شانی پیاوان لە کار و بەرهەمهێناندا بەشدارن کە هەر ئەوە جۆرێک لە ماف و یەکسانی پێ دەبەخشێن. ڕەنگە هەر ئەو هاوبەشییە لە بەرهەمهێناندا بوو کە لە کۆمەڵێک کایە و یاریدا کچ و کوڕ وێکڕا بەشدارن و بە گەورەیی لە گەڕی ڕەشبەڵەکیشدا شان بە شانی یەک هەڵدەپەڕن. تەنانەت ژن دەسەڵاتی ئەوەشی هەیە کە بۆخۆی هەڵبژێرێ کە لە دەستی کام پیاودا هەڵپەڕێ. ئەو کاتەش کە کچ و کوڕ بەهۆی دەستەنگی یان بەربەستە کۆمەڵایەتییەکان نەتوانن بەئاسایی زەماوەند بکەن و ژیانی هاوبەش پێک بێنن، ئەوە هەڵگرتن و ڕەدوو کەوتن لە ڕوانگەی کۆمەڵگەدا کردەوەیەکی هێندە قەباحەت نەبوو.

بەڵام لەگەڵ پەرەگرتنی شارستانییەت و ژیانی شارنشینی، ئازادییەکان لە ژنان ئاستەنگ کرانەوە. نە شارەکان ئەوەندە پێشکەوتوو بوون تا پیشەسازییان تێدا بەهێز بێ و کار بۆ ژن هەبێ و نە کشتوکاڵ و ئاژەڵداری بڕەوی هەبوو تا بتوانن لە بەرهەمهێناندا بەشدار بێ. بۆیەش لە چەرخەی بەرهەمهێناندا نەما و ئەوەش بوو بە هۆ کە وەک کاڵا و کارکەر لە ماڵەوە سەیر بکرێ و بە کردەوە بە بەشێک لە سامانی پیاو حیساب بکرێ. بەو جۆرە ژن ناچار کرا لەنێو ماڵ و لە "حەرەمی" پیاودا بمێنێتەوە و کە چوو بۆ دەرەوەش، بە پۆشینی پەچە و ڕووبەند، ئەو کۆت و بەندە بە دەوری خۆیدا بپارێزێ. لە وەها دۆخێکدا کە دۆخی دیلییە، خەبات بۆ ئازادی دەست پێ دەکا. لەو گۆشە ڕوانینەوە شیمانەی ئەوە سەر هەڵدەدا کە خەبات بۆ ئازادیی ژن و یەکسانیی کۆمەڵگە یەکەم جار لە شارە گەشەنەسەندووەکانەوە دەستی پێ کردووە.

شاری مەهاباد لە سەردەمی لەدایکبوونی کۆمەڵەی ژێکاف، حیزبی دێموکرات و دواتر کۆماری کوردستاندا شارێکی گەشەنەسەندوو بوو. ژنانی ئەو شارە و شارەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش نە ئازادییەکانی ژنانی لادێیان هەبوو، نە

لە شارێکی پیشەسازیدا دەژیان کە بتوانن لە باری ئابوورییەوە سەربەخۆ بن و نە کۆمەڵگەی پیاوسالار بەو ئاستە لە ڕووناکبیری گەیشتبوو کە دەرفەتیان پێ بدا کە وەبەر خوێندن بنێرێن و چاویان بکرێتەوە. لە وەها دۆخێکدا بزووتنەوەیەکی سیاسی و ئازادیخوازانە لەو هەرێمە هاتە ئاراوە کە ئەگەرچی تەواوی ڕێکخەرانی پیاو بوون بەڵام هەر لە سەرەتاوە خۆیان لە پرسی ژن و ئازادی بۆ ژن نەبوارد. بەڵام ئەو ئازادیخوازییە لە سەرەتاوە تا کۆتایی وەکیەک و بە پێی بەرنامەی ڕوون و ڕێک نەبوو بەڵکوو لە مەودای تێکۆشانە سیاسییەکەدا گەشەی کرد و قووڵبوونەوەی بەرچاوی بە خۆیەوە دیت.

دامەزرانی کۆمەڵەی ژێکاف بە قۆناغی یەکەمی ئەو بزووتنەوە سیاسی و ئازادیخوازانەیە دادەنرێ. لە ڕوانگەی کۆمەڵەی ژێکافدا نیشتمان ژنە کە وەک دایکێکی دیل سەیری دەکرێ و ئەندامی کۆمەڵە دەبێ هەوڵ بدا لەو دیلییە ڕزگاری بکا. ڕەنگە ئەو ڕوانینە لە "ئاخوداگای" داهێنەرانی کۆمەڵەدا کە زۆربەیان لاوانی ڕووناکبیری شار بوون، لە هەمان دیاردەی دیلیی دایک یان ژن لە ژێر چارشێو یان چوارچێوەی ماڵ، کەوتبێتەوە. ئەم بیرە لە ناو کۆمەڵەدا زاڵ بوو. پێشاندانی ئەو ڕوانینە لە شانۆنامەی دایکی نیشتماندا یەک لە بەرچاوترین کارەکانی کۆمەڵە بوو. لەو شانۆنامەیەدا دایکی نیشتمان دیل بوو و لاوان دەبوو ڕزگاری بکەن. ئەو ڕوانینە لە هزر و بیری ئەندامانیدا ڕەنگی دەدایەوە.

**هەژار وەک یەک لە وەفادارترین ئەندامانی کۆمەڵە، لە شێعری هەژار و نیشتماندا دەڵێ:**

**"دوێشەو زۆر بە سۆز کاتی بەربەیان**
**هاتە گویم ناڵە و زایەڵەی گریان**
**بە سەد مەرارەت لە بنیانم کرد**
**دیتم وا دایکی نیشتمانی کورد**
**دەگری و دەناڵێ وەک هەوری بەهار**
**ڕەشی پۆشیوە لە سەر تا بە خوار"**

گەڕانەوە بۆ ژیانی ساکاری لادێی و چوونەوە سەر داب و نەریتەکانی کوردەواری، ڕوانگەیەکی دیکەیە کە تێکۆشەرانی کۆمەڵە پێیان وایە لەو ڕێگایەوە ئازادی بۆ ژن دەگەڕێندرێتەوە. ئەوە بۆ وێنە لە بەشێک لە شێعرەکانی ئەو سەردەمەی هێمندا ڕەنگی داوەتەوە کە دەکرێ وەک ڕەنگدانەوەی بیری ژێکاف لە شێعرەکانی ئەو سەردەمی شاعیر لێی بڕوانین؛

**"کچە کوردێکی نەشمیل و لەباری**

بەوەی نییە ماوەیەکە چوویە شاری
ئەگەر پێتخۆشە هەروا بتپەرستم
نەکەی لادەی لە دابی کوردەواری"

یان؛

"کیژی شێخ و کیژی حاجی و کیژی ئاغا ڕەنجەڕۆن
کیژی ئازادە ئەوی ژینی بەنووکی گاسنە"

هەوڵدان بۆ ڕاکێشانی ژن بۆ نێو کۆڕی خەبات و شان بە شانی پیاو ڕوانگەیەکی تره کە ڕووناکبیرانی کۆمەڵە وەک ڕێگای دەستەبەر کرنی ئازادی بۆ ژن دەستنیشانیان کردووە. بۆچوونێک کە دواتر و بە پەرەگرتنی خەباتی چەکداری لە حیزبەکانی کوردستاندا بەهێزتر بوو.

هێمن لە "وتووێژی کچ و کوڕ"دا دەڵێ:

"بپسێنە لە پێ تۆ زنجیر و کۆت
دێدە گیان بدە یاریی برای خۆت
لەگوێن ژاندارک هەستە وەک مەردان
دوژمن وەدەر نێ لە خاکی کوردان"

گەرچی هەمووی ئەو شێوە ڕوانین و ڕێگا پێشنیاریانە بۆ ڕزگاریی ژن تا کۆتایی تەمەنی کۆمار و دواتریش لە برەو نەکەوتن، بەڵام بە دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان وەرچەرخانێکی بنەڕەتی بۆ چۆنیەتیی چارەسەریی پرسی ژن هاتە ئاراوە و لە هەوڵی ئازاد کردنەوە بۆ تێکۆشان لە پێناو یەکسانیی مافی ژن و پیاو لە کۆمەڵگەدا گۆڕدرا. حیزب لە مەرامنامەی خۆیدا کە چەند مانگ بەر لە دامەزرانی کۆماری کوردستان بڵاوی کردەوە، دەستەبەرکردنی ئەو مافەی وەک ئەرکی خۆی دیاری کرد و ڕایگەیاند؛ "لە هەموو بوارەکانی سیاسی، ئابووری و کاروباری کۆمەڵایەتیدا پێویستە ژن مافی یەکسانی هەبێ لەگەڵ پیاودا" (مەرامنامەی حیزبی دێموکراتی کوردستان- بەشی ٤ مادەی ٢١)

حیزب هەر لە ڕۆژی یەکەمی ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستاندا هەوڵی دا بەو بڕیارەی خۆی وەفادار بێ. لە جێژنی دامەزرانی

کۆماری کوردستاندا، ژنانیش بەشدار بوون. دوو ژن وتاریان خوێندەوە و بانگەوازیان لە ژنانی کورد کرد تا وەک پیاوەکان خۆیان پێ بگەیەنن و هەوڵ بۆ سەرکەوتنی وڵات بدەن. گەرچی نە بەشدارییان و نە ڕادەی وتارخوێنە ژنەکان لە قەدەر نیوەکەی دیکەی کۆمەڵگە نەبوو، بەڵام بۆ کۆمەڵگەی سوننەتیی ئەوکاتی کوردستان، لەنێو نەریتی ڕاگیرانی ژن لە چوارچێوەی ماڵدا و ڕێژەی کەمی ژنانی خوێندەوار لەو کۆمەڵگەیەدا، هەنگاوێکی گرینگ بوو. "خەدیجە مەجدی" یەک لە ئاخێوەرانی ئەو میتینگە بوو کە ڕوو لە ژنان گوتی؛ ئێستا خوشکانی بەڕێزم وەرن چاو لە پیاوەکان بکەین و دەستمان بخەینە نێو دەستی یەکترەوە. چونکە دەبینم کە دایکی نیشتمان چاوەڕوانە کچەکانیشی دەست بە تێکۆشان و خوێندن بکەن تا ئێمەش بگەینە ئاستی براکانمان. دنیا پێویستی بەوە هەیە کە کچان و کوڕان وەک خوشک و برا بۆ ئازادیی دایکی نیشتمان، دەست بدەنە دەستی یەکتر".

**لە ژێر سێبەری باوەڕەی یەکسانیخوازانەی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا، کۆماری کوردستان لە سێ بواردا هەوڵی دا ئەو ئامانجە دەستەبەر بکا کە لە مەرامنامەکەیدا بەڵێنی دابوو:**

**یەکەم**: دامەزراندنی ڕێکخراوی تایبەت بە ژنان

**دووهەم**: بەشداریپێکردنی ژنان لە بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە

**سێهەم**: خوێندەوارکردنی کچان تا ئاستی بەتۆبزی پێخوێندنیان

ڕۆژی ٢٤ی ڕەشەمەی ١٣٢٤ کۆمار بە دامەزرانی "یەکێتی یایانی کوردستان" یان "حیزبی دێموکراتی ژنانی کوردستان" هەنگاوی بەکردەوەی خۆی لە بواری دەستەبەرکردنی ماف و هێنانی ژنان بۆ ناو کۆڕی خەبات هاویشت. مینا قازی خانمی یەکەم و هاوسەری پێشەوای کوردستان سەرۆکایەتیی ئەو ڕێکخراوەی بەئەستۆ گرت. ئەو ڕێکخراوەش لە یەکەم هەوڵەکانیدا، داوای لە ژنانی کارلەدەستهاتوو کرد کە بۆ بوارەکانی ژمێریاری، سندووقداری، سکرتێر و خەزێنەداری داوای کار پێشکەش بکەن. ئەوەش وەک هەنگاوێک بۆ دۆزینەوەی هەلی کار بۆ خانمان لە ڕاستای سەربەخۆیی ئابووریی ئەواندا چاوی لێ دەکرێ. ئەمە هەروەها لە وتارێکی یای مینا قازیشدا ئاماژەی پێ کراوە کە دەڵێ "ئێمە نابێ هەر وا چاومان لە دەستی مێردەکانمان بێ تا پووڵ و جل و زێڕمان بدەنێ". ڕێکخراوەکە لە ڕاستای ڕوونکردنەوەی ژناندا دەستی کرد بە سازکردنی کۆبوونەوەی زانیاریبەخشین و وەڕێخستنی پۆلەکانی خوێندن بۆ ژنانی گەورەساڵ کە زۆربەیان ئەندامەکانی خۆی بوون.

هەنگاوی دیکەی کۆمار بۆ پێگەیاندنی ژنان، خوێندەوارکردنی کچان، شانبەشانی کوڕان بوو. لە ژمارەی یەکەمی ڕۆژنامەی کوردستاندا هاتووە: "لەسەر ئەمری پێشەوای موعەززەم و قەراری حیزبی دیموکراتی کوردستان، لەوەی بەولاوە پێویستە بۆ

پەرەپێدان و ڕەواجی زمانی کوردی، خوێندن لە مەدرەسەکاندا بە کوردییە. لەو تاریخەوە تا ١٠ ڕۆژی دیکە هەر کەسێک کوڕ و کچی هەبێت کە عومری ئیقتیزای خوێندن بکا، دەبێ بنێرێتە مەدرەسە. ئەڵبەتە هەرکەس لەو ئەمرە ڕوو وەرگێڕێ بە توندترین موجازات تەنبێ دەکرێ."

بە پێی ئەو ئاگادارییە، کچان نەک هەر وەک کوڕان دەبەر خوێندن دەنرێن بەڵکوو پێخوێندن بەتۆبزییە و "هەر کەس لەو ئەمرە ڕوو وەرگێڕێ"، "بە توندترین" شێوە سزا دەدرێ.

ئەو بڕیارە تەنیا بۆ شاری مەهاباد نەبوو. هەوڵ درا هەموو ئەو شارانە بگرێتەوە کە لەژێر دەسەڵاتی کۆماردا بوون. لە ژمارە ٢٤ی ڕۆژنامەی کوردستاندا ڕاپۆرتی کردنەوەی یەکەمین خوێندنگەی کچان لە شاری شنۆ هاتووە. حەسەن کازمی بەڕێوەبەری قوتابخانەکە ڕایگەیاندووە کە "پێویستە هەموو خەڵکی شار سپاسی ڕێبەری حیزبی دێموکرات بکەن بۆ ئەم خزمەتە گەورەیە و بەخۆشی و مەیلەوە کچەکانیان بنێرن بۆ ئەم خوێندنگەیە".

بێگومان ئەوانە هەموو ئەو خولیا و ئاواتە مرۆڤانە، نەتەوەیی و نیشتمانیانە نەبوون کە لە بەرنامەی حیزب و لە هزری ڕێبەرانیدا بوو. بۆ وێنە کاتێ ڕۆژنامەنووسێک لە پێشەوا دەپرسێ کە "فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان مافی دەنگدانی لە هەڵبژاردنەکاندا داوە بە ژنان، ئایا ئێوەش ئەم کارەتان کردووە؟" پێشەوا ئەم هەنگاوە بە هەنگاوێکی ئەرێنی لە قەڵەم دەدا و مەخابنیی خۆی ناشارێتەوە کە ئەوان نەیانتوانیوە "ئەو سەرکەوتنە بە دەست بێنن". بەڵام تەمەنی کۆمار لەوە زۆر کورتتر بوو کە بتوانێ قەرەبووی دەیان و سەدان ساڵ نەهامەتیی کورد و ژنی کورد بکاتەوە بەڵام بۆ هەر بوارێک توانی بناخەیەک بۆ دواڕۆژی کوردستان دابنێ کە دانانی بناخەی باوەڕ بە ژیان و ئازادی بۆ ژنی کورد یەک لە هەرە گرینگەکان بوو. ئەوەی کە سێ چارەگە سەدە دواتر بۆ داکۆکی لە گەڕاندنەوەی ماف بۆ ژن و دژ بە ئەستاندنی ئازادی و ژیان لە ژنێکی کورد لە چوارچێوەی دروشمی ژن – ژیان – ئازادیدا زایەڵەی دایەوە. باوەڕێک کە زۆر پێشتر لە بەرنامەی حیزبی دامەزرێنەری کۆماردا بە ڕوونی ڕاگەیەندرا، لە بەرنامە و کاری کۆماردا بە کردەوە کاری بۆ کرا، لە وتەی ڕێبەرانیدا و لە وتاری نووسەران و وتاردەرانیدا داکۆکی لێ کرا و لە شێعری شاعیرانیدا ڕەنگی دایەوە.

**باوەڕێک کە هێمن، شاعیری نەتەوەیی کۆمار لە "یادگاری شیرن"دا بە لێبڕاوی ڕایگەیاند:**

**"با هەزار زێ و گادەر و لاوێنی ڕوونیشمان هەبێ**
**تاکوو "ژن" "ئازاد" نەبێ، سەرچاوەکەی "ژین" لیخنە"**

## ژێدەر:

- ئەسکەندەری، ئەحمەد چەند سەرنجێک لەسەر پێگەی ژن لە کۆماری کوردستان و هەڵوێستی سیاسەتمەداران.
- موجاب، شەهرزاد، ژن و ناسیونالیزم لە کۆمارە کوردیەکەی ١٩٤٦دا، وەرگێڕانی محەممەد حەمەساڵح تۆفیق
- هەژار، ئاڵەکۆک
- هێمن، تاریک و ڕوون

ئەم بابەتە لە ژمارەی٨٣٩ی ڕۆژنامەی کوردستان بڵاو کراوەتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ١ی ڕێبەندان ٢٧٢٢ = ٢١ی جانیوێری ٢٠٢٣

# حیزبی دێموکرات و پرسی نەتەوەیی




**عومەر باڵەکی**

دوای تێپەڕبوونی ٧٧ ساڵ بە سەر مێژووی ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان لەلایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە ئەو ڕاستییەمان لە مێژووی خەباتی ڕزگاریخوازی نەتەوەی کورد باشتر بۆ دەردەکەوێ کە ئەگەر دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەو سەردەمدا پێویستییەکی مێژوویی بوو لە بەدەستەوەگرتنی جڵەوی خەبات، ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستانیش خاڵی وەرچەرخانی گەشەکردن و پەرەستاندنی هەستی نەتەوەیی بۆ تاکوکۆی کورد و خۆ دەرخستنی هاوپێوەندی نەتەوەیی لە هەر چوار پارچەی کوردستان بوو. باشترین بەڵگە بۆ ئەو بۆچوونەوەش ئەوە کە ئەو بیر وئەندیشەی کۆماری کوردستانی لەسەر دامەزرا و ئەو هێما نەتەوەییانەی لە کۆماردا بوونە ناسێنەری نەتەوەی کورد، لە سەردەمی ئێستاشدا و لەنێو بزاڤی ڕزگاریخوازیی کورد وەک هێما و پێناسە بۆ ناساندنی گەلی کورد ڕوو بە دنیای دەرەوەی کوردستان کاریان پێ دەکرێ و جێگای ڕێز و حورمەتی کۆمەڵگەی کوردستان بە گشتی و تاکی کورد بە تایبەتییە.

کۆماری کوردستان لەسەر دەستی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە سەردەمێکدا پێک هات کە جووڵانەوە نەتەوایەتییەکان لە

هەر چوار پارچەی کوردستان لەلایەن دەوڵەتانی زاڵ بەسەر کوردستاندا سەرکوت کرابوون و ئەو دەوڵەت نەتەوانەی (فارس، تورک، عەرەب) خاکی کوردستانیان بەسەردا دابەش کرابوو، دوای سەرکوتی بێبەزەییانەی جووڵانەوەکان هەستیان بە دەستئاوەڵاییەک دەکرد بۆ ئەوەی بە یەکجاری کورد لە بواری فەرهەنگی و زمانییەوە لەنێو فەرهەنگ و زمانی خۆیاندا بتوێننەوە کە ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان ئەو خەون و خەیاڵەی دەسەڵاتدارانی زاڵ بەسەر کوردستانی کردە بلقی سەر ئاو. چونکە بە دامەزرانی کۆماری کوردستان ڕووناکبیران و نەتەوەخۆشەویستان لە چوارپارچەی کوردستانی گەورەوە ڕوویان لە ناوەندی ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان واتا شاری مەهاباد کرد و لەژێر ئاڵایەک بە ناوی ئاڵای کوردستان کۆ بوونەوە و بەو جۆرە هاوپێوەندیی نەتەوەیی خۆیان پێشان دا و لە هەمان کاتدا زمانی کوردی بوو بە زمانی ڕەسمی نوسین و قسەکردن لە هەموو ناوچەی ژێر دەسەڵاتی کۆماری کوردستان و هێزی پێشمەرگەی کوردستان بۆ پارێزگاری لە دەسکەوتە نەتەوایەتیەکانی ئەو کۆمارە دامەزرا. بەداخەوە هەلومەرج و پیلانیگێریی ناوچەیی و نێودەوڵەتی ماوەیان نەدا کۆماری کوردستان وەک یەکەیەکی سیاسی و نەتەوەیی لە ناوچەکەدا درێژە بە ژیانی سیاسیی خۆی بدا و دوای یازدە مانگ هەرەسیان پێهێنا، بەڵام هەرسهێنانی کۆماری کوردستان نەبوو بە هۆکار بۆ لە نێوچوونی دەسکەوتە نەتەوایەتیەکان وهەروەکی پێشتر باس کرا دوای تێپەر بوونی ٧٧ ساڵ بەسەر ئەو مێژوویەدا ئێستاش کاریگەریی بیروئەندیشەی کۆماری کوردستان بەسەر بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردستاندا دیار و بەرچاوە.

مێژووی جووڵانەوەی کورد بە گشتی و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەتایبەتی لە ماوەی ئەو ٧٧ ساڵەدا پڕە لە کارەسات و خوین و قوربانیدان، بەڵام جووڵانەوەی نەتەوەیی و مافخوازانەی ئەو گەلە بۆ چرکەساتێکیش لە جووڵە نەکەوتووە. لە ماوەی ئەو ٧٧ ساڵەدا یەکێک لە کارئەکتەرەکانی گۆڕەپانی ئەو خەباتە دوورودرێژ و پڕ لە قوربانییە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بووە. بە واتایەکی دیکە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ماوەی ئەو ٧٧ ساڵەدا پێشەنگایەتیی خەباتی میللی دێموکراتیکی گەلی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانی کردووە بی ئەوەی لەو بەها نەتەوایەتییانە لا بدا کە کۆماری کوردستانی لەسەر دامەزراند.

لە مێژووی ئەو ٧٧ ساڵەدا گەلێک حیزب و ڕێکخراو لە دنیای سیاسەت و گۆڕەپانی خەبات لە ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێک هاتن و هەتا ڕادەیەکیش گەشەیان کرد، بەڵام دوای تێپەربوونی چەندین ساڵ ئاسەواریکیان لە کار و تێکۆشان لێ نەمایەوە، بەڵام بەپێچەوانەوە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەو مێژووە پڕ لە هەورازونشێوە لە خەباتدا هەروا بەپێوە ماوە و خۆشەویستیی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانە. لێرەدایە دروستە ئەو پرسیارە لە خۆمان بکەین کە حیزبی دێموکرات چۆن توانیویەتی لە گەردەلوولی ئەو مێژووە پڕ لە کارەساتەی دوای هەرەسهێنانی کۆماری کوردستان بە سەربەرزی قەڵافەتی بەپێوە ڕابگرێ و گەلێک سەروەری بۆخۆی و گەلەکەی لە مێژوودا تۆمار بکا؟ بۆ وڵامی ئەو

**پرسیارە دەتوانین سێ هۆکار بکەین بە بنەمای مانەوەی حیزبی دێموکرات:**

**یەکەم**. حیزبی دێموکرات لە ناخی ویست و داخوازییەکانی گەلی کورد سەری هەڵداوە، بەو مانایە کە گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئامانج و خولیاکانی خۆیان لە سیاسەتەکانی حیزبی دێموکراتدا دەبیننەوە.

**دووهەم**. پشتگیریی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لە ماوەی ئەو ڕابردووە دورودرێژە لە حیزبی دێموکراتی کوردستان بە چەشنێک بووە کە دەتوانین بڵێین بۆ خەڵکی کوردستان، حیزبی دێموکرات بە جۆرێک لە جۆرەکان بۆتە فەرهەنگ و کار و، تێکۆشانی ئەو حیزبە هەموو تانوپۆی کۆمەڵگەی کوردستانی داگرتووە، بە واتایەکی دی ژیان و داهاتووی سیاسیی ئەوان ئاوێتەی حیزبی دێموکرات بووە.

**سێهەم**. کۆڵنەدان و فیداکاری و لە خۆبوردوویی کادر و پێشمەرگە و ئەندامانی حیزبی دێموکرات لە ماوەی ئەو ٧٧ ساڵەدا لە بەرانبەر دوژمنە سوێندخواردووەکانی گەلی کورد لە ئێران. ئەو سێ هۆکارە هەروەکی پێشتر باس کرا دەتوانن کاکڵی مانەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە مەیدانی خەباتدا بن.

لە ماوەی ٧٧ ساڵی ڕابردوودا هەم لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و هەم لە ناوچەکانی دیکەی ئێران خەبات و دژایەتیکردن بەدژی نیزامی پاشایەتی و نیزامی کۆماری ئیسلامی بەردەوام بووە و دەیان حیزب و ڕێکخراوی جۆراوجۆر بە بیر و تێڕوانینی جیاواز لە یەکتر لە نێوخۆ و دەرەوەی ئێران دروست بوون و هەر کامیان بە شێوازی خۆیان لەدژی نیزامی پاشایەتی و نیزامی کۆماری ئیسلامی خەباتیان کردووە و لەو نێوەشدا بەشی شێری ئەو خەبات و بەربەرەکانییە بەدژی هەردوو نیزامەکان وەبەر گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کەوتووە کە حیزبی دێموکرات یەکێک لە کاراکتێرە سەرەکییەکانی ئەو خەبات و بەربەرەکانییە بووە. لەو خەبات و بەربەرەکانییە دژوار و سەختەدا حیزبی دێموکراتی کوردستان هەموو کات هەوڵی داوە پێبەندی ئەو بنەما نەتەوەیی و دێموکراتیکە بێت لەسەری دامەزراوە.

حیزبی دێموکرات ڕوانگەی بەنیسبەت سیستمی سیاسیی ئێران چ لە سەردەمی پاشایەتی و چ لە سەردەمی کۆماری ئیسلامیدا ڕوون و ئاشکرا بووە. کە چاو بە دێکیومێنت و بەڵگەکانی تایبەت بەو بابەتەدا دەخشێنین، سیاسەتی ڕێبەریی حیزبی دێموکراتمان بە ڕوونی بۆ دەردەکەوێ. ئەو حیزبە هەموو کات لەسەر ئەو باوەڕە بووە کە ئێران وەک یەکەیەکی جوغرافیایی وڵاتێکی فرە نەتەوەیە و لە مێژووی سەد ساڵی ڕابردوودا لەگەڵ ئەو ڕاستییە ڕووبەڕوو دەبین کە گیروگرفتی نیزامە سیاسییەکانی دەسەڵاتدار لە ئێران، پرسی چارەسەرنەکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی ئەو نەتەوانە بووە. بەداخەوە

دەسەڵاتدارانی تاران چ لە نیزامی پاشایەتی و چ لە نیزامی کۆماری ئیسلامیدا هەموو کات خۆیان لە ئاستی ئەو ڕاستییە گێل کردووە و هەوڵیان داوە لەبری چارەسەری ئاشتییانەی پرسەکە، لە ڕێگای بەکارهێنانی هێزەوە جووڵانەوە مافخوازییەکانی ئەو نەتەوانە بەتایبەتی گەلی کورد سەرکوت بکەن و ئەوە وای کردووە گەلی کورد ناچار بێت بکەوێتە پاراستنی مان و مەجوودییەتی خۆی و لەو سونگەیەوە پەنای بۆ بەرگریی چەکداری بردووە. کاتێک دوژمنی دەسەڵاتدار نەیتوانیوە بە زەبری هێز جووڵانەوەی کورد بە چۆک دابێنێ ئەو جار بێ کار دانەنیشتووە و پەنای بردووە بۆ پڕوپاگەندەی بێبنەما و لە ڕێگای دامودەزگای تەبلیغیی خۆیەوە هەوڵی داوە بیروڕای گشتیی کۆمەڵگەی ئێران بەرەو ئەوە ڕابکێشێ کە گەلی کورد و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەوڵ دەدەن بۆ جیابوونەوە لە ئێران. هەروەک باس کرا ئەوە خۆگێلکردن و خۆبواردنە لە بنەڕەتی پرسەکەیە، چونکە ڕاستییەکەی ئەوەیە لە ئێراندا گەلانی زۆرلێکراو زیاتر لە نیوەی دانیشتووانی ئێران پێک دێنن و خوێندن بە زمانی زگماکی، پاراستن و پەرەپێدانی فەرهەنگی نەتەوایەتی، لابردنی جیاوازییدانانی ئابووری و سیاسی و لە هەمووی گرینگتر دیاریکردنی چارەنووس بە دەستی خۆیان بەشێک لە مافە ڕەواکانی ئەو گەلانەن.

بەپێی هەموو پێوانە نێودەوڵەتییەکان لابردنی ستەمی نەتەوایەتی لەسەر ئەو گەلانە بەپێچەوانەی ئیددیعای ژمارەیەک لە دوژمنان، هاندانی گەلان بۆ جیابوونەوە نییە، بەڵکوو دانانان بە مافە نەتەوایەتییەکانی ئەو نەتەوانە دەتوانی زامنی دابینکردنی یەکیەتیی ڕاستەقینەی ئەو گەلانە لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکدا بێ. بەو مانایە دانانان بە مافە نەتەوایەتیەکان و پاراستنی ئازادییە دێموکراتییەکان و چەسپاندن و پتەوکردنی مافی شارومەندی دەتوانی بناخە و ژێرخانی ڕێژیمێکی گەلی و دێموکرات بێ کە ڕەواییەتی خۆی لە خەڵک وەرگرتبێ. خۆ ئەگەر ئەو ئەسڵەش وەک بنەمای داهاتووی ئێران دابنێین کە بەبێ بوونی ڕێژیمێکی دێموکراتیی ڕاستەقینە مافەکانی گەلی کورد و گەلانی دیکە لە ئێرانی دوای نەمانی کۆماری ئیسلامیدا دابین ناکرێ؛ دەبێ ئەو ئەسلەش وەبیر هەموو لایەک بینینەوە کە هیچ ڕێژیمێک لە ئێراندا ناتوانی لە بواری سیاسیی و ئابووری و ئەمنییەتییەوە سەقامگیر بێ بێتوو نەتوانێ پرسی نەتەوایەتیی گەلانی ئێران وەک خۆی ببینێ و چارەسەریان بکات.

ئەم بابەتە لە ژمارەی ٨٣٩ی ڕۆژنامەی کوردستان بڵاو کراوەتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ١ی ڕێبەندان ٢٧٢٢ = ٢١ی جانێوێری ٢٠٢٣

# ژن، ژیان، ئازادی، میراتی خەباتی نەتەوەیەکی یەکسانیخواز، لە هەناوی کۆمارەوە هەتا شۆڕشی ژینا




د. کوێستان گادانی

"کۆماری کوردستان" کە ٧٧ سال لەمەوبەر لەسەر دەستی حیزبی دێموکراتی کوردستان دامەزرا، لاپەرەیەکی پڕ لە شانازیی گەلێکە کە بەردەوام بۆ ڕزگاری نەتەوەیی خۆی هەوڵی داوە. دەسکەوتەکانی کۆمارەکەش بەری ڕەنج و هەروەها وەدیهاتنی ئاوات و ئامانجی چەندین پشتی خەباتگێڕانی نەتەوەکەمان بوو. ئەم کۆمارە لە ١١ مانگدا کە بۆ بنیاتنان و بەڕێوەبردنی کیانێکی سیاسی ماوەیەکی زۆر کەمە، هەندێک هەنگاوی بڕی و کۆمەڵە ڕچەشکێنییەکی کرد کە زۆربەی گۆڕانکارییەکانی دواتر لەسەر بنەمای ئەو هەنگاوانە ڕوویان دا. بەشدارکردنی خەڵک لە دیاریکردنی چارەنووسیان و کردنەوەی مەیدان بۆ تێکۆشانی سیاسی-کۆمەڵایەتی بەتایبەت بۆ ژنان یەک لەو ڕچەشکێنی و هەنگاوە بەنرخانەی کۆمارە.

ئەمساڵ لە کاتێکدا ساڵیادی دامەزرانی کۆماری کوردستان ڕێزی لێ گیرا، کە ماوەی زیاتر لە چوار مانگە شۆڕشێکی گشتگیر و جەماوەری لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە هەموو بەشەکانی ئێرانی داگرتووە. ڕاپەڕینێک کە تەواوەتیی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیی کردووەتە ئامانج و ڕێژیمیش بە پیشەی هەمیشەیی خۆی، واتە سەرکوتی خوێناوی، گرتن و

بەندکردنی خەڵکانی نارازی، ئێعدامی رۆڵە پێشەنگەکان و بەردەوامی لە سیاسەتی شەڕخوازانەی بەرەوڕووی خەڵک بۆتەوە. ئەوەش هەم بووەتە هۆی کەوتنەسەریەکی قەیرانە کەڵەکەبووەکان و دروستبوونی هەلومەرجێکی ناسک و بە ئەگەری روودانی پێشهاتە چاوەڕواننەکراوەکان. کۆی قەیرانەکانی ئێستای وڵات کۆماری ئیسلامیی تووشی بۆنبەستی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی کردووە؛ بۆیەشە بە پەنابردنە بەر چەک و سەرکوت و توندوتیژی لە نێوخۆی وڵات و قەیرانخوڵقێنی لە دەرەوەی سنوورەکانی دەیەوێ بەر بە رووخانی بگرێت و ئەوەندەی بۆی دەکرێ تەمەنی دەسەڵاتەکەی درێژ بکاتەوە.

دەڵێن بابەتێک کە بوو بە مێژوو، ئیدی تەواو دەبێت و نامێنێت، بەڵام ئێمە دوای ٧٧ سال دەبینین پێچەوانەی ئەوەی لە مێژوودا نوختەی کۆتایی لەسەر دادەنرێ، کەچی کۆماری کوردستان بە نەمانی، دەستپێکی شۆڕشێکی نوێ و سەردەمیانەی دەست پێ کرد و بوو بە خاڵوەرچەرخانێک لە مێژووی کورددا. بەدەگمەن هەڵدەکەوێ رێبەرێک بڕیاری نەمانی خۆی لە پێناو نەتەوەکەیدا بدات و لە دوای نەمانی خۆی ئەوندە کاریگەریی ئەرێنیی لەسەر بزووتنەوەی نەتەوەکەی هەبێت. دوای ٧٧ ساڵ رۆژ بە رۆژ و نەوە دوای نەوەی کورد بە هەزر و شعووری نەتەوەیی و پابەند بە پرینسیپە دێموکراتیکەکانی بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانی خۆی هەر لە مەیداندایە. ئەوەی ئەمرۆش لە نێوخۆی وڵات دەیبینین کاریگەریی بەها و بایەخ و دەسکەوتەکانی کۆمارە کە ئەم نەتەوەیەی بەردەوام بۆ مافی رەوای خۆی لەسەر شەقام هێشتووەتەوە. ئەوەش کە دوای ٧٧ ساڵ ژنان و لاوانی وڵات دروشمی هەرمان و نابەزین دەڵێنەوە و بە دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی" تەنگیان بە کۆماری ئیسلامیی ئێران هەڵچنیوە، هەر لە میراتە فکرییەکانی پێشەوا قازی محەممەد کۆماری کوردستانن.

لە مێژووی هاوچەرخی کورددا یەکەم بایەخدانەکان بە ژن لە کۆمارەوە گوڵی کرد، کاتێک کە شاعیری نەتەوەیی کورد لە کۆماردا پڕ بە گەرووی هاواری دەکرد "هەتا ژن ئازاد نەبێ، سەرچاوەکەی ژین لیخنە"، بەردی بناغەی مانیفێستی "ژن، ژیان، ئازادی" داندرا. دروشمێکی قووڵ، پڕواتا و هەڵگری بەرزترین چەمکەکانی مرۆڤایەتیی کۆن و سەردەم. جارێ هەر لە سەرەتاوە کە دەڵێ ژن، هەموو ئینسانێکی خاوەن بیر دەڵێ: دایکم، خوشکم، کچەکەم، هاوژین و گراوەکەم، یانی کەسانێک کە هەم زۆر زۆر لێت نزیکن، هەم خوڵقێنەری ژیان. پاشان کە باس لە ژیان دەکات، ژیان بەتەنیا بەمانای زیندوو بوون نییە! بەڵکوو بە مانای چۆنایەتییی ژینە. ئەو ژیانەی کە مرۆڤ لە ماوەی بوونیدا شایانیەتی، یانی شادی و دڵخۆشی، سەرکەوتن و پێشکەوتن کە ئەوانە واتای ژیانن. ئەو بەها و بایەخانەش هیچکات بۆ مرۆڤ دەستەبەر نابن، مەگەر بە بوونی "ئازادی". ئازاد، واتە ئەو بایەخەی کە مرۆڤ خۆی دیاریی بکا چۆن بژی و هەوساری چارەنووسی بە دەستی خۆیەوە بێت.

بایەخێکی دیکەی ئاخێزی ئەمجارە کە بە دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی" دەستی پێ کردووە ئەوەیە کە هەم ڕاپەڕینەکە لە کوردستانەوە سەری هەڵدا و هەم دروشمە پڕ واتاکەی لە کوردستانەوە بە ناوچەکانی دیکەی ئێران و دنیاشەوە بڵاو بۆوە. پێشەنگی و فیداکاری و توانایی ژنانی شۆڕشی ژینا جارێکی دیکەش سەرنجەکانی لەسەر ڕۆڵ و توانا و پێگەی ژنان و قورسایی ئەوان لە ڕێبەریکردنی بزاوتە کۆمەڵایەتییەکان چڕ کردەوە، مەیدانێک کە سەرەتا لە کۆماری کوردستانەوە بۆ ژنان ئاوەڵا کرا. ئەزموونەکانی ئەم دواییانەش دەریخست کە ژنانی کورد و کۆمەڵگەی کوردەوارییش ئەم پوتەنسیەلەی تێدایە و بە کردەوەش نیشانیان داوە کە هیچ فاکتەرێک وەک بەربەستی ئایینی، ئابووری، کولتووری، دابونەریتی دواکەوتووانە، و جیاوازیی بیروڕای ئایدۆلۆژی ناتوانێ پێش بە شەپۆلی مافخوازانە و ڕۆڵی ئاوانگاردی ژنان لە خەبات بۆ چەسپاندنی بەها و بایەخە مرۆییەکان لە کۆمەڵگەدا بگرێت.

پاش ٧٧ ساڵ لە ڕچەشکێنیی کۆماری کوردستان لە هێنانەمەیدانی ژنان، ئەگەر جاران دەگوترا ژنان شان بە شانی پیاوان لە خەباتدان، لە شۆڕشی ژینادا بینیمان کە ئەوە ژنان بوون دەوری پێشەنگایەتییان گرتە ئەستۆ و ئەمجارەیان پیاوان بوون کە شان بە شانی ژنان بەردەوامییان بەم شۆڕشە بەخشیوە.

توخمە سەرەکییەکانی شۆڕشی ژینا بریتین لە شوناسخوازی، مافویستی، بایەخدان بە زمان و هۆوییەتی کوردی، پیرۆزیی خاک و پێگە و قورسایی هێزی پێشمەرگە کە هەموویان میراتی بایەخداری کۆماری کوردستانن. ئەو میراتەی کۆمەڵگەیەکی وشیاری و زیندووی لەسەر بنیات نراوە و ڕۆڵی دینامیکی ژنانیش لە دروستکردنی ئەو واقعەدا پرسێکی حاشاهەڵنەگرە؛ واقعێک کە هەروەک گوترا میراتی کۆمار و بەرهەمی بەردەوامیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەو ڕێبازە و پەروەردەی بێ پسانەوەیەتی. وەک چۆن دەبینین نەوەیەک کە دوای شۆڕشی ساڵی ١٣٥٧ لەدایک بوون و بۆ ڕۆژێکیش دەسەڵاتی ئیداری و بەڕێوەبەریی حیزبیان نەدیوە و ئەزموونیان نەکردووە، ئەگەر پەروەردەی دروستی کوردایەتی و گواستنەوەی مێژوو، پەروەردەی دروست و تێگەیشتن لە دۆخی ڕۆژ و هەست بە بەرپرسایەتی و ئاستی بەرزی شعووری نەتەوەیی نەبێت، چۆن ئەم کۆمەڵگە زیندوو و مۆتۆڕیکەی لێ دەکەوێتەوە. کەواتە ڕۆڵی ژن لە پەروەردەی دروست و ڕێگا و ڕێبازی کۆمار، بە باوەڕبەخۆبونێک کە لە کاتی دەسەڵاتی کۆمارەوە درا بە ژنان کە نەوە لە دوای نەوە و ئەمڕۆ دوای ٧٧ ساڵ ئاکامەکەی کۆمەڵگەیەکی بەتەواو مانا بەرپرس و زیندووییە.

ڕۆڵی کۆمەڵگەی مەدەنی لە ڕێکخستن و بەردەوامیی شۆڕشی ژینا تایبەتمەندییەکی دیکەی ئەم ئاخێزەیە کە ئەویش سەرەتاکەی و مێژووەکەی هەر بۆ سەردەمی کۆماری کوردستان دەگەڕێتەوە کە ڕۆڵی بنەڕەتیی لە دامەزراندنی ڕێکخراو و دەزگا نادەوڵەتییەکاندا هەبوو. کۆمار لە باوەڕی خۆیدا بایەخی زۆری بۆ ڕۆڵ و بەشداریی غەیری دەوڵەتی هەبووە و لە

پێنـاو پەرەدان بە دەسـکەوتەکانی کۆمـار و نەهـادینەکردنی دێموکراسـیی زیـاتر هەوڵـی بـۆ داوە. ئەمەش ئەم پەیـامە دەگەیەنێـت کە کۆمـار و حیزبـی دێمـوکرات هەوڵیـان بـۆ قـۆرخکردنی دەسـەڵات لە دەسـتی خۆیانـدا نەداوە و بـاوەڕیـان بە بەشداریی هەموو چین و توێژەکان لە دەسەڵات لەپێناو چێکردنی کۆمەڵگەیەکی یەکسانیخواز و دێموکراتیک بووە.

کوشتنی بەئانقەستی ژینـا بە دەسـتی هێـزە حکوومەتییەکـانی کۆمـاری ئیسلامی چەخمـاغەی شۆڕشێکی لێداوە کە یەکێک لە توخمە سەرەکییەکانی ژنانەبوونیەتی و هاوبەشیی ژنـان لە هەمـوو نـاوچەکـانی ئێرانـی بەدوای خۆیـدا هێنـاوە کە ئەمە خـۆی هۆکـارەکەی بـۆ چەنـد پـارامێتر و فـاکتەر دەگەڕێـتەوە: کـورد بـوونی ژینـا (لە نەتەوەی ژێردەست)، ژنبـوون، غەریـببوون، ڕەفتـاری هێـزە بەنـاو ئەمنیەتییەکـان، دەوڵەمەنـدنەبوون (تـوێژی زۆریـنەی خەڵـک) سـوونیبوون، حیجـابی زۆرەملـێ و... . هەمووی ئەمانە کۆمەڵە فـاکتەرێکن کە بەشیکی زۆر لە نەتەوەکـانی دیکەی ئێـران و خەڵکی شـارە گەورەکـانیش خۆیـانی تێدا دەبیننەوە، بۆیە بە دەنگ بەرزکردنەوەی ژنی کورد، ئەم ئاخێزە پشتیوانیی سەرتـاسەری ئێـران و بگـرە جیهـانی بـۆ لای خۆی ڕاکێشا.

ئەزموونی زیاتر لە چوار مانگ ڕاپەڕینی ژینا و دەسکەوتەکانی لەو ماوەیەدا و سەرنجدان بە مێژووی بـایەخی ژن و جێگە و پێگەی بنیاتنەری لە کۆمەڵگەدا کە یەکێک لە میراتەکـانی کۆمـاری کوردسـتانە پێمـان دەڵـێ؛ وەک چـۆن داهـاتووی ئێرانـی دێموکراتیک و سەقـامگیر لەگرەی وەدیهـاتنی مـافی نەتەوە پێکهێنەرەکـانی ئەم وڵاتە و کەمینـە ئـایینی و جۆراوجۆرییەکـانی دیکەی ئەم وڵاتەیە؛ هەر بەو ڕادەیە ئێرانی داهاتوو بە گشتی و ڕۆژهەڵاتی کوردسـتان بەتـایبەتی بەبـێ ڕۆڵ و نەخشـی ژن لە ڕێبەری و بەڕێـوبەری لە ئاسـتی ئیـداری و حیزبـی و حکوومەتیـدا مانـا بەخـش نییە. بە واتـایەکی دیـکە داهـاتووی سەرکەوتوو و ڕزگاریی نەتەوەیی و کۆمەڵگەیەکی یەکسانیخوازی لێ ناکەوێتەوە.

ئەم بابەتە لە ژمارەی٨٤٠ی ڕۆژنامەی کوردستان بڵاو کراوەتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ١٥ی ڕێبەندان ٢٧٢٢ = ٤ی فێبریوێری ٢٠٢٣

# کۆماری کوردستان و کۆمارەکانی سەرشەقام



**سۆران عەلیپوور**

لە گەرمەی شۆڕشی ژینادا چاوم دەکەوێتە سەر کورتەڤیدیۆیەکی خوێندکارانی زانکۆی زانستە پزیشکییەکانی کوردستان لە سنە، ئەوان لەبەردەم دەروازەی زانکۆ کۆبوونەتەوە و کچ و کوڕ خرۆشاون و پڕ بە گەروو هاوار دەکەن: "ئێمە ڕۆڵەی پێشەواین، بۆ کوردستان گیانفیدایین." هەر بە ڕێکەوت دروشمێکی خومەینییش بە ڕەنگی ڕەش و فۆنتی نەستەعلیق لە سەرەوەی ڤیدیۆیەکە دەردەکەوێت." دانشگاه مبدا همەی تحولات است." وێنەی خامنەیی و خومەینیش لە هەردوو سەری دروشمەکە دراوە.

یەکدەنگی و هاوئاهەنگییەک لە جووڵە و دروشمدانیاندا، وره، ژیاندۆستی و ژندۆستی، ئیرادەی گۆڕانخوازییەک کە لە دەنگ و هاواری خوێندکارەکان و کۆبوونەوەکەیان دەبینرێ و هەستی پێ دەکرێ لە دژایەتییەکی تەواودایە لەگەڵ ئەو مەترياڵە بێگیان، بێناوەرۆک و ڕەشەدا، کە لە ترسی هێنانەخوار و خراپکردنی لە بەرزاییەکی جێگەی تێرامان هەڵواسراوە، دوو پیاو بە هۆوییەتێکی زۆر بەرتەسکی ئایینی و لە چوارچێوەی پێناسەیەکی ئیدۆلۆژیکدا ڕاست و چەپی بێنەرەکەیان گرتووە

و لەوێوە دەیانەوێ ئامادەیی خۆیان بەرهەم بێننەوە، لەوەش گەڕێین کە ئەو قسەیەی خومەینی چەندە کلێشەییە و مەبەستیشی لە گۆڕانکاری چ بووە؟ بە دڵنیاییەوە ئەو گۆڕانکارییانە نین کە لە ناوەندەکانی خوێندنەوە بانگەشەیان پێ دەکرێ، ئەو ناوەندانەی کە جێگەی هومێدی کۆماری ئیسلامی بوون، نەوەیەکیان بەرهەم هێناوە کە گۆڕانخوازییە کلێشەیی و ئاراستەکراوەکانیان بەدژی هەمان ڕێژیم کردووە بە گۆڕانکاری ڕادیکاڵی مەبەستدار.

هەمان دروشم " ئێمە ڕۆڵەی پێشەواین، بۆ کوردستان گیانفیداین." لە زۆربەی شارەکانی کوردستان دەکوترایەوە،ئێستا کە لە سەروبەندی یادکردنەوەی دامەزرانی کۆماری کوردستان داین، گرینگە چاوێک بە ئەڵقەکانی ئەو زنجیرەدا بخشێنین کە ساتەوەختی بەردەم دەروازەی زانکۆی سنە و کۆمەڵێک خوێندکاری خۆپێشاندەر ٧٧ ساڵ دواتر بە مەیدانی چوارچرای مهابادەوە لێک گرێ دەدات. هاوئامانجی و ئاماژەی نەوەی نوێی "کۆمارەکان" بە کۆماری کوردستان نە بە ڕێکەوتە و نە تەنیا دروشمێکیشە، ئەگەر کۆمار لە نووسینە مێژووییەکاندا بە خاڵی وەرچەرخان لە مێژووی سیاسی دادەنرێ، ئەوا لەلای نەوەی "کۆمارەکان" بە نموونەیەکی دێموکرات و مۆدێرن لە حوکمڕانی و ئیدارەکردن ئەژمار دەکرێ، کە تەواو لەگەڵ دروشم و داخوازییەکانی ئەوڕۆی خەڵکی کوردستان تەبایە و هەربۆیەش بەڕوونی کۆمار بە سەرچاوە و ئاخێزگە دادەنێن.

ئەو پارادۆکسی گوتارە کە لەو کورتەڤیدیۆیە و زۆربەی ڕووداوەکانی دوایی و ڕابردووی کۆمەڵگەی کوردی دەبینرێت، وێنەیەکی بچووککراوەی ناتەباییەکی گەورەتری دوو دنیابینی و وێژمانە کە هەم لە سەردەمی کۆماردا و هەم لە ڕۆژگاری کۆمارەکاندا و لە فۆرمی جیاوازدا و بە نێوەرۆکێکی ڕادەیەک لێکنزیک، لە بەرامبەر یەکتردا ڕاوەستاون. دنیابینییەک کە دیدێکی کۆلۆنیالیستیانەی بۆ خاک و دانیشتووانی کوردستان هەیە، لە ئاست دونیابینییەک کە خەونی ئازادی و گەیشتن بە مافە سروشتی و مرۆییەکانی لە سەرووی داخوازییەکانیدا جێ کردۆتەوە.

گرینگیی پەیام و دەسکەوتەکانی کۆمار لەو ڕۆژانەدا زیاتر لە هەمیشە هەستی پێ دەکرێ، نەک تەنیا لەبەر ئەوەی گلۆڵەی کۆماری ئیسلامی کەوتۆتە لێژی و شاهیدی زیاتر لە چوارمانگ ڕاپەڕینی خەلکی ئێرانین، بەڵکوو لەبەر ئەوەش کە دووبارە و چەندجارە دەنگی پێی ئەو وێژمانە ناوەندگەرا و داپلۆسێنەرە دەبیستین، کە دەیەوێ ئێرانی داهاتوو بە شوناسێکی میلیی دیاریکراو ببەستێتەوە و ڕەنگ و دەنگە جیاوازەکان، داخوازیی نەتەوەکانی ئێران بە وڵامی کلێشەیی لەپێشدا "هێز" دوایە "ماف" وڵام بداتەوە، کۆنسێپتێکی ئەزموونکراو کە یەکێک لە هۆکارەکانی دامەزراندنی کۆمار ڕێک کاردانەوەیەک بوو بەو سیاسەتە پاوانخواز و نێوەندگەرایە. ڕەزاشا لە ڕێگەی سانترالیزمی سیاسی و ئیدارییەوە هەوڵی دروستکردنی شوناسێکی ئێرانی داتاشراوی بۆ خەڵک و نەتەوەکانی ئێران دەدا، ئەو سیاسەتی پەراوێزکردن و خستنەدەرەوە (Exclusion) لەسەر بنەمای سڕینەوە و شێواندنی شوناس، کولتوور و مێژووی ئەوانیدیکە دارێژرابوو.

کۆنسێپتی نەتەوەی باڵای پەهلەوی حاشای لە فرەهۆوییەتی و پلۆرالیزمی فەرهەنگی دەکرد و بێجگە لە برەودان بە کولتوور و زمانی فارسی، پرۆژەی ئاسیمیلەکردن و بە لۆکالی ناساندنی فەرهەنگ و زمانی نەتەوەکانی دیکەی ئێرانی خستە بەرنامەی خۆی، ئەو سیاسەتە هاوکاتە لەگەڵ پرۆژەی بە مۆدێرنکردنی ئەرتەش و وەگەڕخستنی ماشێنی زەبروزەنگی حکومەتی ناوەندی. لە ژێکاف و پاشان لە کۆماری کوردستانیشدا کاردانەوە بە سیاسەتی هێژموونی و کۆنسێپتی تاکە هۆوییەتی پەهلەوی بەڕوونی دەبینرێت. لە بڵاوکراوەی "نیشتمان" و ڕۆژنامەی "کوردستان"دا شوناسی هاوبەش و چارەنووسی هاوبەشی کوردان باسێکی گەرمی هەمیشەییە، قازی محەممەد لە نوتقێکدا کە لە ژمارە ١٠ی ڕۆژنامەی "کوردستان"ی ڕێبەندانی ١٣٢٤ دا بڵاو کراوەتەوە، زۆر بەڕوونی ئاماژە بە پرسی شوناسی نەتەوەیی، زمانی زگماک و چەمکی دێموکراسی دەکات: "لەو دواییانەدا لەپاش شەڕی بەینولمیلەلی پێشووەوە کە حکومەتی ئێران و تورکیە هاتنەسەر کار و زمان و عادات و مەزهەب ڕسووماتی میللیی کوردیان بەجارێک لاواز و کز و کەنەفت کرد و لە هیچ وەحشییەت و دڕندەییەک ڕانەوێستان و خوێندن و نووسینی زمانی کوردی مەمنووع و پۆشینی لیباسمان قەدەغە بوو.")١(

بایەخ و بەها مێژوویی و سیاسییەکانی کۆمار تەنیا لە دەسکەوتی زۆر و تەمەنێکی کورتی پڕشنگداردا نییە، کۆمارێک کە بەرهەمی پێگەیشتوویی و وشیاریی سیاسیی کورد بوو، حەفتاوحەوت ساڵ دواتر لە قۆناغێکی دیکەی پێگەیشتوویی سیاسیی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بووە بە سەرچاوە و ئاخێزگە. وێژمانی نەتەوەیی، مەدەنی و دێموکراتیکی کۆمار تێکەڵ بە داخوازی و دروشمە ئەوڕۆییەکانی خەڵکی کوردستان بووە، کۆماری کوردستان لە ڕووبەڕووبوونەوەی کۆنسێپتی دەوڵەت نەتەوەی پەهلەویدا و مایەپووچبوونی سێنترالیزەکردنی دەسەڵاتی سیاسی و ئیداری لە شوێنێکدا و لە دەستی کەمینەیەکدا ڕۆڵێکی دیاریکراوی گێڕا، ئەوەی ئێستاش بۆیە خۆی بە ڕۆڵەی پێشەوا دەزانێ، چونکە دەزانێ پێشەوا و کۆمارەکەی بێ ئەوەی بە دەق لە شوێنێکدا ناویان لە ژن، ژیان، ئازادی بردبێ، بەڵام لە کردەوەدا و لە سیاسەتەکانیاندا هەم گۆڕانکاریی سیاسی و هەم ڕیفۆرمی کۆمەڵایەتییان بەهەند وەرگرتبوو، ئەو نەوە هۆشیارە بە ئاماژە و کۆدەکانی پشت ئاخاوتنی ناوەندگەراکان، چ ئەوانەی هۆوییەتی مەزهەبی دەگشتێنن و چ ئەوانەش کە بانگەشەی یەکشوناسی و یەکپارچەیی دەکەن.

بزووتنەوەی سیاسی و وشیاری سیاسی لە بەستێنی ناتەباییەکانی نێوان وێژمانی خەڵکی کوردستان و دنیابینی کۆلۆنیالیستانەی حکومەتی ناوەندیدا لەدایک بووە، تا ئەو ناتەبایی و پارادۆکسە قووڵتر بێت و ڕۆڵی ناوەند/پەراوێز ڕۆڵێکی هیرارکی ستەمگەرانە بێ، ئەوا پانتایی بزووتنەوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی کوردستان فراوانتر و ڕادیکاڵتر دەبنەوە. ئەوە خاڵێکی هاوبەشی نێوان کۆماری کوردستان و "کۆمارەکان"ی سەرشەقامیشە.

**١- ڕۆژنامەی کوردستان، ژمارە ١٠، ١٥ی ڕێبەندانی ١٣٢٤**

**ئەم بابەتە لە ژمارەی٨٤٠ی ڕۆژنامەی کوردستان بڵاو کراوەتەوە.**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ١٥ی ڕێبەندان ٢٧٢٢ = ٤ی فێبریوێری ٢٠٢٣**

---

## ئاستەنگ و دەرفەتەکانی بەردەم دروستکردنەوەی کۆماری کوردستان!



**هاشم ڕۆستەمی**

هەر لە دوای تێکچوونی کۆمارەوە تا ئێستاش، بە بەردەوامی ڕۆلەکانی گەلی کورد بە دوای ئامانجەکانی کۆمارەوە بوون و هەوڵیان داوە جارێکی دیکەش کۆمار دروست ببێتەوە. لەو پێناوەدا بە دەیان هەزار ڕۆڵەی تێکۆشەری ئەم نیشتمانە گیانی خۆیان بەخت کردووە و بەگژ هێزی زۆر و پۆشتەوپەرداخی دوژمندا چوونەتەوە. ئێمەی کورد لە گیانبازی و فیداکاریدا قەت کەممان نەهێناوە، بەڵام دەبێ قبوڵ بکەین لە خەسارناسیی خەباتی خۆمان و دەستنیشانکردنی ستراتیژیی دوژمندا زۆر جار لاواز دەرکەوتووین. ئێمەی کورد لە کوردستانی خۆرهەلات هەم لە دژی ڕێژیمی پاشایەتی تێکۆشاوین و هەم لەدژی کۆماری ئیسلامی. لێرەدا ئەم پرسیارە خۆی دەردەخا کە بۆچی لە سەد ساڵی ڕابردوودا هەر دەسەڵاتێک کە لە ئێراندا هاتۆتە سەرکار بۆتە دوژمنی کورد و شەر و کوشتاری لەدژی وەڕێ خستووە. ئەم شەر و کوشتارە بەرهەمی کامە بیر و ئەندێشەی سیاسی و ستراتیژین؟ ئەگەر ئێمەی کورد دەمانهەوێ جارێک و بۆ هەمیشە لەو شەر و ماڵوێرانییە ڕزگارمان ببێت، دەبێت پەنجە لەسەر ئەسڵی بابەتەکە دابنێین و لە بنەوە هەڵێتەکێنین. ئەگینا ئەگەر وا نەکەین تانەت ئەگەر لە شەڕیشدا سەربکەوین، دیسان ئەو بابەتە سەر هەڵدەداتەوە.

ئاستەنگی سەرەکی لەسەر ڕێی گەیشتنی گەلانی نێو جوغرافیای ئێران و یەک لەوان خەڵکی کوردستانی ڕۆژهەڵات بە مافە

نەتەوایەتییەکانیان، پەیڕەوکردنی سیاسەتی دەوڵەت نەتەوەیە کە لە دوای شۆڕشی مەشرووتە و هاتنەسەرکاری ڕەزا شای پەهلەوییەوە تا ئێستاش بەچڕی بەڕێوە دەچێ. سیاسەتی دەوڵەت نەتەوە کە باس لە یەک جوغرافیا، یەک زمان و یەک کولتوور و یەک نەتەوە و یەک وڵات دەکات و لە چەمکی سیاسی نەتەوەی ئێران (ملت ایران)دا خۆی دەرخستووە، لە ڕاستیدا مەترسیدارترین بیرۆکەیە کە تا ئێستاش شۆڤێنیزمی دەسەڵاتداری تاجدار و مەندیلبەسەر لە دژی گەلانی ئێران کەڵکیان لێ وەرگرتووە.

سیاسەتی دەوڵەت نەتەوە لە وڵاتانی فرەنەتەوەدا مەترسیدارترین جۆری تیرۆریزمی دەوڵەتییە لە هەموو بوارەکانی خۆیدا. ئەم جۆرە تیرۆرە کە لە جۆری خۆیدا دەچێتە خانەی ژینۆسایدی نەتەوەیی، مخابن تا ئێستاش وەک پێویست ئاوڕی لێ نەدراوەتەوە. مەبەست لە ژینۆسایدی نەتەوەیی ئەوەیە بۆ نموونە کاتێک گەلی کورد لە ماوەی سەد ساڵی ڕابردوودا بە بەردەوامی لەژێر گوشاری فەرهەنگی، ئابووری، کولتوری و سیاسیدا بووە و هیچ دەرفەتێکی گەشەسەندنی پێ نەدراوە و هەوڵ دراوە کە لە نێو فەرهەنگی بێگانەدا بتوێتەوە، بێگومان ئەمە ژینۆسایدی نەرمە و هەوڵدانە بۆ تواندنەوە. لەم ژینۆسایدەدا دوژمن کۆمەڵێک ڕێکاری نامرۆڤانەی گرتوونەتەبەر، وەک: تیرۆرکردنی کەسایەتی و ئیلیتی کورد، فەوتاندنی زمان و کولتوور، سڕینەوەی شوناسی نەتەوایەتی، لە هەژاریدا ڕاگرتنی کۆمەڵگەی کوردستان لە هەموو کەرتەکاندا، نانەوەی چەندبەرەکی لەنێو کۆمەڵگەدا، ئالوودەکردنی کۆمەڵگە بە شتی جۆراوجۆر و هەوڵدان بۆ دوورخستنەوەیان لە بیری نەتەوەیی.

هەر لە درێژەی ئەو سیاسەتەدایە کە خوێندن بە زمانی دایک، واتە زمانی کوردی لە کوردستاندا یاساغ کراوە و هەرکەس هەوڵ بۆ بوژاندنەوەی زمانی کوردی بدات، حیسابی دوژمنی بۆ دەکرێ و دەیخەنە سووچی زیندانەوە. ئەوان دەزانن زمان یەکێک لە بنەڕەتەکانی شوناسی هەر نەتەوەیەکە. هەر لە ڕێگەی سەرکوتی زمانییشەوە هەوڵ دەدەن کەسایەتیی تاکی کورد تێک بشکێنن. چونکە منداڵێکی تەمەن شەش ساڵ کە لە یەکەم ڕۆژی چوونە قوتابخانە کتێبێکی دەدرێتێ کە هیچ سەرەندەری لێ دەرناکات و مامۆستا بە زمانێک قسەی لەگەڵ دەکات کە تێی ناگات؛ هەر لەم یەکەم ڕۆژدا کەسایەتیی ئەم تاکەی کورد درزی تێ دەکەوێت و هەست بە کەمایەسییەکی قووڵ دەکات. ئەوە یەکەم هەنگاوە هەم بۆ فەوتاندنی زمانی کوردی و هەم بۆ شکاندن و تیرۆری کەسایەتیی تاکی کورد. ئەو یەکەم هەنگاوەش چونکە بە شێوەی جۆراوجۆر لە هەموو قۆناغەکانی دیکەی ژیاندا درێژەی هەیە، دەبێتە هۆی ئەوە هەموو کۆمەڵگە بتەنێتەوە و بەرە بەرە بەرەو فەوتانی ببات. ئەم بەشە لە سیاسەتی داگیرکەر دەچێتە خانەی تیرۆری زمان و کەسایەتیی تاکی کورد و لە ڕێگەی تاکیشەوە دەبێتە تیرۆری کەسایەتیی نەتەوەیی.

سەرجەمی ئەو پیلانانە کە ئاماژەمان پێ کردن، بە مەبەستی چەسپاندنی سیاسەتی تەک نەتەوەیی لە ئێراندا پێڕەو دەکرێ، سیاسەتی تاکنەتەوەییش لە ئێراندا شتێک نییە جگە لە تواندنەوەی سەرجەم گەلانی ئێران لە نەتەوەی باڵادەستدا؛ بۆیەشە هەر جۆرە داواکارییەکی مافە نەتەوەییەکانی گەلانی دیکەی ئێران بە جیاییخوازی لە قەڵەم دەدەن و ئاگر و ئاسنی بەسەردا دەبارێنن. شۆڤێنیزمی دەسەڵاتدار دەیهەوێ لەژێر ناوی تەوایەتیی خاکی ئێراندا، هەرچی سەروەت و سامانی ژێرزەوی و سەرزەوی و هێزی کاری کوردستان هەیە بۆ خۆی ببا و هەر ئەو سیاسەتەش لە بەلوچستان و زۆر شوێنی دیکە پەیڕەو دەکات. سیاسەتی دەوڵەت-نەتەوە و تاک میللەتی لە ئێران شتێک نییە جگە لە تاڵانکردنی کوردستان و ناوچەکانی دیکەی ئێران بە قازانجی نەتەوەی شۆڤێنیستی پاوانخواز. سەدان ساڵە کوردستان تاڵان دەکەن، سەروەت و سامانەکەی دەبەن و بۆخۆیانی دەکەنە کۆشک و تەلار و لاوی کوردیش بە بڕوانامەی بەرزی خوێندنەوە دەبێ بچێتە کۆڵبەری و تەنانەت ئەوەشی پێ ڕەوا نابینن و دەیدەنە بەردەستڕێژی فیشەک. لەم ساڵانەی دواییدا خەریکن ڕووبار و ئاوەکانیش دەدزن و لە زۆر شوێن ڕێڕەوی ئاوەکانیان گۆڕیوە و بە بۆڕییەوە بەرەو ئەو شوێنانەیان دەبەن کە بە هی خۆیانی دەزانن.

باس لە شکاندنی کەسایەتیی تاکی کورد کرا. ئەم شکاندنە لە بەردەوامیی خۆیدا تەنانەت لە هەڵوێستی کەسایەتیی سیاسی کوردیشدا ڕەنگی داوەتەوە و کەم نین هەندێک سیاسیی کورد لە بەرانبەر دەسەڵاتی داسەپاو لە بەرانبەر بەرهەڵستکارانی ڕێژیمیشدا خۆیان پێ کەمە و بە لاوازی بەرگری لە مافە نەتەوەییەکانیان دەکەین. سیاسەتی شۆڤێنیزم بە نیسبەت مافی گەلان چ لە دەستەڵاتدا بێت یا ئۆپۆزیسیۆن بێت، هیچ فەرق ناکات و هەموویان یەک شت دەڵێن. هەربۆیەش ئەو بەناو دژبەرانەی کۆماری ئیسلامییش بەشی هەرەزۆریان، ئەوانەی پاوانخوازانە بیر دەکەنەوە، ئەوە کوتکی جوداییخوازییان بەدەستەوە گرتووە و بەو کوتکە بەگژ داوا ڕەواکانی گەلانی نێو ئێراندا دەچنەوە؛ بەبێ ئەوەی واقعبینانە چاو لە دروشم و سیاسەت و ڕوانگەی سیاسیی نەتەوە نافارسەکانی دیکەی ئێران بکەنەوە. هەروەها خۆ لە وەڵامی ئەو پرسیارانەش دەدزنەوە کە ئەوان بۆ دەستبەرداری کوردستان نابن و ئاخۆ ڕوانگەی ئەوان چ جیاوازییەکی لەگەڵ سیاسەتەکانی ئێستای ڕێژیم هەیە؟ کە واتە سەرەکیترین ئاستەنگی بەردەم مافخوازیی کورد و نەتەوەکانی دیکە شۆڤێنیزمی دەسەڵات و بەشێک لە ئۆپۆزیسیۆنە.

**دۆخی سیاسیی ئێستای ئێران کۆمەڵێک دەرفەتیشی بۆ کورد دروست کردووە کە پشت بە کۆمەڵە فاکتەرێک دەبەستن کە پێویستە بە باشترین شێوە کەلکیان لێ وەربگیردرێ:**

- حەقانییەتی کێشەی نەتەوەیی کە دەبێ داکۆکیی لێ بکا و پشتی پێ ببەستێ.
- ناسراوبوونی کێشەی نەتەوەی کورد و بەڕۆژەڤبوونی وەک کێشەیەکی نێونەتەوەیی.
- ڕەگداکوتانی بیری ڕزگاریخوازی لە نێوخۆی کوردستان و یەکگرتوویی نەتەوەیی.
- فرەنەتەوەبوونی ئێران کە ئەم فاکتەرە دەتوانێ پشتیوانەیەکی باش بێت بۆ چارەسەری پرسی نەتەوەکانی نێو ئێران.

- دەنگنەدان بە ڕێفراندۆمی کۆماری ئیسلامی و ڕاوەستان لە بەرامبەریدا و شەر لەدژی سوپای پاسدارانی تیرۆریست بۆ ماوە ٤٣ ساڵ، کە کۆمەڵگەی جیهانی تازە خەریکە لە هەڕەشە و مەترسییەکانی دێتە دەنگ.
- سەرهەڵدانی شۆڕشی ژینا لە کوردستان و گیانبازییەکانی خەڵکی کوردستان لەم شۆڕشەدا کە وەک دڵی شۆڕشەکە دەرکەوت.
- هەبوونی کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ و. ...

بەڵام بۆ ئەوەی باشتر بکرێ کەڵک لەو فاکتەرانە وەربگیردرێ پێویستە بەر لە هەموو شتێک حیزب و ڕێکخراوە کوردستانییەکان پتر هاوهەڵویست بن و نێوماڵی خۆیان ڕێک بخەن و ناوەندی هاوکاریش بەربەرینتر ببێت، چوونکە لە بەردەم پرسێکی نەتەوەییدایین و پرسی نەتەوەییش بە هەمووان چارەسەر دەکرێت. پێویستە کار بۆ یەکخستنی هێزی پێشمەرگە بکرێت و هەر لە ئێستاوە پلانی ئەوە دابندرێ کە دەستبەجێ دوای کۆماری ئیسلامی، لە کوردستان هەڵبژاردن بکرێت و کیانێکی سیاسی کوردی دابمەزرێت و هەر جۆرە دانوستانێک لەگەڵ لایەنەکانی دیکەی ئێران، لەگەڵ ئەو کیانە سیاسییە کوردیە بێت نەک لەگەڵ حیزب و ڕێکخراوەکان.

پاش تۆکمە کردنی نێو ماڵی کورد، پێویستە هەوڵ بۆ کاراکردنی کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ و کردنی بە ئالترناتیڤی کۆماری ئیسلامی بدرێت و ڕێگە لەوە بگیردرێ کە لایەنەکانی دیکە بە ناحەق خۆیان بەخاوەن بکەن. نابێ باسکردن لە سیستمی داهاتووی ئێران بۆ دوای ڕووخانی کۆماری ئیسلامی دوابخرێت. هەر لایەنێک ئەو هەوایە لێ بدا تەنیا مەبەستی کات کڕینە تا دەگاتە دەسەڵات و ئەودەم لێمان دەبێتە خومەینییەکی دیکە. لە سەر ئەو بڕوایە هەر لایەنێک لە ئێستاوە ڕوانگەی بەنیسبەت چارەسەرکردنی کێشەی نەتەوەکان لە ئێراندا ڕوون نەبێت، هەر لایەنێک کە پێداگری بکات لە سەر چەمکی نەتەوەی ئێران -تواندنەوەی نەتەوەکان لە یەک نەتەوەدا- نابێ کورد لەگەڵێ بچێتە نێو هاوپەیمانی.

بە لەبەرچاوگرتنی ئەم ئاستەنگانە و دەکارکردنی ئەو دەرفەتانەی لە پێشمانن، دامەزراندنەوەی کیانێکی سیاسیی دیکەی کوردی لەم هەلومەرجەدا دوورەدەست نییە.

ئەم بابەتە لە ژمارەی٨٤٠ی ڕۆژنامەی کوردستان بڵاو کراوەتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ١٥ی ڕێبەندان ٢٧٢٢ = ٤ی فێبریوێری ٢٠٢٣

# ڕۆڵی کۆماری کوردستان لەسەر ناسیونالیزمی کورد




**ئەلبورز ڕۆئین تەن**

ئەندرو وینست کاتێک باس لە ناسیۆنالیزم دەکات دەڵێ "ئەگەر داوای حاکمییەتی ئاشتی و داد لە سیستەمی جیهانی دەکەین، دەبێ نەتەوەکان ئازاد، سەربەخۆ و پارێزراو لە هەڕەشەی دەرەکی بن." ئەو ئایدیۆلۆژیایەی کە لە دو سەدەی ڕابردووە لە مەڕ ئازادیی نەتەوەکان بۆ دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان دەدوێن لەژێر ناوی ناسیۆنالیزم دەردەکەون کە تا ئێستاش ئایدیایەکی زیندوویە و باسێکی جیدی ئاکادیمی و جێگای سەرنج و لێکۆڵینەوەیە.

ناسیۆنالیزمی کوردیش وەک ناسیۆنالیزمی نەتەوەیەکی بێدەوڵەت و لە دۆخی خەبات بۆ گەیشتن بە ئازادی و تێکۆشان لە زۆر ڕووە جێگای سەرنجە: یەکەم بۆ تێگەیشتن لە دۆخی سیاسیی کورد و پرسی کورد و هەروەها ئەو ناکۆکی و ئاڵۆزییەی لە ناوچەدا هەیە. دووەم بۆ باشتر تێگەیشتن لە هۆکار و ئاکامی خەباتی بێوچانی نەتەوەیی کورد. شەن و کەوی ناسیۆنالیزمی کورد لە زۆر ڕوانگەوە شایانی تێرامانە، هەبوونی نەتەوەیەکی ئازادی لێزەوتکراو و خاک لێداگیرکراو کە بەردەوام لەژێر هەڕەشەی دەوڵەتانی دەوروبەردا بووە لەلایەک، تایبەتمەندییە مێژوویی و جوغرافیای و ناسنامەی شوناسی کورد لە لایەکی دیکە. هەروەها دۆخی ئێستا و بەرزبوونەوەی هەستی نەتەوەپەرستیی کورد سەرەڕای هەموو ئەو هەڕەشانەی بۆ سڕینەوەی ناسنامەی کوردی لەلایەن دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان هەیە باسی وردی لێکۆڵینەوەیی لە پرسی کورد و

ناسیۆنالیزمی کوردین.

کاتێک باسی بنەوانی ناسیۆنالیزمی کوردیش دەکرێ تێروانینی جیاواز دێتە ئاراوە. هەبوونی پەیوەندیی مێژووی کوردی ئێستا بە ڕابردووی کۆنی شارستانییەتیەکانی میتانی و مادی، بەردەوامی دەسەڵاتی ناوچەیی لە ساتراپەکانی ساسانی، هەبوونی حکوومەتەکانی مەروانی و شەدادی و حەسنەویی ئەیوبیی سەدەکانی نێوەڕاست تا دەگاتە میرنیشنەکانی سەدەکانی نزیک و شۆڕشە یەک لە دوای یەکەکانی مێژووی هاوچەرخ هەر یەک بە جۆرێک وەک بنچ و بنەوانانی ناسیۆنالیزمی کوردی باسی لێوە دەکرێ. لەلایەکی دیکەوە ئەوەی پێ دەگوترێ سیاسەت لەسەر بنەمای ناسنامەی جیاواز کە لەژێر هەڕەشەی لایەنەکانی دیکەدا بووە بەدرێژایی ئەو مێژووە هەر بەردەوام بووە، بۆیە هەبوونی زمان و کولتووری جیاواز و لە هەموو گرینگتر هەستی وەکیەکی هاوبەش لەنێو کوردەکان کارتێکەری زۆری لەسەر ناسیۆنالیزمی کورد هەبووە کە وا دەکات بەشێکی لێکۆلەران بیر لەوە بکەنەوە ناسیۆنالیزمی کورد بۆ مەم و زینی ئەحمەدی خانی بگەڕێننەوە کە داوای یەکیەتیی کورد بۆ سەربەستبوون و سەروەربوون دەکات تا لە ژێردەستەییدا نەمێنێ. دواتر شۆڕشەکانی مێژووی هاوچەرخ هەر یەکە و بە جۆرێک بۆ گەیشتن بەو ویستەی کە ئەحمەدی خانی بە نرخی فیداکردنی گیان و ماڵ بەگژ دەسەڵاتی ناوەندی چوون و ڕاسان بە دوای ڕاسان تا بە ئەمڕۆش بەردەوامە.

لێکۆلەران لە لێکۆڵینەوەکانیان هەر یەک بە جۆرێک باس لە کاریگەریی هەر یەک لەو ڕووداو و شۆڕشانە لەسەر ناسیۆنالیزمی کوردی دەکەن، بەڵام یەکێک لەو ڕووداوە زۆر کاریگەرانە بە تایبەتی لە سەدەی بیستەم کە بە سەدەی دامەزراندنی دەوڵەت-نەتەوە و نەزمی ئێستاش دەناسرێ، کۆماری کوردستانە.

کۆماری کوردستان لە زۆر ڕووەوە جیاوازە، بەڵام یەکێک لە گرینگترینی ئەو جیاوازییانەی کە هەیەتی زیندووبوونی لە هزری کوردە تا بە ئێستاش. بێگومان لەوانەیە دەستکەوتەکانی کورد لە شۆڕشەکانی پێش کۆماری کوردستان و دواتریش لە کۆماری کوردستان زیاتریش بێ، بەڵام بە ئەندازەی کۆماری کوردستان نەیتوانیوە لە مێشکی نەتەوەی کورددا بچەسپێ و سەرچاوەی ئیلهام بۆ کورد بێت. شەن و کەوی هۆکارەکانی کە بۆچی کۆماری کوردستان تا ئەو ڕادەیە لە هزری کورددا زیندووە وەڵامێکیش دەبێ بۆ پرسیاری ڕۆڵی کۆماری کوردستان لەسەر ناسیۆنالیزمی کورد.

بەشێکی بەرچاوی ئەو دەوڵەتانەی ئێستا هەن ئاکامی خەباتی نەتەوەکان بۆ بەدەستهێنانی ئازادی لە سەدەی بیستەمن. واتە بۆ سڕینەوەی هەڕەشەی نەمانی نەتەوەیەک دەوڵەت وەک قەڵغانێک لە نەزمی دونیایی ئێستا بە کار هاتووە و ئەوەش بۆتە هۆی ئەوەی دەوڵەتێکی زۆر لەسەر ئەو بنەمایە دابمەزرێنین. تەنانەت لەو شوێنانەی نەتەوەی جیاوز هەن بەڵام لە

یەک دەوڵەتدا دەژین دەسەڵاتی دەوڵەتەکە لەژێر ناونیشانی جیاوازەوە دابەش کراوە. لە شوێنێک کە نەتەوە هەبووە بەڵام خاکێکی دیار کراو بۆ دامەزراندنی دەوڵەت نەبووە بە دیتنەوەی خاکی نوێ دەوڵەتی لە سەر دامەزراندراوە بۆ ئەوەی ئەو دەوڵەتە لەسەر ئەو خاکە نوێیە ئەو نەتەوەیە لە نەمان بپارزێ، وەک ئەوەی لە ئیسرائیلدا دەیبینین. بۆ کوردیش کە زۆر شۆڕش و خەباتی بەردەوامی هەبوون، تەنانەتە هەندێک جار کاتی دەسەڵاتداری و جوغرافیای ئەو دەسەڵاتدارییە چەندین بەرامبەی کۆماری کوردستان بووە هەیبوون، بەڵام پێکهاتەی دەوڵەتی وەک دەوڵەتێکی مودێرن وەک ئەوەی لە سەدەی بیستەمدا باو بوو زیاتر لە کۆماری کوردستان دەبیندرێت. تەنانەت سەرۆککۆماری کوردستانیش کە لە ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستاندا ئەو هەوڵە بە درێژەی شۆڕشەکانی پێش خۆی دەزانێ، بەڵام ئەو فۆرمەی کە کۆماری کوردستان هەیبوو، وەک هەبوونی حکوومەت، ئاڵا، هێزی جەنگاوەری نیشتمانی، دامودەزگای جیاوزی دەوڵەتداری، هەبوونی هزری کوردی بۆ دامەزراندن و بەڕێوەبردنی ئەو دامودەزگایانە ئەگەر بۆ ماوەیەکی زۆر کورتیش بێ کاریگەرییەکی زۆری لەسەر ناسیۆنالیزمی کوردی داناوە کە نەوەکانی دواتر وەک حکوومەتێکی کوردی کە دەڵێ کورد دەبێ حوکمی خۆی بکات دەیناسێ.

بێگومان چۆنیەتی و چەندایەتیی ئەو دامودەزگایانە دەتوانێ جێگای باس بن، بەڵام ئایدیای لە پشت دامەزراندنیان زۆر گرینگتر لە چەندایەتی و چۆنیەتیی ئەو دامودەزگایانەن. بۆ نموونە لەوانەیە ئەوکات ژمارەیەک کەم خوێندەوار هەبووبێ کە توانیبێتیان ڕۆژنامە بخوێننەوە، یا لەوانەیە ئاستی ڕۆژنامەی "کوردستان"ی سەردەمی کۆمار وەک یەکەم ئەزموون لە ئاستی چاوەڕوانیدا نەبێت. بەڵام هەر ئەوەی کە دەبێ ڕۆژنامەیەکی ڕەسمی و دەزگای چاپی هەبێ، ئەوەندە بیرۆکەیەکی گەورەیە و کاریگەری هەیە کە ئێوە دوای هەشت دەیە خوێنەری وتاری من لە هەمان ڕۆژنامەن. یان لەوانەیە هێزی پێشمەرگە لەو کاتدا زۆر کەموکوڕی بووبێت، بەڵام ئەوەی کە دەبێ هێزی نیشتمانی لەژێر یەک ناودا دابمەزرێ ئەوەندە هزرێکی گەورەیە کە وا دەکات کاریگەریی ئەو ڕووداوە مێژووییە لە هزری کوردیدا بە بەرزی بمێنێ و هاندەریش بێ بۆ بەردەوامیی خەبات. زۆر نموونەی دیکە هەن کە شایەدی بۆ ئەو جیاوازییەی کۆماری کوردستان دەدەن و ئەوەش بایەخی ئەو کۆمارە لە ڕەوتی ناسیۆنالیزمی کوردی نیشان دەدات.

کۆماری کوردستان بە تەمەنێکی کەم و دەسەڵاتێکی دیاریکراو لە جوغرافیایەکی بچووک ئەو هەستەی کە کوردیش دەتوانێ خاوەن دەوڵەت بێت، لە هزری کورددا چەقاند و باوەڕبەخۆبوونێکی زۆری بە کورد دا. یەکێک لە سیاسەتەکانی دەوڵەتی داگیرکەر ئەوەیە تاکی کورد بە کەمتر لە تاکی دیکە و کولتوورەکەی بە کولتووری دێ نیشان بدات. زمانەکەی بە دیالکتیکی شاخ نیشان بدات و فارسی قسەکردنەکەی بکاتە گاڵتەجاڕ و داب و نەریتەکەی بە نەریتێکی دواکەوتوو پێناسە بکات و لە ڕەسەنایەتی دووری بکاتەوە. هەمووی ئەوانە و بە سەدان بابەتی دیکە لە چوارچێوەی سیاسەتێکی سیستماتیکی دژایەتیی نەتەوەیی بە تێچوویەکی زۆرەوە بەڕێوە دەبات تا کورد ئەو باوەڕبەخۆبوونەی نەمێنی و خۆی هاوشانی نەتەوەی

سەردەست دانەنێت. هەر ئەوەش ئەو هان دەدات بۆ ئەوەی ویستەکانی کەمتر لە نەتەوەکانی دیکە بزانێ و ئەوەی بۆ فارس و عەرەب و تورک ڕەوایە بۆ خۆی بە حەرام دابنێت. بەڵام ڕووداویکی وەک کۆماری کوردستان بەدەر لە قەبارەکەی یا چۆنیەتیی توانیویەتی بەشێکی بەرچاوی ئەو سیاسەتەی دەوڵەتی داگیرکەر بەرپەرچ بداتەوە و بڵێ ئێمەش دەوڵەتمان هەبووە و دەتوانین دەوڵەتمان هەبێت. هەروەک دەگێڕنەوە لە ڕۆژەکانی دوایی کۆماردا میرحاج، یەکێک لە بارزانییەکانی پێشمەرگەی کۆمار کە بەرەو نەغەدە دەکشایەوە هەواڵی شکانی کۆماری بە خەڵک داوە، بەڵام وڕەی دانەبەزیوە. پێی دەڵێن بۆ وا بەوڕەی؟ گوتوویەتی ڕاستە کۆمار نەما، بەڵام ئێمەش وەک زۆربەی نەتەوەکانی دیکە دەڵێین کۆمارمان هەبووە و لەوان کەمتر نین. ئەوەی کە ئێستاش ئەو کۆمارە زیندوویە، ئەوەی کە کۆماری کوردستان وەک ڕووداوێکی شوێندانەر لە سەر ڕەوتی ناسیۆنالیزمی کوردی توانیویەتی خۆی بنوێنێ، هەبوونی ئەو ڕاستیەیە لە هزری تاکی کورد کە ئێمەش دەوڵەتمان هەبووە و، ئێمەش دەتوانین خاوەن دەوڵەت بین.

گرینگیی کارەکانی کۆمار نابێ بە هزری ئێستا یا بەراوردی کۆماری کوردستان لەگەڵ دەوڵەتێکی ئاسایی هەڵبسەنگێنین، بەڵکوو پێویستە لە چوارچێوەی دۆخی ئەوکاتی کورد شی بکرێتەوە. ڕەزاشا بە تێرۆری سمکۆی شکاک و سەرکوتی شۆڕشەکەی ئەو کە ساڵانێکی زۆر بەردەوام بوو دەسەڵاتی خۆی لە تاران قایم کرد. دوای شایەتی و دامەزرانی دەوڵەتی ئێرانی نوێ لەسەر بنەمای فاشیستی تاک دەوڵەت- تاک میلەت، بە هەموو شێوەیەک هەوڵی سەرکوتی کورد و سڕینەوەی ناسنامەی کوردی دا، بە جۆریک لە هەموو ئەوانەی باسی کوردستانی سەردەمی ڕەزاشا و چۆنیەتیی سەرکوتی خەڵک دەکەن باس لە ترس و توقاندنی هێزەکانی حکومەتی ناوەندییە بە جۆریک کە جەندەرمەیەکی سادەی دەوڵەت کە بە عەجەم دەناسران دەیتوانی بێڕێزی بە گەورە و بچووکی شارێکی کوردستان بکات، لێیان بدات و لە زیندانی پەستێوێ، دواتریش بە بەرتیلێکی زۆر ئازادیان بکات و تەنانەت ئەوە چەندین جار دوبارە بکاتەوە. بەڵام هەر ئەو کوردستانە ژێردەستەیە لە یەکەمین دەرفەتدا کە بۆی هەڵدەکەوێ ڕێکخراو پێک دەهێنێ، وەک کۆمەڵەی ژێکاف و، دواتر پەرەی پێ دەدا بۆ حیزب و دواتریش کۆماری کۆردستان دادەمەزرێنێ و بڕیاری وا لە ئاستی بووژانەوەی لایەنە جیاوازەکانی نەتەوەیی دەدات کە تا ئەمڕۆش ئەو بڕیار و هێمایانەی کۆمار بەشیکی بەرچاوی ناسنامە سیاسەتی کوردین. ئەوەش بەڵگەیە بۆ ڕۆڵی کۆماری کوردستان لەسەر ڕەوتی ناسیۆنالیزمی کوردی کە پێویستە زۆر بە بایەخەوە سەیر بکرێت. بۆیە هەموو ئەو هەوڵانەی ڕەزا شا بە درێژەی ساڵان بۆ سڕینەوەی کورد کردی بە دامەزراندنی کۆمار لە ماوەی کەمتر لە ساڵێکدا نەک پوچەڵ کرانەوە، بەڵکوو بناغەی سەد ساڵی داهاتووشی بە شێوەیەک دارشت کە کاریگەرییەکەی ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر دەردەکەوێ.

شەنوکەوکردنی هەموو لایەنە جیاوازەکانی ڕۆڵی کۆماری کوردستان لەسەر ناسیۆنالیزمی کوردی لە چوارچێوەی ئەو وتارەدا ناگونجێ بەڵام وەبیرهێنانەوەی گەورەیی کۆماری کوردستان لە ئەوکات و ئێستادا هەبوونی پێگەی تایبەتییەکەی لەسەر

ناسیۆنالیزمی کوردی لە ساڵیادی دامەزراندنی کۆماردا وەک بچووکترین ئەرک پێویستە، بەڵام لە وەبیرهێنانەوەی ئەو ڕاستییەشدا نابێ ڕاستیی دیکەمان لەبیر بچێت کە ڕۆڵی حیزبی دێموکرات چ وەک دامەزرێنەری کۆماری کوردستان و چ وەک ئەو ڕۆڵەی لە دۆخی ئێستای خەباتدا وەک حیزبی دامەزرینەری کۆماری کوردستان هەیەتی و چ وەک هۆکارێکی زیندوومانەوە و پێشکەوتنی ناسیۆنالیزمی کوردی شایانی تێڕامانە. بێ گومان کۆماری کوردستانیش کە چاوگەی دنیابینی و ڕامانی حیزبی دیموکرات بۆ خەبات و تێکۆشانە، هۆکاری مانەوە و بەردەوامیی حیزبی دیموکرات بووە. بەڵام ئەوەی خەباتکارانی کورد خۆیان بە درێژەدەری دنیابینی دامەزرێنەری کۆماری کوردستان دەزانن، هەروەک چۆن پێشەوای نەمریش کۆماری کوردستان بە درێژەی شۆڕشەکانی پێشوو دەزانێت، قوناغە جیاوازەکانی ناسیۆنالیزمی کوردین کە شوێندانەری ڕاستەوخۆیان لەسەر یەکتری هەیە و هۆکاری زیندوومانەوەی ئاڵای ئازادیخوازییشە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ١ی ڕێبەندان ٢٧٢٣ = ٢١ی جانێویری ٢٠٢٤

# وانەکانی کۆماری کوردستان بۆ نەوە لە دوای نەوە




**ناسر ساڵحی ئەسڵ**

لە خەرمانانی ساڵی ١٣٢٢٠ای هەتاویدا پاش دوورخرانەوەی ڕەزاشای پەهلەوی لەلایەن زلهێزەکانی سەرکەوتووی شەڕی دووەمی جیهان، هەڵوەشاندەوەی ئەرتەشی پاشایەتی و دابەشکرانی ئێران بە سەر دوو ناوچەی ژێر دەسەڵاتی بریتانیا و یەکیەتی سوڤیەتی ئەوکاتدا، ڕووناکبیران و چالاکانی سیاسیی کورد لە ناوەندی ڕۆژهەڵاتی کوردستان "موکریان" لە بۆشایی و نەبوونی ئەرتەش و دامودەزگاکانی حکوومەتی ناوەندی کەڵکیان وەرگرت بۆ دامەزراندنی ڕێکخراوێکی سیاسیی و نەتەوایەتی بە ناوی "کۆمەڵەی ژێکاف. ئەم قوناغە وەرچەرخانیک بوو بۆ گەشەی کۆمەڵایەتی لە کوردستان بۆ دامەزراندنی ڕێکخراوی سیاسی، وەک چۆن شەهید دوکتور قاسملوو لە "چل ساڵ خەبات"دا دەڵێ: "لەو قوناغەدا ئازادییە دێموکراتیکەکان بووژانەوە."

کۆمەڵەی ژێکاف لەسەر بنەمای شوناسخوازی و دەستەبەری مافی ڕەوای دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوەیی کورد دامەزرا. پاش چەند ساڵ تێکۆشانی نهینی ئەندامانی "ژێکاف" بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ بارودۆخی پاش کۆتایی شەڕی دووەمی جیهانی و

گەشەی کۆمەڵایەتی، بڕیاریان دا لە حیزبێکی سەردەمیانەدا کار و چالاکییەکانیان بەئاشکرا درێژە پێ بدەن. هەربۆیە "حیزبی دێموکراتی کوردستان"یان لەسەر بناغەی تەشکیلاتیی کۆمەڵەی ژێکاف لە شاری مەهاباد دامەزراند و لە یەکەمین کۆنگرەی حیزبدا کە خەزەڵوەری ١٣٢٤ گیرا، مەرامنامەی حیزبی دێموکرات لە ٨ ماددەدا بڵاو کرایەوە و قازی محەممەد وەک پێشەوا و سەروکی حیزبی دێموکراتی کوردستان هەڵبژێردرا.

دامەزرانی حیزبی دێموکرات و دواتر کۆماری کوردستان بەڕێکەوت نەبوو، بەڵکوو لەلایەک بەرهەمی گەشەی کۆمەڵایەتی و خوڵقاندنی دەرفەتێک بوو کە پێشتر لە هزر و ئەندێشەی ئەندامانی کۆمەڵەی ژێکافدا ئامادەکاری بۆ کرابوو، و دواتر لەلایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە بەستێنسازیی بۆ کرابوو، و هەم کەلکوەرگرتن لەو بۆشاییە بوو کە لە شەڕی دووەمی جیهانییەوە بۆ نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان خوڵقابوو. لە ئاکامدا لە ٢ی ڕێبەندانی ١٣٢٤ی هەتاویدا و لە گۆرەپانی چوارچرای شاری مەهاباددا دەبینین کە بە خوێندنەوەی سروودی نەتەوایەتی" ئەی ڕەقیب" و دامەزرانی کۆمار خەباتی سیاسی و نەتەوایەتیی گەلی کورد، پێی نایە قوناغێکی نوێوە.

ئەگەرچی تەمەنی کۆماری کوردستان تەنیا یازدە مانگ بوو، بەڵام دەسکەوت و وانەکانی لە سەردەمی ئێستاشدا و دوای تێپەڕبوونی نزیک بە هەشت دەیە، بۆ بزووتنەوەی هاوچەرخی ڕزگاریخوازی نەتەوەی کورد دەسمایەی خەبات و تێکۆشانن. ئەوە شانازییەکە بۆ پێکهێنەرانی کۆماری کوردستان کە توانییان ئەو دەرفەتەی بە هۆی شەڕی دووهەمی جیهانییەوە و ڕەقابەتی زلهێزەکانی ئەوکات لەگەڵ یەکتر پێکهاتبوو، بەباشی بقۆزنەوە و لە ڕۆژی ٢ی ڕێبەنداندا بە ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان بسەلمێنن کە کوردیش نەتەوەیە و مافی خۆیەتی و دەشتوانێ وەک هەموو نەتەوەکانی دیکەی جیهان بەسەربەستی بژی و حکوومەت و دەوڵەتی خۆی هەبێت. بە واتایەکی دیکە لەو قۆناخەدا بژاردەی کورد بە گشتی و پێشەوای نەمر بە تایبەتی، چیتر وەکوو بینەر و فاکتەرێکی بێهەڵوێست مامەڵەیان لەگەڵ ڕوداوو و دەرفەتەکاندا نەکرد، بەڵکوو بەپێچەوانە وەک ئەکتەرێکی خاوەن پلان و ئامانج لە وزە و پتانسێلی نەتەوەکەیان کەلکیان وەرگرت. هەربۆیە کۆماری کوردستان لە فەرهەنگی سیاسی و لە بەستێنی بەرهەمی گەشەی کۆمەڵایەتیدا گەشەی کرد. واتە کۆماری کوردستان بەرهەمی خوڵقاندنی دەرفەتێک بوو کە پێشتر لە هزر و ئەندێشەی ئەندامانی کۆمەڵەی ژێکافدا ئامادەکاری بۆ کرابوو و دواتر لەلایەن پێشەوا قازی محەممەدەوە بەستێنسازیی بۆ کرا و کرایە ئەمری واقع و دەسکەوتێکی نەتەوەیی.

وانە و دەسکەوتەکانی کۆماری کوردستان لە چۆنیەتیی دامەزراندنیدا خۆی دەردەخات. لە ڕاستیدا ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان، لەلایەک بەرهەمی گەشەی کۆمەڵایەتی و لەلایەکی دیکەوە گرێدانی بارودۆخی ئێران و ناوچە و جیهان و هاوکات وشیاریی و ئاوەزمەندی ڕێبەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و لە سەرووی هەمووان، پێشەوای نەمر، قازی

محەممەد بوو. بۆیەشە دامەزرانی کۆماری کوردستان بە درەوشاوەترین قۆناخی مێژووی هاوچەرخی خەباتی سیاسی و ڕزگاریخوازیی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دادەنرێت. هەروەها لە گۆشەنیگای نەتەوەییەوە تاکوو ئێستاش، کۆماری کوردستان بە نوێنگەی هاوپێوەندی نەتەوەیی لە ئاستی کوردستان و هێمایەک بۆ هاوخەباتی و هاوچارەنووسی نەتەوەی کورد لە سەرجەم بەشەکانی کوردستاندا لەقەلەم دەدرێت. ئەزموونی کۆماری کوردستان، وانەیەکە بۆ سەلماندنی پێوەندیی ئۆرگانیکی بەشەکانی کوردستان لەگەڵ یەکتر و لێکگرێدراویی چارەنووسی پرسی کورد بە یەکترەوە. لە چوارچێوەی جوغرافیایی کۆماری کوردستاندا هیچکات کوردی بەشەکانی دیکەی کوردستان، وەک میوان یان پەنابەر لەقەلەم نەدران، بەڵکوو لە بەڕێوەبەری کاروباری سیستەمی ئیداری و نیزامیی کۆماردا بەشدارییان پێ کرا.

لەبارەی شێوەی دامەزرانی کۆماری کوردستان، هەڵکەوتی جوغرافیایی ناوچەی کۆمار و کەلکوەرگرتن لە دەرفەتە ناوچەیی و جیهانییەکان، هێندێک لایەنی سیاسی و بەتایبەت فارسەکان بەئەنقەست یان بە هەڵە، کۆماری کوردستان بە "کۆماری مەهاباد" ناو دەبن، یان تۆمەتی بەستراوەیی بە یەکیەتیی سوڤیەتی وەپاڵ دەدەن، یان دەنا دامەزرانی کۆمار بە ڕێکەوت دەشوبهێنن:

**یەکەم**: "دەوڵەتی جمهوریی کوردستان" ناوی تەواوی ئەو دەسەڵاتە سیاسییەیە کە لە ٢ی ڕێبەندانی ١٣٢٤ی هەتاوی لەسەر دەستی "حیزبی دێموکراتی کوردستان" دامەزرا. ناوهێنانی ئەو دەسەڵاتە بە کۆماری مەهاباد غەدرێکی گەورەیە لە کۆماری کوردستان و لە مێژوویی هاوچەرخی خەباتی سیاسی - نەتەوایەتی گەلی کورد و هەر لەجێدا ئەو کارە دەچێتە خانەی شێواندنی مێژووەوە. مێژوویەک کە زۆر لە ئێستای ئێمە دوور نییە. کاتێک لاپەڕەکانی ڕۆژنامەی "کوردستان" کە زمانحاڵی حیزبی دێموکراتی کوردستانە هەڵدەدەینەوە، لە هیچ لاپەڕە و ستوونێکدا باس لە "کۆماری مەهاباد" نەکراوە، بەڵکوو باس لە "دەوڵەتی جمهوریی کوردستان" کراوە و ئەگەر چاویش بە پێکهاتەی کۆمار لە بواری بەشداریی خەڵکەوە دەخشێنین، دەبینین بەشداریی خەڵکی پارچەکانی دیکەی کوردستان بە ڕادەیەک دیار و بەرچاوە کە خۆی دەرخەری ئەو ڕاستییە کە ئەو دەسەڵاتە سیاسی و نەتەوەییە هی هەموو گەلی کوردە، لە هەر شوێنێک و لە هەر بەشێکی کوردستان بێت. هەروەها ئەگەر چاو لەو بڕیارنامەیە بکەین کە ڕۆژی ٢ی ڕێبەندان ڕاگەیەندراوە و لە ٦ خاڵدا تەنزیم کراوە و بە پەسندی بیست هەزار کەس لە بەشدارانی ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان، گەیشتووە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ١ی ڕێبەندان ٢٧٢٣ = ٢١ی جانێوێری ٢٠٢٤

# مەدەنییەت وەک دۆکترینی کۆماری کوردستان هەتا ئیستا



**شاڕوخ حەسەنزادە**

لە ڕەشەممەی ساڵی ١٢٩٩، پاش کودتایەکی نیزامی کە بە یارمەتیی ئینگلیس کرا، ڕەزا میرپەنج (ڕەزاخان) دێتە نێو ناوان و سەرەتا وەک وەزیری شەڕ، پاشان سەرۆکوەزیران و دواجار لە ساڵی ١٣٠٤ی هەتاوی لە تاران تانجی پاشایەتیی لەسەر نا و زنجیرەی "پەهلەوی"ی ڕاگەیاند. ناوبراو لە سەرەتای گەیشتن بە دەسەڵات هەوڵی سەرکوتی بێبەزەییانەی هەموو ئەو بزاڤ و بزووتنەوە نەتەوەییانەی دا کە بۆ گەیشتن بە مافی خۆیان لە ڕوانگەی شاوە دەبوونە هۆی مەترسی بۆ سەر دەستەڵاتەکەی، وەک جووڵانەوەی سمکۆ، ڕاپەڕینی جافرسوڵتان، حەمەڕەشیدخانی بانە، مەلا خەلیلی گۆرەمەری و...

بۆ لەنێوبردنی شوێنەواری نەتەوەیی، مێژوویی و کولتووریی ئەم گەلانە پلانێکی تۆکمە و درێژخایەنی نامەدەنی خرایە گەڕ کە مەبەستی تواندنەوەی گەلانی غەیری فارس بوو. هێرش و هەڕەشە، گرتن و ئەشکەنجە، ڕاوەدوونان و تاراندن بە شێوەی کردەی چڕ و نووسین و چەواشەکاری لە مێژووی کۆن و نوێ، گۆڕینی ناوی شار و گوندەکان، قەدەغەکردنی ڕێوڕەسمە نەتەوەییەکان و جلی نەتەوەیی؛ دانانی شۆرەت، داتاشین و بەسەردابڕینی ناوی "ئێران" بۆ ئەو جوگرافیایە و... هەموو وەک سیاسەتێکی نەرم بۆ ئەوەی نیشان بدرێ، لە ئێراندا تاقە نەتەوەیەک هەیە، ئەویش قەومی فارسە (کە ئێستا پێی دەگوترێ نەتەوەی ئێران).

دوای دەستپێکردنی شەڕی جیهانیی دووهەم، وڵاتی ئێران بێلایەنیی خۆی لەو شەڕەدا ڕاگەیاند، بەڵام بە دوو هۆکاری؛ بەربڵاوبوونی سنوورەکانی ئێران دەگەڵ یەکیەتیی سوڤیەت و، دەرگیربوونی سۆڤییەت دەگەڵ ئالمان ئەم بێلایەنییە بووە دەرفەت هەتا سپای "هاوپەیمانان" بە پاساوی هەبوونی سیخوڕە سەربازییەکانی ئالمانی لە ئێران، بڕیار بدەن لە کۆریدۆری ئێران کەڵک وەرگرن، هەربۆیە ئەو هێزانە لە ٢٥ی ئوتی ١٩٤١ لە باشوور و باکووررا هێرشیان کردە سەر ئێران و داگیریان کرد. ڕزاخان بە گوشاری وڵاتانی هاوپەیمان بەتایبەت بریتانیا وازی لە دەستەڵات هێنا و دوایە بەو ئاکامە گەیشتن کوڕەکەی ڕەزاخان (حەمەڕەزا) کە جێگرەوەی پێشووشی بووە، بکەنە شای ئێران.

دوای کۆتاییهاتنی شەڕی جیهانیی دووهەم، سپای بریتانیا بەپێی ڕێککەوتنێک دەگەڵ ئێران، ئەو وڵاتەی چۆل کرد، بەڵام هێزەکانی سپای سووری سۆڤیەت ئەو ڕێککەوتنەیان لا پەسەند نەبوو و لەو وڵاتە مانەوە هەتا دوو ناوچەی ئازەربایجان و کوردستان دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیان ڕاگەیاند.

ئەگەر دوای شەڕی یەکەمی جیهانی و لە گرێبەستی "وەرسای"دا هەموو ئەو گوشار و زەخت و بێگاری و چەوساندنەوانەی وڵاتانی هاوپەیمان بەسەر ئاڵمانیان داسەپاند و، ئاکامەکەی دواتر خۆی لە حکوومەتی فاشیستیی هیتلێریدا دیتەوە کە دەمێک بوو موسولینیش لە ئیتالیا بەو شێوازە تۆتالیتەرە حوکمی دەکرد؛ واتە ئەگەر بەرهەمی گوشاری فەرانسە و ئالمان و ئۆتریش کە خرابووە سەر ڕۆسەیەی دوای ناپێلئۆن، لە بەرامبەردا بە دژکردەوەیەکی هزری لەبەرامبەر لیبراڵیزمی ڕۆژئاوایی؛ کۆمۆنیستی شۆڕشگێڕانە گوورا و زۆرێک لە وڵاتانی جیهانی بە ئاقاری شۆڕش، توندوتیژی، شەڕی ناوخۆیی، ئاڵۆزی، دارمان و بێسەروبەری برد و لە ئاکامدا زەختەکان بۆ سەر ئالمانی دوای شەڕی یەکەمی جیهانییش، هیتلەری فاشیست و دوژمنی مرۆڤایەتی سەری هەڵدا، سرووشتیە لەهەمبەر ئەو هەمووە زوڵم و غەدرەی لە کوردیش دەکرا دەبوو دژکردەوە هەبێ؛ بەڵام لە چەشنی کردەوەیەکی مەدەنی و پێشکەوتوو.

شەڕی جیهانیی دووهەم ئەو دەرفەتەی بۆ کورد ڕەخساند تا لە نەبوونی دەستەڵاتی سەرکوتگەر و هەراوی شا لە ناوچەکە بەتایبەت ناوەندی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بزاڤی مافخوازانەی کورد جارێکی دیکە بە وێرژێنێکی نوێ و ناوازە لە ئاست ناوچەکە سەرهەڵدەنەوە. سەرەتا ڕۆژی ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٢١ کۆمەڵێک لاو بە مەبەستی پێکهێنانی "ک.ژ.ک"، ڕێکخراوێکی سیاسی کورد لە باغی حاجی داودی (لە مەهاباد) کۆ بوونەوە و دواتر لە مانگی بانەمەڕی ١٣٢٢ـی هەتاویدا کۆبوونەوەیەکی بەرفراوانتر وەک کۆنگرەی یەکەمی ئەو کۆمەڵەیە گیرا. کۆمەڵەی ک.ژ.ک ڕێکخراوێکی ناسیۆنالیستی و نیشتمانپەروەر بوو و خواستی سەرجەم چین و توێژەکانی کوردی بەرز کردبۆوە، بەڵام لەبەر نهێنیبوونی، نەیدەتوانی بەئاشکرا جموجۆڵی بەرفراوانی هەبێت. هەر بۆیە لە یەکەم هەنگاوەکانیدا دەستی بە بڵاوکردنەوەی گۆڤاری نیشتمان کرد. لە ماوەی چەند

ساڵدا، بە بڵاوبوونەوەی بیروڕاکانی "ژێکاف" لە شەبەنگی جەماوەریی خەڵکی کوردستاندا هیوا بە داهاتوو پەنگی دایەوە. دواتر ساڵی ١٣٢٤ حیزبی دێموکراتی کوردستان لەسەر بنەمای فکریی کۆمەڵە دامەزرا و چەند مانگ دواتر ئەو حیزبە توانی لە دووی ڕێبەندانی ١٣٢٤، کۆمارێکی دێموکراتیکی کوردی لە مهاباد دابمەزرێنێت کە بەپێچەوانەی زۆرێک لە گەلانی جیهانی، کە دوای چەوساندنەوە و قڕکردن، تۆڵەیان دەکردەوە و وەک دیتران دەجووڵایەوە، لە کۆماری کوردستاندا مەدەنییەت ڕەگی داکوتا و هەموو پێکهاتەی نەتەوەیی و ئایینیی جیاوازی نیشتەجێ لە جوغرافیای کۆماری کوردستاندا بەوپەڕی ئاشتی پێکەوە دەژیان.

لە بەندێکی مەرامنامەی کۆمەڵەکەدا هاتوە کە کۆمەڵەی ژێکاف لە سەر چوار کۆڵەکەی ئیسلام، کوردایەتی، مەدەنییەت ، سوڵح و ئاشتیخوازی ڕۆ نراوە. کەواتە کورد لەو بەشەی کوردستان دوای ئەو هەمووە زوڵمەی لێی کرابوو، نەک فاشیزم و شەڕ و تاڵان و تۆڵەی لێنەکەوتەوە، بەڵکوو ئاشتی و مەدەنییەت وەک بنەما و ئەستوونە بەهێزەکانی دامەزراندن و فەلسەفەی وجودیی دامەزرێنەرانی حیزب و کۆمار و دۆکترینی داهاتووی لێهات.

مانای مەدەنییەت لە هزری سیاسی-کۆمەڵایەتی، پێوەندی لەگەڵ چەمکگەلی وەک شارستانییەتەوە هەیە، کەوابوو ئەم چەمکە تەنیا مانایەکی ئەخلاقی نییە کە بکرێ دەگەڵ کردەی ئاکاریی هەڵسەنگێندرێ، بەڵکوو چەمکێکە زاڵ بەسەر سامانی سیاسی و کۆمەڵایەتی هەموو کۆمەڵگەیەک. مەدەنییەت شێوازی پێوەندی لەهەمبەر بنەمای جیاوازییەکان و دژایەتییەکانە کە لە چاخەکانی پێشوو ڕێزی لێ نەدەگیردا. بەپێی ماددەی یەکەم و دووهەم لە جاڕنامەیٔ جیهانیی مافەکانی مرۆڤدا، هەموو مرۆڤەکان بە ئازادی لەدایک بوونە و لە بواری ڕەنگ و ڕەگەز و زمان و ئایین و زۆر شتی دیکە شایەنی ئەوەن وەک یەک چاو لێ بکرێن و ڕێزیان لێ بگیرێ. ئەو جیاوازییانە بە شێوەیەکی بەرامبەرخوازانە دەرک بکرێن، واتە مرۆڤەکان لەهەمبەر جیاوازییەکاندا وەک یەک سەیر بکرێن و، ئەو پێوەندییەی نێوان تاک و کۆمەڵگە دەبێتە مەدەنییەت. زۆرجار ئەو چەمکە وەک شارنشینی لەبەرامبەر دێنشینی پێناسە دەکرێ، بەڵام ئەو مانایە لەجێی خۆیدا نییە و هەرچەند مەدەنییەت لە "مدینە"ـەوە دێت و ئەویش بە واتای شار یان پۆلیس لە یەونانی کۆنەوە هاتووە، لێبەلێ، لێرەدا مەدەنییەت بەو مانایە نوێیەیە کە دەستەڵاتی یاسا و تەکووزی بەربڵاو لە بەرامبەر فۆڕم و بیچمی کۆمەڵگەی عەشیرەیی و سەلیقەیی پێک دێت.

سەرکردایەتیی حیزبی دێموکرات وەک حیزبی دامەزرێنەری کۆماری کوردستان بەردەوام مەدەنییەتییان وەک فەلسەفەیەکی نەگۆڕ بەو پێوەرانەی باسمان کرد پاراستوە و بەدرێژایی نزیک ٨٠ ساڵ خەبات وەک ئەرکێکی ئەخلاقی بەڕێوەی دەبەن. ئەم خاڵە گرنگە دەکرێ لە سێ قۆناغی جۆراوجۆری لە کۆماری کوردستانەوە هەتا هاتنەوەی د. قاسملوو بۆ نێو ڕیزەکانی

حیزب، لە د. قاسملووە هەتا دوای تێرۆر کردنی د.شەرەفکەندی و لە دوای هاتنە خوارەوە لە قەندیل هەتا شۆرشی ژن، ژیان، ئازادی دەستنیشان بکرێ.

### قۆناغی یەکەم، کۆماری کوردستان هەتا د. قاسملوو (١٣٢٤ - ١٣٤٩)

کاتێک کۆمەڵەی ژێکاف بە جۆرێک خۆی لە حیزبی دێموکراتی کوردستاندا دەتوێنێتەوە، و ئەو حیزبەش بە کەلکوەرگرتن لە دەرفەتەکانی ئارایی، کۆماری کوردستانی دادەمەزرێنێ، کەواتە گوورانی کۆمار لە ک.ژ.ک ـەوە بووە و ئەم سێ ڕەوتە سێ جەستە بوون لە قالبێکدا. ئەگە مەدەنییەت وەک ئەستوونێکی کۆمەڵە بووە، ئەوە لە کۆماری کوردستاندا بە کردەوە، تایبەتمەندییەکانی مەدەنییەت لەو حکومەتەدا نەک هەر ڕێزیان لێ گیراوە بەڵکوو کاریان پێ کراوە. دامەزراندنی وەشانخانە، دەرکردنی گۆڤار و ڕۆژنامە، شانۆ، دامەزرادنی یەکیەتییەکانی ژنان و لاوان، کەلکوەرگرتن لە ماتەوزەی ژنان کە هێشتا لە زۆر وڵاتدا باو نەبوو و بە شێوەی نەریتی ژن دەچەوسایەوە، باوەڕمەندبوون بە چارەسەرکردنی پرسەکان بە دیالۆگ و لێکتێگەیشتن، برەودان بە چالاکییە جۆربەجۆرەکانی زمانی، کولتووری، هونەری، بازرگانی، خەدەمات، ڕیزگرتن لە نەتەوە و ئۆل و ئایینی جیاواز لە تایبەتمەندییەکانی مانایی مەدەنییەت لەو سەردەدا بوو کە کوردی خۆرهەڵات، یەکەم حیزب و کۆماری مۆدێڕنی دامەزراندبوو.

لە دوای ڕووخانی کۆماری کوردستان و لە یەکەم دەرفەتدا هەر بە نەریتی ک.ژ.ک و کۆماری کوردستان، لە سەردەمی محەممەد موسەدق و دوای ڕاگەیاندنی خۆماڵیکردنی پیشەی نەوت، کۆمیتەی مهابادی حیزبی دێموکرات کوردستان دوای نسکۆی کۆمار بە بەستنی یەکەم میتینگ پشتیوانی لە بڕیاڕی سەرۆکوەزیران سەریهەڵدایەوە. یان لە هەڵبژاردنەکانی خولی حەڤدەهەمی پارلمان (١٣٣١) کۆمیتەکانی حیزب لەو دەرفەتە کەمەی بۆ چالاکیی مەدەنی هاتبووە ئاراوە توانییان بەشداری بکەن و چوونکە ئەوکات حیزبی دێموکراتی کوردستان خەباتی ئاشکرای نەبوو و نەیدەتوانی نوێنەری هەبێ، بەڵام بە پشتیوانی لە دوکتور سارمەدین سادقوەزیری بە کردەوە ئەوەی کردە کاندیدی حیزب و لە ئاکامدا چالاکی سیاسی و مەدەنیی تێکۆشەرانی کورد لە کوردستان دەنگی هێنایەوە. دوای ئەم ڕووداوە و پێکهێنانی کابینەی دووهەم لەلایەن موسەدیقەوە، ئەو بۆ پتەوترکردنی پێگەی سیاسی کۆمەڵایەتیی خۆی هەوڵی دا لە بواری ئابووری و کۆمەڵایەتی، چاکسازی لە کشتوکاڵ و شێوازی باج وماڵیات گۆڕانکاری بکات. ئەمەش هەمدیسان لەلایەن خەڵکی کورد بەتایبەتی چینی چەوساوەوە کە بەردەوام بۆ تێکۆشان لەسەر پێ بوو، کرا بە دەرفەتێک و ڕاپەڕینێکی جووتیاری سەریهەڵدا و بەبێ ئەوەی کەس بکوژن، خەڵکێک ئازار بدەن و یان خراپەکاری لەتەک کەسێک بەتایبەت ئاغا و دەربەگ بکرێ چالاکییەکانیان بەردەوام بوون.

ئەگە هەر لەم قۆناغەدا خەباتێکی چەکدارانە (٤٦ - ٤٧) سەر هەڵدەدا، لەبەرامبەر نامەدەنییەتی دەستەڵاتی ناوەند هەڵوێستێکی شۆڕشگێڕانە بووە کە لەلایەن کۆمەڵێک لاوی شۆڕشگێر بۆ کردنەوەی دەرفەتێکی هەناسەکیشان بۆ بزاڤی ڕزگاری خوازی کورد بوو کە بەهەموو شێوەیەک بڕستیان لێ بڕیبوو.

**قۆناغی دووهەم: لە د. قاسملووە هەتا تیرۆرکردنی د.شەرەفکەندی** (١٣٤٩ - ١٣٧١)

دۆکترینی وجوودیی دامەزرانی کۆمار لە بیر و ئەندیشەکانی د. قاسملوودا ئاوێتە بە پاشخانێکی دەوڵەمەند لە زانست و دنیابینیی مۆدێڕن بوو. د. قاسملوو دوای گەڕانەوەی بۆ کوردستان و گرتنەدەستی جڵەوی ڕێبەریی حیزب لە ساڵی ١٣٤٩ی هەتاوی بە ئاوەز و تێگەیشتنی بەرزی خۆی بەردەوام بە عەقڵانییەتی مەدەنی کاروچالاکی لە حیزبی دێموکراتی بەرەو پێدا و لە هەموو دەرفەتێکدا هەوڵی دەدا بە شێوازی سیاسی و تێکۆشانی مەدەنی بۆ بەرەوپێشبردنی بەرنامەکانی حیزب خەبات بکات. یەکەم کاری گرنگی د. قاسملوو پرسی سەربەخۆیی سیاسیی حیزب وەک هێمای مەدەنییەت بوو کە لەژێر هێژمۆنیی حیزبی توودە و پارتی دێموکرات دەرهێنا و وەک حیزبێکی سەربەخۆی سیاسی تێکۆشانی خۆی بە پەیڕەو و بەرنامەیەکی تۆکمە و نوێی بە پێوەرەکانی ڕۆژ نووسیوە و کاریان پێ کرد.

لە کۆنفرانسی سێهەمەوە (١٣٥٠) کە د. قاسملوو توانی وەک کەسی یەکەم دەستبەکار بێت هەتا دوا ساتی ژیانی و دواتریش لە ماوەی سێ ساڵ سکرتێریی د. سادق شەرەفکەندیدا، توانی هەم ئاسۆیەکی نوێ و ڕوون بۆ حیزب و خەڵکەکەی وێنا بکات، هەم هەوڵی دا ڕێبەریی بەکۆمەڵ لەنێو حیزبی دێموکراتدا بکاتە فەرهەنگ و لەلایەکی دیکەوە لە ڕێگای دامەزراندنی کۆمیسیۆنە جۆراوجۆرەکان و دامەزراندنی زانکۆ لەنێو حیزبدا برەوی بە کولتووری مەدەنی، پەروەردە، زانست و تەنانەت شایستەسالاری لەنێو حیزبی دێموکرات دا و ئەم فەرهەنگە جێ خست.

د. قاسملوو هەروەها لە هەموو ئەو ماوەیەدا کە سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات بوو، بەردەوام هەوڵی ئەوەی داوە فەرهەنگی دێموکراسی و نەزم و دیسیپلینی ڕێکخراوەیی وێڕای پەیماننامە گرنگە نێودەوڵەتییەکان بە تایبەت لەهەمبەر شەڕی داسەپاودا، نەهادینە بکات. ئەوە جگە لەوەی کە دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئێران و گەڕانەوەی ڕێبەری حیزب و هەر لە یەکەم میتینگ لە شاری مهابادا دەرکەوتبوو کە حیزبی دێموکرات حیزبێکی خەڵکی، سیاسی، مەدەنی و دێموکرات و پێشکەوتووخوازە و شەڕ و بەرگریی چەکداری و توندوتیژیشی تەنیا بۆ خۆپاراستن و بەرگری لە مان و مەوجودییەتی گەلی کورد دەوێ کە دیارە ئەویش هەروەک مافێکی دانپێدانراو لەلایەن پەیماننامە نێونەتەوەییەکانی مافی مرۆڤەوە دانی پێدانراوە. هەوڵی سەرکردایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە هەموو مێژووی خۆیدا لەسەر چارەسەری ئاشتیانەی پرسی کورد بە دیالۆگ و جیا لەمەش بەرنامە و یاسا جۆراوجۆرەکانی بۆ کۆمەڵگەی ئازادی ئەو سەردەم

ڕۆنرابوون.

**قۆناغی سێهەم: دوای هاتنە خوارەوە لە قەندیل هەتا شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادی (١٣٧٣ - ١٤٠١)**

لەو قۆناغەدا دەگەڵ ئەمانی دوو سەرکردەی مەزن و لێوەشاوەی بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵات و تیرۆرکردنیان لەلایەن ڕێژیمی ئێرانەوە، بەڵام ڕێباز و هێڵی فکری و دۆکترینی حیزب وەها دارێژرابوو و چووبووە دەمارەکانی، کە سەرکردایەتی نوێش هەر بە هەمان ڕێباز و هێڵە فکرییەکانی پێشوودا توانی لەو قەیرانانەی بۆیان درووست کرابوو، هەتا ئاستێکی باش دەرباز بن. ڕێبەریی حیزب لەو قۆناغەشدا بەردەوام باوەڕمەند بوون کە مەدنییەت بکەنە پیشەی سیاسەتیان و، ئەو عەقڵییەتە لە ڕەوتی شۆڕشی ژینادا گەیشتە چڵەپۆپە. کاتێک کە ٣٠ی گەلاوێژی ١٤٠١ دوولایەنی حیزبی دێموکرات یەکیان گرتەوە و هێشتا خۆشحاڵیی خەڵک و ئەندامانی حیزب کۆتایی پێ نەهاتبوو، هێزەکانی پۆلیسی ئەخلاقی ڕێژیم "ژینا ئەمینی"، کچە کوردی میوان لە تارانیان کوشت و خۆپێشاندان و ناڕەزایەتییەکان لە کوردستان و سەرتاسەری ئێران دەستیان پێ کرد. لەبەر ئەوەیکە حیزب بە شێوازێکی مەدەنی و چالاکانە مەیدانی خەباتی لە ڕۆژهەڵات گرتە دەست و دوای هەر بەیاننامەیەک خەڵک بە پیل داخوازییەکانیەوە دەچوون و، خۆپیشاندان و مانگرتن و شێوازەکانی دیکەی خەباتی مەدەنی لە کوردستان دەستیان پێ کرد؛ هەر زوو ڕێژیم هەستی بە مەترسی کرد. بۆیە بە مووشەک و درۆن هێرشی کردە سەر بارەگا و کەمپەکانی حیزب بۆ ئەوەی ستۆپ بە خەبات و تێکۆشانی مەدەنیی خەڵک لە نێوخۆی وڵات بکات. بەڵام خەبات لە نێوخۆ بەردەوام بوو و ئەو جینایەت و کردەوە تێرۆریستی و کارەساتانەش نەبووە هۆی ئەوەیکە بزووتنەوەی سیاسی بە سەرکردایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران تووشی هەڵە بێ و پەلکیشی شەڕێکی نەخوازراو بێت. بەڵکوو بە بەردەوام بوون بە خۆپێشاندان و مانگرتنەکان بە شێوەیەکی عەقڵانی درێژەی بە کاروچالاکی دا.


**قسەی کۆتایی:**

مەدەنییەت وەک هێڵی فکری و دوکتورینی حیزبی دێموکرات وەک بنچینەیەکی نەگۆڕ لە هەموو پانتایی ژیانی سیاسیی ئەم حیزبە لە داهاتووشدا دەمێنێتەوە، بەڵام ئەوەی نابێ لە یادی ٧٨ ساڵەی دامەزرانی کۆماری کوردستاندا لەبیری بکەین ڕۆڵی پێشەوا قازی محەممەد لە چێکردنی ئەم وێژمانە و ڕچەشکێنی ئەم ڕەهەندە لە فەرهەنگی سیاسیی حیزبی دێموکراتە. پێشەوا وەک ڕێبەرێکی کاریزماتیک کە پێش لە هەموو شتێک مرۆڤدۆست بوو و، توانی لە پێگەی سیاسیی خۆیەوە مەعریفەی کوردی بەرهەم بهێنێ و مەدەنییەت و ئەخلاق و ئێتیکی کوردیش بکاتە میراتی سیاسی بۆ حیزب و نەتەوەکەی.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٢ی ڕێبەندان ٢٧٢٣ = ٢٢ی جانێوێری ٢٠٢٤

**کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی**

**ڕێبەندانی ٢٧٢٣ی کوردی = جانیۆیری ٢٠٢٤ی زایینی**




ئامانجەکانی ٢ی ڕێبەندان
هەوێنی خەبات و تێکۆشانی خەڵکی کوردستان
حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
ناوەندی تەشکیلات